KURDISTAN



# نەورۆز ئاوابوونی هەتاوی سەربەخۆیی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ڕحمان نەقشی

نەورۆز، رەمزی سەربەخۆیی نەتەوەیەک

# پێڕست:

١- نەورۆز لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆتە مەشخەڵی ڕووناکی و هێمای نەتەوەیی ............ حەمەڕەسووڵ کەریمی ..... ٤
٢- لە نەورۆزەکەی کۆماری کوردستانەوە بۆ ئێستا ................................................ عومەر باڵەکی ..... ٧
٣- نەورۆز لە تانوپۆی نیشتماندا ................................................................ کەریم پەرویزی ..... ١٠
٤- نەورۆزی دژە گوتار .......................................................................... یەعقووب ڕەوا ..... ١٣
٥- لە ساڵی نوێدا بەرەو "پۆست" ژن، ژیان، ئازادی ............................................ ئەلبورز ڕووئینتەن ..... ١٦
٦- نەورۆزی کوردەواری لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارساندا ........................................ سارۆ خوسرەوی ..... ١٩
٧- نەورۆز لە هاوکێشەکانی نێوان خەڵک و دەسەلاتدا .............................................. هێمن تەرواڵ ..... ٢٤
٨- نەورۆز، مێژوو و لێکەوتەکانی ............................................................. هادی عەزیزی بۆکانی ..... ٣٠
٩- نەورۆز، وەرزی ڕزگاری و ئازادی ......................................................... شاهۆ مەتین ..... ٣٤
١٠- نەورۆزی کوردەواری ...................................................................... شەونەم هەمزەیی ..... ٣٧
١١- هێمای نەورۆز و ئەرکەکانمان لە دەسپێکی ساڵی تازە دا .................................... کەریم فەرخەپوور ..... ٤٠
١٢- نەورۆز و ڕەفتاری سیاسیی خەڵک ........................................................... سمایل شەرەفی ..... ٤٣
١٣- میتۆلۆژیی نەورۆز ........................................................................ شارۆخ حەسەنزادە ..... ٤٧
١٤- نەورۆز هێمای نەتەوەیی گەلی کورد ........................................................ ئەردەڵان فەرەجی ..... ٥٣
١٥- نەورۆز ئاوابوونی خۆری سەربەخۆیی کوردان ................................................. کامەران قازی ..... ٥٧
١٦- بەرەو نەورۆزێکی مێژوویی ................................................................. برایم چووکەڵی ..... ٦٤
١٧- نەورۆز و ئاجێندا نەتەوەییەکان ڕەمز و هێمای یەکێتی و پێکەوەبوون ......................... موختار ئەحمەدی ..... ٦٧
١٨- نەورۆزی گوڵی سوور ...................................................................... جەمشید بەهرامی ..... ٧٢
١٩- ڕێورەسمە نەورۆزیەکان، وێستگەیەک بۆ تێگەیشتن .......................................... سمایل شەرەفی ..... ٧٧
٢٠- نەورۆزێک کە دەتوانێ ببێتە خاڵی وەرچەرخان .............................................. عەلیرەزا ڕەحیمی ..... ٨١
٢١- نەورۆز وەکوو هێمایەک بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەیی کوردستان .................... فۆئاد شێربەیگی ..... ٨٥
٢٢- دەنگی هەنگاوی نەورۆز ..................................................................... عەلی لەیلاخ ..... ٨٧

خاکەلێوە – نەورۆز

٢٣- نەورۆز لە ئەدەبی کوردیدا ... وتوویژ لەگەڵ ڕەسووڵ سووڵتانی .......................... ئیمان مورادوەیسی ..... ٩١
٢٤- کاوەی ئاسنگەر لە نێوان شۆڕشگێڕ و جاشدا ... وتوویژ لەگەڵ ڕەسووڵ سووڵتانی ........ ئیمان مورادوەیسی ..... ١٠٣
٢٥- هەست و بیروڕای چەند قەڵەمبەدەستی بە هەستی ڕۆژهەڵاتی سەبارەت بە نەورۆز ........ ئا: عەلی لەیلاخ ..... ١١٠
٢٦- چەند خاڵێ بە کورتی سەبارەت بە نەورۆز ..................................................... چیا ئیلامی ..... ١١٦
٢٧- نەورۆزی خەم و شادی ............................................................... هاشم رۆستەمی ..... ١١٩
٢٨- ڕۆڵی کارای نەورۆز لە خەباتی سەردەمیانەدا ................................................ شەماڵ بۆکانی ..... ١٢٤
٢٩- نەورۆز بۆ ئێمە، نەورۆز بۆ ئەوان ........................................................ م. ئەحمەدی ..... ١٢٧
٣٠- نەورۆز، لە سروشتەوە بۆ پانتایی سیاسەت ............................................. ئەیوب شەهابی راد ..... ١٣٢
٣١- نەورۆزو خەباتی نەتەوایەتی ............................................................ وریا رەحمانی ..... ١٣٥
٣٢- بەهار و نەورۆز جێژنی سرووشتی پێدەشتەکانی زاگرۆس! ................................ ئاریتما موحەممەدی ..... ١٣٧
٣٣- با نەورۆزی ئەمساڵیش، گڕ لە دڵی دوژمن بەردەین. .................................... ئەحمەد مەکلاوەیی ..... ١٤٤
٣٤- نەورۆز توخمی هاوبەشی شوناسی نەتەوەی کورد ..................................... تەها رەحیمی ..... ١٤٦
٣٥- نەورۆز، رەمزی سەربەخۆیی نەتەوەی بێدەوڵەت ........................................ ئەحمەد عەلی پوور ..... ١٥٠
٣٦- نەورۆز، جەژنی کۆنی کوردەواری هاتەوە ..................................................... تەها رەحیمی ..... ١٥٤
٣٧- نەورۆزی کوردان .............................................................................. کەریم ئەڵلاوەیسی ..... ١٥٧
٣٨- پەیامی نەورۆز ................................................................................... بێبەش پیرۆتی ..... ١٦٠
٣٩- حامید گەوهەری: فیردەوسی بۆ ڕازیکردنی پاشاکانی ئێران، ئەو ئەفسانەیەی گەلاڵە کردووە .........................
................................................................................................. دیمانە؛ ئارام قادری ..... ١٦٢
٣٠- نەورۆزی خوێناویی کورد ....................................................................... سولەیمان ئەبووبەکری ..... ١٧١
٣١- نەورۆز سەمبولی ژیانەوە ......................................................................... عارف نادری ..... ١٧٥
٣٢- نەورۆز جێژنە رەسەنەکەی کورد ............................................................. رەسووڵ سوڵتانی ..... ١٧٧

## نەورۆز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە مەشخەڵی ڕووناکی و هێمای نەتەوەیی




**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

نەورۆز وەک جێژنێکی ڕەسەن و کۆنی کوردەواری، پێشینەیەکی لەمێژینەی هەیە و بە پێێ بەڵگە مێژووییەکان گەلی کورد یەکەم خاوەنداری راستەقینەی نەورۆزی کوردەوارییە. سەدان و بگرە هەزاران ساڵە، لە بەرەبەری نوێ بوونەوەی ساڵ و یەکەم ڕۆژی بەهار کە ناوی نەورۆزە خەڵکی کوردستان و چەند نەتەوەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە شێواز و کولتوری خۆیان ئەم چەند ڕۆژەی پێش نوێ بوونەوەی ساڵ و نەورۆز و سێزدە بەدەر جێژن دەگرن و بە گشتی وەک جێژنێکی جێکەوتوو لە کۆمەڵگای کوردستان دا بە بێ جیاوازی ئایینی و کولتوری و ناوچەیی بەڕێوە دەچێ و هەر کام لەوانەش بە شێوازی ناوچەی خۆی و کولتوری باب و باپیرانمان بەرێوەی دەبەین و تەنانەت لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دا وەک جێژنێکی کۆن و ڕەسەن حیسابی بۆ دەکرێ.

لە ماوەی دوای شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت ئەمساڵ جێژنی نەورۆز بۆتە مەشخەڵی ڕووناکی و هێمای نەتەوەیی، بە گشتی پیر و گەنج بریتی لە ژن و پیاو و کچ و کوڕ و منداڵان بە جلوبەرگی ئاڵوواڵای کوردییەوە، بە موزیک

## خاکەلێوە – نەورۆز

و گۆرانی و سروودی شۆڕشگێری و بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و بەرزکردنەوەی جامانە و هەوری و مشکی و بە پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و هەڵپەڕکێ و بە خوێندنەوەی شێعر و پەخشان و سروودی شۆڕشگێری، گوڕ و تینێکی دیکەیان وەبەر نەورۆز و جێژنی نەورۆز داوە.

نزیک بە ٤٥ ساڵە ڕژێمی جەهل و نەزانی ئاخوندی بە هەموو جۆر و شێوازێک، هەوڵی داوە کە کولتوری کوردی، زمانی کوردی، خوێندنی کوردی، جلوبەرگی کوردی و تەنانەت کتێبی کوردی لە نێوخۆی ئێران بسڕێتەوە، بۆ سڕینەوەی کولتوری نەتەوەی کورد لە هیچ چەشنە غەدر و زوڵم و ستەم و دیکتاتۆریەتێک دریغی نەکردووە، زیندان و گرتووخانەکانی پڕ کردوون لە مامۆستای قوتابخانە، لە خوێندکاران و لە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی مەدەنی و ژینگەپارێزی، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو هەڕەشە و چاو سوور کردنەوەش نەیتوانیوە زەڕڕەیەک لە ئیمان و ورەی خەڵکی کوردستان دابەزێنێ.
خەڵک بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی خۆیان پاشەکشەیان بە دەوڵەت و هێزی ئەهریمەنی ڕژێمی ئیسلامی ئێران کردووە و ڕۆژ بە ڕۆژ لە سەر ویست داخوازییەکانی خۆیان کە هەمان ویست و داخوازی کۆماری کوردستانە سوورن و درێژە بە خەباتی عەداڵەتخوازانە و ئازادیخوازنەی خۆیان دەدەن و سەلماندوویانە کە تەنیا بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی دەتوانن بە سەر زاڵمان دا سەر بکەون.
ئەمساڵ کوردستان یەکپارچە بۆتە سەوزایی، بە مانای سەوزی و جوانی وڵات، کوردستان بۆتە بەهارستان و خەڵکی کوردستان جێژنی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی شۆڕای مەجلیسی ئیسلامی ئێران و جێژنی نەورۆزیان تێکەڵ بە یەک کردووە و بەم شێوە سیگناڵ و هاواری بەرزی خۆیان کە ئازادی و سەرفەرازییە لە پێشوو زیاتر بەرز کردۆتەوە. خەڵکی کوردستان بە یەکڕیزی خۆیان لە سەر شەقام و گۆڕەپان و شوێنە گشتییەکان و سەیرانگاکانی نزیک شار و گوندەکانی خۆیانن، کۆمەڵگای کوردستان بە یەڕیزی خۆی نیشانی داوە کە هیچ هێزێک ناتوانێ لە بەرامبەر ڕق و تووڕەییان دا خۆ بگرێ و هەر بۆیەش ڕۆژ بە ڕۆژ یەکگرتووتر لە پێشوو لە گۆڕەپانی خەباتی نەتەوایەتی دا هەنگاو هەڵدێننەوە.

بە بۆنەی جێژنی نەورۆز و ساڵی نوێی ٢٧٢٤ی کوردی لە ناخی دڵمەوە پیرۆزبایی لە خەڵکی بە ئەمەگ و شۆڕشگێری کوردستان، زیندانییانی سیاسی و خۆڕاگر، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان و بە تایبەت شەهیدانی شۆڕشی ژینا و لە پێشمەرگەکانی کوردستان و مەشخەڵ بە دەستانی ئەم نەورۆزە ڕەنگینە دەکەم.

سڵاو لە خۆڕاگری خەڵکی کوردستان

سڵاو لە هەیبەت و لە بوێری و لە خەنباتی بە کردەوەتان.

ساڵی ٢٧٢٤ی کوردیتان لەگەڵ نەورۆز لێ پیرۆز بێ.

**ماڵپەری گیارەنگ**

**حەمەرەسووڵ کەریمی**


## سوبحەن بۆی گوڵان میاونۆم نەسیم

### دیوانی مەولەوی

سوبحەن، بۆی گوڵان میاونۆم نەسیم
وێنەی وای رەحمەت خەزانەی کەریم
سەحرا و دەشت و دەر بەهەشت منمانۆ
مۆرەی هەوای وەش وە شەشدەر شانۆ
جە هەر تەرەفدا موینوون گوڵزار
رەنگ رەنگ مەدرەوشۆ بە وێنەی دڵدار
لالە گەردەن کەچ تۆی دیدە رەشتەن
گۆیا عەکسی یار وە رووشدا وەشتەن
چەمەن هام لیباس سەوز رەنگ پۆشان
وەفراو چون ئەسرین دیدەی من جۆشان
جەماد و نەبات گرد شادیشانەن
جەماڵ رۆژی عید ئازادیشانەن
تەمام رووی دنیا جە شادی کەیلەن
دڵ نەبۆ پەشێو فیراقی لەیلەن
سەهلەن بەهارم دۆزەخئاسا بۆ
بەهەشتم بێدۆس دۆزەخنما بۆ
وەر نەدۆزەخدا یارم دڵبەر بۆ
پەی من ئار نە تۆی گوڵشەن وەشتەر بۆ
دڵ دوو زنجیرەی زوڵفی نیگارەن
وە سەیری سەوزە و سەحراش چ کارەن

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠٢٤

# لە نەورۆزەکەی کۆماری کوردستانەوە بۆ ئێستا



**عومەر باڵەکی**

لە سەردەمی ئێستادا هەر نەتەوەیەک خاوەنی کۆمەڵێک هێما و شوناسە کە لە میللەتانی دیکەی جیا دەکاتەوە. گەلی کوردیش وەک هەموو نەتەوە ڕەسەنەکانی سەر ئاو و خاکی خۆی خاوەنی کۆمەڵێک هێما و شوناسە کە لەنێو گەلانی ناوچە و جیهاندا خۆی پێ دەناسێنێ. بەڵام ئەوەی گەلی کورد لە زۆربەی گەلانەی دیکەی جیهان جیا دەکاتەوە ئەوەیە زۆربەی ئەو گەلانە لە پرۆسەیەکی مێژووییدا بوونە خاوەنی کیان و دەوڵەتی خۆیان و یادکردنەوە و ڕێزدانان بۆ هێماکانیان پتر دەبێتە ئەرکی دەوڵەتەکانیان کە بە چ شێوازیەک و لە چ کاتێکدا ئەو بۆنانە یاد بکەنەوە. بەڵام لای گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت ئەرکی پاراستن و تەنانەت ئاشناکردنی نەوە لەدوای نەوەی خۆیان بەو هێما و شوناسە نەتەوەییانە کەوتۆتە سەرشانی کۆمەڵگەی کوردەواری. لەو نێوەدا ئەرکی ڕێکخراوە سیاسییەکان گرینگە کە بتوانن لە ڕێگای خەباتی بێوەچان و ڕۆشنگەری لەنێو کۆمەڵگەدا گەشە بەو هەستە نەتەوایەتییە بدەن.مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی گەلی کورد پڕە لە ڕووداو و کارەساتی ناخهەژێن، بەڵام دەبینین بە هۆی بوونی ڕێکخراوی سیاسیی لە کوردستان و خەباتی بەردەوام بۆ وەدەستهێنانەوەی مافە نەتەوایەتییەکان، گەلی کورد نەک توانیویەتی لە گەردەلوولی ڕووداوەکان خۆی لە فەوتان دەرباز بکا بەڵکوو بە خەبات و تێکۆشانی هەمەلایە توانراوە هەست وشعوری نەتەوایەتی لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بە ڕادەیەک گەشە بکا کە جیهان دان بە بوونی نەتەوەی کورد دابنێ.

نەورۆز واتە نوێبوونەوەی ساڵ جیا لەسەربردە مێژوویەکانی بە پێی هەڵکەوتی جوغرافیایی کورستان وشێوەی ژیانی کورد لەو ناوچەیە، یەکێک لەو بۆنانەیە کە گەلی کورد لە کوردستانی دابەشکراودا وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی خۆی هەموو ساڵێک

# نەورۆز رەمزی سەربەخۆیی نەتەوەیەک

## خاکەلێوە – نەورۆز

بە دەربرینی شادی و خۆشی و ڕێکخستنی ڕێورەسمی گەورە کە هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری تێیدا بەشدار دەبن، ڕێزی لێ دەگرێ بەرەو پیلی ساڵی نوێ دەچێ.

بەڕێوەچوونی ڕێورەسمە نەورۆزییەکان ئەگەر لە هێندێک لە بەشەکانی کوردستان بە هۆکاری جیاواز وەک ڕێگری دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستاندا نەتوانراوە وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی خۆ بنوێنی، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمێژساڵە وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی یادی دەکرێتەوە. ٧٩ ساڵ لەوە پێش لە سەردەمی کۆماری کوردستان کە لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا کە چەندین بڕگەی وەک ڕێژەی پێشمەرگە و خوێندنەوەی وتار و شێعر لە خۆ دەگرێ بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆری شاری مەهاباد، ڕێز لە نەورۆز و نوێبوونەوەی ساڵ وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی دەگرن. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧، خاکەلیوەی ١٣٢٥ی هەتاوی لە ڕاپۆرتێکدا لەژێر سەردێری "جێژنی نەورۆز لە مەهاباد" نووسیویەتی: "ڕۆژی پێنجشەممە هەوەڵی ساڵی ١٣٢٥ کاتێک کە هەتاو لە پشت کێوە جوانەکانی کوردستان گەردنی بەرز کردەوە و بە تیشکی تینداری خۆی مزگێنی بەهاری تەروتازە و ڕۆیشتنی سەرماوسۆڵی زستانی بە ئافریدەکانی خوای بێهەوتا دەدا، مەهابادیش لەگەڵ میوانە ئازیزەکانی (بارزانی) و دانیشتووانی خۆی وردودرشت، کیژۆلاو بە دڵێکی هێزدار و ڕوویەکی گەشەوە بۆ نیشاندانی بەروبووی کوردان کە چەندێک لەومەبەر باخەوانێکی بە ڕاوژێر ڕەنێوی هێناوە، وا ئامادە ببوون کە دۆست لە پێستی خۆیدا نەدەگونجا و لەبەر کەیفخۆشی نەدەحەجما، چونکە زۆر لەمێژبوو کە کورد نەورۆزی لەبەر زوڵموزۆری بلەوەزەکان لەبیر کرابوو و ڕۆژی واشی بە خۆیەوە نەدیبوو... پێشەوای معظمی کوردستان هاتە پشتی تریبوون و پاش ڕۆژباش و پیرۆزبایی ڕۆژی تاریخیی نەورۆزی کوردان، فەرمووی ئەو ڕۆژانە تورکیە و ئێران و عێراق خەریکی گفتوگۆن و دەیانهەوی پەیمانی مەنحووسی سەعداباد کە ماددەیەکی بە زیانی کوردانە لە حاڵی ئێستادا دەیانهەوی بۆ دوژمنایەتی کوردان تازەی بکەنەوە بەڵام دەبێ بزانن کە ئەو پەیمانە وەکوو لە پێشدا کاغەزپارەیەک زیاتر نەبوو ئێستاش کاغەزپارەیەک زیاتر نییە"...

دوای ٧٨ ساڵ لەو ڕێکەوتە لەلایەک دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بە ڕۆژانە بۆ بەچۆکداهێنانی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد خەریکی پیلانگێران و بەستنی پەیماننامەی ئەمنییەتین لەنێو خۆیاندا و لەلایەکی دیکەوە گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی مافخوراو و خاک دابەش کراو بە هەموو شێوازیەک بۆ پاراستنی هێما و شوناسی خۆی و وەدەستهێنانەوەی مافەکانی لە مەیدانی خەباتدا لەگەڵ ئەوەدا خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتووە وکاولکاری زۆری بەسەر دا هاتووە، هەر لەسەر پێیە و هەروا بە گوڕوتین و ساڵبەساڵ یەکگرتووتر بەگژ دوژمن و نەیارەکانیدا دەچێتەوە.

ماوەی چەند ساڵێکە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ هەموو ئەو بەربەستانەی هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆیان دروست دەکەن، هەوڵیان داوە نەورۆز وەک جێژنی نەتەوەیی بە بەشداریی هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بە باشترین شێواز بەڕێوەبەرن وپەیامی یەکگرتووی خۆیان بەگوێی دەسەڵاتدارانی تاراندا بچرپێنن. ئەوەی

## نەورۆز رەمزی سەربەخۆیی نەتەوەیەک

**خاکەلێوە – نەورۆز**

جیگای سرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە بە بوونی هێزە سەرکوتکارەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، بەڕێوەچوونی ئەو ڕێورەسمە نەورۆزانەی ئەو ساڵ گوڕوتینێکی دیکەیان پێوە دیاربوو و نیشانەی ئەوە بوو کە جووڵانەوەی مافخویستی و شوناسخوازیی گەلی کورد لەو پارچە لە کوردستان نەک هەر لەسەر پێیە بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە هەڵکشان و گەشەکردنە و هێزی ئینکار و سەرکوت ناتوانی بەچۆکی دابهێنێ و پاشەکشەی پێ بکا.


ڕێورەسمە نەورۆزییەکانی ئەوساڵ لە کاتێکدا بەڕێوە دەچن کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ساڵێکی پڕ لە خەبات و بەربەرەکانی لە درێژەی ڕاپەڕینی ژینادا بە دژی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تێپەر کرد. بەڵام ئەوەی ڕێورەسمەکانی نەورۆزی ئەوساڵ - بیجگە لەوە کە گشتگیرتر و لە زۆربەی هەرەزۆری ناوچەکانی کوردستان بەرێوە چوون - لەساڵی ڕابردوو جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەو ڕێورەسمە نەورۆزییانە لەگەڵ هەموو نەزم و دیسیپلینێک کە هەیانبوو، خاوەنی پەیامی سیاسیی زۆر بەهێز بوون ڕوو بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران. جیا لە شێعر و پەخشان و وتار، پۆشێنی جلوبەرگی خاکی و لەملکردنی جامانە و هەوری لە کۆڵکردن لەلایەن ژن و پیاو و کچ و کوڕی بەشدار لەو بۆنە نەورۆزییانەدا خۆی نیشانەی پشتگیری زۆرینەی خەڵکی کوردستانە لە خەباتکارانی خۆی کە ماوەی زیاتر لە ٤٥ ساڵە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئەو گەڵە بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە دەجەنگن. بۆ هەر کەسێک ڕۆژێک لە ڕۆژان جلی خاکی پێشمەرگانەی دەبەر کردبێ وجامانەی لەمل هاڵاندبێ، بە دیتنی ئەو هەموو خاکیپۆش و جامانە لەملانەلە گەڕی هەڵپەرکێی نەورۆزیدا بێ سێودوو هەستی پێشمەرگانەی دەبزووێ و شانازیی بە خۆی دەکا کە پێشمەرگەی گەل و نیشتمانی خۆی بووە. شانازی دەکا و دڵی ئۆقرە دەگرێ کە زەحمەت و کوێرەوەرییەکانی ژیانی پێشمەرگانە و خوێن و قوربانیدانی لە پێناو گەلەکەی خۆیدا بە فیرۆ نەڕۆیشتوە وئەمرۆ ئاکامەکەی کە گەشەکردنی هەست و شعووری نەتەوەییە لە شەقامی شارەکان و گۆڕەپانی گوندەکان لە گەڕی شایی و گۆبەندی خەڵکی یەکگرتووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چاوی خۆی دەبینێ و لەشی شەکەتی پێدەحەسێتەوە.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ لەوە تێگەیشتبن کە بەڕێوەچوونی ڕێورەسمەکانی نەورۆزی ئەوساڵ هەڵگری هەمان پەیامی نەورۆزی ٧٨ ساڵ لەمەوبەرە کە پێشەوای مەزن فەرمووی گەلەکۆمەکێی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا و سەرکوت و کوشتار و زیندان و ئێعدام ناتوانێ ئیرادەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی تێک بشکێنێ. ئەو کاروانە خەباتە بە بەشداریی هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری هەتا لوتکەی سەرکەوتن درێژەی دەبێ.

لە کۆتاییدا جێژنی نەورۆز جێژنی یەکگرتووی نەتەوەیی لە هەموو خەڵکی کوردستان پیرۆز بێت.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

# نەورۆز لە تانوپۆی نیشتماندا



**کەریم پەرویزی**

زەوی بە دەوری خۆردا دەورێکی تەواوی لێ دایەوە و دووبارە لە نوختەیەکی تایبەتدا سرووشتی سەر زەوی بەرەوڕووی گۆڕانێکی دیکە دەبێتەوە. لە نوختەی ناسراو بە پێگەی بەهاری لە بازنەی زەوی بە دەوری خۆردا، ژیان لەسەر زەوی لە ناخەوە دەگۆڕێ و بەتایبەت لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان، لە بەرزاییەکانی زاگرۆسدا سەهۆڵ و شەختە دەتوێنەوە و گوڵی پەیامهێنەری کۆتایی زستان سەر هەڵ دەدەن. نەورۆزی سروشت ژیانەوە بە مزگێنی دێنێ و نەورۆزی کۆمەڵگەش ژیانەوەی سروشت دەکا بە هێمای هیوا بە ڕۆژێکی نوێ!

لەوەتەی خەڵکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ شارستانیەتی مێزووپۆتامیا ئاشنا بوون، ڕێورەسمە تایبەتەکانی نوێبوونەوەی ساڵی سرووشت و ژیان پێکەوە دەگرن و سەری ساڵ لەم ناوچەیەدا لەگەڵ ڕووداوە سرووشتیەکان یەکانگیر بوون و هەر بۆیە سەری ساڵ لە کوردستان پڕ بە پێستی نوێبوونەوەیە.

ئەم ڕەمزی نوێبوونەوەیە، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەژێر ستەمکاریی دڕندانەی ڕێژیمێکی سەرەڕۆدایە، مانایەکی قووڵتر دەگرێتە خۆ و هەر بۆیە دەبینین کە لە کوردستانی هەمیشە لەسەر پێ، خەڵک بە گوڕ و

**خاكەلێوە – نەورۆز**

**تیـنەوە بەرەو پێشـوازیی نەورۆز دەچـن. ڕێورەسـمە بەرفراوانەكـانی پێشـوازیی نەورۆز لە شـوێنە جیاجیاكـانی كوردسـتان، نیشانەی ڕوونی زیندوویی ئەم گەلە و لەسەرهەست بوونیـان و هەروەهـا هێمابەخشیی نەورۆز و ئـاگری پیـرۆزی نەورۆزن بـۆ نیشتمانی كوردستان.**

**لەوەتەی لە تارانەوە سیستمی سیاسی هەوڵی داوە كە ڕەنگ و بـۆ و تـام وچێـژی جیـاوازی نەتەوەیـی لە ئێران بسـڕێتەوە و هەمـووی لە زەرفێكـی دەسكرد بە نـاوی نەتەوەی ئێرانیـدا بتـوێنێتەوە، تـاكوو ئێسـتا بەردەوام هێمـا و ڕەمـز و پـارامێترە كولتووری و ناسنامەییەكانی كوردستان و  كورد بەتـاڵان براوە و هەوڵیان داوە بەرگێكی دیكەی بە بەردا بكەن و بە ڕەنـگ و بۆنی دیكەوە بە كوردستانی بفرۆشنەوە.**

**لە ڕێورەسم و یادەكانی نەورۆزیشدا هەوڵیان داوە ئاگری نەورۆز داگیر بكەن و بیكەن بە شتێكی لاوەكی و نەورۆز تەنیـا لە دانیشتن لە ماڵەوە بە دەوری سفرەیەک بەنـاو حەوت سیندا كورت بكەنەوە كە نە ڕەسەنە و نە لە هیـچ مێژوویەكدا ئامـاژەی پێ كراوە!**

**بەڵام ڕێورەسـمە نەورۆزییەكـان و هەڵكردنـی ئـاگر لەسـەر بەرزاییەكـان و پێشـوازی لە نوێبـوونەوەی سـاڵ و هەروەهـا كۆبوونەوەی خەڵكی شار و گوند بە دەوری یەكەوە و پێكەوە شایی كـردن و بە تێكڕا سەردانكردنی ئەو ماڵانەی ئازیزێكیـان لەم ساڵدا لەدەست داوە، لە پارامێترە ناسێنەرەكانی نەورۆزی كوردەوارین!**

**سـالانێكی زۆر دەسـەڵاتی كۆلۆنیالیسـتیی پـاڵەوی و دوایەش خـومەینی هەوڵیـان دا هێمـا فەرهەنگییەكانمـان بـدزن و لە نێوەڕۆک بەتـاڵی بكەنەوە و چەندین دەیەشە ڕێژیمی خومەینی دژی نەورۆزی كوردستان بـووە و تەنـانەت ئاگركردنەوەشی بە گونـاح نـاودێر دەكـرد. بەڵام مێـژوو نیشـانی داوە و دووبـارەش كوردسـتان سـەلماندیەوە كە ئەوە دەسـەڵاتدارانن كە دەبـێ ملكەچی ڕەوڕەوەی مێـژوو ببن و نەتەوەكـان هەر دەمێنن. بـۆیە دەبینـین كە دوای چەنـدین دەیە دژایەتیـی دەسەڵاتی ملهوڕی تـاران لەگەڵ نەورۆزی كـوردەواری، ئێسـتە ئیـدی بە فراوانـی ڕێورەسـمی نەورۆزی لە كوردسـتان بەڕێـوە دەچـێ و هێمـا خەباتكارانەكانیشێ تێدا بەرز دەكرێتەوە و دەسەڵاتی ملهوڕ تەنیا ڕووڕەشییەكەی بۆ دەمێنێتەوە!**

**نەورۆز وەكـوو یـادێكی سـەری سـاڵ ڕەنـگە كورتمـاوە بـێ و بە هەڵكردنـی ئـاگر و بەرزكـردنەوەی هێمـا نەتەوەیـی و خەباتكارانەكـان، خەڵـک هیـوایەكی دووبـارەیـان پـێ ببەخشرێ و دەسەڵاتیش پێـی وابـێ بە كۆتـاییهـاتنی ئەو ڕۆژە، ئیـدی دۆخەكە وەكـوو خـۆی لـێ دێتەوە و دووبـارە زاڵ دەبێـتەوە بەسـەر كـۆمەڵگەدا! بەڵام ئەوەی لێـی نـازانێ و خەڵـک لەوێشدا**

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**بە پێچەوانەی ویستی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و ئینکارگەر دەجوولێنەو، بریتیە لەوەی کە نەورۆز دەکەن بە بناخەیەک بۆ هیوا بەخشێن و هەروەها توندکردنەوەی گرێچنە کۆمەڵایەتییەکان.**

**کاتێک ڕێورەسمی نەورۆز لە کوردستان بەڕێوە دەچێ، بە تێکڕای نەتەوەیەک بەرەوپیری دەچن و پێی شاد دەبنەوە و بە دەوری ئاگرەکەیەوە شایی دەگێڕن و ئەمە ڕۆحی نەتەوەییان دووبارە دەر دەخاتەوە و دەیسەلمێنێتەوە. سنوورێک کە تێیدا ئاگری نەورۆز دەکرێتەوە و خەڵکێک کە بە دەوری ئەو ئاگرەوە شایی دەگێڕن و هێما نەتەوەیی و خەباتکارانەکان بەرز دەکەنەوە لە ڕاستیدا سنووری نیشتمان دەر دەخا!**

**لەنێو ئەم نیشتمانەدا، هەن کەسانێک کە گرانبەهاترین سەرمایەیان واتە گیانیان پێشکەشی ڕووسووریی نیشتمان کردوە. شەهیدانی کوردستان ئەوانەن کە بە خوێنیان نیشتمانیان بونیات ناوە و هەر بۆیە ڕەمزی سەربەرزیی گەلن و لە نەورۆزدا، کۆمەڵگە بەرەو سەر مەزارەکەیان و سەردانی بنەماڵەکانیان دەچێ تاکوو ڕایبگەیەنێتەوە کە ئەم نیشتمانە و ئەم ڕێورەسمانە و ئەم زیندوومانەوەی هێما و ئاڵای نەتەوەیی و خۆڕاگرییانە و گەشاوە بوونی ئەم ئاگرانە، بەرهەم و قەرزاریاری خوێنی شەهیدان و ئەم ڕۆڵە نەمرانەن کە ئێستا ئیدی مەشخەڵانی ڕزگاریی نیشتمانن.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کورستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی خەکەلێوەی ٢٧٢٤**

# نەورۆزی دژە گوتار



**یەعقووب ڕەوا**

له تیۆریی "میخائیل باختین"دا کارنەڤاڵ وەک چەمکێکی بنەڕەتی و گرنگ دەخرێتە ڕوو. باختین کارنەڤاڵ بە پرۆسەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتی پێناسە دەکات کە تێیدا مرۆڤەکان بە شێوەیەکی نافەرمی و داهێنەرانە دژی یاسا و ڕێسا ئاساییەکان ڕادەبنەوە و هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی توشی ئاڵنگاری دەکەن.

هەرچەند توخمەکانی بیردۆزی باختین زۆر بەرفراوانتر و فرە ڕەهەندترن و پتر بۆ لێکدانەوەی ئەدەبیی بەکار هاتوون، بەڵام بۆ لێکدانەوەی نەورۆز لە کودرستان زۆر کارامەن. شێوەی بەڕێوەبردنی کارنەڤاڵی نەورۆز و ئەو فۆرمەی هەنووکەیی بەشی هەرە زۆری قەرزداری پیرەمێردی نەمر و نەورۆزەکانی گردی مامەیارەی سلێمانییە. ڕاسانی نەورۆزیی پیرەمێرد نەک هەر تەنیا پیرۆزکردنی سەرساڵی کوردەواری بەڵکە ڕابوون و ڕاچەنینی گەلێکی ژێردەستەیە. پیرەمێرد دژی یاسا و ڕێسای باو هەستایەوە و نەورۆزی لە قوژبنیماڵەکان هێنایە مەیدانی گشتیی شار و فۆرمێکی کارناڤاڵیی پێدا. هەرچەندە لە ڕواڵەتدا نەورۆز جەژنێکی کولتووری بوو، بەڵام بوونیەتیی شوناسخوازانەی نەتەوەیی و پێناسەی سەربەخۆبوونی نەتەوەیی، پرۆسەی میللەتسازیی عێراقی تووشی ئالنگاریی جیدی دەکرد. نەورۆزی پیرەمێرد هەڵقوڵاوی شارنشینی مۆدێرنی کوردی و ئێلێمانەکی بەهێزی شوناسخوازانە بوو. هەر بۆیە زۆر زوو حکوومەتی مەلیکیی عێراقی کەوتە کاردانەوەی جیدی و قەدەغە کردنی. تەشەنەکردنی نەورۆزی ئیعتزازیی پیرەمێرد و مامەیارە بە هەمان نێوەرۆک و فۆرمەوە بۆ

بەشەکانی دیکەی کوردستان بە خێراییەکی یەکجار زۆر بوو و ئێستاش پاشی نەوەد ساڵ هەر بە هەمان شێوە حکوومەتەکانی داگیرکەری کوردستان تووشی ئالنگاری دەکا.

## نەورۆز و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

نەورۆز لەو فۆرمەی خۆیدا بۆ ساڵانیکی زۆر لە هەر چوار پارچەی کوردستان قەدەغە بوو و زۆر جار بکەرانی سزا دراون. هەر بۆیەش خۆی لانیکەم ئەکتی ئاگرکردنەوەکەی حەرەکەتەکی ئێعترازیی دژە باو و دژە داگیرکەر سەیر کراوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پرۆسەی میللەتسازیی مۆدێرنی پەهلەوی لە خۆیدا دژی نەورۆز نەبووە و بە جێژنێکی ئێرانی پێناسەی کردوە، هەر بەو پێیەش هەوڵیان دەدا فۆرمی ستانداردی حکوومی بۆ ساز بکەن و بیکەنە باو. بەڵام بە تایبەتی بە تەشەنەکردنی نەورۆزی پیرەمێرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەو هەوڵانە مایەپووچ بوون و کاتی سەری ساڵ بڵێسەی ئاگری نەورۆز لە بەرزاییەکانی سەر بە شار و دێهاتەکانی کوردستان هەموو ئەو پرۆسەی نەتەوەسازیی ئێرانی ئاگر تێبەر دەدا.

## نەورۆز و کۆماری ئیسلامیی ئێران

کۆماری ئیسلامی بەو پێیەی ڕێژیمێکی مەزهەبیی ئێرانییە تێکۆشاوە نەورۆز و سەری ساڵ بە ڕەنگێکی مەزهەبی-شیعییەوە پەرە پێ بدا. بەو پێیەی بوونیەتیی نەورۆز لای گەلانی دیکەی پیرۆزکەری نەورۆز -غەیرە کورد-، بوونیەتییەکی کولتورییە، ڕیوایەتی کۆماری ئیسلامی لای ئەوان زۆر کێشەدار نەبوو. بەڵام لە کوردستان کە هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە دژی بوو و بەرخۆدانی چڕی پارتیزانی لە ئارادا بوو، ئەو ڕیوایەتە فەرمیی حکومییە هەر زوو ڕەت کرایەوە. حکوومەتیش هەر بەو پێیە حازر بە قبوڵکردنی گێرانەوەی کوردیی نەورۆز نەبووە و نییە و ئاگری نەورۆزی بە دژی خۆی دیوە و کردویەتی بە پرسێکی ئەمنییەتی. ڕووبەڕوو بوونەوەی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەتی نەورۆزی کوردستان بە گشتی دەکرێ دابەشی دوو قۆناغ بکرێن. لە نزیک دوو دەیەی سەرتای ژیانی کۆماری ئیسلامی هەر جۆرە ڕیوایەتێکی غەیرە حکوومەتی لە نەورۆز بە توندی بەرپەچ دەدرایەوە و تەنانەت لە سۆنگەی مەزهەبیشەوە هێرشی دەکرایە سەر و بە نەریتێکی دژە ئیسلامی ناو دەبرا. قۆناغی دووهەمیش لە پرۆژەی ئێرانشاریدا دەردەکەوێ.

## نەرۆز و پرۆژەی ئێرانشاری

بەرخۆدانی بێوچانی گەل و دژبوون دەگەڵ ڕیوایەتی فەرمیی حکومەت لە نەورۆز وای کرد لە قۆناغی دووهەمدا کۆماری

ئیسلامی لەژێر ناوی پرۆژەی ئێرانشاری و قبوڵکردنی کورد بە قەومێکی ئێرانی نەورۆز لە کوردستان کولتووریزە بکا و ڕەنگی سیاسی لی بستێنی. نەورۆز لە ژیانی نهێنیی خۆیدا وەک چەکێکی دژە گوتاری زاڵ سەیر دەکرا کە بە هەڵگیرسانی ئاگر لە بەرزاییەکانی کوردستان هەموو هەوڵی نەتەوەسازیی ئێرانی ئاگر تێبەر دەدا. هەر بەو پێیەش لە قۆناغی دووهەمی بەرەنگاری دەگەڵ نەورۆز هەوڵ درا بە کۆنترۆلکردن و پێدانی ئیزنی حکوومەتی نەورۆز بکاتە بۆنەیەکی کولتووری و ئێرانی.

## نەورۆز و قۆناغی ئێستا

نەورۆز ئێستا لە گەورەترین کارناڤاڵەکانی غەیرە حکومی جیهانییە کە نێوەرۆکێکی تەواو سیاسیی هەیە. کۆماری ئیسلامی کە بوونیەتییەکی مەزهەبی و دژە ڕەنگالەیی و دژە ژیانی هەیە، نەورۆز وەکوو هەڕەشەیەک بۆ سەر خۆی دەبینێ و تەواو هەوڵەکانی بۆ کۆنترۆلکردن یان لانیکەم گۆڕینی نێوەرۆکی نەورۆزی تەنانەت بە ڕێگەپێدان و ڕێکخستنی حکوومەتیش خستووەتە گەڕ. بوونیەتیی کارنەڤاڵی نەورۆز کە کۆبونەوەی هاوکات و هاوشوێنی چین و توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵگە هەر لە ڕەگەزەوە بگرە هەتا چینی کۆمەڵایەتی و تەنانەت بیرۆکەی جیاوازی سیاسییە، پیشاندەری توخمی چەند دەنگیی کارنەڤالی باختینییە کە لە نێوەرۆکی خۆیدا تەناتەت دژی هەندی نەریتی ئیسلامی و دینیی خۆی کۆمەڵگەی کوردستانیش و لە ئاستێکی بەرینتریشدا هەوێنی تەبایی نەتەوەیی و دژە داگیرکەرییە. یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی نەورۆزەکانی ڕۆژهەڵات خۆ ڕێکخستنی تێکڕاییە کە کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی دژی بووە و یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دژبەریەتیی ئەو لەگەڵ نەورۆزە.

کۆتا قسە ئەوەیە هیچ یەک لە حکوومەتەکانی داگیرکەر کوردستان نە توانیویانە و نە دەشتوانن نێوەرۆکی سیاسیی نەورۆز و نێوئاخنی بەرخۆدان و شوناسخوازی و دژە گوتاربوونی داگیرکەران بگۆڕن و لەباری بەرن، بگرە ئەو نێوەرۆکە ساڵ بە ساڵ تۆختر و ڕەنگینتر دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی خەکەلێوەی ٢٧٢٤

# لە ساڵی نوێدا بەرەو "پۆست" ژن، ژیان، ئازادی



**ئەلبورز ڕووینتەن**

لە سەر ئەوەی کە ڕابردوو چۆن دەتوانێ کاریگەریی لە سەر داهاتوو هەبێ مشتومڕێکی زۆر لەنێو فەیلەسوفان و زانایانی زانستی مرۆڤایەتی هەیە، هەر یەک لە زانایان باس لە شێوازێکی کاریگەری ڕابردوو لەسەر داهاتوو دەکەن بە جورێک کە جەبری مێژووی باسێکی گەرمی فەلسەفەی هێگل هەژمار دەکرێ کە لە تێروانینەکانی ئەفلاتون سەرچاوەی گرتووە و لەسەر فەلسەفەی مارکسیش کاریگەری داناوە. بەڵام ئەوەی زیاتر لە گەڵ نێوەرۆکی ئەو بابەتەی کە لێرەدا باسی دەکەین ئەو وتەیەی ئێدمۆند بەرک نووسەر و فەیلەسوفی بریتانیاییە کە نوسەری کتێبی ڕامانێک لە سەر شۆڕشی فەڕانسەیە. بەرک لە وتەیەک لە مەڕ میژوو دەڵێ: "لە مێژوودا قەبارەیەکی زۆری ڕێنوێنی بۆ ئێمە هەیە، کە دەتوانێ پێداویستیەکانی زانستی داهاتوو، لە هەڵە و لاوازییەکانی ڕابردووی مرۆڤایەتی دروست بکات".

شۆڕشی ژن ژیان ئازادی کە ئێستا لە گرینگترین ئەو ڕووداوانەی ڕابردووی نزیکمان بە تایبەتی لە بەرەنگاری لە ڕێژیمی دیکتاتورییە پێویستیی بە خوێندنەوەیەکی چەند ڕەهەندی هەیە بۆ ئەوەی بتوانین وەک ڕێنوێنی بۆ داهاتوو کەڵکی لێوەرگرین، هەر بۆیەش کە بەرەو پۆست ژن ژیان ئازادی دەڕۆین پێویستە نەک لە خاڵە ئەرێنییەکان بەڵکوو لە هەڵەکانیش کەڵک وەربگرین بۆ ئەوەی هەستانەوەی داهاتوومان سەرکەوتووتر بێ یا سەرکەوتنی کۆتایی واتە ڕووخانی دیکتاتوری بە ئازادی گەیشتنی کورد و کوردستانی لێ بکەوێتەوە.

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**بە تـایبەتی کە بەرەو سـاڵی نـوێش دەچین ئەو پێویـستییە زیـاتر خـۆی دەنـوێنی، چـونکە سـاڵی نـوێ بـۆ ئـێمە دەسـتپێکی چالاکیی نوێ بە هێمای نەتەوەیی لە بەرانبەر سەرکوت و بیری فاشیستییە.**

**زۆرن ئەو لایەن و ڕەهەندانەی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی کە دەبێ شەن و کەوی بکرێن، بەڵام ئەوەی لەو بـابەتەدا بەکورتی باسی لە سەر دەکەین هەبوونی بیری شۆڤێنستییە کە لە ڕێژیم و هەروەها بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو دەبیندرێ کە بە هەموو شێوەیەک دژایەتیی مافە نەتەوەییەکان دەکـات. ئەو ڕەهەنـدە لە شۆڕشـی ژن، ژیـان، ئـازادی یەکێـک لەو هۆکارانە بوو کە بووە هۆی ئەوەی سەرکەوتن بە دەست نەهێنێ.**

**لە دەستپێکدا کە شۆڕش لە کوردستـانەوە دەسـتی پـێ کـرد چالاکییەکـانی دەرەوەی کوردسـتان وێـڕای پشـتیوانی بـۆ کوردسـتان وەک چـالاکییەک دژی حیجـاب دەسـتیان پـێ کـرد، لە کوردسـتان مەودایەکـی زۆری نەبـرد کە شـۆڕش لە دەربڕینـی دەنگـی ناڕەزایەتی لە دژی شەهیدبوونی ژینا بۆ قۆناغی ژن ژیـان ئـازادی گـۆڕا و لەوێ ئـازادیی کـورد و کوردسـتانیش وەک سەنتێز خـۆی نیشـان دا و هەر ئەوەش بـووە هـۆی ئەوەی پشـتیوانی لە هێـزی سیاسـیی کـوردی و بە تـایبەتی حیزبـی دێمـوکرات و شەهیدی نەمر دکتو قاسملوو وەک هێمایەکی چالاکییەکـان بە زەقـی خۆیـان نیشـان دا. هەرچەنـد لە کوردسـتان چالاکییەکـان ڕەنگی خەباتی نەتەوایەتییان بە خۆوە زیادتر دەدیت لە دەرەوەی کوردستانیش پشتیوانی بۆ ئەو خەبـاتەی کوردستان کەمتـر دەبـۆوە، تەنـانەت ئۆپۆزیسیۆنی فارسی بەرەو دژایەتییەکـی سیسـتماتیک بـۆ ئەو شۆڕشە ڕۆیشت و بە جۆرێـک هەوڵـی دەدا شۆڕشی ژن ژیـان ئـازادی لە هەر جۆرە هێمایەکی نەتەوەیـی کـوردی بسـڕێتەوە و لە داخـوازی بـۆ لابردنـی حیجـاب لە تـارانـدا کورتی بکاتەوە بە جۆرێک کە پێناسـەی ئەو شۆڕشە واتە "ژن، ژیـان، ئـازادی"، بـۆ "پیـاو، وڵات، ئـاوەدانی" لەلایەن خێڵـی پاشایەتیخواز بگۆڕێت.**

**ئەو دژایەتیـیەی ئۆپۆزیسـیۆن لە دەرەوە لەگەڵ هەوڵــی زۆر ڕێــژیم بــۆ نیشــاندانی ئەو شۆڕشــە بە شۆڕشــی کــوردان بــۆ جیاییخوازی هاوتەریب بـوو، ئەو هـاوتەریبییە لە نێوان لایەنـی دژ بەیەک جـاریکی دیکە سەلماندی شوڤێنیزمی دژە کـورد و مافەکـانی لە ئەگەری ڕووخـانی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیش لەوانەیە بەردەوام بێـت، کە ئێسـتاش بە ئەنـدازەیەک دژایەتـی کورد دەکەن.**

**دژایەتیی کوردی و شۆڕشی ژن ژیان ئازادی تەنانەت بۆ نێو میدیـای فارسی زمانی دەرەوەش گواسترایەوە بە جۆرێک هەمیشە بە گومانەوە سەیری چالاکییەکانی کوردستانیان دەکرد و تەنـانەت ئەگەر لەژێـر تیغـی سانسـوریش دەرچوبـا هەوڵـی ئەوەیـان دەدا کە بەرگـی ئێرانـی بـوونی کە سـاختەی بیـری شـوڤێنیزمی پەهلەوی و کۆمـاری ئیسلامیی بە سـەردا بسـەپێنین، کە ئەو**

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**ڕاستییە دەسەلمێنێ بە هەمان ئەندازەی ئازادیخوازی بۆ کورد فەلسەفەی ژیانە، دژایەتی کردنی ئەو ئازادیەش بە بیانووی وەک جیاییخوازی بۆ ئەوان هزر و ئەندیشەیە کە ناتوانن لە بیری بکەن یا وەلای بنێن؛ تەنانەت ئەگەر بانگەشەی دیموکراسییش بکەن.**

"

**پۆست" ژن، ژیان، ئازادی بەر لە هەموو شتێک خوازیاری ئەوەیە کە دەبێ ئەو ڕاستییە زیاتر بناسین کە ئەو بیرۆکەی کە زیادتر لە سەد ساڵە ڕێگری دەکات لەوەی کورد بە کەمترین مافەکانی بگات، تەنیا سیاسەتی دەسەڵاتداران لە تاران نییە بەڵکوو مێنتالیتەیەکی زۆرینەی لایەنەکانی نەتەوەی سەردەستە. تەنانەت ئەگەر ئەو لایەنانە دژی یەکتریش بن، بەڵام بە نسیبەت پرسی کورد هاوڕا و تەنانەت هاوباوەڕن. دەرککردن بەو ڕاستیە ئێمە هان دەدا هەتا وزەی هەرە زۆری خۆمان لە ڕاستای کوردستان و یەکگرتووی لە کوردستان لە پێناو خەبات بۆ کوردستان یەک بخەین کە ئەو کات دەنگمان لە تاران زۆر بەهێزتریش دەبێ، بەتایبەتی لە هەر ئەگەرێکدا ئێمە ڕووبەڕووی ئەو هزرە شوڤێنیستییە هەر دەبین.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی خەکەلێوەی ٢٧٢٤**

# نەورۆزی کوردەواری لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارساندا



**سارۆ خوسرەوی**

دەستپێکی بەهاری هەموو ساڵێکی کوردی، هاوکاتە لەگەل کۆتایی سەرماوسۆڵە و وەرزی شادی و دڵخۆشی لە کوردستان. نەتەوەی کورد بەو بۆنەیەوە جەژن دەگێڕێ و نەورۆز وەک ڕۆژێکی واتادار پیرۆز دەکات.

نەورۆز، جیا لە گەلی کورد، گشت گەلانی ئاریایی بە هی خۆیانی دەزانن و شانازیی پێوە دەکەن. کوردان لە نەورۆزدا، لە سروشتی سەرسەوزی کوردستان گەشت و سەیران دەکەن و بە هەڵکردنی ئاگر لەسەر چیا سەربەرزەکان، ڕێز لەو ڕۆژە دەگرن. بەو جۆرەی مێژوونووسان باسی لێوە دەکەن، نەورۆز هەر لە کۆنەوە لە زەنجیرە چیاکانی زاگرۆس و ئارارات و دەشتاییەکانی دەوروبەریان لەلایەن کوردانەوە بە پیرۆز زاندراوە و بۆنەی بۆ گیراوە.

لەبارەی چۆنیەتیی سەرهەڵدانی چیرۆک و ئەفسانەی نەورۆز گەلێک لێکۆڵینەوەی مێژوویی و کولتووری وەک: ڕێوایەتی ئەفسانەی کەیومەرس و جەمشید و کاوەی ئاسنگەر و زوحاک گوتراون و باس کراون. بەڵام گەلێک لە مێژوونووسان نەورۆز دەگەڕێننەوە بۆ یەکەم ڕۆژی دۆزینەوەی ئاگر لەلایەن مرۆڤەوە. واتە نەورۆز جەژنی دۆزینەوەی ئاگر بووە، بۆیە وەک ڕۆژێکی نوێ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا جەژنی بۆ دەگێڕن. یان وەک ئەوەی لە ئەفسانەی نەورۆزدا هاتووە، کاوەی ئاسنگەر، کەسایەتیی ئەفسانەیی، زوحاکی زاڵمی کوشتوە و کۆمەڵگەی لە چەوساندنەوە ڕزگار کردوە، هەر بۆیە گەلانی مافخواز و ئازادیخواز، ئەم ڕۆژەیان بەلاوە گرینگە و هەموو ساڵێک یادی لێ دەکەبەوە.

## خاکەلێوە – نەورۆز

بزووتنەوەی دادخوازیی کاوەی ئاسنگەر دژ بە زوڵم و ستەمی زوحاک، هەرچەند لە "شانامەی فەردەوسی"دا وەک ئۆستوورە ڕێوایەت کراوە، بەڵام دواتر لە لایەن بەشێکی بەرچاو لە توێژەرانی کورد و ئێرانییەوە، وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لێکدانەوەی بۆ کراوە. توێژەرانی ئەم بوارە پێییان وایە، بزووتنەوەی کاوە بە پشتیوانیی پیشەوەران و پیشەسازان ڕاپەڕیوە و تاج و تەختی زوحاکی لەنێو بردوە و کەسێکی مافخوازی وەک فەرەیدوونی لە شوێنەکەی داناوە.

بەڵام ڕێوایەتی جەژنی نەورۆز، تا ڕادەیەک لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارسان و شانامەی گۆراندا جیاوازە و یارسانییەکان لێکدانەوەی خۆیان بۆ ئەم جەژنە کولتووریی و مێژووییە هەیە.

خودی ئاگر لە ئایینی یاریدا هێمایەکی پیرۆزە. لەم ئایینەدا، ئاگر سەرچاوەی ڕووناکی، گەرمی و پاکییە و وەک دیاردەیەکی واتادار چاوی لێ دەکەن. یارسانییەکان جیا لە ئەفسانەی کاوە و زوحاک، پێیان وایە لەو ڕۆژەدا، قارەمانێکی کورد بە ناوی فەرەیدوون نیشتووتە سەر تەختی دەسەڵات.

**لەم بارەوە یەکێک لە چاودارانی یارسان بە ناوی "شا ئیبراهیم "لە بارەی جەمشید و فەرەیدوون و زوحاک دەڵێ:**

**ئیبراهیم هەمدەست، ئیبراهیم هەمدەست**
**چەنی یادگار هەردوو بیم هەمدەست**
**کاکەم یادگار نە ڕووی تەخت نشەست**
**جەمشید بییانی جەم جەهان بەست**
**ئەز فەرەیدوون بیم، گاو سەر وەدەست**
**سلسلەی سپای زەحاک دام شکەست**

واتە من، ئیبراهیم لەگەڵ یادگار بووینە هاوکار. کاکە یادگارم هاتە سەر تەختی جەمشید و کۆبوونەوەی جیهانی گرێ دا. من فەرەیدوون بووم، گاوی خودای باڵادەست، من زەنجیرەی سوپای زوحاکم تێک شکان. بۆیە بەپێی کەلامی چاودارانی یاری، دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە جەژنی نەورۆز لە کۆمەڵگەی یارسان جەژنێکی پیرۆز و واتادارە.

شاوەیس قولی مایدەشتی، یەکێکی دیکە لە کەسایەتییە دیارەکانی یارسان، کە لە ٨١٠ی کۆچیدا لەدایک بووە،

**لە کەلامێدا بەم جۆرە باس لە تێکشانی سوپای زوحاک لەسەر دەستی کوردان دەکات و دەڵێ:**

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**ئەسڵ من جە کورد، ئەسڵ من جە کورد**
**بابۆم کوردەنان، ئەسڵ من جە کورد**
**من ئەو شێرەنان، چەنی دەستەی گورد**
**سیلسیلەی سوپای، زەحاکم کرد هورد**

**واتە، ڕیشە و بنەچەم کوردە، باوکم کوردە، من ئەو شێرەم زەنجیری سوپای زوحاکم ورد کرد.**

**فارووق کرماشانی کە یەکێک بووە لە یارانی چلتەنی سەیدبراکەی گۆران، ئەویش بەم شێوەیە باس لە نەورۆز و گرینگی ئاگر لەم ڕۆژەدا دەکات و دەڵێ:**

**شمەی نەورۆزی**
**ئەی تازە گۆڵان شمەی نەورۆزی**
**و ئامان ئامان وەدڵ ئەفرۆزی**
**شای چل چراغ چراغان سۆزی**

**واتە بۆن و هەوای نەورۆز دێت، تازە گوڵانی مەست بە بۆنی نەورۆز، دڵخۆشن بە شای چل چرا کە هێمای نوور و پەروانەیە.**

**تویژەری یارسانی، نێعمەت زەحمەتکێش، بە ڕێوایەت لە دەقی ئایینی یاری و ئەدەبیاتی ئەفسانەیی گۆرانی، باس لە گرینگیی ئاگری نەورۆز دەکات و دەڵێت: "جارێکیان کەسێک بە ناوی هۆشەنگ شا، دەڕوات بۆ ڕاوی ئاژەڵ لە یەکێک لە شاخەکانی زاگرۆس، مارێک پەلاماری دەدات، ئەویش بە نەیزەی بەردین بەرگری لە خۆی دەکات، لەو دەمەدا نەیزەکەی بەر بەردێک دەکەوێت و جەرقەیەک دەکا و ئاگری لێ دەکەوێتەوە و پووش و پڵاشی ئەو ناوە ئاگر دەگرێت. هۆشەنگ شا، فەرمانی کردوە نەیەڵن کرێ ئاگرەکە خامۆش بێت، وردە وردە ئەو شوێنە بووەتە سەرچاوەی ئاگر و ئاتەشگە لە هەموو ناوچەکە".**

**وەک گوتمان، ئاگر سەرچاوەی گەرمیی و ڕووناکییە و ئێستاشی لەگەڵ بێت لای کوردان ئوجاخ گرینگی خۆی هەیە. زۆرجار لە گەورەکانی خۆمان بیستوومانە کە دەڵێن: ئوجاخ ماڵت خامۆش نەبێت، یان ئاو نەچێتە کوانووت. ئەم دەستەواژانە گرینگی ئاگر لە فەرهەنگی دێرینی کورداندا پیشان دەدەن.**

## خاکەلێوە – نەورۆز

خۆر و ئاگر، وەک دوو هێما و سەرچاوەی ڕووناکی لە ئایینە کۆنەکانی زاگرۆسدا، شرۆڤە و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ کراوە و زۆر جار ئەم دو هێمایە لای خەڵکانی زاگرۆس بە پیرۆز زانیوە. لە ڕاستیدا، زاگرۆسییەکان خۆرپەرەست نەبوون، بەڵکوو خودایەکیان پەرەستش کردوە کە خودای ڕووناکییە، ئەویش میترایە. ئایینی یاری، خاوەن ڕیشەی میترایزمە. ئایینی میترایزم کۆنترین ئایینی کوردە کە ئێستایش پەرستگەکەی لە کەنگاوەڕ لە دەڤەری شاری کرماشانە. میترا، خودای خۆر و ڕووناکی بووە.

ئەوان پێش دۆزینەوەی ئاگر، ڕووناکییان لە خۆر و بروسکەدا دیوە و ڕێزیان لێ گرتوە و دوای دۆزینەوەی ئاگر، لەبەر ئەوە ڕووناکیی هەبووە، ڕێزیان لەویش گرتوە و بە شتێکی پیرۆزیان لەقەڵەم داوە.

هەروەها لە شانامەی کوردیی گۆرانیدا، زوڵمی زوحاک و دلێریی کاوەی ئاسنگەر ڕێوایەت کراوە، بە تایبەت لەو شوێنەی کە کاوە دەبێتە فریادڕەسی خەڵکی ستەملێکراو و کۆتایی بە ستەمکارییەکانی زۆحاک دێنێت. کاتێک زوحاک کوڕە تاقانەکەی کاوە زەنجیر دەکات، کاوە بڕیاری لەنێوبردنی زوحاک دەدات،

وەک ئەوەی لەم چەند دێڕەی شانامەی گۆرانیدا هاتووە کە دەڵێ:

بژنەف وەکاوە مێرد ئاسنگەر
وە ڕەنج و زەحمەت نەڕای دەردسەر
سواران زوحاک زاڵم زەبوونگیر
تەنیا فەرزەنش پیچیان وە زەنجیر
بەردشان پەی بارگای شای غەزەوپۆش
مەغزش پەی خۆراک شای مارەدۆش
عەیاڵ کاوە خاک ڕیژان وەسەر
خەوەر ئاوەردەن پەری ئاسنگەر

یارسانییەکان لە ڕۆژی نەورۆزدا، لە زۆربەی شوێنەکانی خۆیان، بە تایبەت لە ناوچەی " کرند و گاوارە"ی گۆران یان شارستانی دالاهۆ، لە حەساری مەرقەدی پیربنیامین کە یەکێک بووە لە یارانی سوڵتان سەهاک، کۆ دەبنەوە و لە دوای زیارەتی پیرەکەیان، دەستی یەکتر ماچ دەکەن و نەورۆز و ساڵ تازەی کوردی لەیەکتر پیرۆز دەکەن.

**خاکەلێوە – نەورۆز**

یارسانییەکان لە بارەگای پیربنیامین، پەیامی ئاشتی و هاودڵی بۆ یەکتر دەنێرن و هاودەردی و هاویاری لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەن کە لە ساڵی ڕابردوودا ئازیزێکیان لە دەست داوە.

هەروەها یارسانییەکان لە شەوی نەورۆزدا مەشخەڵی ئاگر هەڵدەکەن و بە خوێندنەوەی پارچەشیعرێکی فۆلکلۆر، لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری گۆران، نەورۆز پیرۆز دەکەن.

**ئاگر نەورووز کریاوە، بورتک چیلک بڕیاوە**
**سەر پاسار و بانجیلە گشتی چراخان کریاوە**

**ئەنجام:**

ڕاستە لە دنیای ئەمڕۆدا، نەورۆز ڕەهەندێکی سیاسی وەرگرتووە و گەلی کورد وەک هێمای بەرخۆدان و تێکۆشان بۆ ئازادی کەڵکی لێ وەردەگرێ، بەڵام لایەنی کولتووری، سروشتی و ئەفسانەیی نەورۆز و ئاگر، لە مێژووی دوورودرێژی زاگرۆس، لە دەقە ئەدەبی و ئایینەکانی یاری و شانامەی کوردی و ئەدەبیاتی زارەکیی کوردیدا، زۆر جێگای بایەخە و دەکرێ لەو چوارچێوەیەدا پێناسەی جەژنی نەورۆز و هێمای پیرۆزیی ئاگر بکرێت.

**سەرچاوەکان:**

- خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانە بۆ نەورۆز و مێژوی نەورۆز: دوکتۆر مەولوود ئیبراهیم حەسەن
- نەورۆز لە ئایینی یارسان: نێعمەت زەحمەتکێش
- ئایینی یاری: د. حسێن خەلیقی
- آئینهای فولکلور در تاریخ کورد: سید محمد حسینی
- آیین یارسان در اساطیر اقوام کرد: منصور یاقوتی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

# نەورۆز لە هاوکێشەکانی نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا



**هێمن تەرواڵ**

لەوەتەی مرۆڤ بەکۆمەڵ دەستی داوەتە دروستکردنی شتوومەک و کەرەستەکان بۆ مانەوەی تۆرەمە و نەژادەکەی لەم گۆی زەوییە، دابونەریتەکانیش لەدایک دەبن و دەگوورێن و پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان گەشە دەستێنن. نەورۆز یەکێک لەو دابونەریتانەیە کە لە داوێنی چیا سەخت و هەڵەمووتەکانی زاگرۆسدا لەدایک دەبێ و دەکەوێتە بازنەی ئەم فەراژ و کامڵبوونەوە. نەورۆز منداڵی سروشت (ئاگر) و مرۆڤە (سەما). ئەوکاتەی مرۆڤ دڵنیا بوو کە بۆ هەتاهەتایە ئاگری ماڵی و کەوی کردوە و دەتوانێ لە شەوەزەنگی ئەشکەوتەکان ڕزگاری بێ، بە هەڵپەڕکێ و گەڕان بە دەوریدا نەریتێکی خوڵقاند کە یادگاری هەمیشەیی گۆڕانێکی هەتاهەتایی بوو. لە تێکەڵاوی ئاگر و سەما منداڵێک لەدایک دەبێ کە هاوتەمەنی ئەم تێکەڵاوییەیە، کەوابوو نەورۆز لە هەموو کۆمەڵە مرۆییەکاندا هەبووە و تەنیا ناوی جیاوازی لە جوغرافیا و نەژادە جۆراوجۆرەکان وەرگرتوە.

لەوەتەی دەوڵەتەکان لەدایک دەبن ئەم منداڵە وەکوو ئایین جارێک بەگژ دەسەڵاتدا دەچێ (دیرۆکی کاوەکان) و جارجارێک دەبێتە لافیتە بۆ ڕاگەیاندن و سەقامگیرکردنی دەسەڵات (ڕێوڕەسمی شوکرانەبژێری زوحاکەکان). ئەم منداڵە سەرگەردانە وەکوو جەستەیەکی نیوەخودا و نیوە مرۆڤ تاڵترین دەورانی تەمەنی لە بەرەبەرەی هاتنی ئایینی ئیسلامەوە بۆ داوێنی چیاکانی زاگرۆس دەست پێ کرد. دیارە نەک لەبەر ئەوەی عەرەبەکان دژ بە ئاگر و سەما بن، بەپێچەوانەوە سەما بە تایبەت و ئاگریش وەکوو ئامرازێکی گشتی لەلای سامییەکانیش وەکوو هەموو کۆمەڵگەیەکی ئینسانی پیرۆز بووە، بەڵام دەسەڵاتی عەرەب بەهۆی جیاوازیی ئایینەوە دەرفەت و توانای ئەوەی نەبوو بەیەکجاری دەس بگرێتە سەر هەموو سیمبول و

بایەخەکانی دەسەڵاتە زاڵەکەی ساسانییەکاندا، بەتایبەت کە نەوە و تۆرەمە و دەسەڵاتی ساسانییەکان هێندە چووکە و بەرتەسک نەبوون کە عەرەبەکان بە هاسانی و بێ کاولکاری دەست بگرنە سەر هەموو هێما گرێخواردووکانی نێوان خەڵک و موغە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکاندا.

کاولکارییەکان لە شوێنی تاجگوزارییەکانەوە دەستی پێ کرد. ئەوەمان لەبێر نەچێ کە نەورۆز لە هیچ سەردەمێکی حوکومڕانیی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەشێک نەبووە لە ئۆل و ئایینەکان بەڵکوو ئامراز و یاریدەری ڕاکێشانی خەڵک بووە بۆ شوکرانەبژێریی دەسەڵات. لە دوای لەنێوچوونی ساسانییەکان بە چەشنێک نەورۆز ڕزگاری بوو لەدەست خزمەت کردن بە دەسەڵات لە شێوە حکومەتییەکەی و جارێکیتر گەڕایەوە بەر درگا و نێو کۆڵانی زاگرۆسنشینەکان. ناخۆشترین سەردەمانی ژیانی نەورۆز لە سەردەمی خەلافەتی خەلیفە بێڕەحم و نانەجیبەکانی (بەنی عەباس) و (بەنی ئومەییە) تێپەڕ بوو کە تەنانەت ئاگر و سەمای نەورۆزی بەر درگاکانیش قەدەغە کرا و یادی نەورۆز چووە نێو چیرۆک و دیرۆکە فۆلکلۆرەکانی ڕاستبێژەکانەوە. بەداخەوە دەبێ بڵێین تراژدیایەکی نەرم و گشتگیر لەپاش ئەو هەموو بگرە و بەردە و قاغەوە لە کەمینی نەورۆزی زاگرۆسدا بوو کە تاکوو ئێستاش هەر دەستەویەخەیەتی.

مێژوو فێری کردووین کە سیاسەتی حکوومەتەکان لە شیرازەدا هەر یەک جۆرە و دەسەڵات بۆ مانەوە و سەقامگیرکردنی خۆی زۆرجار ڕەوتی سروشتیی گۆورانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی بە قازانجی خۆی تێکداوە. بۆ وێنە دیاردەی خێر و شەڕ لە هەموو کۆمەڵگەیەکی ئینسانیدا بەپێی بارۆدۆخی ماددی و ڕۆحی ئەو کۆمەڵگە گەیشتووەتە جۆرە هاوسەنگیەکی تایبەت بە خۆی، بەڵام دەسەڵات لە هەر جێگایەکدا خێر بە قازانجی بووبێ پەرەی بە شاییەکان داوە (ساسانییەکان) و لە هەر جێگایەکدا شەڕ بە قازانجی بووبێ ڕووی کردووەتە چەمەرییەکان (زۆربەی حکوومەتە ئیسلامییەکان). ڕاوێژکارە ئایینییەکانی سەردەمی سەفەوی نەریتی چەمەرییان لە داوێنی زاگرۆسدا هەڵبژارد و لەگەڵ حیکایەتەکانی کارەساتە دڵتەزێنەکەی سەحرای کەربەلا تێکەڵیان کرد و ئەم تازیمانە نوێیە کەوتە ڕەوتی گۆورانی نیوە حکوومەتی و نیوە خەڵکییەوە کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ توانیویەتی دوو مەبەستی سەرەکیی دەسەڵاتدارانی سەفەوی بپێکێ کە یەکیان لەتکردنی ژێرخانە هاوبەشە فەرهەنگییەکانی زاگرۆسنشینەکان و لە ئاکامی ئەوەشدا لەتبوونی دانیشتووانی لەنێوان دوو ئیمپراتۆرییەتی گەورەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای زاگرۆسدا بوو. مەبەستی دووهەمیش کە بە یارمەتیی هەر ئەم لەتبوونە باشتر دەهاتە دی، بڕینەوەی دەستی دوژمنانی مرخلێخۆشکردووی ڕاست و چەپی وڵاتەکەیان بوو.

شەڕی دوور و درێژی نێوان دوو ئایینزای ئیسلام (شێعە و سوننە) لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ساڵ لە دوای ساڵ نەریتی نەورۆزی لاواز و لاوازتر دەکرد و وای لێ هات کە دوو چەمکی ئاگر و سەما جگە لەلای لایەنگەرانی ئایینزاکانی یارسان و

زەردەشت کە حەشیمەتێکی کەمینە بوون، لە زۆربەی ناوچەکانی زاگرۆسدا بوو بە نەریتێکی بێگانە و چەمەرییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی خۆگونجاندنێکی سروشتییان گرتە بەر و بوون بە ئەرزش و بایەخێکی گشتگیر.

کاتێک شەڕە جیهانییەکانی سەدەی بیستەم دەستی پێ کرد و شۆڕشە دەوڵەت - نەتەوەییەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست سەری هەڵدا، ئیدی دژایەتی لە گەڵ دابونەریتەکانی زاگرۆسییەکاندا ڕەنگی ڕەگەزپەرەستی گرتە خۆی. لە باشووری کوردستان بەهۆی گرێبەست و هاوسەنگییە سیاسییەکانی وڵاتە زلهێزەکانەوە هەلێکی کورتخایەن بۆ سەربەخۆیی کوردان ڕەخسابوو، بۆ وێنە مامۆستا پیرەمێرد یەک لەو کەسایەتییە ڕووناکبیرانە بوو کە نەورۆزی بە شێوەی پێشکەوتووخوازانە دارشتەوە و تەنانەت سروودێکی نیشتمانیی بۆ هۆنییەوە و بنەمای چۆنیەتیی دامەزرانی نەورۆزێکی کوردانەی بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان دارشت.

بەلام لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بارودۆخەکە تەواو جیاواز بوو، سەردەمی حکوومەتێک بوو کە بەرواڵەت سکۆلار و بە نێوەرۆک درێژەدەری بیرە کۆنە پەرەستانەکەی بیرمەندە ئایینییەکانی سەردەمی سەفەوییەکان بوو؛ بەلام هەر ئەوەی کە پاڵەوییەکان خۆیان بە ئاریامێهر پێناسە دەکرد وای کردبوو کە لە پاڵ بەرزڕاگرتنی بۆنە ئایینییەکان ئاوڕێکیش لە بۆنە نەتەوەییەکانی جوغرافیای ئێران بدەنەوە کە ئەمە جارێکیتر هەنگاوێکی بەرو پێش بوو بۆ زیندووکردنەوەی نەورۆز. دیارە هەرچەند بە شێوەی دەوڵەتی و بە لاسایی‌کردنەوەی حکوومەتەکانی پێشوو لە سەرناوی (سلاوی نەورۆزی) لە شای شاهان و زۆرتر کارناواڵێکی دەسەلاتنوێنی بوو، بەلام هەڵکردنی ئاگر (تەنیا بە مۆم) و ئیزنی سەماکردن (بە شێوەی تەڵخەک قەشمەری) هەرچەند سووکایەتی بوو بە نەریتێکی مێژوویی و تا ڕادەیەکی هاوبەش لە نێوان میللەتانی ئێرانیدا، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا چۆکدادانی دەسەلاتێکی بە ڕواڵەت پێشکەوتوو بوو لە هەمبەر بزووتنەوەی ڕووناکبیریی نێوان شۆڕشی مەشرووتە تا شورشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧دا.

## کورد، کۆماری کوردستان و نەورۆز

لە خاکەلێوەی ١٣٢٥ی هەتاوی بۆ یەکەمجار بەردی بناغەی نەورۆزێک دانرا کە دەتوانین بڵێین بەرهەمی گەشە و گۆڕانی ئەم نەریتە مێژووییە بوو کە دوای زیاتر لە ٢٦٠٠ ساڵ ئاڵوگۆڕ بەسەرداهاتنی لە سەردەمی حکوومەتی مادەکانەوە کە ئەوکات جێژنی نەورۆزیان کرد بە هێمای یەکگرتوویی میللەتانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دژ بە ئیمپراتۆرییەتە زاڵمانەکەی ئاشوورییەکان. ئەم نەورۆزە کە بە "نەورۆزی ڕزگاری" پێناسە دەکرێ لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد و بە ئامادەبوونی پێشەوا قازی محەممەد بەڕێوە چوو کە هەڵگری چەند تایبەتمەندییێکی ناوازەیە کە دەتوانین بڵێین بوو بە

خـاڵی وەرچەرخـانی یەکگـرتنەوەی ژێرخـانە فەرهەنگیـیە لەتکـراوەکەی زاگرۆسنشـینەکان لە سـەردەمی سـەفەوییەکانەوە هەتاکوو ئێستا.

تایبەتمەندییەکانی نەورۆزی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی ئەمانەن:

**یەکەم**: کەڵکوەرگرتن لە بۆنەیەکی نەتەوایەتی بـۆ پیشاندانی یەکەم ئوتـۆریتەی سەربەخۆخوازانەی میللەتێکی ژێردەستی چەنـد دیکتـاتۆریەتی ڕەگەزپەرەست و ئیـدۆلۆژیک بە لێدوانە مێـژووییەکەی پێشەوای موعەزەم لەمەڕ پـووچەڵ کـردنەوەی بەڵێننـامە شـووم و نگریسـەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکـانی کوردسـتان (پەیمـانی سـەعداباد) و هەروەهـا بەشـداریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕێژەیەکی جوانی نیزامیدا.

**دووهەم**: دیاریکردنی نەورۆز وەکوو جێژنێکی نەتەوەیی بە شێوەی فەرمی و دەوڵەتی.

**سێهەم**: خوێندنەوەی وتـار لە لایەن ڕووناکبیرانی ئامادەبوو لەو جێژنە لەسـەر تـایبەتمەنـدییەکانی نەورۆزی کـوردان، وکـوو هەڵکردنی ئاگر و سەما و هەڵپەڕکێ کردن و....

**چوارەم**: لەبەرکردنی جلوبەرگی سێ ڕەنگ بە نیشـانەی ئـاڵای کوردسـتان لە لایەن ژنـان و کچـانی بەشداربووی جێـژنەکەوە.

**پێـنجەم**: بەڕێوەبردنی ئەم بـۆنە بەشـێوەی کـۆڕ و کـۆمەڵ بـۆ یەکەمجـار لە گۆڕەپـانی یەکێـک لە شـارە گەورە و گرنگەکـانی کوردستان (مەهاباد).

**شەشەم**: بەشداریکردنی نوێنەرانی هەر چوارپارچەی کوردستان لە جێژنێکی نەتەوەییدا.

**حەوتەم**: تۆمـارکردنی ئەم ڕۆژە مێـژووییە لە ژمـارەی٢٧ی ڕۆژی یەکشـەممەی مـانگی خـاکەلێوەی سـاڵی ١٣٢٥ی هەتـاوی. لە پـاش خۆرنشـینی کۆمـاری کوردسـتان بە دەست پیلانگێڕییەکـانی وڵاتە زلهێزەکـانی تەیـار و هەمیشـە ئامـادە لە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست، گەرای خۆیبـوونێکی پێشکەوتوو بـۆ نەتەوەی بێدەوڵەتـی کـوردان لە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا ڕژایە مێشکی تـاکی ڕووناکبیری کوردەوە و بە هیچ هێزێک تەنانەت ئیرادەی واوەسروشتییەکانیش لەنێو نەدەچوو.

لە خەبـاتی نیوسـەدەی ڕابـردووی کـوردان لە هەر چوارپـارچەی کوردسـتان هاوکـات کە داخـوازە سیاسییەکانی ئەم نەتەوە کە هەڵگری ناسـنامەی گەلێکی بـێدەوڵەتە لەسـەر شـانی پێشمەرگە و شەڕوانـان و کەسـایەتییە سیاسـی و ڕوونـاکبیرانی کـورد پارێزراوە، چارەنووسی دابونەریتەکانی ئەم گەلەش لە هەر پارچەیەک بەسەرهاتی تـایبەت بە خـۆی هەبـووە. لە بـاکووری کوردسـتان بە ئـازایەتی و بەرخـۆدانی لاوان و پـاڵپشـتی هێـزە سیاسییە کوردەکـانی ئەو بەشەی نیشـتمان، نەورۆز بەوپەڕی پاراسـتنی تـایبەتمەنـدییەکانییەوە لە دێهـاتەکـانەوە گەیشـتە شـارەکانی کوردسـتان و دەوڵەتـی تورکـان سـەرەڕای سـەرکوتی بێڕەحمانەی بەردەوامی خۆی نەیتوانی بەر بە "نەورۆزی ڕزگاری" بگرێ. تەنانەت بە میلیونها میلیون لیرەی لە ئـاو کـرد تـا

**خاکەلێوە – نەورۆز**

نەورۆزێکی دەوڵەتی بۆ تورکان بەڕێوە بەرێ، بەڵام نەبوونی سەرچاوە و بنەماییەکی سیمبولیک لە سەردەمی نەتەوەخوازی پێشکەوتووی ئاتاتورکدا ئەم سیاسەتەی بێ ڕیشە هێشتەوە و بوو بە هیچ.

لە ڕۆژاوای کوردستان لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا کوردەکان توانیان بە یارمەتی شەڕوانان و ڕووناکبیران و خەڵکی وڵاتپارێز لە داوی دەوڵەتی ڕەگەزپەرەستی بەعسی ئەسەدەکانەوە ڕزگاریان بێ و تەنانەت بۆ نیشاندانی "نەورۆزی ڕزگاری" و هاودەنگی لەگەڵ کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان پەیکەری کاوەی ئاسنگەریان لە گۆڕەپانی یەکێک لە شارە ڕزگارکراوەکاندا دانا.

لە باشووری کوردستان ئازادییەکان بڕکەبڕکە و بەشێوەی چاوەدێریی وڵاتە زلهێزەکان بوو کە ئەمەش هەلێکی لەبار بوو کە نەورۆز لەسەر بنەماکانی سەردەمی کۆمار و لەسەر دەستی مامۆستا پیرەمێرد بێتە پێش. باشوری کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە کە مەلا مستەفای بارزانی وەک میوانی تایبەت لە جێژنی نەورۆز داوەت کرا تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ هێلانەیەکی دڵخۆشکەر بووە بۆ بەرزڕاگرتنی یادی "نەورۆزی ڕزگاری" کوردانی  هەر چوارپارچەی کوردستان.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لانکە و هەوێنی نەورۆزی پێشکەوتووی کوردانە، پیلانەکان بۆ سڕینەوەی ئەم سەرچاوە مێژووییە ڕادیکاڵتر و گشتگیرتر بوون. دەسەڵاتی ئیسلامی حکوومەتی بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ لە شەڕی چەکداری و زیاتر لە ٤٠ ساڵە لە شەڕی پاکتاوکردنی فەرهەنگیدایە لەگەڵ کوردان. لە ماوەی ٢٠ ساڵی ئەوەڵی شەڕی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا نەورۆز لەنێو خەڵکدا جارێکیتر گەڕایەوە بەر دەرک و نێو ماڵان، سەما و هەڵپەڕکێ بۆ یەکەم جار لە ئاگر دەستی دابڕا، چونکە مەلاکان مۆسیقا و سەمایان دژ بە دین و ئایین تەفسیر دەکرد. بەڵام لەنێو پێشمەرگەکاندا لە داوێنی چیا سەرکەشەکانی زاگرۆس هەموو ساڵێ بە سەما و هەڵپەڕکێ پارێزگاری لە هەوێنی یادگارەکەی نەورۆزی ١٣٢٥ دەکرا. لە ٢٠ ساڵی دووهەمی خەباتی حیزبەکاندا کە بەرەبەرە پێشمەرگەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کشانەوە ئەم هەوێنە لە گوندەکانی سەر بە سنوور کرا بە بنەمای هەڵکردنی نەورۆزێکی نیشتمانی. لەم ماوەدا ڕێژیم نەتەنیا گوشارەکانی بۆ سەر خەڵکی ڕۆژهەڵات و بەندکراوە سیاسی و فەرهەنگییەکان کەم نەکردەوە بەڵکوو دەستی کرد بە تۆڵەسەندنەوەیەکی بێوێنە، هەر بۆیە خەباتی تەشکیلاتی دەستی کرد بە پتەوکردنەوە و گشتگیرکردنەوەی چالاکییە سیاسی و فەرهەنگییەکان. نەورۆز وەک هێما و سیمبولی هاوبەش لە خەباتی نەتەوە خوازانەی حیزبەکان و خەڵکی وڵاتپارێزدا لە گوندەکانی سەر سنوورەوە باڵی کشا بەرەو دوورترین گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وای لێ هات کە ڕێژیم بۆ بەرگریکردن کەوتە دەستبەسەرکردنی چالاکانی بەڕێوەبەری نەورۆزەکان، بەڵام پشتگیری کاناڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی سەر بە حیزبە کوردییەکان  هەم بوو بە ڕێگر لە هەمبەر گوشارەکانی دەزگا

ئەمنییەکان لەسەر گیراوان و هەم بوو بە بانگەوازێکی گەورە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات کە داکۆکی بکەن لە بەرزڕاگرتنی نەریت و سیمبولە نەتەوایەتییەکانی خۆیان.

دەسەڵات ئەمجارە لە دووپاتبوونەوەی ئەزموونی کوردەکانی باکووری کوردستان و دەسەڵاتدارانی تورک ترسا و بە دەمامکە کۆنەکەی خۆی هاتە مەیدان و بە دروشمی کورد و فارس لە یەک ڕیشە و یەک بنەچەن دەستپێشخەر بوو لە بەڕێوەبردنی نەورۆز لەو گوندانەی تا ئێستا بەکۆمەڵ ئاگری نەورۆزیان هەڵنەکردبوو، ئەمەش بە خەیاڵی دوور خستنەوەی خەڵک لە هێما و پەیامی نەتەوەخوازانەی حیزبە کوردییەکان بوو، بەڵام دوای چەند ساڵێک ئەم سیاسەتەش شکستی هێنا و ئەو گوندانەی ڕژێم بۆ نەورۆز دەستنیشانی کردبوو ورەی بەڕێوەبردنی نەورۆزیان زووتر تێزایی و ئیدی بوو بە نەریتێکی هەمیشەیی و لە "نەورۆزی جامانەکان" بۆ هەمیشە ناوی پاکی کرایە دەستی ڕێژیمدا کە واز لە پێکهێنانی نەورۆزی حکوومەتی بێنێ. بەڵام باڵکێشانی نەورۆزەکان لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان گرفتێکی نوێیە بۆ ڕێژیم کە لەم چەند ساڵە سەرقاڵی پیلان داڕشتنە بۆ ئەوەی لە ژووری هۆڵە دەوڵەتییەکان نەچێتە دەرەوە، بەڵام بەشداریکردنی لەڕادەبەدەری خەڵک لەم شوێنانە و هەڵکردنی هێما نەتەوەییەکان، نەورۆزی لە چواردیواری ژووری سالونە دەوڵەتییەکانیش هێنایە دەرەوە و لەم دواییانەدا ستادیۆم و پاریگاکان پێشوازی لە نەورۆزی هەمیشە پیرۆز دەکەن؛ ئەمەش سەرکەوتنی خەڵکە بەسەر دەسەڵات لە قۆستنەوەی ئەم نەریتە سروشتییە.

بێگومان لە داهاتووی نزیکدا جارێکیتر گۆڕەپانی شارەکان دەبێتە لانکەی "نەورۆزی ڕزگاری" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و ئەم نەریتە مێژووییە پێشوازی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵک و ڕۆڵە قارەمانەکانی دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢٢

# نەورۆز، مێژوو و لێکەوتەکانی



هادی عەزیزی بۆکانی

نەورۆز وەکوو چەمک، خواستی بۆ سەردەمانی دێرین دەگەڕێتەوە. ئەم نەورۆزەی کە لە ئێستادا لەلای گەلانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و ئاسیای نێوەڕاست وەکوو جەژن پەیڕەو دەکرێ، وەکوو کۆتێزێکی مێژوویی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەسەر هاتوە کە بە کورتی شرۆڤەی دەکەین.

وشەی نەورۆز لە وشەی کۆنی کوردی پاڵەوانی نوکرۆچ وەرگیراوە کە لە زۆر شوێن بە ناڤەکارۆچ -یش هاتوە، کە زیاتر وەکوو فەلەکناسی خۆی وێنا دەکا و باسی ڕێکەوتێک لە گۆی زەوی دەکا کە ڕۆژ دەگاتەوە ئاستێکی بەرز و ڕۆژگار بەرەو درێژبوونەوە دەڕوا.

نەورۆز وەکوو ژیانەوە و مژدەی ژیان و مژدەی ئازادییش وێنا کراوە کە دەکرێ بڵێین بە هۆی کۆنبوونی بۆنەکە لە دێرزەمانەوە هەموو بۆنەکانی لە خۆ گرتوە. کۆنترین شرۆڤە کە بۆ نەورۆز دەکرێ بریتییە لە هاوسەرینی دۆمووزی خواوەندی ڕووەک لە گەڵ ئینانا، خواژنی باوەڕمەندییە. لە هەندێک شوێن بە لەدایکبوونی میترا لە ناو گوڵی نیلووپەڕ ناوی هاتوە. لە نێو کوردانی ئێزدیدا وەکوو ساڵی نوێی دوای چارشەمما سۆر کە دەکەوێتە مانگی نیسانەوە ناو براوە کە لە ئایینی ئێزدیدا گریمانەی ڕاستییەکان زیاترن، ئەویش لە بەر ئەوەیکە سەرەتای ژیان لە نێو سۆمەری و تۆفانەکەی نوح

**خاکەلێوە – نەورۆز**

تەنیا لە ئایینی کوردانی ئێزدیدا وەکوو ڕووداوی سرووشتی لە کوردستانی کۆندا باس کراوە. لە بەر ئەو هۆکارەی کە ئەو ڕۆژمێرەی ئێستا کورد و ئەو گەلانەی کاری پێ دەکەن هەمان ڕۆژژمێری جەلالییە کە لە لەلایەن عومەری خەیام و عەبدولکەریم ئەلخازەنی و موزەفەر ئەلئەسفزازی داندراوە و کە دواتر نەورۆزنامەشی وەکوو دیاری بە شوێن خۆیدا هێناوە، لە ڕووی فەلەکناسییەوە هەندێک کێشەی هەیە کە بە تایبەتی گۆڕانکارییەکانی سەردەمی خولەفای ڕاشدین و ئومەوی لە بەر چاو نەگیراوە، هەر چەند ڕۆژژمێرەکە بە ٣٦٥ ڕۆژ تەواو بووە، بەڵام وەکوو جێگیرکردنی ڕێکەوتەکە ڕێکوپێک نییە.
ئێمەی کورد وەکوو ڕەسەنترین نەتەوەی نێوان دوو رووبار کە زۆرینەی بەسەرهاتەکانی مرۆڤایەتی تێیدا ڕووی داوە، دەبێ زیاتر پشت بە دێرینەناسی و مەکتەبی مێژوونووسانی یۆنانی ببەستین و خۆمان لە ڕێچکەی مێژوونووسانی دوای هاتنی ئیسلام ببوێرین. ئەگەر سەرنج بدەین بە هۆی شەڕی ئاییینی ئەوان لە گەڵ کورد و لە حەقیقەتدا شەڕی ئایینی ئاسمانی لە گەڵ ئایینی زەوینی کە کورد خاوەنی ئایینی خۆزایی و زەوینی بووە، هەمیشە حەولیان داوە کورد بە وەهم و جندۆکە و خراپەوە ببەستنەوە کە ئەم ڕوانینە تەنانەت لە نووسراوەکانی کوردیش هەتا شەرەفخان ڕەنگی داوەتەوە.

لە مێژووی کوردستاندا ساڵی ٦١٢ ی پێش زایین کە هاوکاتە بە سەرکەوتنی ماد بە سەر ئاشووریدا وەکوو نەورۆز بە ناو کراوە کە دەشێت ئەمەش درووست بێ. بەڵام بە هۆی ئەوەیکە ئێمەی کورد پێویستمان بە ڕۆژژمێری کوردی و ساڵنامەی کوردی هەیە، باشترین و جوانترین ڕێکەوت ساڵی دامەزراندنی دەوڵەتی ماد یا مێدییە هەتا وەکوو هەموو گەلانی ناوچە و جیهان بۆنەیەکی تایبەتی خۆمان وەکوو خاڵێکی بەهێزی مێژوویی هەبێ هەتا ڕۆژژمێری کوردی لەسەر ڕاست بکەینەوە، ڕەنگە بۆ زۆر کەس پرسیار درووست بێ کە کورد پێش مادەکانیش هەبووە، بەڵام ئەوەی لێرە مەبەستمانە دانانی ڕۆژژمێر و ساڵنامەیە کە ئێمە پێویستمان بە ڕووداوێکی گەورەی مێژووییە. ئێمە گەر سەرنجی دوای مێژووی مادەکان بدەین دەبینین کورد لە ڕووخانی مادەوە هەتا کەوتنی ساسانی و دوای ئیسلامیش هەر لە پرش و بڵاویدا ماوەتەوە.

نەورۆز لە سەردەمی ئیسلامیشدا وەکوو بۆنە ڕەنگی داوەتەوە و لەلایەن هەندێک لە خەلیفەکانەوە دانپێندراوە و لەلایەن هەندێکیشەوە قەدەخە کراوە. ئەلبەلازەری دەڵێ کوردەکان مەرجی پیرۆزراگرتنی نەورۆزیان دانابوو هەتا بهێڵن سەرکردەکانی سپای ئیسلام ڕوو لە کوردستان بکەن، کوردەکانی بلاسجان و سەبەلان و ساترووودان لەو کوردانە بوون.لە سەردەمی ڕاشدیدا لەلایەن عومەرەوە قەدەخە کراوە بەڵام لە سەردەمی عوسمان و عەلیدا هێشتوویانە خەڵک جەژن بگرن و لە سەردەمی ئومەوی و عەباسیشدا بە وەرگرتنی باج و خەراج هێشتوویانە خەڵک یادەکە بکەنەوە. نەورۆز لە سەردەمی عەباسییەکان تەنانەت لە شاری بەغداش پیرۆز کراوە و لە سەردەمی فاتمییەکان لە میسریش یادی کراوەتەوە و دانەیەکیان وەکوو میری نەورۆز بە جلی سوورەوە لەسەر گوێدرێژێک بە ناو خەڵکدا دەگەڕاند کە خەڵک خەڵاتی دەدایە و هەر کەس خەڵاتی نەورۆزانەی پێ نەدابا، میر ئاوی پێدا دەکرد.

**کاوە، زوحاک و چوارشەمەی سوور و درۆ و دەلەسەی فیردەوسیی باوکی زمانی فارس**

**لە پێشدا لە سەر چوارشەمەی سوور دەدوێین کە لە ئێستادا وەکوو دوایین چوارشەمەی ساڵ لە مانگی ڕەشەمەدا خەڵک بە ئاگرکردنەوە یادی دەکەنەوە و هەندێک کەسیش بە هەڵە لەژێر هۆژموونی و چەواشەکاری فارسدا وەکوو کوشتنی زەهاک بە دەستی کاوەی دەبینن.**

**کۆنترین مێژوو یان ئایینێک کە باسی چوارشەمەی سووری تێیدا کرابێ، ئایینی کوردانی ئێزدییە کە ڕێکەوتەکەی دەکەوێتە مانگی دووهەمی بەهارەوە و وەکوو سەرەتای ژیان و تەقینەوەی گۆیەک وەکوو هێلکە باسی دەکرێ کە بە وردی لە پێشەکیی "مسحەفا ڕەش" و جیلوە لێی دواوە. لەو مانگەدا کوردانی ئێزدی زەوی ناکێڵن و ژن و ژنخوازییش ناکەن، چونکە باوەڕیان وایە کە گوڵان جوانترین بووکی ساڵە. لە ڕووی ماتریاڵی وشەکەشەوە وشەی سوور و شەم لەنێو کورددا واتای ڕاستەقینەی خۆی لە ژینگە و سروشتی کوردەوە وەردەگرێ. شکاندنی هێلکە وەکوو نەریت لەو ڕۆژەدا بۆ باوەڕی کۆنی کورد دەگەڕێتەوە کە فارس و کۆچەری دەشتەکی لێی بێبەرین.**

**بۆ زوحاک و کاوە ڕەنگە فیردەوسی دوایین کەسێک بێت باسی کردبێ کە وەکوو هۆنەر و هەڵبەستوان نێوەرۆکی داستانەکانی لە پێش خۆی و بە تایبەتی "خودای‌نامەگ" وەرگرتوە. هەتا پێش هاتنی ئیسلام شا و بەگ و بەغ و کەی و کەیخوا و کوێخا هەموو حوکمی خوداوەند و خاوەند و خاوەنی هەبوو، کەچی دواتر هەمووی گۆڕا و وشەی شا جێی ئەوانی گرتەوە. "خوانامەگ" کە هەتا سەردەمی ساسانی بەردەوام بوو لە ڕۆژگاری ئەوڕۆش بە کوردی خوارین یان کەڵووری واتای خۆی هەیە.**

**لەسەر کاوە و زوحاک ئەگەر بێتوو ئێمەی کورد لێیّ بدوێین دەبێ بە ڕوانگەی باوەڕەکانی کورد لە سەردەمی پێش هاتنی ئیسلامەوە باسی بکەین. چونکە ڕوانگەی مێژوونووسانی دوای ئیسلام قەوەی بە لێکدانەوەی دوونادوونی ڕوحی مێژوویی کورد ناشکێ. کاتی خۆی شاملووی فارس لە بێکەسیی نەتەوەی کورددا خۆی لە کورد کردوە بە کوێخا و زوحاکی کردووە بە ئاشتیاگ و کاوەشی وەکوو ئارپاکۆ ناساندوە کە بەداخەوە هەندێک کوردی دەستەمۆی وێژەی فارسی داگیرکەریش بە هەمان ڕێرەودا کەوتوونەتە شوێنی. لە مێژووی کورددا هاوشێوەی ئەم چیرۆکە بە دەیان ڕووداوی مێژووییمان هەیە کە وەک دوونادوون لە مێژوودا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو داستانانە وەکوو ئەفسانە یان ڕووداو لە سەردەمی خواوەندەکانی میتانی و هۆرییەوە دەست پێ دەکا و تا سەردەمی جامەکەی حەسەنلووی چۆمی گادەر دێت و دواتر تەنانەت لە شێخ مەند و شێخ**

**خاکەلێوە – نەورۆز**

ڕەشی ئایینی ئێزدیشدا ڕەنگی داوەتەوە. لە هەقیقەتیشدا بنەڕەتی ئەم داستانە بریتییە لە شەڕی شێر و مانگا کە شێر واتای هەتاو یان خۆر دەدا و مانگاش ڕۆڵی پانتایی زەوی دەگێڕێ.

ئەوەی فیردەوسی باسی دەکا بە گریمانەی زۆر لە چیرۆکی شەڕی کوردانی ماننایی وەرگیراوە کە باس لە شەڕێکی نێوخۆیی کوردان دەکا کە هیچ پەیوەندییەکی بە فارسەوە نییە. لەم شەڕەدا کوردانی ماننایی پاشایەکی کۆیلەی خۆیان کە خۆی بە ئاشوور فرۆشتوە دەکوژن. لە لایەکی دیکەوە جوگرافیای هەڵبەستەکانی نێو شانامە زۆرینەی پەیوەستە بە خاکی کوردستانەوە و ١٣٠ ساڵ پێش فێردەوسی، ئەبووحەنیفەی دینەوەری لە "ئەخبارونەوال"دا باسی کردوە. لە لایەکی دیکەوە باسی مار لە مێژوودا بریتییە لە هێز و دەسەڵات و تەنانەت لە نێو زانستی پزیشکیشدا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە لە نێو کورددا مار وەکوو پیرۆزییەکی نێو بەڵەمەکەی نوح سەیر دەکرێ، هەر بۆیە عەرەب و فارس دەیانهەوێ بە شێوەیەکی وەهماوی لێی بدەن هەتا پاشایەتیی کوردی ماد لە بەر چاوی نەتەوەی کورد بخەن.

**نەورۆزی هەموو کورد پیرۆز بێت.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠٢٢**

## نەورۆز، وەرزی ڕزگاری و ئازادی




**شاهۆ مەتین**

نەورۆز و سەری ساڵ وەک هێمای نوێبوونەوە و زیندووبوونەوەی سروشت و کۆتاییهاتنی سەرما و سۆڵە و سەرکەوتنی بەهار و خۆشی، مۆژدە بەخشینە بە سروشت بۆ خۆڕازاندنەوە لە ورزی نوێی ساڵدا.

لە دێر زەمانەوە لەنێو کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو و چاند کە شارستانیەتی زێڕین و زەنگینی هەیە، نەورۆز و سەری ساڵ وەک جێژنی ژیانەوە و نوێبوونەوە پیرۆز ڕاگیراوە و بە سەما و شادی پێشوازییان لێکردوە و ئێستا وەک بەشێک لە شوناس و کولتووری نەتەوەیی کورد ئەم نەریتە درێژەی هەیە. نەورۆز بەڵام هاوکات لەگەڵ نوێبوونەوەی سروشت بۆ گەلی کورد هەڵگری پەیام و ڕەساڵەتی ڕزگاری و ئازادییشە.

کورد وەک هەر گەلێکی سەر گۆی ئەم زەوییە هەڵگری توخمی شوناسی نەتەوەیی خۆی وەک خاک، خەڵک و دەسەڵات و ویستی مافویستی بووە و ئێستاش سەرەڕای داگیرکرانی نیشتمان و نەتەوەکەمان و هەوڵدانی سیستماتیک بۆ تێکدانی ژیار و شوناس و ئاسیمیلەکردنی زمان و داب و نەریتمان ئەم هێمایە بۆ کورد زیندوویە و کورد لە هەموو قۆناغەکانی داگیرکاریی سەفەوی و عوسمانیدا و هەتا ئێستا ماهییەت و چییەتیی خۆی وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە پاراستووە.

## نەورۆز رەمزی سەربەخۆیی نەتەوەیەک

**خاکەلێوە – نەورۆز**

هەرچەند پرۆسەی داگیرکاری سەبارەت بە گەلی کورد مێژوو و واقعێکی جیاوازتر لە گەل هەموو ئەو نەتەوانەی هەیە کە لە مێژوودا تووشی پرۆسەی کلۆنیالیزمی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بوونەتەوە. بەتایبەت کلۆنیالیزمی جیهانی وەک بریتانیا و فەرانسە لە ناوچە جیاوازتر لە نەتەوەکانی دیکە وەک عەرەبەکان کە لە قۆناغێکی مێژووییدا لەژێر هێژمۆنی داگیرکاریی ئەو دوو وڵاتەدا بوون، بەڵام دواتر سەربەخۆیی وەک ماف بۆ عەرەبەکان دابین کرا. کەچی لە پێوەندی لەگەڵ کورد و کوردستاندا، داگیرکاریی ئایینی جێگای خۆی بە داگیرکاریی جیهانی لە پارادایمی سیاسی - ئابووریدا دەدا.

ئێستاش پاش پتر لە یەک سەدە لە ڕێککەوتنی سایکس - پیکۆ کە کوردستان لە دوو بەشەوە، بە سەر چوار پارچەدا دابەش کرا، پرسی مافخوازیی کورد مۆتەکەی سەرشانی داگیرکەرانی کوردستانە و بە هەموو شێوەیەک دژی دەوەستنەوە. لە خۆڕا نییە کە ئەوان بە هەموو میکانیزمێک هەوڵ بۆ پێشگرتن بە یەکگرتوویی و ڕزگاری و ئازادی نەتەوەی کورد دەدەن، چونکی ئەوکات ئامرازێک نامێنێ هەتا بوون و ئۆتۆریتەی داگیرکاری و دەسەڵاتخوازیی خۆیانی پێ بەڕێوە بەرن، بۆیە پرۆسەی داگیرکاری و ئاسیمیلاسیۆن گەلی کورد بە ماکەی مانەوە و ڕەوایی خۆیان دەزانن و دەستهەڵگرتن لە داگیرکاری بۆ ئەوان هێڵی سوورە. وەک ئاڵمانی و ئیتالیای سەردەمی نازیسم و فاشیزم کە بە هەمان ئەقڵییەت و زێهنییەت مامەڵەیان لە گەڵ نەتەوەی جوولەکە دەکرد.

بەڵام لەملاش گەلی کورد پێ بە پێی پرۆسەی داگیرکاری خاوەندارەتیی لە مان و مەوجوودییەتی خۆی کردووە و مێرخاسانی کورد لە هەموو قۆناغەکان بە پێگەیشتوویی و تێگەیشتووییان، لە ڕووی بەڕێکخستن کردنی نەتەوە و دروستکردنی بزووتنەوەی نیشتمانی، سیاسەتی داگیرکەرانیان بەرپەرچ داوەتەوە و ڕۆح و لۆژیکی تەسلیم نەبوون و ڕابوونیان لەنێو کورددا بە درێژایی مێژوو لە بڵێسەدا ڕاگرتووە.

فەلسەفەی نەورۆز کە ڕزگاری لە دیلی و ستەم و ئازاد ژیانی ئامانج بێت، کوردیش نەورۆز ئاسا و بە فەلسەفەی نەورۆزەوە خەبات و تێکۆشانی فرەڕەهەندی خۆی بۆ ڕزگاری و ئازادی کردووە و هەموو دەرفەتێکی دژی ستەم بۆ سەربەخۆبوون بەکار هێناوە. خۆ ڕاستە هەتا ئێستاش ڕزگاری نەبووە، بەڵام بە ڕۆح و هێزی شۆڕشگێڕ بوونی و لەمەیداندا بوونی بە خاوەنداریەتی لە بەها و ئامانجەکانی، ئیزنی نەداوە خەونەکانی دەوڵەت-نەتەوەی سەردەست وەدی بێن.

ئێستاش پاش چەند سەدە لە داگیرکرانی نەتەوە و نیشتمانمان، ئەندێشە و جیهانبینیی کوردتەوەری بۆ هەموو تاکێکی کورد مانیفێست و فەلسەفەی ژیان کردنە و بە ڕێگای سەخت ئامێری و نەرم ئامێری لەنێو نەتەوەی کورد بۆ بەدیهێنانی ڕزگاری و مسۆگەرکردنی ئازادی تێکۆشان بێوچان دەکرێ. هەر تاکێکی کورد بە هێزی نەورۆزەوە بەدژی داگیرکەرانی

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**کوردستان دەیهەویَ جەور و ستەمی حکوومەتیی داسەپاو لەسەر کوردستان نەهێڵێ و ئیدۆئۆلۆگ و ڕێبەرانی کورد بە خوێندنەوەیەکی ڕێئالیستانەی کوردانە کە لەگەڵ بەها و بایەخەکانی کورد یەک بگرێتەوە، خاوەنداریەتی لە ماف و کەرامەتی ئەو گەلە دەکەن.**

**بۆیە لەسەر ئەساسی ئەم ئاگامەندییە نەتەوەییە دەبینین ئێستاش بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بە پێشەنگایەتیی حیزبێکی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوی مەدەنی بۆ تێکشکاندنی ڕۆح و لۆژیکی داگیرکەران بەرەوپێش دەڕوا و سەنگەری خەباتی سیاسی - مەدەنی لە کوردستان ئاوەدانە.**

**ئەگەر ئەمڕۆ سیاچاڵەکانی دوژمن پڕن لە مرۆڤی ئازادیخوازی کورد، ئەوە پێداگرتنە لەسەر مەنتقی ڕزگاری و ئازادی، بۆیەشە دوژمن بە میلیتاریزەکردنی کوردستان، ئێعدام و کوشتنی تێکۆشەری کورد کە ئەوپەری دڕەندەیی لە خۆی نیشان دەدا، تووشی چەقبەستوویی هاتووە و لە بەرامبەر بەرخۆدانی نەورۆزئاسای ڕۆڵەکانی کورد دەستەوەستانە.**

**تاکی کوردیش بۆ ڕزگاری و ئازادی بڕیاری تەواوی داوە کە لە پێناو ئازاد ژیاندا بمرێ و ژینی دیل و ژێردەستەیی و ستەمی داگیرکەرانی کوردستان قبوول نەکا.**

**بەمجۆرە فەلسەفەی نەورۆز بۆ کورد پاڕادایمی ڕزگاری و بەدیهێنانی ئازادییە، چونکی دەزانێ و دەخوازێ بە تێپەڕاندنی هێژمۆن و ئۆتۆریتەی سیستمی داگیرکەران لە قۆناغی هەبوو ڕزگاری بێ و ڕزگاربوون لە ستەمی داگیرکەران بە سەرەتای ئازادی دەزانێ.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢١**

# نەورۆزی کوردەواری



**شەونەم هەمزەیی**

نەورۆز هاوواتای ژیانەوە و ڕۆژی نوێیە. لەگەڵ هاتنی ئەم ڕۆژە و دەسپێکی وەرزی بەهار بەفری چیا و پێدەشتان دەتوێنەوە، خونچە دەپشکوێ، دیمەنی سروشت دەڕازێتەوە و هیوا لە دڵی مرۆڤەکانیشدا گەشە دەکا. بە هاتنی نەورۆز پێویستە ئێمەش بە چاولێکەری لە سروشت خەم و خەفەت و ناخۆشییەکانی ساڵی پارمان بسڕینەوە و بەرگی کەسک و سووری شادی و خۆشی بەبەریاندا بکەین و، بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی ڕووناک گەشبین بین.

نەتەوەی کورد و نەورۆز ئاوەڵدووانەن، گەلی کورد هیوای بە داهاتوو گەشتر دەبێ ئاسۆی ڕوانینی زیاتر دەگەشێتەوە. جێژنی نەورۆز یەکێک لەو جێژنانەیە کە نیشانەی هاوپێوەندی و هەستی هاوبەشیی نەتەوەی ئێمەیە، کە بە نێو هەزاران ڕووداوی مێژووییدا تێپەڕیوە و ڕێگەیەکی پڕ لە کەند و لەندی بڕیوە و گەیشتۆتە ئێرە و بۆتە لاپەڕەیەکی پڕشنگدار لە کولتووری نەتەوایەتییمان.

گەلانی ئاریایی لە کۆنەوە زۆر جێژنی جۆراوجۆریان هەبووە کە گرینگترینیان جێژنی نەورۆز واتە شۆڕشی سروشت و سەرهەڵدان و جموجۆڵی بوونەوەران و سەرەتای وەرزی گەرما.

لە بارەی چۆنیەتیی پەیدابوونی جێژنی نەورۆزەوە، سەرچاوە مێژووییەکان بیر و ڕای جیاوازیان تۆمار کردوە و هەندێک ڕووداوی مێژوویی و ئەفسانەیی کراونەتە سەرەتای پەیدابوونی نەورۆز.

## خاکەلێوە – نەورۆز

نەورۆز کە واتای ڕۆژی نوێ لەخۆ دەگرێ، ڕۆژی یەکەمی خاکەلێوەیە کە هەتاو لە سەرەتای بورجی حەمەلە، واتە ڕاست لە دەسپێکی بەهاردایە. بە بڕوای هەندێک لە خاوەن ڕایان خودا لەو ڕۆژەدا دنیای بەدی هێناوە و هێندێکی دیکە دەڵێن: چونکە خودا لەم ڕۆژەدا ئادەمی خولقاندوە، بۆیە ناوی نراوە نەورۆز. کەسانێکی تریش پێیان وایە ئەو ڕۆژەی کە جەمشید چۆتە سەر تەخت، ڕۆژی شەشی خاکەلێوە بووە کە بە نەورۆزی تایبەتی ناودێر کراوە.

لە دەقە ئەفسانەییەکاندا هاتوە کە یەکەمین شەممەی مانگی یەکەمی ساڵی ١٧٦٧ی پێش زایین، حەزرەتی زەردەشت لەدایک بووە، بۆیە ئەو ڕۆژەیان بە نەورۆز ناودێر کردوە، هەروەها بە پێی دەقێکی ئەفسانەیی دیکە کە لە شانامەی فیردەوسیدا هاتوە، نەورۆز ڕۆژێکە کە کاوەی ئاسنگەر بەسەر زوحاکدا سەرکەوت و خەڵک بە هەڵکردنی ئاور ئەو ڕۆژەیان کردە جێژن، یان دەڵێن نەورۆز، ڕۆژێکە کە ئاور دۆزراوەتەوە و؛ یان ئەو ڕۆژەیە کە شەو و ڕۆژ پێکەوە بەرابەرن.

هەر لە سەردەمی کۆندا، خەڵک کاتێک لە چنگ سەرماوسۆڵی زستان ڕزگاریان دەبوو، جێژنیان دەگرت و پاشان ئەو جێژنە گەیشتە لای میر و حاکمەکان و دواتریش دەوڵەت و دەسەڵاتەکان ئەم ڕۆژەیان کردە بنەمایەک بۆ جێژن گرتن.

نەورۆز لەگەڵ هاتنی کۆمەڵێک دابونەریتی کۆنی کوردەوارییش زیندوو دەکاتەوە و کەشی پێوەندییەکان لە نێوان خەڵکدا دەگۆڕێ. مرۆڤەکان لەم ڕۆژەدا هەست دەکەن کە دەبێ ئاڵوگۆڕ و نوێبوونەوەیەک لە ژیانیاندا هەبێ و زۆربەی خێزانەکان هەر بەم بۆنەیەوە ماڵ خاوێن دەکەنەوە، سەردانی نەخۆش و ئەو بنەماڵانە دەکەن کە کەسێکیان لەدەست داوە و، هەروەها سەردانی گۆڕی شەهیدان و مردووەکانیان دەکەن و دەیانهەوێ هەر تایبەتمەندییەکی خراپ و دڵچڵکنییەک بە هاتنی ئەم ڕۆژە نوێیە وەلا بنێن و ژیانێکی نوێ دەست پێبکەن.

یەکێکی تر لە نەریتەکان ئەوەیە زۆربەی ماڵەکان سفرەی حەوت سین ڕادەخەن کە حەوت شتی تێدایە و ناوی هەموویان بە پیتی سین دەست پێدەکا. گەورەساڵان دیاری و نەورۆزانە بە چکۆلەکان دەدەن، یان ئەوەی ئەوان بۆ خۆیان بۆ نەورۆزانە دەگەڕێن و کاتێک بۆ ماڵێک دەچن ئەم هەڵبەستە کۆنانە دەڵێنەوە:

"هەلاوە مەلاوە.
کچتان بووک.
کوڕتان زاوا، هەلاوە مەلاوە.
شتێکمان بۆ بخەنە نێو تاوە، هەلاوە مەلاوە.

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**یەک هێلکە تەواوە، هەنگوینی شانە شانە.**
**خانمی سەر باڵەخانە.**
**کوا بەشم نەورۆزانە و ...**

**خاوەن ماڵیش هەر شتێک کە شک بەرێ وەک:**

**هێلکە، شیرینی، سنجوو، پووڵ و هتد... دەیدا بە منداڵەکان و زۆر بە ڕووی خۆشەوە بەڕێیان دەکا. کاتێک کە شەو دادێ، واتە شەوی ڕۆژی نەورۆز، نۆبە دەگاتە گەورەکان و کوڕان و پیاوان دەگەڕێن، لە کولانکە و بەر هەیوانەوە، سەتڵی پڕ لە عەتر و شانە و ئاوێنە و گەنم دەخەنە خوارێ و خاوەن ماڵ نەورۆزانەیان پێدەدا.**

**ئێمە هەمووماندەبێ هەوڵ بدەین کە لە نەورۆزدا بەرەو ژیانێکی نوێ هەنگاو هەڵێنین و بە هەموو تواناماندەوە لەدژی ناحەزان و کەسانی ڤین لە دڵ کە دەیانهەوێ نکۆڵی لەو جێژنە مێژووییەی نەتەوەکەمان بکەن بوەستین و، هەموو ساڵێک بە گڕ و تینێکی زیاتر لە ساڵانی پێشوو نەورۆزی کوردەواری بکەین بە جێژن.**

**ڕاستە نەورۆزی ئەمساڵمان بەداخەوە لەگەڵ هاتنی ئەم پەتا گشتگیرە هاوکات بوو، بەڵام کچ و کوڕان و منداڵان و پیرەکانمان لە هەموو کوردستان بە مانەوە لە ماڵەکانیان ئەم جێژنە پیرۆزەیان بەرز ڕاگرت و یادی نەورۆزیان بە زیندوویی هێشتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢٠**

# هێمای نەورۆز و ئەرکەکانمان لە دەسپێکی ساڵی تازە دا
# کوردستان لەگەڵ شنەی نەورۆز و بەهار



**کەریم فەرخەپوور**

**نەورۆزتان باش!**

لە "کوردستان"ی دەنگی کوردەوە، دەنگ و نەوای ئازادی و ئازایەتی، لە قەڵای دێموکڕاتەوە، قەڵا و قەڵغانی بەرەنگاریی بەوره بوێرەکانی نیشتمانی کورد، مەکۆی مان و نەبەزین و هەستانەوە، نوێنگە و چرای خەباتی بێ پسانەوە، لێرەوە تا ڕۆژهەڵاتی نیشتمان، لە کرماشان و سەڵماس و مەهابادەوە تا ئەم وێستگەیە، هەموومان بەیەکەوە بەرەو جێژنی پیرۆزی نەورۆز، بەرەو بەهار و گوڵ و ئاگر و مەشخەڵان، بەرەو نوێبوونەوە و ڕابوون و هەستانەوە، لەگەڵ گڕی ئاگری بابەگوڕگوڕی کورددا، لە قەڵای ئامەدی زێدی باب و باپیرانەوە، لە کرماشانی دێرین و دەلال، لە کێلەشین تا گەردەنەی زمزیران و هەتا شاهۆ، لە ئیلام و نیپەر و ئاویەرەوە، لە کۆبانێی کوردستانەوە تا چوارچرا و، قەڵای قازییەکانی سەرداری سەر سێدارە، کرمانج و سۆران و زازا، لەک و هەورامی و کەلهوڕ، موکری و یارسان و ئەردەڵانی، هەمووماندەبینە گڕکان بۆ تێکەوەپێچانی کۆشک و خەونی داگیرکەران.

لە گەڕووسی شوێنی کوردەوە تا تیلەکۆ هەتا شنۆ، لەگەڵ چریکە و نەغمەی بولبول، لەگەڵ سروەی بای بەهاری، لەنێو

**خاکەلێوە – نەورۆز**

گۆڤەندی گوڵان، لە قەندیل و بێستوون و هەڵگورد و ئاراراتەوە تا تەرەغە و گیارەنگ و کێلەشین، تا ئاربەبا و هەتا زاگرۆس تا دالاهۆ، لەگەڵ هەڵمەتی هەڵۆئاسای پێشمەرگە، لە خوراسان، لە داوێنی خۆرنەوازان لەگەڵ خۆرنیشانی ئێوارەدا، بە ئالای دەستی شەهیدانی فەیزوڵلابەگی و دوازدە سوارەی مەریوانەوە، لە کەلیخان لەگەڵ قامەتی بەرزی زێڕوەشان خانم، لەگەڵ سۆزی شمشاڵەکەی مامە قالە، لەگەڵ پەیامی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، لەم وێستگەوە لەگەڵ ئێوە و لە کۆڕی گەرمی بنەماڵە و دڵەکانی ئێوەدا ئاوێتە و ئاوێزانی یەک دەبین.

بە ئالا ڕەنگینەکەی کۆماری کوردستانەوە، لە گەڵ قاقای پێکەنینەکانتان، لە شایی و کۆری هەڵپەڕینا، لە گەڕی ڕەشبەڵەکدا، لە گەڵ دەسرە و دەسماڵی سەرچۆپی بە تاسەی دیداری نیشتمانەوە دەستەملانی یەک دەبینەوە.

لە دەوری گڕی ئاگری ئاگردانی شار و شەقام و گوند و گەڕەکتانا، لەگەڵ هەستی کوردانەی لاوە خوێن گەرمەکانی نیشتمانی کوردەوە، سەربەرز و سەرفراز لە سەر تروپکی هەر دوندێکەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی ڕێواسی بناری چیا، لەگەڵ مەشخەڵی دەستی کیژ و کوڕی ئەم بەهارە پەیمانی یەکبوون نوێ دەکەینەوە.

لە ژوانگەی ئاشقانی بووکی نەورۆز و گوڵاڵەسوورەدا، لە پێدەشت و کۆسار و دوند و چیا، بە مارشی سروودی ئەی ڕەقیبەوە، بە زایەڵەی لاوکی ئەشقی نیشتمانەوە، بۆ خەنەبەندانی ئازادی، لە جێ ژوانی نەسرەوتن و بەرخۆدان، لە کاتژمێری تۆڵەدا لە گەڵتان و میوانتانین.

بە هێز و گوڕی شەنگە سوار و جوامێر و مێرخاسی ئەم دەڤەرە، بە غروور و ئیرادەی شۆڕەسوارانی وێستگەی ئەوینی نیشتمان، پیر و گەنج، لەگەڵ پەیمان و بەڵێنی شەهید، لەگەڵ پرشنگی ئەستێرەی سوهەیل و پێکەنینی گوڵی نەسرین، وەفادار بە ڕێبازی سەردار و سەروەران، بە کەژاوەی بووکی ئازادییەوە پەیمانی وەفا نوێ دەکەینەوە.

لە گەڵ ورەی پێشمەرگە لە گۆڕەپانی جەنگ و هەڵمەت و ئاگردا، بە بیر و هزری کوردایەتی و کوردانەوە، بۆ نەورۆزانەی ئەمساڵ، بە هۆنراوە و هۆزانەوە، لەگەڵ حەیرانی دەشتی موکریان و بە هۆرەی هەورامانەوە، بە هەوری و جامانەی کوردەواری، بە گوڵی سووری دەستی کچانی شۆخ و شەنگی نیشتمانەوە، بە سروودی مان و هەرمانەوە، بە جلوبەرگی ئاڵ و واڵا و ڕەشبەڵەک، لە دەم کەوانەکەی کۆلکە زێڕینەی بەهاری ئازادییدا، لەگەڵ تریفەی مانگە شەوی دەم کەل، بە باوەشێ هەڵالە و گوڵ و گەزیزەوە، بە هەلهەلە و چەپڵەڕێزان، بێ باک لە مەرگ و بێ سڵەمینەوە لە داوەڵی دژمن، هەروەک ڕابردوو، هەموومان پشت و پەنای یەک و بە یەکەوە دەڵێین و دەیڵێینەوە: ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان...

## خاکەلێوە – نەورۆز

لە گەڵ سپێدەی خۆری زێڕین، هەموومان بەیەکەوە بانگ و هاوار و سروودی نەورۆز و بەهار و ئازادی دەڵێینەوە و بە گڕی ئاگری دڵەکانمان ئەم نەورۆزەش پیرۆز دەکەین. بە هەموو ڕەنگە جیاوازەکانەوە، بە هەموو بەرگە جیاوازەکانەوە، بە دروشمی یەکبوون و یەکڕیزی، بە زەردەخەنە و قاقای پێکەنینەوە، بە خۆشەویستی و نەورۆز و ئەوینەوە، لەگەڵ بڵێسەی سووری ئاگر، لە تووڵە ڕێگاکانی ڕوو بە ئاسۆ، بە چەپکێ گوڵی نێرگزەوە، دەڵێین کوردینە جێژن و بەهار و نەورۆزتان پیرۆز، داهاتووتان پڕ لە خەندە و خۆڕاگری، دڵتان پڕ لە هیوا و کامەرانی، ژیانتان سەرانلێژ لە گۆڤەند و گوڵ و گۆرانی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٩

# نەورۆز و ڕەفتاری سیاسیی خەڵک



**سمایل شەرەفی**

ڕێوڕەسمەکانی پێشوازیی لە ساڵی نوێی هەتاویی و جێژنی نەورۆزی ئەمساڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر وەک چەند ساڵی پێشوو لە ئاستێکی بەربەرین و جەماوەریدا بەڕێوەچوون. هەرچەند ڕێژیم لە ڕێگای هێزە سەرکوتکەرەکانی و کۆمەڵێک دامودەزگای دیکەوە زۆری هەوڵ دا پێش بە بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمانە بگرێ - کە بەداخەوە لە هێندێکیاندا بە تایبەت لە پارێزگای کرماشان توانی ئەوە بکا - بەڵام بە گشتی ئەوە شێلگیربوون و یەکگرتوویی خەڵک لە بەڕێوەبردنی ئەم ڕێوڕەسمانە بوو کە توانیی بەسەر پیلانەکانی ڕێژیمدا سەر بکەوێ.

جیا لە پەیام و نێوەڕۆکی ئەم ڕێوڕەسمانە کە ئامانجی سەرەکیی ئەم وتارە دەبێ، ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چاو ساڵانی ڕابردوو هێندێک جیاوازیی بەرەپێشچوونی تێدا دەبیندرا کە جێی تێڕامان و هەڵوێستە لەسەر کردنن: یەکەم ئەوەیکە ڕێوڕەسمەکانی ئەمساڵ بەو شێوازە جەماوەری و گشتیی و بەرنامەڕێژییەی کە تایبەتمەندیی هەرە ئەساسیی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی کوردستانە، بەرچاوتر لە ساڵانی پێشوو، پارێزگاکانی خوارووی کوردستانیشی گرتەوە. دووهەم جیاوازیی کە ڕاست پێوەندی بە جەماوەریبوونی ڕەفتاری کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستانەوە هەیە، بەرینبوونەوەی زیاتری ئەم ڕێوڕەسمانە بوو کە نیشان لە جێکەوتنی کاری بەکۆمەڵ و ڕێکخراوە لە کۆمەڵگەدا. بۆ تێگەیشتن لە ماناکانی ڕەفتاری کۆمەڵگە، ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگە، ئاستی شعوور و دەرکی کۆمەڵگە و گرینگتر لە هەمووی ئەمانە تێگەیشتن لە جۆری ئەم ویست و شعوور و ڕەفتارانە، پێویستە بە گرینگییەوە لەم ڕێوڕەسمانە بڕوانین.

**خاکەلێوە – نەورۆز**

تێگەیشتن لە ڕەفتاری کۆمەڵگە کە وەک شاخەیەک لە زانستی کۆمەڵناسی لە باسی مودیرییەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتووریی کۆمەڵگە ئینسانییەکاندا گرینگیی پێدەدرێ، بەنسبەت ئەم ڕێوڕەسمانەوە لە جێی خۆی دایە و پێویستە بە وردی لای لێ بدرێتەوە.

بەربەرینیی و گشتگیربوونی ئەم ڕێوڕەسمانە کە نزیک بە دە ساڵە لە شێوازی جۆراوجۆردا بەم تایبەتمەنیانەوە بەڕێوە دەچن، دەیسەلمێنێ کە لەم کۆمەڵگەیەدا ڕەوتی بەجەماوەربوونی ڕەفتاری خەڵک لە هەموو بەستێنێکدا بە درووستی قۆناغەکانی خۆی بڕیوە. دەیسەلمێنێ کە چالاکیی ڕێکخراوە مەدەنییەکان کە نزیک بە سێ دەیەیە لە پێناو ڕێکخستنی کۆمەڵگەدا هەنگاو دەنێن و قۆناغگەلی جۆراوجۆری پڕ لە کەند و کۆسپیان بڕیوە، خەریکە زۆر بە باشی نەتیجە دەدا. دەیسەلمێنێ کە یەکگرتوویی، یەکڕیزی و کاری هاوبەش کە زەروورەتێکی پڕگرینگی ئەمڕۆی کۆمەڵگەیە بە کردەوە هەنگاوی بۆ هەڵهێنراوەتەوە. ئەمە دەسکەوتێکی پڕبایەخ و گرانە کە هەروا بە ئاسانی بە دەست نەهاتووە و پاشخانێکی پڕ لە هەوڵ و تێکۆشان و پڕ لە تێچووی لە پشتە، بۆیە دەبێ و پێویستە وێڕای خوێندنەوەیەکی قووڵی هەمەلایەنە، هەوڵی مودیرییەتکردنی بە قازانجی زیاتری پرسە گەورە نەتەوەییەکە بدرێ.

وردبوونەوە لە هێما و پەیامەکانی ئەم ڕێوڕەسمانە و خوێندنەوەیەکی ئاوەڵای بەدەر لە دەمارگرژیی فەردی و سازمانی دەمانگەیەنێتە ئەو ئاکامگیرییەی کە دەکرێ هەموو ئەم ڕەفتار، پەیام، هێما و نێوەرۆکانە لە بزاڤی شوناسخوازانەی نەتەوەیەکی عەوداڵی ماف و ویستی نەتەوەیی و نیشتمانیدا پێناسە بکرێ. بە واتایەکی دیکە و بە زمانێکی زۆر سادە دەتوانین ئیدیعای ئەوە بکەین کە ئەم ڕێوڕەسمانە هەر لە جۆری ڕەفتاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە بگرە کە بە شێوەیەکی گشتی و جەماوەری و بەئامانجی تایبەت و مانادارەوە بەشداریی تێدا دەکەن تا تەواوی ئەو هێما و پەیامانەی کە گشتیان بۆن و بەرامەی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی بۆ خاکی کوردستانیان لێوە دێ، بەشێکی زیندوو و بەڕۆژی بزووتنەوە گەورە نەتەوەییەکەن کە پاشخانێکی دەوڵەمەندی مێژوویی لە پشتە.

بەرزیی ئاستی شعووری نەتەوەیی کۆمەڵگەی کوردستان و جەماوەریبوونی ڕەفتاری کۆمەڵانی خەڵک کە دەکرێ بە ڕوونی لەم ڕێوڕەسمانەدا ببیندرێ، سەلمێنەری ئەو حەقیقەتەیە کە سیاسەت و پیلانەکانی دەسەڵاتی ناوەندگەرای دژ بە کورد و کوردستان شکستی هێناوە. نیزامی سیاسی لە ئێران بە درێژای زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردوو بەحاشاکردن لە هۆڤییەتی کورد و داواکارییەکانی بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی سڕینەوە و شەڕ بەرانبەر بە مان و مەوجوودیەتی ئەم نەتەوەی داوە و بە گرتنە پێشی سیاسەت و پیلانی جۆراوجۆر هەوڵی جیایی و لێکترازانی کۆمەڵایەتی داوە. بەڵام هەر وەک لە نێوەڕۆک و

**خاکەلێوە – نەورۆز**

پەیامی ئەم ڕێوڕەسمانەدا دەبینـدرێ، بەرجەستەکردنەوەی غـرووری نەتەوەیـی و بـانگەوازی یەکریـزی و پێکەوەبـوون و یەکگرتوویی، بۆتە بەشێکی هەرە ئەساسی لە ڕەفتار و هەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان لە لوتکە و داوێنی چیا سەرکەشەکانی کوردستان و لەملکردنی جامانە و لەبەرۆکدانی گوڵی سوور و چڕینی سروودە شۆڕشگێڕییەکان لەم ڕێوڕەسمانە، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە خەباتی شۆڕشگێڕانە و ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی ئەم میللەتە ئێستاش زیاتر لە هەمیشە وەک بەها و ئەرزشێکی سیاسی و نەتەوەیی لێی دەڕوانێ و لەنێو ئەم کۆمەڵگەیەدا جێگە و پێگەی هەروا قاییم و خاوەن ئێعتباری خۆیەتی. ئەگەر ئەمە لە لایەک دەری دەخا کە هێزی پێشمەرگە و حیزبە سیاسییەکان خاوەنی خۆشەویستی و پێگەی خۆیانن، لە لایەکی دیکەش ڕاست سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە سیاسـتی ڕێـژیم لە پێوەنـدی لەگەڵ هەوڵـدان بـۆ بەدنـاوکردنی "پێشـمەرگە" و لێـدابڕانی حیزبەکـان لە کـۆمەڵگەی کوردستان وەک هەمیشە شکستی هێناوە.

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی دیکەوە سەیری ئەم ڕێوڕەسمانە بکەین، بە ئاماژەدان بە هەمان ئەو تایبەتمەندیانەی کە قامکمان لەسەر دانان - بە فۆرم و جۆری بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکان و - بە ڕوونی دیارە کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا لەوەیکە گۆڕانێکی قـوڵی کـۆمەڵایەتیی بەسەردا هـاتووە، بەڵکوو لە ڕەوتـی بزاڤی شوناسخوازانەی نەتەوەیـی خۆیـدا لە قۆنـاغێکی تـایبەتی هەسـتیار دایە. قۆناغێـک لە فرەڕەهەنـدبوون و پێکەوەگرێـدانی بەسـتێنەکانی تێکۆشـان و ڕەفتـارە جیاوازەکـان. ئەم فرەیـی و جۆراوجـۆرییە لە ڕەفتـار و بەستێنی جیـاواز (نەک دژواز)دا، ئەوەنـدی دەتـوانێ دەرفەتێـک بـۆ گشتگیربوون و جەماوەریبوونی جموجۆڵ و تێکۆشان بێ، لە نەبوونی عەقڵییەتێکی دەروەست بـۆ مودیریەتکردنیـدا، دەتـوانێ مەترسی بێت و لێکترازانی کۆمەڵگەی لێ بکەوێتەوە. لەم پێوەنـدییەدا ئەگەر خۆشبینانە سەیری پرسەکە بکەین دەتـوانین بڵێین؛ بە پشتبەستن بە ئەزموونی زیـاتر لە دوو دەیە چـالاکیی ڕێکخـراوە مەدەنییەکـان و ڕۆڵـی ئەرێنییـان لە ڕێکخسـتنی کۆمەڵگە و، هەروەها پشتیوانیی حیزبە خاوەن پێگەکانی کوردستان لە ڕەهەندەکانی خەبات بە تـایبەت چـالاکیی چالاکـانی سیاسی و مەدەنیی نێوخۆی وڵات و بەڕەسمی ناسینیان و جوابدانەوەی خەڵک بە داواکـاریی ئەم حیزبـانە، مەترسییەکان زۆر کەمتـر لەوە دەبـن کە جێـی نیگەرانـی بـن. بەڵام ئەگەر بە سـەرنجدان بە دەمـارگرژیی ڕێکخراوەیـی کۆمەڵێـک لە حیـزب و لایەنەکـان _کە عەقڵییەتـی تێگەیشـتن لە گۆڕانکـارییە ڕەفتـاری و کۆمەڵایەتییەکـانی کـۆمەڵگە و تێگەیشـتن لە زەروورەتـی یەکریزی و یەکگرتوویی تێیاندا لاوازە_ سەیری پرسەکە بکەین و پیلانە جۆراوجۆرەکـانی ڕێـژیم لەم پێوەنـدییەدا بە کەم نەگرین، نابێ لە مەترسییەکانیش غافڵ بین.

لەم پێوەندییەدا جیا لە وریا بوون لە پیلانەکانی دوژمن و خەڵک لـێ ئاگادارکردنەوەیـان، نـابێ بە هیچ شێوەیەک هەوڵـی

**خاکەلێوە – نەورۆز**

بەحیزبی و ڕێکخراوەیی خوێندنەوەی ڕەفتارە گشتییەکانی کۆمەڵگە و ڕێوڕەسمە جەماوەرییەکان بدرێ. گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە ڕەوتێک، ڕێکخراوێک یان حیزبێک بیهەوێ تەنیا لەژێر هێژموونیی ڕوانگەکانی خۆیەوە، خوێندنەوە بۆ ڕەفتاری گشتیی کۆمەڵگە و ئەم دەرکەوتنە جەماوەرییانەی خەڵک بکا. هەڵوێست و ڕەفتاری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەم چەند ساڵە و لە مانگرتنە گشتییەکەی ٢١ی خەرمانی ساڵی پار و بۆنەکانی دیکە، سەلمێنەری ئەو واقعیەتەیە کە، تەنیا پێکەوەبوون، یەکگرتوویی و یەکڕیزیی حیزبەکانە کە دەتوانێ ئیدیعای ڕێبەریی ئەم کۆمەڵگەیە بکا.

بۆیە سەرجەم ئەو چالاکی و جووڵانەی کە لە نێوخۆی وڵات فۆڕمی گشتی و جەماوەرییان هەیە، بەشێکی گەورە و جیانەکراوەن لە بزووتنەوە گەورە، نەتەوەیی و مێژووییەکە کە نەتەوەیەک بە هەموو چین وتوێژەکانیەوە و ڕێبەرایەتیی خەباتێکی ڕەوای نەتەوەیی بە هەموو حیزب و لایەنەکانیەوە خاوەنداریی لێ دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٩

# میتۆلۆژیی نەورۆز



**شاڕۆخ حەسەنزادە**

لەم نووسینەدا حەول دەدەین «نەورۆز»، ئەو جێژنە مەزنەی زاگرۆسییەکان، چۆنیەتیی سەرهەڵدانی، دیرۆکی شەفاهی و نڤیسیارییەکەی لە چەند گۆشە نیگای جیاوازەوە ڕاڤە بکەین و هەڵیسەنگێنین. سەرجەم ئەو بەسەرهات و سەربوردەی ڕابردوو کە سینگ بە سینگ هاتووە و ئێستا بۆ ئێمە بە دیاری ماوەتەوە، دەبێ بە دەربیجەی میتۆلۆژییەوە چاوی لێ بکەین و شرۆڤە بکەین.

ئەفسانە(myth) حەولێکە بۆ ناساندنی ڕاستییەکانی دەوروبەر بە شێوەیەکی ئەوپەڕ سروشت (فراطبیعی). ئەوکات کە زانست و بیری مرۆڤ بەو ڕادەیە لە پێگێشتن و تێگێشتن نەگەیوە، ویستوویەتی بە شێوەیەکی ناسروشتی هیندێک پرسیار بۆ ئاشتیی نێوان خۆزاو و مرۆڤ بدۆزێتەوە. بوونی ئەفسانە یا میتۆلۆژی لەنێو گشت کولتوور و ژیارەکان ئاسایی بووە، تەنانەت ئێستاش لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر شت وەک ئەفسانە ماوەتەوە و بەردەوام دەگوترێتەوە وەک؛ «دونیا لە سەر پشتی گا و ماسی بوو» و ...

سەرەتای دەسپێکی ئەفسانە بۆ خەون و خەیاڵی مرۆڤ دەگەڕێتەوە کە ئەوهەندە چەندپاتە کراوەتەوە، بۆیان بۆتە ڕاستی و بیروخەیاڵیان پێ ئەهوەن دەبێتەوە یا ڕاستییەک بووە لە ئاکام پێ هەڵاگوتن و زەفکردنەوەی لە ڕادەبەر؛ سینگ بە سینگ

بۆتە چیرۆک و نەوەی داهاتوو بەو هەمووە ئاڵوگۆڕەی کە بەسەریدا هێناوە بە کەیفی خۆی پاراوی کردووە و ئیمانی پێ هێناوە. ئەم چیرۆک و ئەفسانەبێژانە لەوپەڕی خۆماڵی و سادەیی، خۆیان سەرقاڵی وڵامدانەوەی هێندێ پرسیاری زانستی کردووە، کە لە هزر و بیریاندا پەنگی خواردۆتەوە، ئەمەش بۆتە باوەڕێک لەنێو کۆمەڵگەی ئەو کاتی خۆی. نەورۆزیش یەکێ لەو جێژن و نەریتە کۆنانەیە کە بە چەندین جۆر لە لایەن مرۆڤی سەردەم قسەی لەسەر کراوە. دیارە نەورۆز لە نێو بەشی هەرەزۆری گەلانی زاگرۆس و جوغرافیایەکی بەرینی ئاسیا و تەنانەت ئورووپاش ساڵانە یادی دەکرێتەوە، فەلسەفەی ئەو ڕۆژە لە نەستی کۆمەڵگەکاندا هەر یەک جۆرە بەڵام لە چۆنیەتی و وردەکارییەکانی هیندێ جیاوازی هەیە. ئێمە لە ژێرەوە هیندێ لایەنی ئەفسانەیی و واقعی ئەم جێژنە لە بانووی ئێراندا باس دەکەین.

دوای هاتنەسەر حوکمی ئاژیدێهاک (زوحاک) زوڵم و زۆری، کۆمەڵگەی داگرت و ژیانی خەڵک کەوتە مەترسی. ناخۆشی و ڕۆژی ڕەش باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا، خەڵک هەراسان لە زوڵم و کەڵەگایی باج و کاری زۆرەملی، لە دەست زوحاک وەئامان هاتبوون، سەرباقی خڕ ئێش و ئازارێک ڕۆژێک شەیتان و ئەهریمەنی بەدفەڕ بۆ سپاس و پێزانینی ئەو دەستەڵاتە نگریسە دێ و سەر هەر تک شانی پاشا ماچ دەکا و بەم کارە ڕێزی لێ دەنێ! دوای ماوەیەک لە شوێن جێ دەمی شەیتان برینێکی بە زام سەرهەڵ دەدا و وەک گوڵ دەپشکوێ. لە ناکاو لە هەر لاشانی مارێک دەڕوێ و داوای خواردنی مێشک و کەللە سەری بنیام دەکەن ئەویش لاو و گەنجی وڵات! ناعیلاج هەموو ڕۆژێ بە بڕیاری شا و کەمبوونەوەی ئازاری سەرشانی دەبێ دوو لاوی جوان بکوژرێن و مێشکیان دەرخواردی ماری سەرشانی کاک ئەژدیها بدەن! (لە فەرهەنگی زانستی هێماناسی کۆندا مار وەک پێناسەیەک بۆ تەندروستی و ساغی ناوی هاتووە، وەک ئێلێمانی ساخڵەمیی جیهانی تەنانەت ئێرانیش، ڕەنگبێ زوحاک یا ئاژیدێهاک کەسێکی شارەزای بواری پزیشکی بووبێ!! دەکرێ سرنجێکیش بدەینە وشەی، بیمار (بێمار) بێ + مار) ڕۆژێک لەوان ڕۆژان کەسێکی ئاسنگر پەیا دەبێ و بە هاوڕێیی هیندێ دۆست و برادەر کۆ دەبنەوە بەڵکوو بتوانن چارەیەک بکەن، وا ساخ دەبنەوە کابان و چێشتلێنەری بارەگای پاشا بۆ پێشگرتن بە کوشتن و سەر بڕینی لاوەکانیان ڕازی بکەن یا دەنا پێخۆر بکا و هەموو ڕۆژێ بزنێک یا مەڕێک سەر ببڕێ و مێشکیان تێکەڵی مێشکی لاوێک بکا و، ئەویش دەرخواردی ماران بدا، واتە بە جێگای هەر ڕۆژێ دوو لاو جوانێک بکوژرێتەوە و، زەرەر لە نیوەش ڕا بگەڕێتەوە هەر قازانجە!

لە سەروبەندی کەش و هەوا خۆشبووندا کاتێ کاوە و دۆستانی خۆ بۆ شۆڕشێک پەیت دەکەن و لە خۆیان ڕادەبینن، یەکجێ بەرکۆشەی چەرمینی خۆی دەکاتە ئاڵا و بە خۆی و هاوڕێیان و ئەو ڕزگاربووانەی دەستی زوحاک بە چەکوچ و داس و خەپە و شەنە دەکەونە سەر کۆشکی شا و کاربەدەستانی و، دوای شەڕێکی خوێناوی سەردەکەون و سەری جمکی مار و پاشا وێکڕا پان دەکەنەوە. ئەو ڕۆژە دەبێتە سەرەتای ڕۆژێکی نوێ کە هاوکاتە دەگەڵ سەری ساڵ و بەهاری خەم تاوێن، دوا بە دوای ئەم دیرۆکە هەموو ساڵێ خەڵکی نیشتمان ئەم ڕۆژە جێژن دەگرن و دەیکەنە چەقڵەسەما و ڕەشبەڵەک... (تێمی ئەم

## خاکەلێوە – نەورۆز

بەسەرهاتە وە ڕووداوی دیرۆکی سەردەمی دەستەڵاتداریی مانناییەکان دەچێ کە لە ٨٠٠ پ.ز ڕووی داوە.) لە فەرهەنگەکان، (ضحاک) بە مانای کەسێکە کە زۆر پێدەکەنێ، دەم بە بزە، بەڵام موعین پێی وایە بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان وا دەردەکەوێ، شەیتان زوحاکی فریو داوە بۆ ئەوەی کە باوکی خۆی مەرداس بکوژێ و خۆی لە جێی دانیشێ، دواتر ئەو ئەهریمەنە پەستە خۆی بە وێنەی لاوێکی جوان دەرهێنا و خۆی گەیاندە بارەگای شا و خۆی وەک کابان یا چێشتلێنەر ناساند هەموو ڕۆژێ حەولی دەدا زۆرترین کەلک لە گۆشتی دەعبا و باڵندە وەرگرێ بەڵکوو زوحاک فێری خوێنڕشتن و خواردن و... بێ، دواتر لە ئاکامدا خۆی دەگەیەنێتە شا و سەر شانی ماچ دەکا و...

ئەوەی سەرەوە کە بەکورتی باس کرا هەم لە نەست و مێشکی کۆمەڵگەی نەریتیدا باو بووە هەمژی لە فەرهەنگی موعینیشدا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەو ئەفسانە و میتۆلۆژییە، ئەمڕۆ لە مێشکی هیندێ گەلانی ناوچە وەک هێمای نەورۆز و فەلسەفەی دەستپێکی ساڵی نوێ، چەند پاتە دەبێتەوە، بەڵام ئاخۆ بڵێی وابێ؟ بەپێی سەرچاوە مێژووییە جێ باوەڕەکان «ئاستیاگ» یا بە یوونانی (ئیختۆویگۆ، ئیشتۆویگۆ) یەکێ لە نەوەکانی دیاکۆی مەزنە (وێدەچی چەواشەکاران ئەو خونکارە بە زوحاک یا ئاژدیهاک دەیشوبهێنن). ئەو حکوومەتە بە کۆکردنەوەی قەوم و عەشیرەتەکانی خزمیان توانیان بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێران (بە واتای ناوچەی جوغرافیایی کۆنی ئەو سەردەم) شانشینێکی (کۆنفێدراڵی) مەزن دابمەزرێنن و حکوومەت بکەن. هوەخشەتەرە کوڕی فرەوەرتیش کوڕی دیاکۆ، توانی بە لەدەوری یەک کۆکردنەوەی قوڵە دەستەڵاتدارەکانی ناوچە و خۆڕێکخستن و یەکیەتی، هەروەها هاوپەیمانی دەگەڵ «نەبوپلیسەر» خونکاری بابیلۆنەکان، دوای شەڕێکی قورس (٦١٢پ.ز)، سپای زلهێزی ئاشوور، ئەو هێزە لەبڕان نەهاتوو و کۆک و پۆشتەیە تێک و پێک بدەن و بە نیشانەی جێژن و شایی لە گشت بەرزاییەکان ئاگریان کردەوە و تەنانەت بازێڕی نەینەوا، ناوەندی دەستەڵاتداری ئاشووریان ئاگر دا و، لە دەوری گڕی پڕشنگداری ئازادی، دەست لە نێو دەست بیکەنە هەڵپەڕکێ هەتا بۆ دوامین جار ناوی ئاشوور چیتر ترس و دڵەڕاوکێ نەخاتە نێو دڵی گەلانی ناوچەکە. ئەو ڕۆژە ڕۆژی جێژن و شایی و نەورۆز بووە (ئەمە بەشێکی بۆچوونی ژێنێراڵ ئێحسان نووری پاشایە). کوڕی هۆوەخشتەرە «ئاستیاگ» دوای باوکی لەسەر تەختی شایەتی، پاڵ کەوت و خەریکی ڕابواردن و ڕێکخستنی ناوچەکان بووە. بەپێی مێژوو ئەو میرێکی ڕۆحسووک و کەمتەرخەم بووە کە لە ئاکامی خەیانەتی «هارپاگ» وەزیری جێ باوەڕی بە دەستی کوورش (سایرووس) نەوەی کچێنەی، بە دیل گیرا و کۆتایی بە دەستەڵاتداری هات و حکومەتی «ئیخیمانی» (هەخامەنشی) لەسەر ژێرخانی ئەو دەوڵەتە دامەزرا. کەواتە دەمەوێ بڵێم، ئەو ئەژدیهایەی خەڵکی بەدشووم باسی دەکەن ئەو کەسە بوو کە ئاماژەمان پێکرد و هیچ پێوەندییەکی دەگەڵ ئاستیاگ، نەبووە.

لێبەڵێ بە ئاوێتەبوونی بۆچوونی شانامە کوردییەکان و عومەری خەیام (نەیشابووری) و هیندێ زانای کورد بزانین ئاخۆ ئەوان چۆنی باس دەکەن! بناغە و فەلسەفەی ئەم جێژنە کەونە بۆ زۆر کۆنتر لەم دیرۆکە دەگەڕێتەوە. سەردەمی جەمشید

## خاکەلێوە – نەورۆز

دەستەڵاتداری پێشدادییەکان، شانامەکان زۆر بە خەیاڵێکی ناسک و پتەو دەیهۆننەوە دوای پێداهەڵگوتن و ناساندنی جەمشید وەک کەسێکی زانا و تێگێشتوو کە چەندین داهێنانی وەک (چێکردنی نێزە و مەتاڵ و شێر، جلوبەرگی پەشمینەی جوان و ڕازاوە، دابەشکردنی کۆمەڵگە، بیناسازی و بۆنی عەتر و گوڵاو و مشک و عەنبەر و...) بەگشتی گەیشتن بە گەلێک هونەر و زانست، خۆی وەک تاکەکەس لە جیهاندا دەبینێ. ئەوجار بە بیری دەگا باڵ دەربێنێ و بەرەو ئاسمان بفڕێ و، بڕیاری دا تەختێکی لە زێڕ و گەوهەر و دوڕ، بۆ چێ بکەن، ئەو دێوانەی دیل و یەخسیری بوون بەرزی کەنەوە و بیبەنە تەشقی ئاسمان بە وێنەی خۆر لە ئاسمانا دەرکەوێ، بەم ئاواتەشی گەیشت و لە ڕۆژێکدا فڕی و خەڵکی وڵات سەیریان دەکرد، جەمشید بەم کارە خۆی لە خەڵکی هەڵاوارد و وەک خوا خۆی ناساند، ئەو ڕۆژە (یەکەم ڕۆژی خاکەلێوە، فەروەردین) بوو بە جێژن و وەک ڕۆژێکی نوێ دانرا، بوو بە شایی و هەڵپەرکێ، جەماحەت پۆل پۆل دیارییان بۆ دەبرد و زێڕەوشانیان دەکرد، ڕێزیان لێ دەنا و خۆیان فیدا دەکرد.

**وە فەڕ و شکۆ تەختەش وەراستەن**<br>
**وە زەڕ و گەوهەر یانەش ئاراستەن**<br>
**جە ڕۆژ نەورۆز نیشتە بان تەخت**<br>
**هەر ئەو بوونە ڕوو کرد و ئەو بەخت**<br>
**گێرد ئامان گەوهەرئەفشانیش کردن**<br>
**سەوگەند پێ جەمشید جو ڕۆژە وردن**

دوای ماوەیەک خەڵک لەم کارە نەشیاوەی جەمشید ماندوو بوون و لە کاری خۆیان پەژیوان، بەم پێیە «فەڕی ئیزەدی»یان لێ ستاندەوە و دونیا بەرەو ناخۆشی ڕۆیی.

کاری وڵات ئاڵۆز بوو ئەو هەر خەریکی حەیش و نۆش و کچانی تاس و لووس بوو و خەڵکیش خۆیان بێ شوان دیتەوە، تا وای لێهات زوحاکییەکان بە پشتیوانیی خەڵکی نیشتمانی جەمشید هێرشیان کرد و وڵاتیان داگیر کرد.

**سواران ئێران گێردیان شاە جو**<br>
**یەکسەر ڕوو کەردەن وە زەحاک بەد خو**<br>
**ئاوەردەن کردن شای ئێران زەوین**<br>
**یەک یەک و شاهیش واتەن ئافەرین**<br>
**ئەوسا گێرد یاران شاد بین نی دونیا**

## خاکەلێوە – نەورۆز

**ئەویچ تاج کەی و سەرش نیا**

**د. مەولـوود ئیبـراهیم حەسـەن دەڵـێ:** «ئەو جێـژنە واتە عەیـدی نەورۆز هەمەن جێژنـی (تەمـوز و عەشـتارە) کە سوومێرییەکان پـێش ئەوەی کە لە ئەشکەوتەکانی کوردستان بێـنە دەر بەرەو دەشـتایی خـوارووی عێـراق (مێزۆپۆتامیـا)دا بگەڕێن، ئەو جێژنەیان بەڕێوە بردووە.»

**مامۆستا مەسـعوود محەمـمەد پێـی وایە:** «نەورۆز جێژنێکـی کەون و دێرینـی بـاوک و بـاپیرانی نەتەوەی ئاریایەکـانی نیشتمانی ئاریایی بووە کە بەپێی جوغرافیـا نـاوچەیەکی یەکجـار زۆری ئاسیا و ڕۆژهەلاتـی ناوینیـان لەژێـر حوکمدا بـووە، تەنانەت ئەگە بمانەوێ باسەکە بەرفراوانتـر بکەیـن دەتـوانین باسی هینـد و ئورووپـا و... بکەیـن.» بەڕاستی نـاکرێ ئەم جێژنە پیرۆزە بەتەنیـا لە گەلێک ببەستین و بیکەیـنە ملکی یەکێک لە نەتەوە ئاریاییەکـان، ئەمە جێژنـی هەموو گەلانـی ئارییە، بەڵگەش ئەمەیە هیچ تیرە و ڕەگەزێک نییە سەری ساڵی خۆی پـێ هەوێن نەکردبـێ و چاوی باستانی دێرینی پـێ نەڕشتبێ ڕێی ئەفسانەکانی پـێ ئارایش نەدابـێ، چ لە فارس و کورد و ئـازەری، ئەرمەن، ئەفغـان، تـورک، سووری، کلدانی، مەغـۆل و تیـرە چینییەکـان و بـوودا و بەرهەم و پرۆتسـتان، چـاوگە ئورووپـایی و... ئەمـانە هەرکـام بە پێـی دەسـتووری نەتەوەیـی خۆیـان سـررنجێکی لە بـارەی ڕۆژی نـوێ و سـەری سـاڵی تـازەوە هەیە و هەسـت و نەسـتێکی تایبەتیـان تێـدا پەنگاوەتەوە.

بەشێک ئەڵێن: ئەم جەژنە بەبۆنەی چوونە سەر تەختی جەمشیدەوەیە، ئەفسانەیەکی زۆری بۆ هەڵدەبەستن، بورهانی قـاتع کە فەرهەنگێکـی دێرینـی زمـانی فارسییە بە سێ چـوار ڕەنـگ ئەم خەیـاڵە دەگێـڕێتەوە، هینـدێ پێیـان وایە لە سـەردەمی ئەستێرەپەرستەکانا تەهموورس پەیا بوو و جەمشید هات ئایینی تازەی کردەوە و ئەم ڕۆژەیـان بەم بۆنەیەوە کردە جەژنـی ڕۆژێکی نوێ و ناویان نا نەورۆز، پەلێک دەڵێن ئەو ڕۆژەیە کە ڕووناکی و ڕۆشنایی تێیا گەشاوە، دەستەیەک دەڵـێن نـا ئەو ڕۆژەیە چەرخـی گەردوون تێیـا وەگەڕ کەوت، بەلام شـەرەفنامەی بدلیسـی گیـانێکی کـوردانەوەی وەبەر خسـتووە و بە کـاوەی ئاسنگری دەبەستێتەوە کە سەری زوحاکی خوێنمژ پان دەکاتەوە. جیا لە هیندێ داب و نەریتی فیزەون کە ئێستا بۆتە خـۆرە و خەریکە ئەم جێژنە خۆماڵی و دێرینە بە ئاقار و لارێدا بەرێ، هەر لە کۆنەوە و بەپێی ئەستێرە و فەلەکناسی و هـاتنی ڕۆژ و مانگ جێژنی بۆ گیراوە. پێش هەزارەی شەشەم و پێنجەمی بەر لە زایین خەڵکی بناری زاگرۆس و نێـو ڕووبـاران چـوار پەیـکەری هێشـوو (خوشـە، هوشـەنگ لە بەندهەشـن)، «کەوان، ماسـی یـا حـووت و دوو پەیـکەر وەک هێمـای وەرز و سـاڵ دەهاتنە ئەژماردن. ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز دوای مانگ و ئەستێرەی حەمل یـا کـاور لە بـاوەڕی ئاریاییەکـان سەرەتای بەهـار بـووە، جـوێ لە گشـت ئەفسـانە و حەقـایەت و چیـرۆک دەکـرێ سـەرەتای ئەم جێـژنە و ڕۆژە نـوێیە بگەڕێـتەوە بـۆ دوای چـاخی

**خاکەلێوە – نەورۆز**

سەهۆڵبەندان کە مرۆڤەکان لە ئەشکەوت و چیای ڕەوەزی بۆ دەشتایی داگەڕان دوای ئەم چاخە زەوی بەرەو گەرمبوون چوو و کانی و ڕووبار و زەریا پێک هاتن. لەوەڕگە و چیمەن و دارستان سەریان هەڵدا، دۆخی لەبار و بەپیز بۆ ئاژەڵداری و وەرزێری هاتە نێو فەرهەنگی ژین، کەم کردنەوەی ڕاو و نێچیر و گۆشت و بڕەودان و، پێویستی خواردنێکی جیاواز بۆ لەشی بنیامەکان وای کردووە بیر لە چاندن و ڕووەکی بکەنەوە. بەپێی توێژینەوەکان یەکەم تۆو و دان لە زەوییەکانی کوردستاندا چێنراوە و کشتوکاڵ لەم ئاخە دەستی پێکراوە (گوندی چەرموو لە چەمچەماڵ)، کە مرۆڤەکان فێری چاندن و دروون و هەڵقەندنەوە و ڕنین بوون، بۆیان دەرکەوت لە ڕووی وەرز و مانگ و ساڵ دوای ساردی و بەستەڵەکی زستان شنەی بای شەماڵ پەیامهێنەری وەرزێکی نوێ و ڕۆژێکی تازەیە بۆ ژیان و ڕەوتی تێکۆشان، لە کوردستانی ئێمە بە هۆی گرێدان و بەستنەوەی ئابووریی ژیان بە پیشەی وەرزێری و زەوی و باغ و مەزرا کە بوونی کوێستان و چیا و مێرگ و بژوێن و زەوی و باخی بەرمێن، ئەم دیاردە ئابوورییە بەهێز دەکا؛ هەر لە زۆر کۆنەوە پێشتر ئەو کات مەڕ دەزا و ڕەپستە سەریان دەدرەوشاوە و جارێ کەروێشکەی مابوو بە مانای هاتنی ڕۆژێکی نوێ بووە جا ئەوسا دوای پشوو دانێکی زۆر لە وەرزی زستان بەو شەوە درێژانەی دوای چلەی بچووک لە مانگی ڕەشەمە خۆیان بۆ وەرزێکی نوێ و بۆ چالاکی نواندن لەمەڕ بژیوی ژیان و...، بە کردنەوەی ئاور و خۆ ڕازاندنەوە بە جلی نوێ و سەردان و ڕەشبەڵەک و هێلکەشکێنە و دمبلی کاوە و حەلاوە مەلاوە لەو پەڕی شادی و خۆشی بە ئاشتی و برایەتی لە دەوری یەک کۆ دەبوونەوە و بەرەو پیری وەرزی کار و تێکۆشان دەچوون.

* (دەقی تەواوی باباتەکە لە ڕۆژنامەی کوردستان پارێزراوە)

سەرچاوە" ماڵپەری کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٩

# نەورۆز هێمای نەتەوەیی گەلی کورد



**ئەردەڵان فەرەجی**

دەگێڕنەوە کە گۆیا چوار هەزار ساڵ بەر لە لەدایک بوونی مەسیح «کی مورس» ناوێک فرمان دەدا بە سپاکەی پاش سەرکەوتنی بە سەر «ئەهریمەن» ناوێکدا کە بە نیشانەی سەرکەوتن لە سەر شاخ و بەرزاییەکان ئاگر هەڵکەن - کە هەم ڕەمزی سەرکەوتن و هەمیش ئاماژە بوو بۆ ڕاگواستنی سپا و سەربازەکان - ڕێکەوتەی ئەو چیرۆکەش ۹ ڕۆژ بەر لە نەورۆز و گۆڕانکاری وەرزەی بەهار بوو، بەڵام «کی مورس» فرمانی دا ئەو ۱۰ ڕۆژەش هەر بکەن بە شادی و خۆشی و ئاگرکردنەوە. ئەم دابە بەرە بەرە هاتە ناو کولتوری خەڵکەوە و خەڵکی کورد هەموو نەورۆزان بە ئاگرکردنەوە لە سەر بەرزاییەکان و شایی و هەڵپەڕکێ یادی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەیان جەژن دەگرت.

ئەمڕۆکە پاش هەزاران ساڵ لەو ڕووداوە لە کوردستان بە هەموو بەشەکانییەوە «نەورۆز» جەژنی گەورەی نەتەوەی کورد و بەجۆرێک لەجۆرەکان بۆتە شوناس و هووییەتی گەلی کورد.

لە سەرەتادا شاعیرانی کورد هەر «مەلای جزیریی»ەوە بگرە تا «ئەحمەدی خانی» شێعریان لە وەسفی بەهار و نەورۆز دا وتووە و لە سەدەی بیستەمیشدا «پیرەمێرد»ی شاعیر جگە لە شیعر و هەڵبەست هۆنینەوە بۆ نەورۆز هەوڵی زیندوو کردنەوەی ڕێ و ڕەسمە نەورۆزییەکانی لای گەلی کورد دا.

**خاکەلێوە – نەورۆز**

لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش نەرۆز بەرز ڕاگیراوە و بە دڵنیاییەوە گشتگیرترین و سەرەکی ترین جەژنی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات «نەورۆز» بووە.

لە ئێرانی ژێر چەپۆکەی کۆماری ئیسلامی بە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، ڕێ و ڕەسمە نەورۆزییەکان لای هەندێک لە مەلاکان فەتوای لە سەر درا، هەندێک پێیان وابوو «حەرامـ»ە و بەڕێوەبردن و بە جەژن کردنی گوناحە و «مەجووسیگەری»، ئاگرپەرەستی و دواکەوتوویە و بە شەریک دانان بۆ خودا لێک دەدراوە، هەندێکی دیکە پێیان وابوو «مەکرووهـ»ە واتە نەکردنی لە کردنی چاکتر و هەندێکی دیکە بڕێک پاشەکشەیان دەکرد و دەیان وت کە «مەباحـ»ە واتە؛ کردن و نەکردنی وەک یەک وایە. سەرەڕای هەموو تەنگ و چەڵەمە و پێشگیرییەکان بۆ بەڕێوەنەبردنی نەورۆز لە سەرتاسەری ئێران، لە کوردستان توندتر و قورستر لە باقی ناوچەکانی دیکەی ئێران ڕێ بە بەڕێوەچوونی ئاهەنگی نەورۆزی دەگیرا، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو بەربەستەکانی حکومەتی ئیسلامی، نەورۆز بەرز ڕاگیراوە. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو و بە تایبەتی پێنج شەش ساڵی ڕابردوو خەڵکی کوردستان لە ئاپۆرەی جەماوەری ئاهەنگی نەورۆزیان لە گوند و شارەکان بەڕێوە بردووە، لە بەرزاییەکان ئاگریان کردۆتەوە و منداڵان چوون بۆ نەورۆزانە وەرگرتن و شەوانیش گەنج و لاوەکان چوون بۆ هەلاوەمەلاوە.

بیرمەندێکی فەڕەنسەویی مارکسیست بە ناوی «هێنری لۆبۆفۆخ» دەربارەی ڕێ و ڕەسم و دروشم و هێماکان لە ئایینەکاندا دەڵێت: «چی لە دین دەمێنێتەوە ئەگەر لە سەر «شوێن» و لە «ناوەکان» خۆی نەنوێنێتەوە؟!» بەو واتایە کە ڕەمزی زیندوو مانەوەی هەر ئایینو ئایینزایەک لە دەرکەوتنی لە شوێن و بۆنە و ناوەکاندایە!. باشترین نموونە بۆ پارێزگاری کردن لە هوویەتی دینی، گەلی «یەهوود»ی و ئیسرائیلە. ئایینێک کە لانی کەم ۳۰۰۰ ساڵ پێشینەی هەیە و جگە لە ۲۰۰ ساڵی نەبێت کە موبەلیغانی لە یەک شوێن و وڵاتێکدا پێکەوە بوون، بە درێژای ئەم مێژووە هەموو کات پەرەوازە و پەراکەندە و دوور لە یەک بوون. سڕی مانەوەی گەلی ئیسرائیل لەو ڕێ و ڕەسمانەدایە کە لەم مێژووە دوور و درێژەدا لە بەڕێوەبردنی بەردەوام و بە کۆمەڵی ئەو ڕێ و ڕەسمانەیان نەوەستاون. ئەوان (هەموو بنەماڵەیەکی جوو) لە ئێوارێی ڕۆژی هەینی تا ئێوارێی ڕۆژی شەممەی هەموو هەفتەیەک، بەشێک لە کتێبە پیرۆزەکەی خۆیان بە کۆمەڵ دەخوێنەوە و دەخوێننەوە. ئەم کردارە بەکۆمەڵە بەردەوامە، ئەو تۆڕە لەپچڕان نەهاتووە بووە لە نێوانیاندا جا چ ئێران بوو بێتن یان لە تووران.

بە واتایەکی تر ئەم ڕێوڕەسمانە بۆ پتەوکردنی هوویەت و شوناسی نەتەوەییان و بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی نێوان تاکەکانی ئەو گەلە بوون. جێی ئاژاوە هەموو کات ئەم میکانیزمە لای کەمینەکان بەهێز تر و ڕەمزی مانەوەیان بووە.

**خاکەلێوە – نەورۆز**

ئەگەرچی کورد قۆناغی فەوتان و تیاچوونی تێپەڕ کردووە - هەروا کە لە سروودی ئەی ڕەقیب دا دەڵێت؛ «هەرماوە قەومی کورد زبان» کە تایبەتە بە قۆناغێک لەخەباتی گەلی کورد بۆ ڕووەڕوو بوونەوە لە فەوتان و لەناوچوون- و ئێستا کورد لە قۆناغێکی دیکەی خەبات دایە بۆ دەستەبەر کردنی ماف و داواکارییە ڕەوا و بەرحەقەکانی خۆی، بەڵام تێگەیشتنی گشتی و وشیاری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان گەیشتۆتە ئەو ئاستە کە ئەوانیش «نەورۆز» وەک هێمای شوناسی نەتەوەیی خۆیان بەرز ڕاگرن و بیکەن بە جێژن.

دوو ڕەهەندی ڕێ و ڕەسمەکان لە دین و لای کەمایەتییە نەتەوەییەکان بەردەوامی و تکرار و لەو گرنگتر بە کۆمەڵ بەڕێوە بردنیەتی بۆ کردنی بە ئامرازێک بۆ پارێزگاری و پتەو کردنی شوناسی خۆیان و دروست کردنی ڕایەڵەیکی بەهێزی هاوپشتی و هاوخەباتیانە.

ئەمڕۆ گەلی کورد لە کوردستان ئێران بە وشیارییەوە ڕێ و ڕەسمی نەورۆزی هەم بە بەردەوامی و هەمیش بە کۆمەڵ بەڕێوە دەچن کە هەروەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، نیشانەیە لە تێگەیشتووی و پێگەیشتووی بیری نەتەوەیی لای ئەم گەلە.

ئەمساڵ ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە توێی ڕاگەیاندنێکی هاوبەش پشتیوانی خۆیان بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان و بەڕێوە بردنی ئەو ڕێوڕەسمان بە هێما و دروشمی ناوی خۆیەوە بە خەڵکی کوردستان، پێشکەش کرد.

بەختەوەرانە ئەم بانگەوازەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە بازنەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران، بە پێشوازییەکی کەم وێنەی خەڵکی کوردستانەوە بەرەوڕوو بوویەوە. شوێن نەبوو لە کوردستان کە نەورۆزی «سەمای ئازادی» بە «گووڵی سوور» و «جامانە»وە بەڕێوە نەچێت. چاومان پڕە لەو دیمەنانەی کە خەڵکی کوردستان بە کوڕ و کچی گەنج و لاوەوە، بە پیر و منداڵەوە بە ژن پیاوەوە «جامانە»ی خەباتکارانە وەک هێمای پێشمەرگایەتی و خەبات و کۆڵنەدان و «گوڵی سوور» وەک سیمبوولی ڕێزلێنان لە گیابەختکردووان و شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان لە سەر سنگ و بە دەستانەوە نەشەکێتەوە.

نەورۆزی ئەمساڵ و بەڕێوەبردنی ڕێ و ڕەسمە نەورۆزییەکان لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بەو هێما و دورشم و ناوەی کە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستان پێشنیار کرابوو و ئەو پێشوازییە جەماوەرییە کەم وێنەیە، جارێکی دیکە سەلماندی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بۆ دەستەبەر کردنی ماف و داواکارییەکانی لە قووڵای دڵی جەماوەرەوە

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**پشتیوانی لێ دەکرێت و حیزبەکانی خاوەن مێژوو و قوربانی پێشەنگی ئەو بزووتنەوەیەن.**

**بە بەرەوپیریی هاتنی بانگەوازەکەی ٩ی خەرمانانی ناوەندی هاوکاری لە لایەن خەڵکەوە و خولقاندنی حەماسەی ٢١ی خەرمانان و ئەم مانگرتنە جەماوەرییە سەرتاسەرییەی خەڵکی کوردستان و ئەم پێشوازییە جەماوەرییە کەم وێنەیە، دوو پەیامی ڕۆشن و ڕاشکاوانەن بۆ دۆست و دوژمنانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.**

**با دوژمنان بزانن کە پێگەی سەرەکی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە هەناو و قووڵای کۆمەڵگای کوردستان دایە سەرەڕای هەموو پیلانگێڕییەکان بۆ دیوار کێشان لە نێوانیان و ناتوانێ ئەم دووانە لێک جوێ بکاتەوە. با دۆستانیشمان بەو دیمەن هەستبزوێنە شانازیبەخشانە نەورۆزی ئەمساڵ دڵگەش و دڵخۆش بن کە گەلی کورد یەکگرتووە و هیچ بەربەست، لەمپەر و کۆسپ و تەگەرەیەک ڕێ لە ڕەوتی مێژوو بۆ شادبوونەوەی گەلی کورد بە مافەکانی ناگرێت.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەلات - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٣ی ئەپریلی ٢٠١٩**

# نەورۆز ئاوابوونی خۆری سەربەخۆیی کوردان



کامەران قازی

لە لای هەمووماں ئاشکرایە، کە مێژووی نووسراوە لەم ناوچەیەدا و ئەو وڵاتانەی کە دەوری کوردستانیان داوە و بە زۆر هۆ کە گرنگترینیان لاوازی سەرکردایەتی کورد بووە

(چینی پێشڕە و جا سیاسی بێت ڕاستەوخۆ یا ڕۆشنبیر ناڕاستەوخۆ، هەرچەندە لە زۆر قۆناغدا هەر چینە چالاکەکەی بواری ڕۆشنبیری سەرکردایەتی چالاکی و بزووتنەوە سیاسییەکەشی کردووە و شکستی هێناوە).

بەهۆی لاوازی ئەو چینەوە نەتوانراوە کە مێژوویەکی ڕاستەقینە یا هیچ نەبێت نزیک لە ڕاستییەوە بۆ مێژووی خۆمان بنووسینەوە، بۆیە ئەو مێژووەی کە ئێستا لە سەر زاری خەڵکە مێژوویەکی دوور لە ڕاستییە و تەنانەت پێچەوانەیە و بنەڕەتی بابەتەکەی گۆڕیوە، لەو بۆنە گرنگانە، یا گرنگترینیان:

(نەورۆزە، کەمانای ڕۆژێکی نوێ دێت) بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە سەلماندوییەتی کە ڕۆژی نەورۆز یەکەم ڕۆژی دەسپێکردنی بەدبەختی و لێکترازانی نەتەوەی کوردە و ئیتر لەو ڕۆژەوە کورد دەسەڵاتی لەدەستدا

و وڵاتەکەی داگیرکرا و تائێستا هەر بە دابەشکراوی ماوەتەوە (جگە لە چەند قۆناغ و سەرکردایەتییەک نەبێت کە لەیەک و دوو تێپەڕناکەن، وەک قازی کە بەهۆی بیری تودەیی و ئێران پەرستی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی بەدەسەڵاتی ناو حزبی دیمۆکراتی کوردستانەوە، دەستیان کرد بەزاخا و پەیوەندییەکی وەهمیان دروستکرد لەگەڵ ئیمپریالزمی شوورەویدا و ئەوەبوو کەلەکۆتایدا ڕووسەکان قازی و حزب و کوردیان فرۆشت بە چەند بیرە نەوتێک لەگەڵ دەسەڵاتی ئێرانیدا).

یەکێک لە مەرجەکانی ئەم پەیوەندییە بێ بناغەیە، دروستکردنی حیزبێک بوو لە شێوەی حیزبەکەی باقرۆف لە ئازەربایجان، کە ئەمە بۆ کورد و قازی محەمەد، مانای لە گۆڕنانی کۆمەڵەی ژ.ک بوو، کە قازی محەمەد ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە بوو. واتە دروست بوونی حیزبی دیمۆکرات، دروست بوونێکی ئاسایی و پێویستییەکی قۆناغەکەی ژیانی نەتەوەکە نەبوو، بەڵکو داسەپاندن و مەرجی دوژمنان و ئیمپریالیزمی ڕووسی بوو.

حاڵەتە ئاساییەکەی ژیانی سیاسی ئەوکاتەی نەتەوەکە خۆی لە کۆمەڵەی (ژ - ک) دا دەبینییەوە، واتە ژ.ک ئاوێنە بێگەردەکەی خواست و داخوازییە ڕۆحییەکەی نەتەوەکە بوو، کە قازی محەمەد ناچار کرا، بە دەستی خۆی لە گۆڕی بنێت، کە پێموابێ ناچاری و فشار ئەم کارەیان پێکرد و مانەوەی لە سابڵاغیش پاش ڕوخاندنی کۆمار لەگەڵ ئەوەدا کە دەیزانی لە سێدارەی دەدەن، وەڵامدانەوەی ئەو ئازارە ویژدانییە بوو. هەروەها پێدانی دەرسێک و پیشاندانی ئەوەی کە لەگەڵتان دەژیم و دەمرم بە نەتەوەکەی بوو، ئێمە لە وتار و قسە و باسەکانیدا، هەست بەو تیرێژەی بیریی نەتەوەیی کە سەرچاوەکەی بەرنامەی ژ.ک بوو، دەکەین. ئەو باوەڕی بەو سنوورە دەسکردە نەبووە، ئامانجی کوردستانی گەورە و خەباتی بۆ یەکخستنەوە و دروستکردنەوەی نیشتمانەکەی بوو.

لەلایەکی ترەوە کاتێ بیرمەندی نەتەوەیی گەورەمان مامۆستا شەهید زەبیحی، کە لە زیندان ئازاد دەکرێت، دەزانێت هەڵەیەکی کوشندە کراوە بە دروستکردنی حیزبی دیمۆکرات و نەمانی ژ - ک، بەڵام کار لە کارترازا بوو، حوکومەتێکی ناوچەیی و دامودەزگایەک و تودەییەکان بە دەسەڵات بوون، لەشکرێک هەبوو و لە هەرچوارپارچەی کوردستانیشەوە، کوردەکە ڕووی لە کۆمارەکە کرد بوو بۆ پشتیوانی کردن، ئەمە یەکێکە لەنیشانەکانی ئەوە کە نەتەوەکە، قازییان وەک سەرکردەیەکی نەتەوەیی بینیوە، بە گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە نەتەوەییەکەی لە ناو کۆمەڵەی (ژ - ک) دا. ئەو هەرچی وت لەو ماوەیەدا هەر ڕەنگدانەوەی بیری نەتەوەیی ئەو بوو کە لە کۆمەڵەی (ژ - ک) وە سەرچاوەی گرت بوو.

لێرەدا بە کورتی باس لەڕووخاندنی دەسەڵات و شەهیدکردنی دوا پاشای دادپەروەری کورد ئەژدەهاک یا وەک دوژمنان ناویان ناوە زەحاک و زوحاک و... هتد دەکەین... کە بۆ کورد تێکشکاندنێکی سیاسی هەرە مەزن و دۆڕاندن و لەناو چوونی

دەسەلاتەکەشی بوو کە هەرگیز جارێکی تر نەیتوانی بەدەستی بێنێتەوە، ژیان لە ناو سێ کلتوری دڵڕەق و بەرەنگاربوونەوەی سێ لەشکری ڕەگەزپەرست و سێ ئابووری زەبەلاح لە پشتییەوە کارێکی نەکردنەی و موعجزیزە ئاسایە بۆ مانەوەی کورد، بە بوونی ئەو سەرکردایەتییەش لە ڕۆژهەلات و باشووردا:

## ڕووداوە مێژووییەکە:

ئەژدەهاک... پاشای وڵاتی کوردان، ناسراو بوو بە دادپەروەی و ژیری و توانای بەرزی هزرو ڕاوێژ و تەگبیر و لەهەمان کاتدا کە ڕووبەرێکی فراوان قەڵەمڕەوی دەسەلاتەکەی بوو، بەلام ئاشتیخواز و ئارام و مرۆڤ دۆست بوو، کەئەم خەسڵەتانە بووە هۆی ئەوەی کە ئەژدەهاک ببێتە خۆشەویستی میللەتەکەی، لەهەمانکاتدا، هەر ئەم خەسڵەتانە و خۆشەویستی نەتەوەکە بۆ پاشاکەیان، لەلایەکی ترەوە بووە هۆی دروستبوونی ڕق و قین لە دەروونی نەخۆش و لاوازی دەسەلاتدارانی میللەتانی هاوسێی کورددا، بە تایبەتی فارسەکان لە باشوور و باشووری خۆرهەلاتی قەڵەمڕەوی دەسەلاتی ئەژدەهاکدا کە بەزۆری خۆیان بچوکتر دەبینی لە ڕووی فەرهەنگی و توانای هزری و دەسەلاتەوە، کە ئەمەش واقعێک بوو بۆیان هەرس نەدەکرا، هەر ئەم ڕق و ڕژد بردنە خستنییە سەرفکری پەلاماردان بۆسەر قەڵەمڕەوی دەسەلاتی ئەم پاشا داد پەروەرە، بەلام هەموو جارێک بە کۆڵێک زیانەوە تاسەر سنووری ناوچەکانی خۆیان ڕاودەنرانەوە و یەکێک لە ڕاسپاردەکانی ئەم پاشا دادپەروەرە ئەوەبوو کە نابێت سوپای کوردان بچنە ناو سنوورەکانی ئەو میللەتانەوە، وەک دەگێڕنەوە، نە دستدرێژی دەکردە سەر کەس و نە دستدرێژیی کردنە سەر میللەتەکەی قەبوڵ دەکرد (کە ئەمە بنەما ڕاستەکەی دەسەلاتە، کە ئێستا شێوێنراوە و لە بازاڕی سیاسی ئەمرۆدا ئەم هاوکێشەیە دۆڕاندنی بەدوادا دێت، لەدوای ئەژدەهاکەوە ئێمە دۆڕان دوای دۆڕان، شکان دوای شکان دەئەزموێنین بە تایبەتی لە ڕۆژهەلات و باشووری کوردستاندا).

پاش چەندین هەوڵی بێ ئاکامی لەشکری فارسەکان بۆ لە ناوبردنی دەسەلاتی ئەژدەهاک، فارسەکان بەڕاو تەگبیری ڕاوێژکارانی بە ئەزموونیان، هاتنە سەر ئەو بیرەی کە باشترین ڕێگا بۆ چونە ناو قەڵەمڕەوی دەسەلاتی ئەژدەهاکی دادپەروەرەوە، ئەوەیە کە هەنگاو بۆ خزمایەتی دروستکردن بنرێت لەڕێگای ژن و ژنخوازییەوە، چونکە ئەوە بۆ فارسەکان ئاشکرا بوو کە لەلای میللەتی کورد و بە تایبەت لای ئەم پاشا دادپەروەرە، ژن پلە و پایەیەکی تایبەتی هەیە و هاوسەرەکان (بەزۆری لە ناو خێزانەکاندا) ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە بڕیارەکاندا، بۆیە لەڕێگای کۆمەڵێک لە ڕیشسپیانی فارسەوە ئەم بابەتەیان گەیاندە دەرباری پاشایەتی و ئەویش پاش ڕاوێژ بە وەزیرەکانی، ئەم هەنگاوەیان بۆ بەرقەرار بوونی ئاشتییەکی هەمیشەیی ڕەت نەکردەوە، چونکە جەنگی زۆری لە ناکاو و تاوناتاوی فارسەکان نزیکەی سوپاکەی ئەژدەهاکیان مەشغول کردبوو بە خۆیانەوە، بەمجۆرە لەڕێگای ئەم هاوسەرە فارسەی ئەژدەهاکەوە، دەرگای دەربار بۆ

هەلپەرستانی فارس والا بوو.

لەم ژنە فارسە ئەژدەهاک کوڕێکی دەبێت ناوی دەنێن ( فەرەیدوون)، کاتێ فەرەیدوون تەمەنی دەگاتە ١٥ - ١٦ ساڵان، ئەژدەهاک بۆ ڕاهێنانی هونەری جەنگ، سەفەر دەکات بۆ یەمەن، ئەوکاتە یەمەن، ناوەندی ڕاهینای هونەریی جەنگی بووە و زۆر لە پاشا و دەسەلاتداران چوونەتە ئەوێ بۆ فێربوونی ئەم هونەرە، ئەم سەفەرەی ئەژدەهاک نزیک بە ساڵێک زیاتر دەخایێنێ و لەو ماوەیەدا ئیتر بوار بۆ خاڵوانی فەرەیدوون دەڕەخسێ کە هەم ئارەزووی بە دەسەلات گەیشتن لای فەرەیدوون، دنە بدەن و چالاکی بکەن و هەم لە بنکە و ناوەندی هێزە سەربازیەکاندا، دەسەلاتی خۆیان فراوان بکەن و خەڵکێکی نەفس نزم بکەنە لایەنگری خۆیان، لە ناو کوردیشدا باوە کە خوشکەزاکان زیاتر بەلای خاڵواندا دەیشکێننەوە، جا بەم هۆیانەوە، فەرەیدوون دەکەوێتە ژێر کاریگەریی خاڵوانییەوە و پلانی شەهیدکردنی باوکی (ئەژدەهاک پاشا) لەگەڵ خاڵوانیدا دادەڕێژێ و هێمای ئەم پلانە نا ئینسانی و چەپەڵەش ئەوە دەبێت، کە ئەگەر توانیان پاشا شەهید بکەن و سەرکەوتووبوون ئەوا لەهەموو ئەو ناوەندە سەربازیانەی کە لایەنگریان تێدا پەیدا کردووە، ئاگر بکەنەوە وەک مژدەیەک بۆ کوژرانی ئەژدەهاک و پەلامار بۆ سەر ئەو هێزانەی کە هێشتا وەک لایەنگری ئەژدەهاک و دەسەلاتەکەی ماونەتەوە...

پاش گەڕانەوەی ئەژدەهاک و ڕاوێژکارانی لەو سەفەرە درێژخایەن و بڕستبڕە، شەوی یەکەم ناتوانن پلانەکەیان جێبەجێبکەن بەلام شەوی دووەم دەستی خۆیان دەوشێنن و لەکاتی گونجاودا پاشای دادپەروەری ئاشتیخواز شەهید دەکەن و ئاگری مژدە دەکەنەوە و پەلاماری ئەو هێزانە دەدەن کە تەسلیم بە خواستی ناپاکانەی ئەوان نەبوون و ژمارەیەکی زۆر لەو پێشمەرگانەی ئەژدەهاک کە بەرەنگاریی دەکەن، شەهید دەکرێن و ئەوانەش کە دەمێننەوە ناچار دەبن لە وولاتی خۆیان ئاوارە دەبن و لەو ڕۆژەوە ئیتر ئەم نەتەوەیە نەیتوانیوە، دەسەلاتێکی یەکگرتووی هەبێت و سالانێکی زۆرە ئەم نەتەوەیە وەک گەورەترین نەتەوەی سەر رووی ئەم زەوییە پڕ لە بێدادیەدا لە وولاتەکی خۆیدا ئاوارەیە و شکست دوای شکست تووشی سەرکردایەتی سیاسی دەبێت و ئەوانیش لەگەڵ خۆیاندا، نەتەوەکە یا هەر جارەی بەشێک لەم نەتەوەیە بەرەو لەناوچوون وماڵوێرانی دەبەن، بەتایبەتی لە باشوور و ڕۆژهەلاتەکەیدا.

لەسەردەمی برەوی ئاینی زەردەشتیدا (د.خ)، کە بانگی بۆ هەموو چاکییەکان دەکرد و دروشمەکەی بریتی بوون لە (بیری چاک، وتەی چاک و کرداری چاک) و هەروەها ئاگر وەک هێمای ڕوونانی تاریکی و پاک بوونەوە لە پیسییەکان، کە هەرواشە ئاگر ماددەیەکە بۆ پاکژکردنەوە، جا ڕاستەوخۆ یا بەشێوەکانی تری بەکارهێنانی بێت وەک کوڵاندن و.... هتد، ئاگر بێگومان یەکێکە لە سەرچاوەکانی ژیان و مانەوە.

## خاکەلێوە – نەورۆز

لە سەرەتای بەهاردا وەک زیندووبوونەوەی سروشت کە بۆ مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ زۆر گرنگن جەژنی بەهار گیراوە و نەتەوەی کورد ئەم جەژنانەی بە نـاوی جـوداوە یـادکردۆتەوە، بەڵام گێڕانـی ئاهەنـگ و پیشـاندانی ڕۆژی (نەورۆز) وەک ڕۆژی سەرکەوتن بە مانا سیاسییەکەی، بە تەواوی پێچەوانەی ڕاستییە و ئاوەژو و کردنەوەی مێژووە. بەمانا سیاسییەکەی یەکەم شکستی گەورەی کوردە، کە جارێکی تر نەیتوانی هەستێتەوە و تێکشکان بووە ئاکامی باوی خەباتەکەی.

لە باشووری کوردستان، لە بەر ئەوەی بەرەنگارییەکە زۆر سەخت و بەربەرەیەک کەوتنەکە لەگەڵ کلتورێکدا بووە کە جگە لە ئایین، ڕایەڵێکی تر ئەم نەتەوەیەی نەدەبەستەوە بەو کلتورە نامۆیەوە و خواستی ئەوانیش بۆ چارەسەری گرفتەکان بە بەکارهێنانی هێز و زۆر و ڕەتکردنەوە و هەوڵ دانیان بۆ سەپاندنی خۆیان و کلتورەکەیان بەو جۆرە بەسەر نەتەوەی کورددا، کە لە دوایدا کێشای بۆ لەناوبردنی بەکۆمەڵ (هەڵەبجە و ئەنفالەکان) و تەنانەت لەو سەرەتایانەی دروستبوونی عێراقدا وەک (وڵاتێکی کۆماریی) لە کۆبوونەوەی باڵای حوکومەتیاندا، پێشنیازی ئەوەیان کردوە کە (چیاکانی کوردستان) تەخت بکەن بۆ ئەوەی کوردەکان نەتوانن خۆیانی تێدا حەشار بدەن !!

کوێربوونی زەین و قەبوڵ نەکردنی لۆژیک و واقیع، چ بە ئینسانی دەسەڵاتران ناکات، ڕەنگە زۆر و زێڕ، بینایی و ڕۆحی تاکگەلێک، سەرکردایەتی حیزبگەلێکی لە باشوور و ڕۆژهەڵات، کوێرکردبێ و شێواندبێ، بەڵام بوونی نەتەوەیەک و کلتوری نەتەوەیەک، جودایە لە ڕەفتاری تاکگەل و سەرکردەگەلێکی کە بۆ خۆشگوزەرانی خۆیان، بەشێک لە نەتەوەکەیان کردۆتە قوربانی.

بەهۆی بەرەنگارییە توندەکەوە کە لەسەرە باسمان کرد، لە باشووردا (نەورۆز) بووە بە هێمایەکی دیاریی بەرەنگاربوونەوەی ئەو کلتورە و دەسەڵاترانە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو نەتەوە سەردەستانە، بۆیە چەند شاعیر کەوتوونەتە هەڵەوە بە سروود و تەنانەت بە دیوانی شیعریی ( کاوەی ئاسنگەریان، کە بوونێکی وەهمی بووە، لە ئەفسانەوە گواستراوەتە و لە زینی خەڵکدا کراوەتە واقع) نەمرکردووە و بە چاولێکەری ئەو ئەفسانە بێبنەمایە، نازانستییە، خورافاتییە کە بۆ ئەژدەهاکیان هۆنیوەتەوە، کە گوایە دووماری لەسەر شانی بووە، کە لە ڕاستیدا ئەژدەهاک کوڵەباڵی لەبەردەکرد بەسەر جلەکانیدا و ئێمە دەزانین کە جێی دووقۆڵی بچوک لەسەر شانی مرۆڤن کاتێ کە کوڵە باڵ لەبەردەکات و ناوەکەی لەزاراوەی سۆرانیدا هەر لەمەوە هاتووە، (دوو باڵ یا دوو قۆڵی) کوڵ.

بەڵام ئەوان بۆ شیواندنی ڕاستییەکان، ئەم ئەفسانە پڕ لە خورافاتەیان هۆنیوەتەوە و بەدەیان کتێب و سەدان وتاریان لەسەر نووسیوە و تەنانەت بەرەنگاری نووسەرانی کورد بوونەتەوە ئەگەر جگە لەم خورافاتە جۆرێکی تر بیریی کردبێتەوە

یا وتبێت.

بە نموونە: لە کۆنفرانسێکدا لە ساڵڕۆژی یادی فەردۆسیدا لە تەورێز، کاک ئەحمەدی شەریفی نووسەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا، باس لەوە دەکات کە ئەم نووسەرە کورد بووە و ئەو چیرۆکانەی کە داپیرەی لە گوێ ئاگرداندا بە منداڵی بۆی گێڕاوەتەوە، کردۆێتییە بناغەی نووسینەکانی، کۆمەڵێک لە زانایان!!! و ڕوناکبیرانی زانستگەی ئەدەبیاتی تاران کە لە کۆنفرانسەکەدا بوون، لەسەر ئەم قسەیە دەچنەوە بەگژیدا و پەلاماری دەدەن و دەیانەوێ بە شێوەیەکی فیزیکی لێی بدەن.

ئەمە بەردەوام لە هەر چوار پارچەی کوردستان ڕوودەدات، هەروەک عەزیز نەسین قاپە نسکێنەکەی کرد بە روخساری هونەرمەند (ئەحمەد کایا) دا، دەردەکە دەردی ڕۆناکبیرانی نەتەوە سەردەستەکانە، کە هەمیشە، لە سێبەری دەسەڵاتی وڵاتەکانیاندا، هەر دەسەڵاتێ بوو بێت، مەکینەی زەبەڵاحی ستەمەکەیان سوڕاندووە و ڕەواییان داوە بە ستەمە نەتەوەییەکە. بەڵی زۆر لە شاعیرە دیارەکانی باشوور کەوتوونەتە ئەو هەڵە مێژووییە کوشندەیەوە (کە من پێموایە، نەدەبوو بکرێت، بەڵام دیارە بۆ کردنی مەسەلەیەکی مێژوویی بە هێمایەکی بەرەنگار بوونەوە ئەوان سوودیان لەم مەسەلەیە وەرگرتووە، دەنا ناکرێت ڕۆشنبیر تا ڕادەی فەیلەسوف بوونی کەسێکی وەک پیرەمێرد، لە ڕاستیەکی مێژوویی، ئەویش ئەم خاڵی وەرچەرخانە گرنگە لە ژیانی نەتەوەکەیدا، ئاگادار نەبووبێت).

هەر بەپێی ئەم ئەفسانە خورافییانە، خەسڵەتە جوانەکانی ئەژدەهاک کە لە ژماردن نایەن، دەدەنە پاڵ ئەنۆشیروانی خوێنرێژ، کە لە کەلەسەری کوژراوان منارەی دروستکردووە و بەدیارییەوە ترپاکی کێشاوە و لەزەتی لەو دیمەنە وەرگرتووە!!! و سیفەتە ئینسانییە بەرزەکانی ئەم پاشایە دابەشدەکەن بەسەر پاشاکانی فارسدا کە جگە لە حەرەمسەرای ژنانی سەماکار وخونیاگەران و کێشانی بەنگ و تریاک و بەزمی شەوانەی دەربار*، کە کردیانە فەرهەنگێکی باو و تا ئێستا ماکەکانی لەو سەرزەمینەدا هەرماوە، کارێکی فەرهەنگی تریان لەپاش بەجێنەماوە، بەمجۆرە توانیان گرێی دەروونی پلە نزمی فەرهەنگ و ئەدەبەکەیان سارێژ بکەن و ئەوەی کە موڵکی بەلایەنی کەمەوە نۆ میللەت بوو بەناوی خۆیانەوە لەمێژوویەکی وەک ئەم مێژووە ساختەیەدا بیهۆننەوە، وەک بیریاری گەورەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاک ئەحمەدی موفتیزادە دەڵێ: هەموو ئەدەبی فارس بەر لە هاتی (ئیسلام) بۆ ئیران تەنها بریتی بووە لەم دوو دێر شیعرە، جگە لەمە بەرهەمێکی تری ئەدەبی نەدۆزراوەتەوە:

**اهوی وحشی در دشت چگونه بودا**
**و ندارد یار و بی یار چگونه رودا****

**ئاسکی کێوی لە دەشتا دەبێ حاڵی چ بێ**
**کە بێ یارە و بێ یار چۆناوچۆن بچێ**

**سەرنج:**

***، ***کاک ئەحمەد ئەو سەردەمەی لە زانستگەی تاران مامۆستا بوو، لە دیدارێکدا بە هاوبەشی گەورەکانی بیر و مێژووی ئێران لەسەردەمی شادا، باس لە پاشاکانی ئێران دەکات و دەفەرموێ:**

**بێناموسترین، ژنبازترین، تریاکی و فاسدترین شاکانی جیهان، شاکانی ئێران بوون، تەنانەت شاکانی ڕۆم زۆر لە شاکانی ئێران شەریفتر و ئینسانتر بوون. لەسەر ئەدەبی پێش هاتنی ئیسلامیش ئەو دوو دێڕە شیعرە دێنێتەوە.**


**هەتا ئێستا هیچ مێژوو نووسێکی فارس، زماناس و ئەدیبێکیان نەیانتوانییوە وەڵامی ئەم قسانەی کاک ئەحمەد بدەنەوە، چونکە ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە ئەو هەڵکەوتەیەی کورد لەناو جەرگەی ناوەندی ڕۆناکبیریی نەتەوەیەکی سەردەستەوە، بە جورئەت و توانایەکی بێوێنەوە، غروری بێ بنەما و شانازی کردنی لەسەر بنەمای خورافە و مێژوویەکی هەڵبەسترا و پوچی لە چەند وشەی زێڕیندا ئاشکرا کرد و پەنجەرەی ڕوناکیی لەسەر مێژوویەکی تاریککرا و تەزویرکراو کردەوە.**

**هەروەها د.عەبدولڕەحمان بەدەوی: لە کتێبێکیدا کە ئێستا لەبەر دەستمدا نییە، دەڵێت: سیەفەتی (خنیاگر: خونیاگەر و خونیاگەریی) کە بریتییە لە سەمای (ژنان و پیاوان) و گۆرانی، لە دەرباری شاکانی ئێرانەوە، هاتووە.**

**مەبەست لە ڕەتکردنەوەی هونەری بەرزی مۆسیقا و گۆرانی نییە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ ئەو سەرگەرمییەی کە شاکانی ئێران بوویانە. نەک ئەو کلتورە بەرزەی لە کتێبگەلی ساختەی نووسراو بە قەڵەمی ڕۆشنبیری ساختەچی دەربارەی شاکانی ئێران، دەرخواردی بیر و هۆشی لاوانی ئەو نەتەوە بندەستانە دەدرێت.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی شار پریس - ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١٩**

# بەرەو نەورۆزێکی مێژوویی



**برایم چووکەڵی**

شاخی ملەند وەک کەللەقەندێک لە سەر ڕووباری سیروانەوە هەڵدەکشێ بۆ سەرەوە و پاڵی داوە بە شاخی شاهۆوە. شارۆچکەی نەوسوود لە نێوقەدی ئەم کەللەقەندە هەڵکەوتوە. شاخی شاهۆ لە ڕۆژئاوای شاری نەوسوودە، لە باکوور شارۆچکەی نۆدشە و لە باشووریشەوە شارۆچکەی تەوێڵە هەڵکەوتوون. ئاوی سیروانیش نیوەبازنەیی لە لای نۆدشەوە تا قەڵاگا ناوچەکەی لە شوێنەکانی دیکە دابڕیوە. لە لوتکەی ملەندوە بۆ سەر ئاوی سیروان دوو ڕیزە شاخ بە دوو بەری شارۆچکەی نەوسووددا بەرەو خوار دەبنەوە بۆ سەر سیروان، ئەم دوو ڕیزە شاخە بەرەی شەڕی ئێران_ عێراق بوون. ڕیزە شاخی لای باکوری نەوسوود هێزەکانی ئێران و لای باشوریشەوە هێزەکانی عێراقی لێ جێگیر کرابوون. ڕۆژئاوای شاخی پەروێنێ ناوچەی قەدەغەکراوی عێراق و چەند گوندێکی چۆڵکراوی لێ بوون. بنکە و بارەگاکانی هێزی شاهۆ و کومیتەی شارستانی هەورامان لە دوو بەری ئەم شاخە و شارۆچکەی نەوسوود و گوندەکانی لای باشوری ڕۆژئاوای نەوسوود دامەزرابوون. جیا لەم ناوچەیە دوو بنکەی دیکە هەبوون، یەکیان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەڵەبجە لە داوێنی شاخی شنرویّ لە گوندی ڕێشاو، ئەوەی دیکەیان لە ڕۆژهەڵاتی شاری هەڵەبجە لە دامێنی شاخی شاهۆ بە ناوی هانیگەرمەڵە. هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم بە دەیان جار هێرشیی بەربڵاویان کردبوو بۆ گرتنەوەی ئەم ناوچەیە و هەر جارەو بە کوشتە و برینداریێکی زۆرەوە سەرشۆڕانە پاشەکشەیان پێ کرابوو؛ دوا هەوڵی ڕێژیم بۆ گرتنەوەی ناوچەکە لە سەرەتای مانگی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بوو، هێزەکانی ڕێژیم بە ئەرتەش و سپا و بەسیج و قەرارگای ڕەمەزان خۆیان بۆ هێرشێکی گەورە ئامادە کرد. مەبەستی سەرەکیی ڕێژیم لەم هێرشە بەربڵاوە لە داوخستن و دواتر دەرپەڕاندنی هێزەکانی

حیزبی دیموکرات لە ناوچەکە بوو.

سەرەنجام شەوی ٢٣ لە سەر ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٦٦ی هەتاوی هێرشێکی بەربڵاوی دەست پێکرد. کومیتەی شارستانی هەورامان و هێزی شاهۆ پێش هێرشەکە لە بەشی هەرەزۆری جموجوڵەکانی هێزەکانی ڕێژیم و ئامادەکارییەکانیان ئاگادار بوون. بۆیە لە لایەن هێز و کومیتەی شارستانی هەورامانەوە کۆمەڵێک بڕیار و ئامادەکاریی پێشوەخت لەبەرچاو گیرابوو.

پێشمەرگەکانی هێزەکانی شاهۆ و زاگروس لە سێ خاڵی سەرەکی و ستراتیژی ناوچەکە دەست لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگەکانیان چاوەڕوانی ڕەوەی جاش و پاسدارەکان و ئامادەی لێدانی زەبری گورچکبڕ و تاسێنەر بوون. لە لایەکی دیکەشەوە هەموو دانیشتووانی ناوچەکە پەنایان بردبووە بەر کونە تەیارە و ئەشکەوت و پەسیوەکان. بەرزاییەکانی پەروینێ و هەوارەبەرزە بەرزترین لوتکەی ناوچەکە بوون و بە گیرانی ئەم لووتکەیە پێشمەرگەکانی جێگیر لە نەوسود و شۆشمێ دەکەوتنە گەمارۆ و پێوەندییان لەگەڵ هێز دەبڕا و لە لایەکی دیکەشەوە هێزەکانی ڕێژیم بەتەواوی ناوچەی دەرەتوێ و هەرمێڵەیان دەخستە ژێر چاوەدێریی خۆیان و هاتوچۆی پێشمەرگەیان بەربەست دەکرد. هەروەها بەرزاییەکانی ئاوەزنێ و گاکوژەش شوێنی ستراتێژی بوون و، بە گیرانی ئەم شوێنانەش هێزەکانی ڕێژیم بە ئاسانی دەستیان دەگرت بە سەر بنکەی هێز و کومیتەی شارستان و ئەنباری تەقەمەنی و خواردەمەنی و زینداندا. بەرزایی ناڵەپانیش شوێنێکی ستراتێژی دیکەی ناوچەکە بوو، ئەم بەرزاییە بۆ هێزەکانی ڕێژیم لە چەند لایەکەوە گرنگ بوو. زاڵبون بە سەر دوو دیوی ناوچەکەدا، واتە قەڵاگا لە ڕۆژهەڵات و هاوارەکۆن لە ڕۆژئاوا، ئەم شوێنە پشتیوانێکی قایم دەبوو بۆ هەر دوو بەرەی ئاوەزنێ و هەوارە بەرزە. هەروەها گونجاوترین شوێن بۆ بەرێکردنی هێزی یارمەتیدەر و چەک و تەقەمەنی و خواردەمەنی بۆ بەرەی شەڕ بوو.

یەکەم ئار پی جی لە بەرزترین شاخی ناوچەکە واتە شنروێ بێدەنگیی شەوی شکاند و بوو بە دەسپێکردنی شەڕ لە هەموو ناوچەکەدا، تۆپخانەکانی ڕێژیم لە دەیان شوێنەوە کەوتنە ئاوربارانێکی قورس، بە چەشنێک کە لە یەک چرکەدا سەدان گولله تۆپ و خۆمپارە و کاتیوشا دەتەقینەوە و ناوچەکە بە تەواوی ببوو بە گڕ و ئاگر و تەقینەوە. پێشمەرگەکانیش بە وشیاری و ئامادەیی تەواوەوە لە بەرەکانی شەڕدا حەماسەتیان دەخوڵقاند. ماوەیەک دوای تەقینی ئار پی جی بۆ سەر شنروێ، بەرەی ئاوەزنێ لە سەر بێسیم مژدەی سەرکەوتن و لە داوخستنی هێزی هێرشکەری ڕاگەیاند، تیمێکی ٤٠ - ٥٠ کەسی لە هێزی تایبەت و جاشی شارەزای ناوچەکە ویستبوویان لە شوێنێکی ڕووتەن و بێ شکی ئاوەزنێ دزە بکەن بە دیوی بنکەی هێز و کومیتەی شارستاندا و لە دەسپێکی شەڕدا هێز و کومیتەی شارستان داگیر بکەن، ئەم تیمە بە شێوەیەک لە داو کەوتبوون کە تاقە یەک کەسیشیان دەرباز نەبوون. مژدەی تێکشکانی هێزی دوژمن لەلایەن فەرماندەکانەوە لە سەر

**خاکەلێوە – نەورۆز**

بێسیمەکان بوو بەهۆی بەرزبوونەوەی ورەی پێشمەرگەکان بۆ وەشاندنی زەبری گورجکبڕتر لە دوژمن. چەند چرکەیەک دواتر بەرەی هەوارە بەرزەش هەواڵی تێکشکانی دوژمنی ڕاگەیاند. لەم بەرەیەشدا هێزی پێشڕەوی تایبەتیی جاش و پاسدار بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو کەوتنە نێو تەڵەیەکی هێزی پێشمەرگە و تاقە نەفەرێکیان دەرباز نەبوون و هەموویان بەبێ نیشاندانی دژکردەوەیەکی ئەوتۆ کوژران.

تێکشکانی ئەم دوو هێزە لە دوو بەرەی جیاواز ئەوەندە کتوپڕ و لەناکاودا بوو کە هێزی زۆر و بۆری ڕێژیم بە تەوای تاسا و بۆ جارێکی دیکەش نەیانوێرا خۆیان لە قەرەی ئەو دوو بەرەیە بدەنەوە و گەڕانەوە سەنگەرەکانی پێشوی خۆیان لە شێخان و دووئاو.

لە بەرەی ناڵەپان، هێزی پشتیوانی ڕیژیم خۆیان گەیاندبووە بەرزاییەکانی ناڵەپان و چاوەڕوانی سەرکەوتنی هێزی خۆیان دەکرد لە بەرەی هەوارەبەرزە و ئاوەزنێ، بۆ ئەوەی ئەوانیش پێشڕەوی بکەن و خۆیان بگەیەننە بەرەی ئاوەزنێ. بەڵام بە هۆی تێکشکانی ئەو دوو بەرەیە بەرەی ناڵەپان تا ڕووناکیی بەرەبەیان نەیانوێرا هیچ جموجۆڵێک لە خۆیان نیشان بدەن. بە ڕووناکبوونی هەوا هێزەکای ڕێژیم لە ژێر زەختی فەرماندەی عەمەلیات لە ناڵەپانەوە چەندین هێرشی یەک لە دوای یەکیان دەست پێکرد کە هەموو جارێک بە زەرەر و زیانێکی زۆرەوە تێک دەشکان و دواجار بە سەرشۆڕییەوە بە تەواوی پاشەکشەیان کرد و ناوچەکەیان بەجێهێشت.

لەم هێرش و تێکشکانەی ناڵەپاندا جەندەکی دەیان جاش و پاسدار بەجێ مابوون و کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنیی زۆریش وەک دەسکەوت کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە. زیانی پێشمەرگەش لەم بەرەنگارییە بێوێنەیەدا برینداربوونی فەرماندەیەکی قارەمان بەناوی عیزەت ئەحمەدی بوو کە بەداخەوە بە هۆی کاریبوونی برینەکەی دواتر گیانی بەختی ئازادی گەل و نەتەوەکەی کرد.

(لە ژمارەی ٧٢١ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٨

# نەورۆز و ئاجێندا نەتەوەییەکان ڕەمز و هێمای یەکێتی و پێکەوەبوون



**موختار ئەحمەدی**

مێژووی هەموو نەتەوەو گەلانی جیهان هەرکامەیان تایبەتمەندی کولتووری، مێژوویی، سیاسی و ڕۆشنبیری خۆیان هەیەو شووناس و بوون و مانەوەیان پەیوەستە بە زیندوو ڕاگرتنی ئەو تایبەتمەندییانەو تا هاتووە وەک نەریت و بەپێی تێپەڕبوونی زەمەن گەشە و پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینیوە. کورد بەگشتی یەک لەو نەتەوانەیە کە بە هەبوونی تایبەتمەندییە جیاوازەکان، شێوازی ژیان، ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی، کولتووری و مێژووی تایبەتی خۆی سەرەڕای هەموو ئاستەنگە جیاوازەکان کە دەسەڵات و حکومەتە داگیرکەرەکان بەسەریدا سەپاندوویانە توانیویەتی زیندوو بوونی خۆی ڕابگرێت. کوردستانی ڕۆژهەڵات وەک بەشێکی کوردستان کە زیاتر لە ٣٩ ساڵە لە ژێر سێبەری دیکتاتۆریدا بەسەر دەبات توانیویە گەشەو بووژانەوەیەک لە بواری سیاسی، کۆمەڵگای مەدەنی، ڕۆشنبیری و کولتووری بەخۆیەوە ببینێت. کەڵکی لە هەموو دەرفەتەکان بۆ قۆستنەوەی هەرچی زیاتری باس کردن لە ماف و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک وەرگرتووەو بووەتە گۆڕەپانی ململانێی جەماوەر و کۆماری ئیسلامی. پرسی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور و کاریگەریی کەرنەڤاڵی ڕەنگەکان لە هێنان و ڕێکخستنی جەماوەر بۆ پشتیوانی لەم داواکارییە سیاسی نەتەوەییە دەرفەتێک بوو، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات پەیامی خۆی بە کوردستانی باشوور بگەیەنێت و جارێکی دیکە یەک بوون و هاودەنگ بوونی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان بە نەیاران بگەیەنێت.ئەمەیش بوو بە دەرفەتێکی دیکە کە لاوان لە دژی دیکتاتۆرییەتی ئیسلامی درووشمەکانی خۆیان بڵێنەوە.

**خاکەلێوە – نەورۆز**

مانگەکانی پێش لە پاش لێدانی بوومەلەرزە لە کرماشان کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باقی شوێنەکانی دیکەیش بەتایبەت لە وڵاتانی ئوروپایی و ئامریکا وەک پرەنسیپ و ئاجێندایەکی نەتەوەیی کەوتنە یارمەتی کۆکردنەوە بۆ بومەلەرزە لێدراوان. بەڵام ئەوەی گرینگ و دڵخۆشکەر بوو پێکهاتنی بۆشایەکی گەورە لە نێوان دەسەڵات و جەماوەردا بوو کە زیاتر لە جاران هەستی پێکرا و شارۆمەندان هیچ چەشنە باوەڕێکیان بە ئۆرگان و ناوەندە حکوومییەکان نەبوو، ئەوەی جێگای باوەڕو ئێعتباری جەماوەر بوو، چالاکانی مەدەنی و سیاسی کوردستان بوون کە خەڵک بەوپەڕی باوەڕ و متمانەوە یارمەتییەکانی خۆیانیان پێ دەسپارد. ئەمەیش نارەزایەتیی دەسەڵاتداران و بەرپرسانی لێکەوتەوە و بەجۆرێک کەوتنە دژایەتیی چالاکانی مەدەنی و سیاسی نەک هەر لە کوردستان بەڵکوو شارەکانی دیکەی ئێرانیشی گرتەوە و ڕوخسارێکی وەرزشی و چالاکێکی کۆمەڵایەتی متمانەی زیاتر پێدەکرا تا پارێزگار و شارەوانییەکان.

نەورۆز و بۆنەکانی نەورۆزی بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو هەمیشە مەترسی بووە بۆ ڕژیم و دەرفەت بووە بۆ کورد کە بڵێت من هەم و بوون و مانەوەم کەس ناتوانێت بیخاتە مەترسیەوە. هەمووان لە بیریانە کە لە سەروبەندی دەسەڵاتی هاشمی ڕەفسەنجانیدا کە ئەوکات سەرۆک کۆماری ڕژیم بوو، خەڵکی شاری مەریوان لە ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی لە ڕۆژی نەورۆزدا یەکەمین ڕێوڕەسمی جەماوەری و ڕێکخراویان بەڕێوە برد و گۆڕەپان و بولوارێک کە بە ناو هاشمی ڕەفسەنجانیەوە بوو گۆڕیان بە گۆڕەپانی نەورۆز و بولواری نەورۆز و لەوێ وەک بڕیارنامەیەکی لێژنەی بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمە خوێندرایەوە و لەو ساتەوە خەڵکی ئەم شارە بە ناوی نەورۆزەوە ناو لەم گۆڕەپان و بولوارە دەبەن. ئەمە چەند پەیامی تێدا بوو هەم بۆ ڕژیم و هەم بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان:

**یەکەم**: ئەمە هەم لە باری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەوە کاریگەری ئەرێنی دانا لەسەر خەڵک و لەهەمان کاتیشدا نایەکی گەورە بوو بە هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ڕژیم و باقیی بەرپرسان و دەسەلاتدارانی لە کوردستان.

**دوهەم**: ڕێچکە و ڕێنیشاندەرێکی باش بوو بۆ باقیی شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە بەو شێوەیە بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە نەورۆز بەڕێوە ببەن.

**سێهەم**: ئەوەی سەلماند کە بە یەکێتی و یەکریزی دەتوانین لە هێڵە سوورەکانی ڕژیم تێپەڕ بین و هەنگاوی پتەوتر بۆ گەیشتن بەخواستە بەرفراوان و پڕ ڕەهەندەکانی دیکە بنێین.

تا هاتووە نەورۆز بووە بە هێمای یەکڕیزی و هاودەنگی و هەستانەوە بەو مانا کە تاکی کورد بەشێوەیەکی گشتی لەم ڕۆژەدا بە گوزەرکردن لە بۆنەیەکی تەنیا مێژوویی، کولتووری بەکردنی بە بۆنەیەکی سیاسی کە تێیدا باس لە خواستە سیاسی، چینایەتی، کۆمەڵایەتی و عەدالەت و یەکسانی بەرەو پێش هەنگاوی ناوە. چونکە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەو پوتانسیەڵ و وزەی تێدایە کە سەرەڕای هەبوونی دەسەڵاتی پاوانخواز بەو شێوەیە خۆی نیشان بدات و ببێتە گۆڕەپانی دژایەتی ررژیم و دەسەڵات لەو چەند ڕۆژەدا بکەوێتە حاڵەتی ئامادەباشیەوە.

نەورۆزی ئەم ساڵ بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو سەرەڕای زیاتر بوونی کەش و دۆخی ئەمنییەتی و هەڕەشە و بانگ کردنەکان لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی و ڕۆشنبیری توانرا باشترین ڕێوڕەسمەکان لە بەشێک لە شار و ناوچەکانی کوردستان بەڕێوە بچن و لەو بۆنانەیشدا دەنگی نا و نا وتنەوە بە دەسەڵاتداران بە باشی باسکران و گەیشتەوە بە ئۆرگان و ناوەندە حکوومییەکانی ڕژیم. لەم نەورۆزەدا، ڕژیم هەوڵیدا کە بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی بۆ خۆی قۆرخ بکات و دەست و پێوەندەکانی خۆی بەڕێوەبەر و وتەبێژی بن و بەپێی پێوانە و مێعیارەکانی خۆی ڕێوڕەسمەکان بەڕێوە بچن. لە شارەکانی سنە، سەقز، مەریوان و چەند شوێنی دیکە هەوڵی دا سەرنجی خەڵک بۆلای خۆی ڕابکێشێت و بەشداری لە بۆنە و ڕێوڕەسمە دەوڵەتییەکان بکەن. لە شاری سنە سەرەڕای بانگەشەی ئۆرگان و ناوەندەکانی ڕژیم و ناوەندی دەنگ و ڕەنگی دەسەڵات لە شاری سنە نەیانتوانی سەرنجی جەماوەر بۆلای خۆیان ڕابکێشن و تەنیا توانییان کارمەندان و ئەندامانی ئۆرگان و ناوەندەکانی خۆیان بەرەو ئەو ستادیۆمەی کە بۆی دیاریکرابوو ڕابکێشن.

خەڵکی شاری سنە بە چوونیان بۆ دەشتی نەوەرە، دەوروبەری سەڵواتاوا،ئاوییەر و باقی سەیرانگاکانی نزیک شاری سنە باشداریان لە بۆنە دەوڵەتییەکان نەکرد. بەڵکو بە پێچەوانەی ویستی ڕژیم بە بەدەستەوە گرتنی گوڵی سوور، هەڵکردنی ئاڵای سوور و خوێندنی سروودەکانی کۆمەڵە بەرەو ساڵی نوێی کوردی و نەورۆزی ٢٧١٨ ڕۆیشتن. لەشاری سەقزیش سەرەڕای هەوڵەکانیان نەیانتوانی خەڵکانێکی زۆر بەرەو ئەو هۆڵەی کە دیاریکرابوو ببەن و کەمینەیەکی بچووک بەشدارییان تێدا کرد. لە شاری مەریوان لە ڕۆژانی پێش نەورۆز یەکەمین ڕێوڕەسمی نەورۆزی لە گوندی گوێزەکوێرە، هەسەناوڵە، دواتر لە سێف ژوورو و سێف خوارو بەڕێوە چوون و بە گوڵی سوور، جامانە و هێماکانی ڕەنگی سوور بەڕێوەچوون و ڕۆژی نەورۆزیش بە تەواوی بایکۆتی هەموو بۆنە و ڕێوڕەسمە دەوڵەتییەکان کراو خەڵکی بە گوڵی سوور و جامانەوە لە دەشتێک لە نێوان گوندەکانی ئاڵمانە، چۆڕ و نەنە ناسراو بە دەشتی چۆڕ و نەنە بە بەشداریی هەزاران کەس لە شارۆمەندانی مەریوانی بە جۆش و خورۆشێکی زۆرەوە بە گوتاری ڕوونی خۆیانەوە بەشداریان لە نەورۆز کرد. ئێوارەی نەورۆزیش وەک هەموو ساڵێک سەرەڕای میلیتاریزە بوونی شار لاوان درووشمەکانی مەرگ بەر دیکتاتۆر و بژی کۆمەڵەیان وتەوە. لە گەورەدێی نێی سەربەشاری مەریوانیش سەرەڕای هەبوونی زەبرو زەنگ و هێنانی هێزێکی زۆری سەرکوتگەر لاوانی چاونەترسی نێ توانییان

لە پێش چاوانی هێزەکانی رژێم ئاگری نەورۆز بکەنەوە و بە گوڵی سوور و جامانەوە لە مەیدانی سەرەکی ئەم گوندە بەرەو پیری نەورۆز بچن و بە گوڵی سوورەوە درووشمی بژی کاک فوئاد بڵێنەوە. لە شارەکانی پیرانشار، سیسێری سەردەشت، بانە و گوندی تەنگیسەر رێورەسمی تایبەت و رێکخراو بەرێوە چوون کە توانییان رەسەنایەتی بۆنەی نەورۆز بسەلمێنن و هەم خاوەن گوتاری خۆیان بن کە باس لە مافخوراوی و بەشمەینەت بوونی کوردیان تێدا باسکرا.

**نەورۆزی ئەم ساڵ هەم بۆ دەسەڵات و هەم بۆ ناوخۆی ماڵی کورد چەندین پەیام و مسێجی سیاسی تێدا بوو:**

**یەکەم**: ساڵانێکە کە نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە شێوازی جیاجیا داوای ئازادی بە ئەسپایی یا ئازادی هێواشەکی دەکەن و لەماوەی مانگەکانی رابردوو لە شەقامی ئینقلابی تاران کچان و ژنانێک سەرپۆشی سپی خۆیان بە نیشانەی نارەزایەتی دەربرین بە هەبوونی حیجابی زۆرەملێ لەسەر لادەبرد و بە بێ سەرپۆش لەسەر سەکۆیەک رادەوەستان و بەو شێوەیە ئەو پەیامەیان بە رژیم دەدا کە دژی حیجابی زۆرەملێن.

لە کوردستان کەسانێک ویستیان ئەو شێوازە لە خەباتکردن بهێننە کوردستان بەڵام هەر زوو کەوتنە بەر رەخنەی چالاکانی سیاسی بە تایبەت بەرەی چەپ و ئەوە بڵاو کرایەوە کە ژنانی کورد زیاتر لە ٣٩ ساڵە لە دژی حیجابی زۆرەملێ راسان و هاتنە ناو ریزەکانی کۆمەڵە و بەواتایەک ژنانی کورد هەر زوو لەوە گوزەریان کردووەووەک کولتوور و شارستانییەتی سەردەم بۆژنان شتێکی عەینیتر و لە زێهن تێپەری کردووە.

لە بۆنە نەورۆزییەکانی ساڵانی پێشەوە بگرە تا دەگاتە ئەم ساڵ ژنان و کچان بە لابردنی سەرپۆشەکانیان و کردنە بەری جلو بەرگی پێشمەرگانە بۆ جارێکی دیکە بەرهەم هێنەری ئەو کولتوورەن کە ژنانی کورد ناچنە ژێر رکێفی قەید و بەندەکانی رژیم و ئەوەی کە هەیە تەنیا بە زەبری هێزی سەرکوت و هێزی پۆلیس و ئینتزامی و یاساکانی رژیمە ناچار کراون کە پێرەوی لە سیاسەتەکانی رژیم بکەن.

**دووهەم**: بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسی و ئەو قەیرانە ناوخۆییەی کە لە ئێران بوونی هەیە و بووە هۆی هەڵگیرسانی نارەزایەتییە بەرینەکانی مانگەکانی پێش، ترسی خەڵک لە ئەو هەیمەنە لەشکان نەهاتووەی کە رەژیم ساڵانێکە بانگەشەی بۆدەکات بەتەواوی تێکشاو، ئەو تێکشکانە بووە هۆی بەرز بوونەوەی ورەی جەماوەر و ئەمەیش رەنگدانەوەی بوو لە چۆنییەتی بەرێوەبردنی رێورەسمەکانی نەورۆزی. هەروا بینیمان ئەمساڵ رەنگ و بۆنێکی سیاسی زیاتر بە بۆنەکانەوە دیار بوو.

**خاکەلێوە – نەورۆز**

وتنەوەی سروودگەلێک کە ساڵانی پێشتر وتنەوەیان ئەستەم و ئەوکات بڤەو و وەک تابۆ شکێن ناوی لێدەبرا ئەمساڵ لەبۆنەکاندا دیتمان کە لەلایەن هونەرمەندانەوە لە نێوان ئاپۆرای جەماوەردا خوێندران و بووە هۆی شادی و بزواندنی هەستی سیاسی و نەتەوەیی بەشداربووان. لەوانە سروودی پەلکی داری شادی گشتین ئێوە هەرگیز نامرن کە کاتی خۆی بۆ ڕێبەری کاریزما کاک فوئاد موستەفاسوڵتانی نووسرابوو و لە لایەن هونەرمەندان کاک ناس و کاک نەجمەی غوڵامی خوێندرابوو، و سروودی دەلالۆ کە شاعێری مەزن شێرکۆ بێکەس بۆ یادی هاوڕێ ڕێبەر د.جەعفەر شەفێعی نووسراوە ئاماژەی پێدەکرێت و بۆ جارێکی دیکە دەلالۆیان وەبیر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هێنایەوە.لە بەشێکی دیکەی شوێنەکانی کوردستان هونەرمەندان لە بەند و گۆرانیەکانیاندا باسیان لە پرسە چینایەتییەکان و باسی یەکسانی و ئازادی و دادپەروەری کرد کە کۆی گشتی ئەمانە دەتوانێت هەنگاوی باش بن. ئەمەیش خۆی دەتوانێت هەڵگری ئەو مەسێجانە بێت کە ڕژیم لە حاڵی پاشەکشە دایەو، ناتوانێت خۆی لە ژێر تەوژم و گوشاری جەماوەر رابگرێت.

**سێهەم**: ئەم ساڵ بە هۆی چوونەوە سەرەوەی ڕێژەی ئێعدامەکان لە ئێران پێڕەوکردنی وەک سیاسەتێکی نەگۆڕ لە لایەن ڕژیمەوە زیاتر لە جاران نارەزایەتی لێکەوتەوە. پێکهاتنی کەمپەینی جیاجیا لە دژی ئێعدام و پاڵپشتیکردن لە کەمپەینی نا بۆ ئێعدامی هاوڕێ رامین حسەین پەناهی لە نەورۆزی ئەمساڵدا ڕەنگ و بۆنێکی بەخشیبووە بۆنەکان و نا ووتن بە ئێعدام و لەوانە نارەزایەتی دەربڕین بە ئێعدامی هاوڕێ ڕامین و پاڵپشتیکردن لە ناوبراو بە سووتاندنی تەنافی ئێعدام لە بەشێک لە بۆنە نەورۆزییەکان دەبینراو ئەمە شتێکی نوێ بوو کە خۆی هەڵگری گوتارێکی نوێیە کە دەتوانێت رچەشکێنییەک بێت بۆ بۆنەکانی دیکە کە جەماوەر بتوانن ڕاشکاوانەتر باس لە ماف و داخوازییەکان خۆیان بکەن.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێن نەورۆزی ئەمساڵ نەورۆزێکی جیاواز بوو کە هەم باس لە مافە سیاسی و چینایەتییەکان کراو ئەمەیش هەڵقوڵاوی ویست و داخوازی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە کە ڕەنگدانەوەی باشی بوو لە بۆنە نەورۆزییەکاندا. لێرەدا جێگای خۆیەتی دەست خۆشی و ماندوو نەبوونی لە هەموو چالاکانی مەدەنی،، چالاکانی سیاسی، هونەرمەندان، ڕێکخەران و بەڕێوەبەرانی ڕێورەسمەکانی تایبەت بە نەورۆز بکەین کە بەوپەڕی دڵسۆزی و لێهاتویی توانییان جۆش و خورۆشێکی تایبەت بە نەورۆزی ئەم ساڵ ببەخشەن.

بەهیوای ساڵێکی پڕ لەخۆشی و گەیشتن بە ئاوات و ئامانجە هاوبەشەکانمان کە ساڵانێکی زۆرە لە پێناویدا خەباتیان بۆ دەکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٩ی ئەپریلی ٢٠١٨

# نەورۆزی گوڵی سوور



**جەمشید بەهرامی**

## ئاماژە:

به لەبەرچاوگرتنی شێواندن و بەلاڕێدابردنی مێژووی گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی بندەست لەلایەن ئەویترەکانی کوردەوە و سەرەڕای هەموو بیروڕا جیاوازەکان سەبارەت بە ڕەچەڵەکی جێژنی نەورۆز، یەک بۆچوون لەوانی دیکە بەهێزترە: نەورۆز وەک جێژنێکی کۆنی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ماد و هەر بە هەمان شێوەش ساڵنامەی کوردی سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێکەوتە.

جێژنی نەورۆز بە مێژوویەکی سێ هەزار ساڵەوە بۆ کورد و ئەو نەتەوانەی کە جێژنی نەورۆز پیرۆز دەکەن ئاماژەیەکە بۆ کولتووری دەوڵەمەندی ئەو نەتەوانە و لەوانەش گەلی کورد.

ئەوەی لەم سەردەمەدا گرنگە ئەوەیە کە کورد نەورۆز بە جێژنێکی تایبەت دەزانێت و وەک هۆکارێکی شوناسبەخش چاو لەو بۆنەیە دەکات هەر بۆیە لە هەموو کون و قوژبنێکی کوردستاندا جێژنی نەورۆز پیرۆز دەکرێت.

## نیشانە و نەورۆز

نیشانە شتێکە کە دەلالەت لە هەبوون، ڕاستەقینەبوون، چۆنایەتی یان حاڵەتێکی دیکەی چشتێکی تایبەت دەکات، نیشانە هۆکارێکی تایبەتە لە پێوەندییەکاندا و بەگشتی بریتییە لە نیشانەی زمانی (پێوەندیدار بە زمانەوە) و دیداری؛ یان هەر شتێک کە لای بەردەنگ مانایەکی تایبەت درووست بکات. نەورۆز کۆمەڵێک نیشانەی زمانی و دیداری لە خۆ دەگرێت و بە گشتی لە ئاراستەی پێکانی ئامانجێکی تایبەتدا دەردەکەوێت. نیشانە زمانییەکانی نەورۆز لە سرووده حیماسییەکاندا خۆ دەردەخات و نیشانە دیدارییەکانی نەورۆز بریتییە لە هەموو ئەو هۆکارە دیداریانەی کە ڕواڵەت و پەیکەرەی نەورۆز پێکدەهێنن.

ئەگەر لە چوارچێوەی سیستەمی نیشانەناسیدا شرۆڤە بۆ نەورۆز بکەین لە حەقیقەتی شاردراوە لە پشتی هێما، سیمبۆل و ڕەمزە کولتوورییەکانی نەورۆز تێدەگەین.

ئەگەر لە گۆشەنیگای نیشانەناسییەوە ئاور لە نەورۆز بدەینەوە نەورۆز وەک وشە بەتەنیا خۆی واتایەکی ئەوتۆی جگە لە "ڕۆژی نوێ" نییە؛ بەڵام واتاکان لە چوارچێوەی تۆڕێکی بەربڵاوی تایبەت بە نەورۆزدا بەرجەستە دەبنەوە کە هەرکامەیان بۆ خۆی چوارچێوەیەکی کولتووریی تایبەتی هەیە، هەر بەم پێیە ئەگەر ئاور لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانیش بدەینەوە هەر لە بەکارهێنانی ڕەنگەکانەوە بگرە تاکوو فرەچەشن بوون و تەنانەت جیاوازیی درووشمەکان و جیاوازی لە شێوازی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی نەورۆزدا، ئەمەمان بۆ دەردەخات کاتێک لە گۆشەنیگای نیشانەناسییەوە ئاور لە نەورۆز دەدەینەوە لەگەڵ سیستم و لە هەمان کاتیشدا تۆڕێکی بەرین و بەربڵاوی نیشانەکان بەرەوڕووین.

نەورۆزی ڕۆژهەڵات لەم سەردەمەدا یەکێک لە خاڵە جێ سەرنجەکانی ڕێوڕەسمی نەورۆز ئەوەیە کە نەورۆز جگە لەوەی ئاماژەیەکە بۆ نوێ بوونەوە ئاماژەیەکیشە بۆ زیندوو بوونەوە، واتە زیندووبوونەوەیەکی نوێ لە کۆمەڵگادا؛ ئەو گۆڕانەی کە لە سرووشتدا دەبینرێت لە ژیانی مرۆییشدا پێک دێت، ڕەشی جێگای خۆی دەدات بە شەبەنگێک لە ڕەنگەکان کە بەتەواو مانا هەم لە سرووشتیشدا دەبینرێن و هەم لە جل و بەرگی تاک بە تاکی خەڵکی کۆمەڵگاشدا دەبینرێن و بەگشتی هێمایەکن بۆ ژیان.

لەم ساڵانەی دواتردا هەر تاکێکی کورد بەشبەحاڵی خۆی هەوڵی بەدیکۆمێنت کردنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز داوە، ئەمە

## خاکەلێوە – نەورۆز

دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە چیتر نەتەوەی باڵادەست ناتوانێت ڕاستییەکان بەلاڕێدا ببات و شوناسی ناڕاستەقینە بۆ نەتەوەی بندەست دروووست بکات و لەم سەردەمەدا هەموو ڕووداو و جووڵە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژانە بەڵگەمەند و ئارشیڤ دەکرێن. لە نێو کورددا ڕێوڕەسمی نەورۆز بەئامانجێکی جیاوازتر لە نەتەوەکانی دیکە بەڕێوە دەچێت، ڕێوڕەسمی نەورۆز پێگە و مەکۆیەکە بۆ بەرەنگاری لە بەرامبەر داگیرکەردا، بە گشتیی بەرەنگاری لە بەرامبەر هەموو ڕەشی و بارودۆخە سەخڵەتەکان و تووندوتیژی بەسیستمکراوی دەسەڵاتی داگیرکەر و داپڵۆسێنەر. خەڵکی کوردستان بە هاتنەوەی سەری ساڵی تازە لەگەڵ نیشتمان پەیمان تازە دەکەنەوە تاکوو بە هەڵپەڕکێ و شادی و سروودەوە لە لایەکەوە بەرەو پیریی ڕامالینی زەبر و زەنگەکان بچن و لە لایەکی دیکەشەوە بە باوەشێکی ئاوەڵا و پڕ لە هیواوە بەرەو ڕزگاریی یەکجارەکی بچن. بەچاوخشاندنێک بە بەڕێووەچوونی ڕێک و پێک و بەرنامەبۆداڕێژراوی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نەورۆز خاوەنی ئەو وزە شاراوەیە کە لە هەموو لایەنێکەوە گوڕ و تینێکی تایبەت دەبەخشێتە کۆمەڵگا.

### هێماسازی لە کوردستان ڕۆژهەڵاتدا

بەدرێژایی خەبات دژ بە داگیرکەرانی کوردستان هەر سەردەمێک کۆمەڵێک چشت بوونەتە هێما و ئاماژە بۆ مەبەستێکی تایبەت، هەر هێمایەک واتاسازیی بۆ پرسێکی تایبەت کردووە و لەو ڕێگایەوە ورەیەکی تایبەتی بە کۆمەڵگا بەخشیوە. ئەگەر بە خێرایی چاوێک بە جێژنە نەریتییەکانی هەر نەتەوەیەکدا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێت کە لە ڕەوتی مێژووییدا بەردەوام ئاڵ و گۆڕ بە سەر شێوازی بەڕێوەبردن و بەپیرۆزکردنی ئەو جێژنانەدا هاتووە، واتە سەرەڕای پێداگری لە سەر کۆڵەکە و ناوەرۆک و فۆرمی سەرەکیی ئەو جێژنانە، بەڵام بە پێی هەل و مەرجی تایبەت بەو کۆمەڵگایە کۆمەڵێک خاڵ بەو جێژنانە زیادکراوە.

ئاگر، سروودی شۆڕشگێڕانە و هەڵپەڕکێ لە ڕواڵەتدا چوارچێوەی فۆرمیک و ناوەرۆکی جێژنی نەورۆز دیاری دەکەن، جاری وا هەیە سروودی شۆڕشگێڕانەی نوێ بە بانگەشەگەلی نوێیەوە دێتە ئاراوە، جل وبەرگی گرووپی هەڵپەڕکی و خەڵک بەگشتی کۆمەڵێک نیشانەی تایبەتی پێ زیاد دەکرێت و هەر نیشانەیەک ئاماژەیەکە بۆ شتێکی تایبەت. نەورۆز بە فەلسەفە و ئامانجێکی تایبەت پشتبەستە و دەربڕی هەست، سۆز و پێداویستی و داخوازیگەلی هەر سەردەمێکە کە کورد پێیدا تێدەپەڕێت.

لە نەورۆزی ئەم ساڵدا سێ هێمای تایبەت بە ڕێوڕەسمەکانەوە دیاربوون، کە گوڕ و تینێکی نوێی بە کۆمەڵگای کوردستان

بەخشی: جلی پێشمەرگانە، جامەنە و گوڵی سوور ئەو هێمایانە بوون کە جارێکی دیکە لە دووتوێی جێژنی نەورۆزەوە سەریان هەڵهێنایەوە و بوونە پردێک بۆ گرێدانی شاخ و شار، پێشمەرگە و خەڵک، حیزب و کۆمەڵگا. ئەو هێمایانە لە لایەن حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە بانگەشەی بۆکرا و خەڵک بە باوەشێکی ئاوەڵاوە ئەو هێمایانەیان بەرجەستە کردەوە. حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات وەک بکەرانی سەرەکیی پانتایی سیاسی لە کۆمەڵگای کوردستاندا دەست لە دەست خەڵکی دەستیان دایە هێماسازی و زیندووکردنەوەی ئەو هێمایانە لە دڵی کوردستاندا.

## پەیامی سەرەکی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز

**بەردەنگی ڕێوڕەسمەکانی جێژنی نەورۆزی ئەم ساڵدا بریتی بوون لە:**

- کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵات
- حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات
- کۆماری ئیسلامیی ئێران

### کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵات:

ئەو گوڕ و تینەی کە لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕسمەکانی نەورۆز لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بینرا ئەو پەیامەی ئاراستەی سەرجەم کۆمەڵگای کوردستان کرد کە یەکرِیزی ڕەمزی سەرکەوتنی هەر جووڵەیەکی کۆمەڵاتییە و بە پێچەوانەی بانگەشەی هەندێ لایەن، خەڵکی کوردستان لە پێناو ڕزگاری و بەرەنگاربوونەوەی کۆماری ئیسلامیدا ئامادەی هەرچەشنە هەزینەیەکن و لە هیچ سڵ ناکەن و چیتر کۆماری ئیسلامی ناتوانێت بە تووندوتیژی و هەڕشە بەر بە جووڵە کۆمەڵاتییەکانیان بگرێت. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو خەڵکانەی کە لە ژێر هەڕەشەی کۆماری ئیسلامیدا چاوترسێن بوون و بەشداری ئەو جووڵە کۆمەڵایەتییانە نابن، باشتر وایە لەو ڕێوڕسمانەدا بەشداری بکەن و هاونیشتمانیانیان بە تەنیا نەهێڵنەوە.

### حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات:

بە پێچەوانەی بانگەشەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەندێ لایەن، بڵێسەی خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامی ڕۆژ بە ڕۆژ بە تینتر دەبێت و حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە پشتیوانیی خەڵک تەنیا بکەرانی ڕاستەقینەی پانتایی سیاسیی

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**کوردستانی ڕۆژهەڵاتن و خەڵکی کوردستان هەمیشە باوەشیان بۆ حیزبەکانیان ئاوەڵایە. لە لایەکی دیکەشەوە خەڵک بە وەڵامدانەوە بە هێماسازییەکانی حیزبەکان پێداگرییان لە سەر پێگەی ئەو حیزبانە لە نێو کوردستاندا کردەوە.**

## کۆماری ئیسلامیی ئێران:

**بەردەنگی سەرەکیی ئەو ڕێوڕەسمانە کۆماری ئیسلامی و دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، واتە خەڵک بە بەشداریی بەکۆمەڵیان لەو ڕێوڕەسمانەدا ئەو پەیامەیان ئاراستەی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی کرد کە ژنان، کچان، کوڕان و پیاوانی کورد هەردەم ئامادەی خەبات دژ بەو دەسەڵاتە نگریسەن و وەک هەمیشە جووڵە کۆمەڵایەتییەکان دەکەنە ئامرازێک بۆ پێداگری لە سەر لایەنە شوناسییەکانی خۆیان و بەگژداچوونەوەی کۆماری ئیسلامی.**

## دەرەنجام:

**جیاوازیی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ لە ساڵانی پێشوو بریتی بوو لە بەڕێکخراوتربوونی ڕێوڕەسمەکان، واتە لە زۆربەی ئەو شوێنانەی کە جێژنەکان بەشکۆ گیران لە چەندین ڕۆژ پێشترەوە خەڵکانێکی خۆبەخش ئەرکی ڕێکخستنیان لە ئەستۆگرتبوو و ئامادەکارییان بۆ جووڵەیەکی کۆمەڵایەتی کردبوو کە بڵێسەی خەباتی دژی کۆماری ئیسلامی بەگوڕتر دەکرد؛ لە لایەکی دیکەشەوە ڕاشکاویی خەڵک لە پێداگری لە سەر داخوازییە ڕەواکانیان خاڵێکی بەرچاوی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمانە بوو.**

**سەرچاوە: کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٩ی ئەپریلی ٢٠١٨**

# ڕێورەسمە نەورۆزی‌یەکان، وێستگەیەک بۆ تێگەیشتن لە رەفتاری خەڵکی کوردستان و ئەرکەکانی سەرشانمان



**سمایل شەرەفی**

بەرتەسکبوونەوەی مەجال و دەرفەتەکان بۆ خۆدەرخستن و خۆنیشاندانی کۆمەڵانی خەڵکی وڵات لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، تا رادەیەکی زۆر خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی رەفتاری سیاسی و کۆمەلایەتی کۆمەڵگای کوردستانی تووشی دژواری کردوە. بۆیە ئەگەر لە بۆنەو دەرفەتێکی تایبەتدا کۆمەڵە جووڵەو خۆنیشاندانێک لە خەڵک دەبیندرێ، سەرەتا جۆرێک لە نامۆیی و، پاشان شۆک و، دواتر دژوارییەک لە خوێندنەوەی رەفتارەکان دروست دەبێ کە دووپاتبوونەوەیان بە پێی دەرفەتەکان، کۆمەڵێک هەڵوێست و خوێندنەوەی بۆ دەکرێ کە زۆرجار زۆریش وەک یەک ناچن!

ڕێورەسمەکانی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی هەتاوی یەکێک لەو دەرفەتانەیە کە ماوەی چەند ساڵێکە خەڵکی کوردستان وێڕای دەربڕینی شادی و خۆشحاڵی خۆیان، بۆ گەیاندنی پەیامەکانی خۆیان بە لایەنە جۆراوجۆرەکان و پارێزگاری لە کولتوور و فەرهەنگ و شوناسی نەتەوەیی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن.

ئێستا خەڵکی شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە پێکهێنانی میتینگ و کارنەڤاڵی هەزاران کەسی لە دەیان شوێنی

جۆراوجۆر لە دەوری یەک کۆدەبنەوەو بە پێچەوانەی دە ساڵ پێش ئێستا، "پێکەوە" ڕێورەسمە نەورۆزییەکان بەڕێوە دەبەن. لەم ڕێورەسمانەدا کە جاری وایە یەک مانگ پێشتر لە لایەن هەیئەتێکی بەڕێوەبەرییەوە ئامادەکاریی بۆ دەکرێ، بە شێوەیەکی "ڕێکخراو" و "بەرنامە بۆ دارێژراو"، وتار، شێعر و گۆرانی و موزیک و هەڵپەرکێ و شانۆ پێشکەش دەکرێ و بە هەزاران کەس لە شارو گوندو ناوچەی جۆراوجۆرەوە بەشداریی تێدا دەکەن.

هەرچەند تا ئێستایش خوێندنەوەی جۆراوجۆر بۆ پەیام و راسپاردەو هەڵسووکەوت(رەفتار)ی خەڵک لەم دەرفەتەدا کراوە، بەڵام دیسانیش بە وردبوونەوە لە ناوەرۆکی پەیامە دووپاتەکانی خەڵک لەم ڕێورەسمانەو، بەکەم سەیرکردنی ئەم جۆرە چالاکی‌یانەی خەڵک لە لایەن هێندێک کەس و لایەنەوە، هەست دەکرێ کە نەتوانراوە وەک خۆی خوێندنەوە بۆ رەفتاری خەڵک بکرێ و ببیندرێ!!

جیا لەوەی‌کە ساڵ لە دوای ساڵ ئەم ڕێورەسمانە بە شێوەیەکی ڕێکخراوتر و مانادارتر لە رابردوو بەڕێوە دەچن و جیا لەوەیکە لەم ڕێورەسمانەدا راستەوخۆو ناراستەوخۆ پەیامی بوون و بەربەرەکانێ بە دەسەڵاتی سیاسی دەگەیەندرێ، هەر لەم ڕێورەسمانەدا خەڵک راشکاوانە پەیامی تایبەتی بۆ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی خۆیان لە دەرەوەی وڵات دەنێرن. هەموو ساڵێ خەڵک لەم بۆنەیەدا بە خوێندنەوەی شێعر، شانۆ و نووسینی دروشم لە سەر پۆستێر و پلاکارتی ڕێورەسمەکان داوا و پەیام و داواکاریی خۆیان بە گوێی حیزبەکاندا دەدەن.

خەڵک لە ڕێورەسمە نەورۆزییەکاندا وێڕای [نا] وتن بە سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، داوای یەکریزی، پێکەوەبوون، هاوهەڵوێستی و یەکگرتنەوە لە حیزبەکان دەکەن. ئەوان بە تێگەیشتن لە بارودۆخی حیزبەکان، بەتایبەت لە دە ساڵی رابردوودا کە تووشی لێکترازان و ئینشعاب و لەتبوون هاتوون، دەرک بە دەردە گەورەکە دەکەن و تەنیا داوایان ئەوەیەک کە یەکگرتوو بن.
کە دەڵێین بەداخەوە تا ئێستا خوێندنەوەیەکی هاوبەشی دروست لە رەفتاری خەڵکی وڵات لە لایەن هێندێک لە هێزە سیاسی‌یەکانەوە چێ نەبووە، بەو مانایە دێت کە هەست بە زەروورەتی "یەکریزی و یەکبوون و یەکگرتنەوە" بۆ وڵامدانەوە بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێستای رۆژهەڵاتی کوردستان نەکراوە. کەمایەسی‌یەک کە هۆکارەکەی تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ بێ‌توانایی لە خوێندنەوەو غایببوونی دەرکێکی دروست لە واقعیەتەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردستان.
پەرەسەندنی کاری ڕێکخراوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە بەشی زۆری لە سەر دەستی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی ناوخۆی وڵات و ئازایەتی ئەوان دروست بووە، تا رادەیەکی زۆر توانیویەتی رەفتاری خەڵکی وڵات بەم ئاراستانەدا کە چەند ساڵێکە لە چوارچێوی ئەنجوومەن و ڕێکخراوە ئەدەبی، ژینگە پارێزی و فەرهەنگی و، بە گشتی بزاڤە مەدەنی‌یەکان و ڕێورەسمەکانی

نەورۆزدا دەردەکەوێ شکڵ پێ بدات. لە ئێستادا بە سەدان رێکخراوی مەدەنی(ngo)، ناوەندی فێرکاریی زمانی کوردی، ئەنجوومەنی ئەدەبی، رێکخراوی ژینگەپارێزی و گرووپی شاخەوانی و... لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوونیان هەیە کە بێگومان رۆڵی سەرەکییان لە پەرەپێدان بە کاری رێکخراوەیی و بەرێوەچوونی رێورەسمە نەورۆزییەکاندا هەیە. کەوابوو چالاکی و تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی، تێکۆشەرانی سیاسیی ناوخۆی وڵات، هەڵسووڕاوانی ژینگەپارێزی و چالاکانی ئەدەبی و فەرهەنگی بە پێچەوانەی ئیدیعای هێندێک کەس و لایەن کە پێیان وابوو ناتوانێ هیچ دەسکەوتێکی هەبێ، توانیویەتی گۆڕانێکی ریشەیی لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێک بێنێ و پیلانی دەسەڵات(پەراوێزخستن و لە بێتەفاوەتیدا هێشتنەوە و کپکردن) پووچەڵ بکاتەوە کە رێورەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ و ساڵانی رابردوو باشترین بەڵگەن بۆ ئەم ئیدیعایە.

یەکێتی، یەکبوون، یەکریزی، لە دەوری یەککۆبوونەوەو پێکەوە کارکردن، بەرچاوترینی ئەو تایبەتمەندییانەن کە بە رەفتاری خەڵکی کوردستانەوە دیارە. خەڵک زۆر باش لەو واقعیەتە تێگەییوە کە، بە تاکوتەرا کارکردن لە هەر مەجالێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و هەر بوارێکی کاری مەدەنیدا نەتەنیا ناتوانێ سەرکەوتنی دڵخوازی لێبکەوێتەوە، بەڵکوو زۆر ئاسان لە لایەن دەسەڵاتەوە بەربەستی بۆ ساز دەکرێ. بۆیە ئەمڕۆ دروشمی" ئێمە هەمووومان پێکەوە جوانین "بوەتە پێناسە و پەیامی هەموو رێورەسم و چالاکییەکی خەڵک لە ناوخۆی وڵات. ئەوان بەم دروشمە جیا لە تەعبیرکردنی هێزی خۆیان لە پێکەوە بوون و یەکریزییاندا، پەیامێکی روونیشیان بە گوێی حیزبە سیاسییەکانیشدا داوە کە هەمووان دەتوانن پێکەوە کارا و جوان بن.

لە گەڵ ئەوەیکە رێورەسمەکانی نەورۆز لە رۆژهەڵاتی کوردستان نزیک بە دە ساڵە بەشێوەی تایبەت و لە شێوەی کارنەڤاڵ و میتینگدا بەرێوە دەچێت، بەڵام رێورەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ تا رادەیەک تایبەتیتر بوو. ئەمساڵ لە سەر داواو پێشنیاری کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی ناوخۆی وڵات، خەڵک بە گشتی بە جامانەوە لە رێورەسمەکاندا بەشدار بوون. بە شێوەیەک کە نەورۆزی ئەمساڵ بە "نەورۆزی جامانەکان" ناودێر کرا. خەڵک ئەمساڵ یەکگرتووانەتر و مانادارتر لە ساڵانی رابردوو، بە بەکارهێنانی جەمانە وەک هێمایەک بۆ یەکبوون و یەکریزی، روخسارو مانایەکی دیکەیان بە رێورەسمەکان بەخشی. هەرچەند دام و دەزگا ئەمنیەتییەکانی رێژیم زۆریان هەوڵدا لە زۆر شوێن پێش بە بەرێوەچوونی رێورەسمە نەورۆزییەکان بگرن و تەنانەت لە زۆربەی شارەکان ئیزنی بەرێوەچوونی رێورەسمەکانی نەدا، بەڵام دیسانیش لە چەند شوێنێکی ناوچەکانی کوردستان کۆبوونەوەی هەزاران و دەیان هەزارکەسی بەرێوەچوون و خەڵک بەشێوەیەکی بەرچاو جامانەیان لە رێوررەسمەکاندا بەکار هێنا.

**خاکەلێوە – نەورۆز**

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی نەورۆزی ئەمساڵ لە ئاوایی تەنگیسەر بکەین. لە گەڵ ئەوەیکە لە لایەن دامودەزگا ئیداری و ئەمنیەتی‌یەکانی ڕێژیمەوە ڕێورەسمەکە حەوتوویەک دواخرا، بەڵام لە نموونەی خۆیدا ڕێورەسمێکی بێوێنە بەڕێوەچوو؛ زیاتر لە بیست هەزار کەس لە سەرجەم شارو ناوچەکانی کوردستانەوە بەشداری ڕێورەسمەکەی تەنگیسەریان کرد کە زۆربەی نزیک بەتەواوی بەشداران بە کچ وکوڕو ژن و پیاو پیرو گەنجەوە جامانە لەمل و جامانە لەسەرو جامانە لە کۆڵ بوون. دروشمی سەرەکیی ڕێورەسمەکە "ئێمە هەموو پێکەوە جوانین" بوو.
ئەوەی لێرەدا پێویست بە ئاماژە پێکردنە، زەرورەتی تێگەیشتن لەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و، ئەو پەیام و راسپاردانەیە کە لە لایەن خەڵکەوە دەگەیەنرێتە هێزە سیاسییەکان. ئەوان کە بەرپرسایەتی ڕێبەری و مودیرییەتی جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکیان هەیە، دەبێ توانایی و دەرکی تێگەیشتن لەو واقعیاتانەیان هەبێ و، ئازایانە خوێندنەوەی بۆ بکەن.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەروەک لە پەیامی پێزانین و هەڵسەنگاندنی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی ئەم حیزبە بۆ ڕێورەسمە نەورۆزی‌یەکاندا هاتووە،"لە تەواوی ئەو کۆبوونەوەو میتینگ و کارنەڤاڵانەدا ئەوەی زیاتر لە هەموو بابەتێک رووی لە هێزە سیاسی‌یەکان بێت و بۆ ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان شیاوی لێوردبوونەوەو جێگای پێشوازی‌یە، داوای یەکریزی و یەکگرتوو بوونە. ئەوە ڕاستیەکە کە پێشتریش لە هەموو ئاماژەو دەنگ هەڵبڕینێکی خەڵکەکەماندا بەرەوڕووی حیزب و لایەنە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کراوەتەوە. بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئێمە، کارنەڤاڵە جەماوەری و حەماسییە پڕشکۆیەکانی نەورۆزی ئەمساڵی خەڵکی ڕۆژهەڵات بە دوای هەڕەشە و پیلانگێڕی‌یەکانی یەکساڵی رابردووی کۆماری ئیسلامی لە دژی هێزە سیاسییەکان و، پاش ئەو هەمووە زەبر و زەنگەی ئەم ڕێژیمە لەم ساڵەدا نیشانی دا، سەلماندنەوەی ئیرادەی کۆڵنەدان و تەسلیم نەبوون و بەردەوامیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە سەر خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی خۆیان و هێزە سیاسییەکانی بەشدار لەو بزووتنەوەیەدا بوو".
لە کۆتایی‌دا جێی خۆیەتی بڵێین: "نابێ ئەوەمان لە بەرچاو ون بێ کە هاوکاری و یەکیەتیی کردەوەی هەموو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەرجی سەرەکیی دەرکەوتنی ئاسۆیەکی تەواو ڕوون بۆ خەباتی ئەو بەشەی کوردستانە و یەکیەتی و هاوهەنگاوی هەموو هێزەکان، هەم گوڕو تینێکی تەواوتر بە بزووتنەوەکەمان دەبەخشێ و هەم خەڵکەکەشمان یەکگرتووتر دەکا و بەرەو خەباتێکی شێلگیر و یەکلاکەرەوە دەیانبزوێنێ".

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠١.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠١٧**

# نەورۆزێک کە دەتوانێ ببێتە خاڵی وەرچەرخان



**عەلیرەزا رەحیمی**

بۆنەکانی نەورۆزی ئەمساڵ بە شێوەیەکی تایبەت و شکۆمەند لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرێوەچوو.

ئەگەرچی سەدان ساڵە نەروز وەکوو بۆنەیەکی مێژوویی لە نیو کۆمەڵگەی کوردەواریدا، جێگەیەکی گشتگیرو تایبەتی هەیە ومیراتی هاوبەشی هەرچوار پارچەی کوردستانە.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەروپیلی بەهارچوون و بەرێوەبردنی بۆنەکانی نەورۆز، چەند ساڵێکە گڕ وتینی جیاوازتری لە ساڵانی پێشوو وەخۆ گرتووە، بەتایبەتی گەشەی ئەنجومەنە ئەدەبی و فەرهەنگی و ژینگەپارێزییەکان لە رێکخستن و هێنانە مەیدانی چین وتوێژەکان کاریگەریی پوزەتیڤی داناوە.

ئەگەرلەسەر بەرێوەچوونی رێورەسمەکانی نەورۆز لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە خێرایی ئاورێک بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بەرەبەرە نەورۆز لە یەکخستن و یەکریزی بەخشین بە خەڵک دەوری بەرچاو و پڕ بایەخی هەبووە، لە نەریتێکی مێژوویی بەرەو بۆنێکی بان مێژوویی دەرکەوتووە.

بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە چەند ساڵێکە نەورۆز بۆتە دەرفەتێکی بەرین بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی کوردانەو بەرزکردنەوەی دەنگی شوناسخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

بەپێی ئەو ئاوڕدانەوە خاوەنداریەتی کردن لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز یەکێکە لە ئەرکە نەتەوەیی‌یەکان کە دەبێ هەموو لایەنە سیاسییە نەتەوەخوازەکان و سینف وگرووپە مەدەنی‌یەکان وە ئەستۆی بگرن هەتا دەنگدانەوەکانی دوای ڕێوڕەسمی نەورۆز لە خودی بەڕێوەچوونی ڕیورەسمەکان زیاتر بێ.

مەبەست لە دەنگدانەوەش ئەوەیە کە بە ڕەچاوکردنی شێوەی بەشداریی کردنی خەڵک بە بەربڵاوی ویەکریزی‌یەوە بێ گومان دەبێ لەسەر گوتاری هاوبەشی سیاسی و بە مێتودی ڕۆژهەڵات تەوەری ئاراستەیەکی نوێ ببەخشێ.

بە شیکردنەوەی گوتاری ڕۆژهەڵات تەوەری کە بەرهەمی سیاسەتی ژیرانەی نەتەوەخوازی‌یە و تەرکیزخستنە سەر پارچەیەک کە لە خەباتی مافخوازنەی بە شێوازی جۆراوجۆر پشکی شێری وەبەرکەوتووە، بەڵام هێشتا لە بەستێنی سیاسی و نەتەوەییدا زیاترین لەمپەری لەبەردایە، دەتوانێ گرێ کوێرەکانی بکاتەوەو ڕێگەچارەیەکی مومکین و گونجاو بێ.

بەم پێشەکی‌یەوە با سەرەنجێکی زیاتر بدەینە ڕێورەسمە نەورۆزی‌یەکانی ساڵی ۲۷۱۷ی کوردی کە دەتوانین بە خاڵێکی وەرچەخان ناودێر بکرێ بەچەند هۆکار.

## شکڵ گرتنی خەباتی مەدەنی

چەندین ساڵە ڕێکخراوە سێنفی وناحکوومی‌یەکان هەر لەچوارچێوەی بەربەستەکانی دەسەڵات، لە بوارە جیاجیاکان خەریکی چالاکین. بێ شک هەر هەنگاوێک کە نوێ وتازە بێ لە گەڵ دوو جۆر کۆسپ ڕووبەڕوو دەبێتەوە.
**یەکەم**، کۆسپی یاسایی وحکوومی ئەویش لەو چوارچێوە داخراو و چەقبەستووەی وەکوو سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەتایبەتی لە جوغرافیای کوردستان

**دووهەم**، فەرهەنگ وعورفی خەڵک، بەڵام ئەمڕۆکە دەبینین بە هەوڵ وماندووبوونی خەباتکارانی مەدەنی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، ئەو شێوە خەباتە بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەی کوردی لە ئێران تەنیوەتەوە، بەجۆرێک نیشانیان داوە کە دەکرێ لە جیاتی بێتەفاوەتبوون، بە چالاکیی و وشیاری بەخشین و بەڕۆژەڤ کردنی پرسەکانی پێوەندیدار بە ژیانی خەڵکی کوردستانەوە بەرەنگاری دەسەڵات ببیتەوە بە تێچووی کەمترەوە.

سەرکەوتنی ئەنجومەنە ئەدەبی و فەرهەنگی‌یەکان و ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزی نموونەی باڵان لەو پێوەندییەدا.

## نزیکبوونەوەی گوتاری شاخ وشار لە کوردستان

یەکێک لە خەسارەکانی سەرنەکەوتنی بزاڤی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا لە پەرتەوازەیی لایەنە سیاسی‌یەکان و نەبوونیان لە فەزای واقیعی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەمتەرخەمیی لایەنە سیاسی‌یەکانە لە دوورەپەریزی وهەوڵنەدان بۆ نزیکبوونەوە لە گەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی بەهەموو دەستکورتی و کەموکۆڕییەکانیەوە.

جێگای خۆیەتی کە ئاماژە بە سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەین کە چەند ساڵە بە پێی تواناو ئیمکان بەرەچاوکردنی مەنتقی سیاسی بۆ کەمکردنەوە تا سڕینەوەی بۆشایی نێوان دیالۆگی خۆی و ویستی نێوخۆی ڕۆژهەڵات چ لەسیاسەتەکانی و چ لە ڕاگەیاندنی‌دا، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی جیددی داوە و زیاتریش دەخوازێ.

## نواندنی روحی یەکریزی و پێکەوەبوون

بۆنەکانی نەورۆزی ئەمساڵ بە هۆی هاودەنگی لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ یەکدی و لەپێش چاوگرتنی پوتانسیەلی نەورۆز و جموجۆڵە مەدەنییەکان، لە گەڵ ساڵانی پێشووتر جیاوازیەکی تایبەت وبەرچاوی هەبوو. لەهەموو گرینگتر دەنگدانەوەی نەورۆزی جامانەکان ئاوی پاکی بەدەست مەزنیخوازی هێندیک لایەنی سیاسی‌دا کرد، کە ویستیان ئەوەبوو خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خاوەنی یەک ڕەهەند بزانن، هەچەند ڕێفرێنسی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی لە بۆنەکانی نەورۆزی ٩٦ی هەتاوی‌دا هەڵگری چەند پەیامی مێژوویی و سیاسی بوو.

زانیارییەکان باس لەوە دەکەن، ئەمساڵ لە ملکردنی جامانە لە بۆنەکانی نەورۆز بوو بە ڕەمز و پەیامی یەکگرتوویی چالاکانی مەدەنی و سیاسی و لە لایەکی دیکەش هاتنە مەیدانی خەڵک بە بەرفەراوانیەوە، باس لەوە دەکا هەرچەشنە تەبایی لایەنە سیاسی و مەدەنییەکان لەسەر یەکریزی وپێکەوەبوونی خەڵک کاریگەریی ئەرینی دادەنێ.

بۆنەکانی نەورۆزی ئەمساڵ هەر بەجامانە لە ملکردن دەستی پێکردو هەر بە جامانە لە ملکردن لە سیانزە بەدەر کۆتایی هات. ئەوە کە وەکوو ئەرکێک ماوەتەوە گرینگی دان و بیرکردنەوە لەوەیە کە ئەگەرچی هیچ بەیاننامەیەکی هاوبەش لە نێوان لایەنە سیاسییەکان لەو بارەوە واژۆ نەکرا بەڵام لانیکەم دژایەتی نەکردن لە پلانە پێوێست و موممکینەکان دەتوانێ لە بەهێزکردنی گوتاری هاوبەشی سیاسی ومەدەنی ڕۆڵی هەبێ.

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**راستە خەڵکی رۆژهەلات هەمیشە سەلماندوویانە ئامادەی هاتنە مەیدانن بەلام نابێ لەبیری بکەین کە هاوئاهانگی و نزیکبوونەوەی لایەنەکان دڵگەرمی و یەکدڵی دەخاتە نێو کۆمەڵگەو بزاوت ورەوتی خەبات خێراتر دەکا.**

**ئەگەرچی ناوەندە ئەمنیی و حکوومییەکان رێگەیان بە بەرێوەچوونی رێورەسمی بەربلاوی نەورۆزیی لەشارە کان نەدا، بەلام شاردێ و ئاواییەکان وەکوو ناوەندی پاراستنی کەلەپوور وکولتووری کوردەواری پێشوازییان لە خەڵکی شار کرد و خەڵکی شارەکانی کوردستانیش بە هەڵسوکەوتێکی ژیرانە بەبەشداری کردنیان لە رێورەسمەکانی نەورۆز لە گوند و شارۆچکەکان بەربلاویی وشکۆی زیاتریان بەو رێورەسمانە بەخشی و چیتر ئاگری نەورۆز هەر لەسەر بانی مالان وچەند گەرەکێک هەڵنەگیرسا بەڵکوو، نەورۆز بوو بە گۆرەپان و کارناڤاڵی نەتەوەیی و شوناسخوازی.**

**کەواتە جێگەی خۆیەتی هەموو لایەنە سیاسییەکان بە مەسئولیەتەوە و بەمەشوورخواردنی زیاتر هەوڵ بدەن خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان لە بەردەوامییان لە خەبات وچالاکی دڵگەرمتر بکەن.**

**بۆ نموونە نەورۆزی تەنگیسەر کە کوردانی هەرچوار پارێزگای رۆژهەلاتی کوردستانی، لە دەور ئاگری نەورۆز کۆ کردەوە ، سەلماندی کە پێکەوەبوونی ئێمەی کورد وەکوو گەلانی دیکە، خەونێکی شاعیرانە نیە و دەتوانین بە زۆر ویست وخواستی دوورە دەستیش بگەین، ئەگەر خۆمان زیاتر ماندووبکەین و بەدوور لەهەرچەشنە دەمارگرژی سەرنجی واقعیەتی کۆمەڵگە بدەین.**

**کۆتا قسە پێشوازی و هاتنە مەیدانی خەڵکی رۆژهەلات کوردستان و ولام دانەوەیان بە بانگەشەو داواکاری چالاکانی نێوخۆ و پشگیری یەکدەنگی لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەلات لەو داواکارییە دەرخەری ئەوەیە کە نەورۆزی ٩٦ ئەگەر خوێندنەوەی سیاسی و مەنتقی بۆ بکرێ بۆ بۆنەکانی دیکە دەتوانێ وەک خالێکی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی رەوای گەلی کورد لەو پارچە لە کوردستان ناودێر بکرێ.**

**سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠١.**

**سەرچاوە: مالپەری کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠١٧**

# نەورۆز وەکوو هێمایەک بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەیی کوردستان



**فۆئاد شێربەیگی**

سەری ساڵی هەتاوی واتە نەورۆز لە زۆر شوێن و وڵاتانی جیهان جێژن دەگیرێ و دەبێتە هۆی سەرخۆشی و شادمانی خەڵک، بەڵام وێڕای هەموو ئەوانە جێژنی نەورۆز بۆ کورد و لە کوردستان مانایەکی زیاتری هەیە و ڕەنگ و بۆنێکی تری پێوە دیارە کە باس لە زیندوو بوونی گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە جیهاندا دەکا و هاواری زیندوو بوونیانە.

هەموو نەتەوەکانی جیهان لە مێژوودا یا توانیویانە دەوڵەتی خۆیان درووست بکەن و یا لە ناو نەتەوەکانی دیکە تواونەتەوە و لەگەڵ ئەوان بوونەتە دەوڵەت، بەڵام تەنیا کوردە کە سەرەڕای ئەوەی مەجالی سازکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی نەبووە و لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەری نەتەوەکانیتر لە چوارچێوەی وڵاتانی دەستکرددا بووە و خاک و نیشتمانی دابەش کراوە و داگیرکەران بە هەموو هێز و توانایانەوە بۆ سڕینەوەی شوناسیان هەوڵیان داوە، توانیویێتی شوناسی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت و هەموو فاکتۆرەکانی بەنەتەوەبوونی خۆی ڕابگرێت.
ڕاستە زمان وەکوو سەرەکیترین فاکتۆری پێناسەی نەتەوەیی دەورێکی سەرەکی هەبووە لە زیندوو ڕاگرتنی کورد وەکوو نەتەوە و توانیوێتی ببێت بە پێناسەی سەرەکی بەڵام هاوکات لە گەڵ ئەوە جێژنی نەورۆز وەکوو بۆنەیەکی گەورە لە بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەیی لە کوردستان زیاترین کاریگەری سیاسی لەسەر ئەو بزوتنەوەیە داناوە و هەموو ساڵێک لە هەموو کوردستانی داگیرکراو مەڕاسمی نەورۆز بووەتە سەرچاوەیەکی کاریگەری ژیانەوەی هەستی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە لە ناو

**خاکەلێوە – نەورۆز**

خەڵکی کورددا و هەروەها وەکوو گەورە مەترسییەکی سیاسیش لە لایەن داگیرکەرانەوە چاوی لێکراوە و هەموو هەوڵیان کەمرەنگ بەڕێوەچوونی ئەو مەراسمە لە کوردستان بووە.
هەڵسوڕاوانی مەدەنی و سیاسی کوردیش بە تێگەیشتن لە دەوری نەورۆز، هەموو ساڵێک نەورۆزیان کردووەتە میتینگێکی سیاسی و مەدەنی و تێکۆشاون بە هەرچی شکۆدارتر بەڕێوەبردنی ئەو بۆنە نەتەوەیی و کەڵک وەرگرتن لە هەموو کەرەستە بەدەستەوەکانی یاسایی بتوانن دەورێکی کاریگەر لەو ڕۆژە و لە مەڕسمەدا بگێرن و سەرەڕای هەڕەشە و مەترسی سەریان پێشیان لە بە دەوڵەتی کردن و داگیرکردنی ئەو کۆبونەوە گشتیانە لە لایەن داگیرکەرانەوە گرتووە.

لە کوردستانی ڕۆژهەلات هەموو ساڵێک و لە جێژنی نەورۆز لە شوێنە تایبەتەکان کە وەکوو نەریتی لێهاتووە هەر بەو دەستورە جیژنی نەورۆز بەڕێوە چووە و بەڕێوەبردنی ئەو مەراسمانە بووەتە بەشێکی جیانەکراوە لە جێژنی نەورۆز و بە دەیان هەزار کەس لە شوێنە دیاریکراوەکان کۆ دەبنەوە و هەموو ساڵێک ئاگری نەورۆز بەیەکەوە دەکەنەوە و سرودی نەورۆز دەڵێنەوە و لە دەوری ئاگرەکە هەڵدەپەرە و هەموو بەربەستەکان و یاسا کۆنەپەرەستانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دەخەنە ژێر پرسیار و هاواری جێژنێکی کۆنی کوردان دەکەن.

هەڵسوراوانی سیاسی پێویستە بەکەڵک وەرگرتن لەو میتینگانە کە هەستی شۆڕشگێرانە و کوردایەتی تێیدا پڕاوپڕە و هەموو کەس ئامادەیی ئەوەی هەیە بۆ پەیوەستبوون
بە بزوتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی بانگهێشت بکرێت، دەورێکی بەرچاو بگێڕن و بتوانن لەو کۆبونەوانەدا پێناسەی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی وەکوو دوژمنی سەرەکی کورد و داگیرکەری خاک و نیشتمان بۆ خەڵک ڕوونکەنەوە و خەڵکی بەگژداکەنەوە.

هەر شوێنێک خەڵک کۆ ببێتەوە شوێنی هەڵسوڕانی ئێمەی شۆڕشگێڕە و دەبێ لەوێ بین و بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە و بە پێی تواناییمان کاریگەریمان لەسەری ببێت و هیوادارم ئەو ساڵیش مەڕاسمی نەورۆز ببێت بە چقڵی چاوی دوژمنانی کوردستان و هیوابەخش و پشتگەرمییەک بۆ تێکۆشەرانی ڕێگای ڕووناکی.

نەورۆز جێژنی سەرکەوتنی ڕووناکی بەسەر تاریکە و ڕۆژ بەسەر شەودایە و دڵنیامان دەکاتەوە داگیرکاری و ستەمکاتی تاسەر مەودای نابێت و نەورۆزی سەرکەوتنی ئێمەش بەڕێوەیە.

سەرچاوە" ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەلات - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠١٧

# دەنگی هەنگاوی نەورۆز



**عەلی لەیلاخ**

نەورۆز بەریوەیەو دەنگی هەنگاوە سەوزەکانی بەسەر دەشت و دەوەن و قەتپاڵەکان دیارەو لە چرۆی نەمام و درەختەکاندا، موژدەی سەوزبوونەوەی دەنگدەداتەوە و باڵندەکان بێ ئوقرە رێز لەم هاتنە پیرۆزە دەگرن. زەوی کراسی نوێ لە بەردەکات وخاک گیانی تازەی وەبەر دێتەوەو، ژیان بۆن وبەرامەیەکی هیوابەخشی لێوەدێت. زستان و سەرما وسۆڵی دەبێتە بیرەوەریی وگەشەونەشەیەکی بەربەرین دەبێتە ئارەزوویەکی گشتگیر، نێوانی مرۆڤ و سرۆشت.

سرۆشت و مرۆڤ دووانەی لەمێژینەی رەوتی ژیانن کە خۆیان لە هەبوونی یەکتردا دەبینەوە. لە روانگەی «ناتوراڵیزم»ەوە مرۆڤ گرێدراوە بە سرۆشت وبوونێکی فەلسەفیی و هەتایی هەیە و لە ئەدەبی «ناتوراليزمی»دا گرینگی دان بە سرۆشت وژیوار خاڵێکی بەهێزوبنەرەتییە. هەربۆیە هاتووچۆی وەرزەکان و رووداوە سرۆشتییەکانی کاریگەریی هەبووە بە سەر بیرو زەین و هونەری مرۆڤەکان.

یەک لەو رووداوە هەرە گرینگ وبە بایەخە، دەسپێکی وەرزی بەهاروهاتنی نەورۆزە کە جیا لە سەرەتای نوێ بوونەوەی ساڵ و سرۆشت، بۆنێکی فەلسەفییە وکە لە چەندین رەهەندەوە دەتوانین بیخەینە بەر باس و شرۆڤە.

بەڵام ئەوەی کە باسکرا رۆانگەیەکی رۆاڵەتی و گشتییە بە نیسبەت ئەم رووداوە سرۆشتییە، چونکە بۆ گەلی کوردی هەژار

نەورۆز و هاتنەوەی سەری ساڵی تازە جیا لە بەرێوەچوونی کۆمەڵێک داب و نەریتی کۆن و ئاهەنگ گێڕان خوێندنەوەیەکی دیکەی هەیە کە کاکڵی ئەم بابەتەیە...

## بۆچی نەورۆزی کوردەواری؟!

راستە کە نەورۆز سەرەتا رووداوێکی سرۆشتی وژینگەییە و لە بەشێکی زۆر لە جوغرافیای خۆرهەڵاتی ناوەراست بە شادیی و خۆشییەوە پێشەوازی لێدەکەن. بەڵام لە مێژە هەر تاکێکی کورد لە زاری شێعر وئاوازی کوردییەوە چ لە ئەدەبی زارەکی (فۆلکلۆر)چ ئەدەنی کلاسیک ونوێ زۆرمان بیستووە کە نەورۆز بە نەتەوەی کورد گرێ دەدەن، بۆ نموونە مامۆستا هەژاری مۆکریانی دەبیژێ:

**مزگێنی دا بە سروە بای بەهاری**
**وا هاتەوە نەرۆزی کوردەواری..**

ئایا مەگەر نەورۆز تایبەت بە جوغرافیای کوردەوارییە؟ لە حاڵێکدا ئەم بۆنە سرۆشتییە لە وڵاتانی دیکەش بوونی هەیە، یان دەگرێتەوە بۆ ئەمە ریشەیەکی مێژوویی ونەتەوەیی هەیە! بۆ شکیردنەوەی ئەم پرسیارە گرینگە پێویستە ئاورێک بدەینەوە لە مێژووی کورد بەگشتی و بەتایبەتی چەخت بکەین بەسەر فەلسەفەی نەورۆز لە نێو کوردان.

بەداخەوە مێژووی کورد لە زۆربارو بە هۆکار گەلێکی سیاسی و جوغرافیایی مێژوویەکی ناروون و تا ڕادەیەکی زۆر جێگەی گەنگەشەیە، چونکە نەبوونی کیان ودەسەڵاتی بەهێزی کوردی بۆ تۆمارکردنی مێژووی خۆی ئەم خەسارەی لە گەلی کورد داوە، بەشێک لە مێژووی کۆنی ئەم گەلە یان بووی نووسراوە یان حاشای لێکراوە لە لایە دەسەڵاتی باڵا دەستەوە. تەنیا بەڵگەی ئێمە دەتوانێت ئەو سەرچاوەو ژێدەرانە بێ کە لەلایەن کۆنینە ناسانی بیانییەوە باسکراون. زۆر بەداخەوە دیسانەکە بە هۆی پەرش و بڵاوی و نەبوونی کیانێکی بەهێزودیاری کوردستانی تائێستاش کورد، لەم بەڵگە مێژووییانە بۆ چەسپاندنی شووناسی خۆی نەیتوانیوە کەڵکی لێ وەرگرێت.

بەهەرحاڵ دەگەرینەوە سەر پرسیاری سەرەوە ئەویش دۆزینەوەی وڵامێک بۆ ئەوە کە نەرۆزی کوردەواری یانی چی؟!

**به گووتەی (ذبیح اللّه صفا) لێکۆڵەرو وەرگێری بەناوبانگی ئێران کە دەڵێ:** هەموو ئەو رووداوە و داستانانەی کە بە

ڕۆاڵەت لە خورافات نزیکن، باس و خواستێکی مێژوویی وراستن کە بە تێپەڕبوونی زەمان بەوشێوە دێنە بەرچاو..)
بە لە پێش چاو گرتنی ئەم قسە دەتوانی لە سەر سێ ڕووداوی کۆنی کوردی پێداگریمان هەبێ و یاریدەربێ بۆ وڵامی پرسیارەکەمان، کە هەر سێ ئەمانە لە بەرەبەری بەهارو لە نەورۆز ڕوویان داوە.
یەکەم ئەگەر وڵاتی «هیندۆستان»بە شوێنی دابەزینی یەکەم مرۆڤ ناسراوە، بێ گومان شوێنی لەنگەر گرتنی کەشتیەکەی نووح، دەبێتە لانکی دووهەمی مرۆڤایەتی»

لە ئایەی ١٢٩ی سوورەی «مؤمنون»دا هاتووە کە نووح داوله خوا دەکات لە کە لە ئاوخاکێکی پیرۆدا، دامان بەزێنە کە لەلای خۆت باشترینە((ربی انزلنی منزلا مبارکا)) وانت خیرالمنزلین مومنون / ١٢٩)

لێکۆڵینەوە زانستی و مێژووییەکان دەرخەری ئەوەن کە کەشتیەکەی نووح بە سەر شاخی سەرکەشی «جوودی» ڕاوەستا و لە سوورەی «هود»یش ئایەی ٤٤ ناوی ئەم شاخە پیرۆزە هاتووە،«جوودی» یان هەمان گوودی، گوتی - کوردی، لەباری ریشەی و شەوانییەوە ئێگجار بەیەک نزیکن و یەک لە عەشیرەتەکانی کۆنی کورد بە ناوی گوتیەوە ناسراون.
تێکشانی بتەکان وشۆرشی ئیبراهیم هەر لە نەورۆز ڕووی داوە کە پیغمبەرێکی کوردەو هەڵقوڵاوی جوغرافیای کوردستانە.
ئیبراهیم کوری ئازەر لە هەریمی (حەران)لە ناوچەی (متیانی) لە وڵاتی کوردستان لەدایکبووە ودوای ڕوودەکاتە فەلەستین و میسر..

ئیبراهیم شۆرشەکەی خۆی واتە شکاندنی بتەکان لە نەورۆز دەسپێکرد جیا لەوە لەو ڕۆژە خەڵکی ئاسایی و پاشاو پاسەوان هەموو ڕۆیشتبوون بۆ سەیران. سێزدەبەدەری ئەمرۆکە، دەتوانین وەکوو ڕەمزێک بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ خورافە ودواکەتوویی و ڕۆژێک بۆ زیندوو بوونەوەو سەرهەڵدان بەچەشنی سرۆشت لە پێش چاوبگرین.

دیرینەناسەکان ئاسەواری پاشایەتی (نەمرووت، نەمروو، نەمر..)یان، لە دەوروبەری شاری «ڕانیە»تا «کۆیە» دۆزیوەتەوە، تەنانەت زانایانی دیکەش وەکوو «فیردەوسی» و «ابن اثیر» و احسان نوری پاشا لە سەر ئەمە کۆکن کە ئیبراهیم هەمان زەردەشتەو کە بە دەستی «نەمروو» لە نێوان شاری «ڕانیە» و «کۆیە» لە ئاگر خراوە.

هەروەها سەهەڵدانی (فەریدوون)ی کورد، شۆرشێکی شاخی بەرانبەر پاشای سەردەمی خۆی کە لە چیرۆکە کۆنەکان وشانامە دا هاتووە، دەتوانێ بەڵگەیەکی دیکە بێ بۆ ئەمە کە بۆچی نەورۆز جیا لە نوێ بوونەوە لە لای کوردان گرینگایەتی هەیە،

# نەورۆز رەمزی سەربەخۆیی نەتەوەیەک

**خاکەلێوە – نەورۆز**

بە چاوخشاندنێک بەسەر ئەم سێ رووداوە گرینگ و کوردییە کە سەلمێنەری کەونارایی گەلی کوردو هەروەها بارێست و گرینگایەتی نەورۆز دەگەینێت، کە لە مێژووی ئەم گەلە بۆچی سرنجڕاکێشە.!

بێ گومان شاعیران و هزرڤانانی کورد بەم سێ بەڵگە مێژوویییە پشتیان بەستووە کە بە ڕاشکاوی بۆن وئاهەنگی مەزنی نەورۆز بە گەلی کورد و جوغرافیای کوردستان دەبەستنەوە. ئەمە لەیەک و لەلایکتر ئەو داب ونەریتانەی کە ئێستاشی لە گەڵ بێ لە نێو هەموو پێکهاتەکانی گەلی کورد بەدەر لە جیاوازی زاروبن زارو هەڵکەوتوویی جوغرافیایی و ئاین و ئاین زاکان..تا رادەیەکی زۆر هاوشێوە بەڕێوە دەچێ، وەکوو ئاگرکردنەوە بەنیشانی رەمزێک بۆ نووروپاکی و ئاهەنگ گێران و هەڵپەرکێ و هیلکە رەنگ کردن و سەمەنی نیان و سەردانی یەکتر کردن و.. زۆر شتی دیکە ئەوەمان پێ دەڵێ؛ کە نەورۆز لە مێژە هێمایەکی پیرۆزی نەتەوەییە ودەبێ ساڵ بەساڵ گرینگی تایبەت و میللی پێ بدرێت. بە تایبەتی تر لەم سەردەمە کە کورد وەکوو نەتەوە هێشتا نەیتوانیوە مافە رەواکانی خۆی دەستەبەر بکات ولە نێو نەتەوەکانی دیکە وەکوو گەلێکی زیندوو و خاوەن مێژوو خۆی دەربخات و هێشتا لەم بارەوە هەڕەشەی لەسەرە. بێ گومان رەمزێک وەکوو نەورۆز دەتوانێ بۆ خۆناساندن وخۆ رێکخستنی کورد لەهەموو پارچەکان بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی بن دەستی کۆماری ئیسلامی بەستێن و هەوینێکی گشتگیربێت. ئەرکی سەرشانی هەموو رێکخراوە سیاسی و فەرهەنگییەکانە چ لە ناوخۆ و چ لەدەرووەی رۆژهەڵات ئەمساڵ زیاتر لە ساڵانی پێشوو هاندەری خەڵک و جەماوەر بن کە لە دەوری ئاگری سووری نەورۆزی پیرۆز خڕببنەوەو بەشێوەیەکی مەدەنیانە بچنە پێشوازی نوێ بوونەوەو بۆ وەدەرنیانی زستانی زڵم، کوردانەو بوێرانە گوندو شارو شەقامی کوردەواری بە سروودوگۆرانی بهەژێنن.

گشتاندنی نەورۆز بەسەرپانتایی هەستی نەتەوەیی کورد، جیا لەوە سۆزی برایەتی و خۆشکایەتی دەباتە سەر، بۆ نەیارانی ئەم گەلەش بانگەشی پەیامێکە کە «کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە»

هەروەها رووبەدنیای دەرەوەش وەکوو نەتەوەیەکی مەزن و خاوەن مێژوو، زیاترو ئەمرۆیی تر جێگەی سەرنج دەبین وچیتر نکۆڵی لە کەونارایی ئەم گەلە چەوساوە ناکەن..

ژێدەر؛ ماڵپەری خێوەت، فصلنامەی ژیوار، ماڵپەری کوردستان و کورد.

لە ژمارە ٦٧٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٦

# نەورۆز لە ئەدەبی کوردیدا

## وتوویژ لەگەڵ ڕەسووڵ سووڵتانی

**خوێنەری هێژا:**

**بابەتی بەردەستت، یەکێکی تر لە زنجیرە وتوویژەکانی گەورە ژووری ڕاوێژە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تلێگرام کە لە ڕێکەوتی ٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٥ی هەتاوی (٢٠١٦) لەگەڵ بەڕێز "ڕەسووڵ سوڵتانی"، شاعیر،**



ڕەسووڵ سوڵتانی



ئیمان مورادوەیسی

**وەرگێڕ و توێژەری ئەدەبی و بە پێشکەشکاری بەڕێز ئیمان مورادوەیسی چالاکی سیاسی لەسەر مژاری (نەورۆز لە ئەدەبی کوردیدا) ئەنجام دراوە.**

**ڕاوێژ: وێرای سڵاو و ڕێز و بەخێر هاتنی میوانی ئەمشەومان بەڕێز کاک ڕەسووڵ سوڵتانی، بەڕێز سوڵتانی بەخێر بێن، بۆ دەسپێکی باسەکەمان شرۆڤەیەک لەسەر نەورۆزمان بۆ بکەن، نەورۆزهێمای چیە؟**

**سوڵتانی**: مەسەلەی نەورۆز یان نویێ رۆژ ماناکەی لەخۆیدایە. نوێبوونەوەی رۆژ کە لێرەدا رۆژ بە مانای ساڵ دێ... وا باشترە ئێمە لە بری لێکدانەوەی وشەکە بچینە سەر بنج و بناوانی مێژوو... بە پێی لێکۆڵینەوەکان ئەو جێژنە هەمان جێژنی (تەمووز و عەشتار)ە، کە سۆمەرییەکان پێش ئەوەی لە ئەشکەوتەکانی کوردستان بێنە دەر و بەرەو خوارووی وڵاتی عێراقی ئێستا داگەرێن، ئەو جێژنەیان بەرێوە بردووە.نەورۆز تێکەڵ بووە بە کۆمەڵێک ئەفسانەی سەیر و سەمەرە. لە ئێرانی کۆندا لە یەکەم رۆژی بەهاردا واتە رۆژی نەورۆز، پاتشای وڵات دەرگای خستووەتە سەر پشت بۆ دیدار لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەیدا و رۆژەکانی دابەشیوە بۆ چاو پێکەوتنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە. هەر لەو رۆژەشدا خەڵات و دیاری و پێشکەشی بە دەست و پێوەندەکانی داوە و دیارییشی وەرگرتووە.

من خۆم لەگەڵ بۆچوونەکەی مامۆستا "هێمن" دام، لە کۆنەوە کورد وەک گەلێکی کە لەم ناوچەیەدا بۆ یەکەم جار لە شاخەکانەوە داگەڕاوەتە خوارێ و خەریکی کشتوکاڵ و مەڕداری بووە، گەڕان و گۆڕانی وەرزەکان بەلایەوە زۆر گرینگ بووە. بۆیەش پاش بەسەرچوونی زستانێکی تووش کە تفاق و تینیان لێ بڕاوە، هاتنی بەهار و دەرکەوتنی شینکە بۆ ئەوان رۆژێکی خۆش بووە و ئاساییە بیکەنە جێژن. بە باوەڕی زۆر لێکۆڵەری وردبین و دوور لە دەمارگرژی ئەو جێژنە جێژنی کوردان بووە و لە وڵاتی کوردەکانەوە بە ناوچەکەدا بڵاو بووەتەوە.

**ڕاوێژ**: وشەی نەورۆزلە دووووشە پێکهاتوە ،"نەو" بەواتای نوێ و "رۆز" کەوشیەکی فارسیە بەواتای رۆژ، لێرەدا پرسیار ئەوەیە: بۆچی لە ناونانی ئەم رۆژەدا لە وشەیەکی فارسی کەڵک وەرگیراوە؟ هەروەها وشەی نەورۆز لە کەیەوە تا ئێستابوونی هەیە و لە کوێوە هاتوە؟

**سوڵتانی**: ئەم وشەیە بەهیچ شێوەیەک فارسی نییە. لەوانەیە فارسەکانیش هەتا پێش هاتنی ئایینی ئیسلام وشەی (روز)یان بە (ژ) درکاندبێ، کە دواتر عارەب چونکە ئەو پیتەیان نەبووە و نیانە و نەیانتوانیوە دەریببڕن کردوویانەتە (ز) و لەو بارەوە نموونە ئێجگار زۆرن. بەتایبەتی کە سەیری زمانی فارسی دەکەی زۆر شتیان هەیە هی ئێمەیە و پێمان وایە فارسین. بۆ وێنە وشەی "تاول زدن) بە مانای بلۆقکردن... تۆ پێم نالێی فارس لە چەند وشە و شوێنی دیکەدا "تاول" بەکار دێنێ؟ ئاخر ئەوەشی لە تاوڵەی کوردییەوە وەرگرتووە، سەیر بکە شێوەی بلۆق لە تاوڵە دەچێ... چونکە ئینسان لە پێشدا ناولێنانەکانی زۆربەی جاران لە سەر بنەمای وێکچوون بووە... لەگەڵ ئەوەدا ئەگەر عەرەبی و کوردی و تورکی لە زمانی فارسی دەرباوێژین، برواتان بێ هیچی پێ نامێنێتەوە. دوای ئەوەش، فارسی بن زاراوەیەکە لە زمانی کوردی. چونکە زمانی فارسی چەند قۆناغێکی بڕیوە کە دوورترینەکەیان پارسیی پهلوانێکە، فارسیی پهلوانی ناوێکە ئەوان بۆیان داتاشیوە، خۆیان دەڵێن، فارسیی پەهلوانی زاراوەی فارسەکانی رۆژئاوای ئێرانە... فارسی رۆژئاوای ئێران کێن؟ ئەوە هەر

مەسەلەی تورکە کێوییەکانە کە لە باکوور بە کورد گوتراوە. ئەگینا ئەوانەی لە رۆژئاوای ئێران ژیاون و دەژین فارس نین، کوردن. کەواتە ئەوە زمانی فارسییە کە لە کوردیی پالەوانیک هەلێنجراوە.

**راوێژ**: نەورۆز لە کۆنەوە هەتا ئێستا چ گۆڕانکارییێکی بەسەرداهاتوە؟

**سولتانی**: گۆڕانکاری لە هەموو شتێکدا پێک هاتووە. ئەگەر لە کۆنی کۆندا نەورزۆ جێژنی گۆڕان و گەڕانی وەرزەکان بووە، ئیدی لە سەدەی نۆزدەوە گۆرانی مانایی بەسەردا هاتووە. ئیتر نەورۆز تەنیا مەسەلەی نوێبوونەوەی رۆژ و سالّ نییە. نەورۆز کۆمەلێک هێما و ئوستوورەی نوێی تێدایە. لە هێرمنۆتێکدا دەلّێ:

لێکدانەوەی دەق پێوەندیی بە ئاسۆی روانین و زانیاریی خوێنەرەوە هەیە. کەواتە ئەگەر نەورۆزیش وەک دەقێکی هێمایی سەیر بکەین، لە روانین و لێکدانەوەی کوردی سەدەی نۆزدە و بیست و بیستویەکدا کە پێی ناوەتە قۆناغی گووران و گەشەی ناسیۆنالیزمەوە. ماناکان جیاواز و لێکدانەوەکانیش جیاوازن. ئیتر نەورۆز لە سەردەمی شۆڕش دا چەکی بەرخودانە، چەکی بەرەنگاربوونەوە و بەگژداچوونەوەیە. چەکی خۆناسینەوە و خۆخوێندنەوەیە، میکانیزمی گەڕانەوەیە بۆ بنەوانی مێژوو... بۆ دیاریکردنی بنج و بناوانی نەتەوەییمان.

**راوێژ**: کوتتان کە "لە روانین و لێکدانەوەی کوردی سەدەی نۆزدە و بیست و بیستویەکدا کە پێی ناوەتە قۆناغی گووران و گەشەی ناسیۆنالیزمەوە"، چ پەیوەندییەک لە نێوان نەورۆز و گەشەی ناسیۆنالیزم و خەباتدا بوونی هەیە؟

**سولتانی**: کورد لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمەوە گڕوگالّی خۆناسینەوەی بووە و لە سەدەی نۆزدەدا خۆی دەناسێتەوە. بۆ دەلّێم خۆی دەناسێتەوە، ئاخر کورد سەردەمانێک خاوەنی شارستانییەت بووە. دواتر کە لێی تێک دەچێ/ تێک دەدەن، چەندین سەدە ئەو میللەتە بە کولتوور و هێمای دەرودراوسێ و نەتەوەی بالادەستەکانەوە ژیاوە.

لە سەدەی نۆزدەیەمدا لەگەلّ هاتنەئارای بزووتنەوە نەتەوەیی ـ ئایینییەکان و بەتایبەتی لە سەدەی بیستەمدا نوخبەی کورد کە زۆربەشیان مەلا و شێخ بوون، دژی دیکتاتۆر و چەوسێنەران راپەڕیون. ئەگەرچی ئەو راپەڕینانە هەتا دامەزرانی کۆماری کوردستان هیچ کامەیان شێوازێکی مۆدێرنیان نەبووە و زیاتر لە ژێر سێبەری شێخ و مەلا و ئاغاکاندا بوون. ئیتر لەوێوە کە شۆڕشی کورد هەر جارە و بە شێوەیەک هەرەس دێنێ، شۆڕشی شێخ سەعید و ئارارات لە باکوور هەرەس دێنێ و زمانی کوردی و کولتوورەکەی قەدەغە دەکرێ و بەرنامەی بۆ دادەڕێژن بیسڕنەوە... لە رۆژهەلات کۆمار دەڕووخێ و

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**شۆڕشگێڕەکانی پەرتەوازە دەبن و لە باشووریش شۆڕش هەرەس دەهێنێ، ئیتر شۆڕشگێڕان ئاگر دەکەنە هێمای بەرەنگاربوونەوە. کاوەش دەکەنە ئوستوورەی راپەڕین دژی زۆرداری کە بەداخەوە لەو مەسەلەیەدا هەموو شاعیرانی کورد بەهەڵەدا چوون...**

**پێم گوت بە کاوەی باپیرم وا دەست بەستەم**
**کەی دەگەمە نەورۆزەکەی سەدەی بیستەم**
**گوتی رۆڵە**
**گەر کوردستان بکەی بە پارچە ئاگرێ**
**نەک زوحاکێ**
**هەزار زوحاک مل کەچ دەکا و خۆی ناگرێ**

**هیوادارم شیعرەکەم تێک نەدابێ... ئاوام لەبیر بوو. بەڵام ئەوە بەهەڵەداچوونی شاعیرە. بەوحاڵەش هەرچۆنێک بێ خراپ نەبوو کە کورد ئوستوورەیەکی هەرچەندە خراپیشی بۆخۆی دروست کردەوە و خۆی پێناسە کردەوە. ئەوەبوو کە کورد لە سەدەی بیستەمەوە نەورۆز لە حاڵەتە ئایینی و کولتوورییەکەی دەردێنێ و دەیکاتە هێما و هێماکانی نێو نەورزۆیش زیندوو دەکاتەوە و بەرگی ئەوان بە بەرگی پاڵەوانەکانی سەردەمی خۆیدا دەکاتەوە. دیارە تەکانێکی دیکەمان پێویستە، ئەویش ئەوەیە جارێکی دیکە دەبێ بەو هێمایانەدا بچینەوە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە، کورد لە ساوایی هاتووەتە دەرێ و گەیشتووەتە قۆناغی کامڵبوون.**

**ئاخر هەژار دەڵێ:**

**شل نەما کوردە پەلوولەی دوێنێ**
**ئێستە وا توند بووە ددان دەکشێنێ**

**ڕاوێژ**: **ئەدبی کوردی چۆن لە نەورۆز و بەهار و جوانی دەڕوانێ؟ ئەگەر بکرێ بە چەند نموونەیەک وڵام بدەنەوە.**

**سوڵتانی**: **شیعرەکەی پیرەمێرد نموونەی جوانییە**

**ئەم رۆژیساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە**

**جەژنێکی کۆنی کوردانە بەخۆشی و بەهاتەوە**
**نەورۆز لە شیعری شاعرانی کورد**

**نالی:**

**تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ**
**دڵ چونکە میسلی خونچەیە بۆیە دەپشکوێ**

**مەولەوی:**

**نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن**
**یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن**

**وەفایی:**

**نەسیمی بایی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هینا**
**موریدی عاشقان دیسان پەیامی دولبەری هێنا**
**نەوید ئەی عاشقانی دڵفگار یار هاتە سەر خەندە**
**سەڵا ئەی بولبولان دیسان درەختی گوڵ بەری هێنا**

**حاجی قادری کۆیی:**

**ڕۆژتە ئەی بایی نەورۆزی لەبن بەفری گران**
**کانی پێی سڕ بو چناریش دەستی چو پەنجەی تەزی**
**سونبولی زوڵف و گوڵی روخسار و سەروی قامەتی**
**مانگی نیسان و گوڵان نەیدی لە نێو باخی وزەوی**

**حەمدیی ساحێبقران:**

خاکەلێوە – نەورۆز

نەورۆزە، جەژنە بۆیە چراغانی عالەمە
یا ئاگرە لە عومری شێتا کوژایەوە
عەرعەر لە لەنجەدایە، لە ڕەقسایە سەروەکان
بەرگی چەمەن لە ڕەنگی زومڕەد کرایەوە

حەریق:

ئەڵێن وا جەژنی نەورۆزە دڵم پڕ ئاتەش و سۆزە
وەرە بۆ جەژنە پیرۆزە بدەم رۆحم لەبەر ماوم
وەرە سەر چاوەیی چاوم، دەڵێی دەریای عەممانە
تەماشای ئەشکی گوڵنارم لە سایەی چاوی خوێناوم

پیرەمێرد:

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە

قانع:

هەوای شنەی بای نەسیم دیارە
مەعلومە وادەی گوڵ و گوڵزارە

مامۆستا حەقیقی:

مزگێنی بێ هات ساڵی نوێ
خۆشی دوای خۆشی جوێ بە جوێ
بڵێن بەخت چیدی نەنوێ
ئەستێرەی مەش سەری ناسوێ
وە بیرت دێ چمان دی دوێ

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**زو ڕاپەڕن مەبن شلوێ**
**ئەوا هات پەیکی ئازادی**
**بە روخۆشی و کەیف و شادی**
**کۆشێ گوڵی گەشی پێیە**
**مەعلوم بەشی مەشی پێیە**

**گۆران:**

**ئەی نەتەوەی کاوەی زنجیر قەف قەف بڕ**
**ڕۆژی نەورۆز دای بە هەوری زستان دڕ**

**دڵدار:**

**گوڵی سور ئەی کچی نەورۆز ئەرێ کام دەس لەباغی ژین**
**لەبۆ یەک دەفعە بۆن کردن بەناکامی ئەتۆی هێنا**

**عبدوڵلا پەشێو:**

**ئەمساڵ بێ چیا نەورۆز ناکەم.**
**بێ بۆنی گیا نەورۆز ناکەم.**
**نەورۆز ناکەم بێ بڵێسەی سوری ئاگر.**
**نەورۆز ناکەم گەر ڕەشبەڵەک تۆز نەکات وبەخۆم نەبمە سەرچۆپیگر.**

**یان هەژار کە دەڵێ:**

**مزگێنیی دا بە سروە بای بەهاری**
**وا هاتەوە نەورۆزی کوردەواری**
**بە تیشک تێک شکا سوپاس کرێوە**
**هەواری ڕۆژ گەیشتە خاکەلێوە**

خاکەلێوە – نەورۆز

فەرمان درا بە سەوزە سەر هەڵێنێ
چیدی لە بەندی خاکی ڕەش نەمێنێ

ئەم شیعرەی هەژار لێوانلێوە لە هێمای بەرخودان و خەبات.

ڕاوێژ: خۆتان وەک شاعیرێکی کورد، چەند نەورۆز و بەهار لە شیعرەکانتاندا ڕەنگی داوەتەوە؟

**سوڵتانی**: من وەک وشە لە زۆر شیعردا بەهارم کردووەتە هێمای نوێبوونەوە و زیندوو بوونەوە و ڕاپەڕین. بەڵام لە شیعرێکدا بە روونی باسی دەکەم.

## بەهار

دەشت و دەر مەستن لە بۆنی دڵگری بادەی بەهار
کانیاو گۆرانی ئەچڕێ بۆ کچی سادەی بەهار
رادەژێنێ بای شەماڵ دەسرەی هەزار رەنگی سروشت
دۆی گەڕی نێو داوەتی وەرزانە سەیزادەی بەهار
شوێنی شەپڵاخەی رەشی شەختەی لە سەر روخساری باخ
کردە جێژوانی گوڵ و ئاوازی بای وادەی بەهار
چەپڵە رێزانی چڵووکی دار و گوڵ هەر بۆوەیە
لەم کەژ و کێوانە تۆزی مەرگ و خەو رادەی بەهار
تا هەموو باڵندەکان بڕوا بکەن خۆر زیندووە
ئێستە واباشە تەمی بەر ئاسمان لادەی بەهار
زۆر دەمێکە دەشت و دارستانی بێکەس چاوەڕێن
تاکو شاڵی کەسک و متفەڕکیان بەسەر دادەی بەهار
تەرکی گریانێ دەکا بولبول بزەی دەخزێتە لێو
گەر بزانێ دەستی ئەو دیلانە بەرنادەی بەهار

ڕاوێژ: پێتان وایە خەباتی هاوچەرخی کورد، توانیویە نەورۆز بە قازانجی خۆی و بۆ بووژانەوە بەکار بهێنێت؟

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**سوڵتانی**: ئەوەی ڕاستی بێت مێژووی کورد هەتا ئێستاش خۆی نەینووسیوەتەوە و بۆیان نووسیوەتەوە، بۆیە جگە لە لایەنی کەم و کووڕی شتێکی ئەوتۆمان لە مێژووی کۆن لەبەردەست دا نییە کە مۆرکی قەڵەمی خۆمانی پێوە بێت. تەنانەت ئەو بۆنە پیرۆز و جێگە شانازییانەش کە هەمانبوون، بە جۆرێک مۆرکە کوردییەکەیان لێ سڕیونەتەوە و بە ناو نەتەوە و گەلانی باڵادەستەوە کراون، بۆ ئەوەی ئێمە شتێکمان نەبێت کە وەک پاڵپشت و بەڵگەی مێژوویی پاڵی پێوە بدەین. ئێستا کە بە پێی بەڵگە مێژووییەکانیش دەرکەوتووە کە نەورۆز جێژنێکی تەواو کوردییە و لە کوردستانەوە بە وڵاتان و ناوچەکانی دیکەی دەوروبەرماندا بڵاو بووەتەوە، بەداخەوە کورد ئێستاش نەیتوانیوە کەلک لەو هێمایانە وەرگرێ. ئەرێ کاکە بۆ لە نەورۆز؟ بۆ لە شتەکانی دیکە نا؟

ڕاوەستن با وردتر بیمەوە بێمەوە ئێستا. جوولەکە بە فیلمی سینەمایی و دیکۆمێنتاری و ڕۆمان هەموو دنیای بە قەناعەت گەیاند کە شەش ملیۆن کەسی لێ کوژراوە و قەڵاچۆ کراوە، کورد ئەوە بیست ساڵە نەیتوانی خۆیشی تەنانەت خۆیشی بەقەناعەت بگەیەنێ کە سەد و هەشتاهەزاری لێ ئەنفال کراوە چ بگا بە خەڵکی دنیا، هێشتا چوار ڕۆمانی باش لە بارەی ئەنفالەوە نەنووسراوە. چوار فیلمی باشیان لەسەر دروست نەکراوە. چوار دراما لەسەر کارەساتەکانی کورد دروست نەکراوە. بە چی بتوانین کەلکیان لێ وەرگرین. وەک عەبدوڵا پەشێو دەڵێ: ئێمە ئێستاش لەسەر کورتی و درێژیی مووی کلکی ولاخ خوێنی یەکتر دەخۆینەوە. کورد بەدەست شتێکی بنەڕەتییەوە دەناڵێنێ: ئەویش ئەوەیە ناسیۆنالیزمی کورد پەرچەکردار و دژکردەوە بووە لە هەمبەر ڕەگەزپەرستیی تورک و عارەب و فارسدا... بەتایبەتی سەرکردەکانمان ئێستاش ئێرانچێتی و ئێراقچێتی دەکەن... بەڵام ئیتر کاتی ئەوەیە لە دەرەوەی حیزبەکان و دەسەڵاتی کورد لە هەرێم، قەڵەم بەدەستان و نووسەران خۆیان قۆڵی هیممەتی لێ هەڵماڵن و بیکەنە بەرخودانێکی نەتەوەیی و خەباتێکی ناسیۆنالیستی و ئەو شتانە ساغ بکەنەوە... دکتۆر مەولوود برایم حەسەن لێکۆڵینەوەی زۆر زانستیانە و وردی لەسەر نەورۆز هەیە... هیوامە نموونەیان زۆر بێ...

**ڕاوێژ**: **بابەتێکی تر دژایەتی داگیرکەرانی کوردستان و بەتایبەت کۆماری ئیسلامییە لەگەڵ نەورۆز و چارشەممە سووری و ئاگر کردنەوە، ئێوە ڕاتان وایە هۆکار چییە؟**

**سوڵتانی**: ئەگەر ئەو جەژنە کورد نەیکردبا و فارس و تورک کردبایان، هیچ کێشەیەکیان نەدەبوو. تەنانەت ناسیۆنالیزمی فارس بە شانازییەوە باسی نەورۆز دەکات ناسیۆنالیزمی فارس لە نێو دەسەڵاتی ئێستا و لە دەرەوەشی، ئەوان کێشەیان لەگەڵ نەورۆز نییە کێشەیان لەگەڵ خوێندنەوەی کوردە بۆ نەورۆز... خۆ ئێمە ئاگادار نین، بەڵام دەکرێ دڵنیا بین لە ماڵی ڕەفسەنجانی و خامنەیی بە بۆنەی نەورۆزەوە سفرەی حەوت سین دابنرێ...

## خاکەلێوە – نەورۆز

ئەوە راستی بێ ئەوان کێشەیان لەگەڵ نەورۆز و یەکدەنگیی کورد هەیە لەسەر ئەو بۆنەیە. چونکە تاقە بۆنەیەکە کورد (جگە لە حیزبەکانی باشوور کە لە کەرکووک نەیانتوانی پێکەوە یەک ئاگر بکەنەوە) لەسەری هاودەنگن. ئەوەش داگیرکەرانی تۆقاندووە. ئاخر ئەوەتا لەسەر ئەو حاڵەتە میلیتاریستیییەی تورکی وەحشی لە باکووری کوردستان رایگەیاندووە، لەسەر ئەو وەزعە ئەمنییەتییە توند و سەختەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان راگەیەنراوە و هەر هەیە، بەڵگەکان چۆن دەیسەلمێنن، رژێم چیی پێ ناخۆشە کورد دەیکا. بۆیە لێی تۆقیون

**راوێژ**: با هەندێ لە رێ و رەسمی نەورۆز لە کوردەواریدا بدوێین، دەکرێ لەو بارەوە بۆمان بدوێن کە کام نەریت بەتایبەت لە ناوچەی خۆتان بوونیهەبووە و هەیە؟

**سوڵتانی**: ئاگر کردنەوە و سەردانی ئازیزان و خۆشەویستان و چەند رۆژ پێشتریشی حەلاوە مەلاوە و هەتەرێ مەتەرێ هەر بووە و ئێستاش ماوە و باوە.

حەز دەکەم لەسەر مەسەلەی ئاگرکردنەوەکە تۆزێک هەڵوێستە بکەین، چونکە ئێستا رەوتە توندڕەوە ئیسلامییەکان ئەوانەی حەز دەکەن رەزەکانیشمان ببنە خورما، بە ئانقەست خراپی لێک دەدەنەوە.

### ئاگر وەک هێمایەکی کۆنی کورد

سەرەڕای ئەوەیکە لە هەندێ لە ئەفسانە کۆنەکاندا باس لەوە دەکرێ کە ئەو رۆژەی مرۆڤ بۆ یەکەم جار ئاگری تێدا دۆزیوەتەوە، دەکەوێتە ئاخر شەوی زستان و یەکەم رۆژی نەورۆز و هەموو ساڵێک ئەو رۆژەی وەک رۆژێکی ئەگەر نەشڵێین پیرۆز لانیکەم سەیر و سەمەرە سەیر کردووە، بەڵام بە گشتی ئاگر لە باوەڕی کۆنی کوردەواریی خۆماندا هێمایەکی لە مێژینەیە. کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام کوردەکان زەردەشتی بوون. ئەوان ئاگرپەرست نەبوون. بەڵکوو ئاگر بەلایانەوە وەک هێمایەکی پیرۆز پارێزراوە.

**هەر لە کۆنەوە مرۆڤ کە بیری لە پێکهاتەی جیهان کردووەتەوە، پێی وابوە کە ئەم جیهانە لە چوار توخم پێک هاتووە.**

**١- خاک**

**٢- ئاو**

**٣- با**

**٤- ئاگر**

سێ دانە لەو چوار توخمە واتە، خاک و با و ئاو، پیس و ئالوودە دەبن. هەر سێکیان هێزی کێشەری زەوی رایاندەکێشێ. لەو نێوەندەدا ئەوەی نەک پیس و ئالوودە نابێت بەڵکوو شتە پیسەکانیشی پێ پاکژ دەکەنەوە، ئاگرە. ئاگر لەگەڵ ئەوەدا کە توخمێکی پاکژکەرەوەیە، هێزی راکێسانی زەویش نەک پەلکێشی ناکات بەرەو خۆی بەڵکوو بەردەوام لە هەڵکشاندایە بەرەو ئاسمان.

هەر لە کۆنی کۆنیشەوە هەتا ئێستاش کە مرۆڤ پێی وایە خوا لەسەر عەرشی عەزیم و لە حەوت تەبەقەی ئاسمانەکانە و ئەوەش لە واقیعەی میعراجیشدا باسی دەکرێت، کە بۆ وێنە پێغەمبەری ئیسلام بە سواری باڵی بوڕاق بەرەو میعراج دەڕوات، ئەو باوەڕە بە بوونی خوا لە ئاسمان، شتێکی زۆر زۆر کۆنە. هەر بۆیەش هەڵکشانی بەردەوامی ئاگر وەک هێزێکی پاکژکەرەوە بەرەو ئاسمان نیشانەی هەڵچوونی رۆحی پاک و بێ خەوش و بێ تاوانە بەرەو سەرچاوەی خۆی واتە خوا. لە لایەکی دیکەشەوە، یەکێک لە بنەما باوەڕییەکانی ئایینی زەردەشت بوونی دوو هێزی دژ بە یەکە، واتە ئەهریمەن و ئەهورامەزدا. تاریکی هێمای ئەهریمەنە و رووناکی هێمای ئەهۆرامەزدایە.

دەبینین، لە نێو چوار توخمە پێکهێنەرەکەی جیهاندا، سێیان تاریکن. تەنیا ئەوەی رووناکە، ئاگرە. ئاگریش بەردەوام لەگەڵ تاریکیدا لە شەڕێکی نەبڕاوەدایە. هەروەک ئێستاش دەڵێن: ئەنگوستەچاوترین شەویش ناتوانێ تەنانەت تیشکی مۆمێک بشارێتەوە. ئاگر هێمای شەڕی دەسەڵاتی حەق و راستییە بەسەر تاریکی و دزێویدا. لە شێعری ئەو شاعیرانەشدا کە باری نەتەوەیی و بەرەنگارییان هەیە، ئەوە رەنگی داوەتەوە و هەمیشە، دەسەڵات بە شەوەزەنگ وەسف کراوە و لایەنی ئازادیخوازیش بە رووناکی و مزگێنیدەری رووناکی.

بە گشتی بە پێی هەموو هێماکان نەورۆز کۆنترین جێژنی کوردە و لە کوردستانیشەوە بە ناوچەکانی دیکەی ئاسیادا بەتایبەتی بە ناوچەکانی ئێراندا بڵاو بۆتەوە و ئێستا زۆر گەل و نەتەوە هەن، خۆیان بە خاوەنی ئەو جێژنە دەزانن. لەو نێوەدا ئەوەی زیاتر لە هەموویان بە هێما و باوەڕی کۆنەوە لە جێژنی نەورۆزدا حوزووری هەیە و مۆرکە مێژوویی و کەونەکانی بە روخساری ئەو جێژنەوە دیارن، کوردە.

**ڕاوێژ**: ئێمە بە بەردەوامی دەڵێین نەورۆز بۆنەیەکی کوردییە، بەڵام وابزانم تا ئێستاش لە ئاستی جیهان و لە لایەن یونسکۆشەوە بە بۆنەیەکی کوردی پێناسە نەکراوە و بە هی فارس و... تاد ناسراوە، بۆ نەمان توانیوە لەو بۆنەیە ببینە خاوەن؟

**سوڵتانی**: ئەو شتانە پێویستیان بە هەبوونی ئاڵایەک هەیە لە نەتەوەیەکگرتووەکان. ئەوەتا مەسەلەی ژینۆسایدی کە زۆر جار لە باشوور هەوڵی بۆ دراوە دوو لەمپەری قانوونیی هەیە. یەکەم ئێراق لە دادگای نێودەوڵەتیی ساغکردنەوەی تاواندا ئەندام نییە. دووەم کورد لە نەتەوەیەکگرتووەکان ئاڵای نییە. هەتا ئەو ئاڵایە نەبێ کەس ناومان ناهێنێ.

بەو شێعرەی پەشێو کۆتایی پێ دێنم بەبێ درێژدادڕی

من کەڕەنای جەنگ لێ دەدەم
بێ ئەو جەنگە پەست و سووکین
بێ ئەو جەنگە
مێژوو ئەگەر زەڕڕەبینیش لە چاوی کا نامانبینێ هێند بچووکین...
ئەوەش جەنگی زانیاری و خۆناسین و دەوڵەتدارییە...

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١٦

# کاوەی ئاسنگەر لە نێوان شۆڕشگێڕ و جاشدا

## وتووێژ لەگەڵ ڕەسووڵ سوڵتانی

**خوێنەری هێژا:**

**بابەتی بەردەست، یەکێکی تر لە زنجیرە وتووێژەکانی گەورە ژووری ڕاوێژە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تلێگرام کە لە ڕێکەوتی ٣ی خاکەلێوەی ١٣٩٥ی هەتاوی (٢٠١٦) لەگەڵ بەڕێز "ڕەسووڵ سوڵتانی"، شاعیر،**





**ئیمان مورادوەیسی　　　　ڕەسووڵ سوڵتانی**

**وەرگێڕ و توێژەری ئەدەبی و بە پێشکەشکاری بەڕێز ئیمان مورادوەیسی چالاکی سیاسی لەسەر مژاری (کاوەی ئاسنگەر لە نێوان شۆڕشگێڕ و جاش دا) ئەنجام دراوە.**

**شایانی باسە کە ئەو وتووێژە ٢ بەش بووە کە بەشی یەکەمی لە ژێر ناوونیشانی (نەورۆز و بەهار لە ئەدەبی کوردیدا) هەر لە ماڵپەڕی ڕۆژی کورددا بلاو کراوەتەوە.**

**ڕاوێژ: لە بەشی یەکەمی وتووێژەکەدا باستان لەوە کرد کە خەباتگێڕانی کورد لە و سەدەی دواییدا هاتن و ئاگریان کردە**

هێمای کۆبوونەوە و کاوەیان کردە هێمای سەرهەڵدان و بەرەنگاربوونەوە، دواتر گوتتان کە بەڵام ئێستا کورد لە کلّ دەرچووە و دەبی هەڵەکە ڕاست بکرێتەوە، کام هەڵە؟

**سوڵتانی**: هەڵەی خۆی و درۆی فارس بەتایبەتی درۆی فێردەوسی و مێژوونووسەکانی پاش وی... هەڵەی خۆمان ئەوەیە ئێمەش چووین ئەو بنێشت و جاچکەمان جاوییەوە کە لە زاری فێردەوسی و فارسە رەگەزپەرستەکاندابوو... ئەوەی ئەوان ئامادەیان کردبوو کردمانە پاڵپشتی بیر و هزری خۆمان و وەک نموونەی شیعرەکەی شێرکۆبێکەسم هێناوە کە باسی کاوەی باپیری و زوحاکی سەردەم دەکا. ئەوە لە هەموو ئەدەبیاتی کوردیدا رەنگی داوەتەوە. کەواتە هەڵەیە و دەشلێم چۆن هەڵەیەکە... کاوە دروستکراوی مێشکی فێردەوسی و پێش ئەویش بیر و زەینی دەسەڵاتدارانی هەخامنەشی بووە. لەوانەیە کەسێک بووبێ بەناوی کاوە و وەک ئەو هەمووە جاشە ئازایەی شەڕ بۆ داگیرکەرانی کوردستان دەکەن هاتبێ شەڕی ئاژیدهاک یان ئاستیاگی مادی کردبێ و لەوانەشە ئەو دوایین پادشایەی ماد بە دەستی کوردێک کوژرابێ، کەوابوو دەبێ لێرەوە لێی ورد بینەوە بزانین ئەو هەقایەتە چۆن هەڵبەستراوە و بۆ هەڵبەستراوە و ئێمە بۆ دەبێ وازی لێ بێنین؟

پێش هەموو شتێک حەز دەکەم بزانن من وەرگێڕ و نووسەرم و مێژووزان نیم. بەڵام لە ڕوانگەیەکی ئەدەبییەوە شتەکان لێک دەدەمەوە. هیوادارم ئەگەر هەڵەیەکی مێژووییم کرد ئەوا مێژووزانەکان ڕاستی بکەنەوە مەمنوونیان دەبم. بەو حاڵەشەوە هەمووبان ئاگادارین کە هەخامەنەشییەکان تەخت و تاجی ماڵی خاڵوانی خۆیان کە مادەکان بوو، تێکەوەپێچا و خۆیان هاتنە سەر حوکم. (لەوانەیە هەر لەوکاتیشەوە ئەو ئیدیۆمە هاتبێتە نێو زمانی کوردییەوە کە دەڵێ: حیز بە خاڵوانی خۆی فێرە). بە گشتی کە ئەوان دێنە سەر کار و مێژوو ئەوان دەیگێرنەوە دەبێ بەو جۆرەی داڕێژنەوە کە خۆیان حەزیان لێیەتی و بە قازانجی خۆیانە. ئاخر دەڵێن منداڵێک لە باوکی دەپرسێ باوکە ئەو وێنەیەی شەیتان کە کێشراوەتەوە بۆ وا دزێو و ناشیرینە؟ باوکەکەی دەڵێ چونکە قەڵەمەکە بەدەست دوژمنەکانییەوە بووە و نەقاشەکە دوژمنی شەیتان بووە... کورتی دەبڕمەوە، ئەوان لە هەقایەت و دیرۆکەکەیاندا دێن بە مەبەست ناوی کاوە زەق دەکەنەوە وەک پاڵەوانێکی کورد، دوو: ئاستیاگ دەکەنە دەعبایەکی مار لە شان و مێشکخۆر: هەردووکیشیان بە مەبەست... جا پرسیارەکەت بکە دواتر دێین باسی ئەوە دەکەین بۆ وایان کردووە؟

**ڕاوێژ**: بنچینەی کاوە و زەحاک چیە؟ چ بەڵگەیەک ڕاستی بوونی بیرۆکەی ئێوە دەسەلمێنێ؟

**سوڵتانی**: من ئێستا لێکۆڵینەوەکەی دکتۆر مەولوود ئیبراهیم حەسەنم لەبەردەستدا نییە کە ئاماژە بە لاپەڕەکەی بکەم، بەڵام لەو لێکۆڵینەوە بەڵگەمەندەدا زۆر بە وردی و جوان دەیسەلمێنێ کە ئاستیاگ پادشایەکی زۆریش عادڵ بووە، بەڵام

مادەکـان بەهـۆی جەنگـی بەردەوامیـان لەگەڵ ئاسـوورییەکان وردە وردە لاواز دەبـن و لەولاشـەوە هەخامنەشییەکان بەردەوام پەلاماریان داون تا لە دەسەڵاتیان خستوون. ئاستیاگ هەتا عەرەب نەگەیشتوونەتە ئێران ناوی زوحاکی لـێ نەنـراوە، ئەوە عەرەبەکان بوون کە نەیاندەزانی بڵێن ئاستیاگ یان ئاژی دێهاک و پێیان گوت زوحاک...

بەڵام من خۆم لە نووسینێکدا بە وردی باسی زوحـاک و مارەکـانی سەرشـانیم کـردووە. ئەوە هەڵبەستراوی سەرکەوتووەکانی پاش شەڕن. نموونەیەکی زیندووتان بۆ دێنمەوە:

هەر ئێستا لە ئێراق هەر جارێکی سوننەکان داوای دەسەڵاتدارێتی دەکەنەوە، هەموو ترسی ئەوەیان لێ دەنیشێ نەکـا دیسـان سوننەکان بێنەوە سەر حوکم... بۆ؟ چونکە ئەزموونی خەڵکی ئێراق لە دەسەڵاتی سوننە سەدام حوسێن بـووە. دیـارە وەک باسـم کـرد بەپێـی بەڵگەنامەکـان ئاژیـدێهاک پاشـایەکی زاڵـم نەبـووە بەڵام پـاش رووخانـدنەکەی دەبـێ روخسـارێکی وا زاڵمانەی لێ دروست بکەن بۆ ئەوەی هەر کات کورد ویستی هەوڵـی بەدەسەڵاتگەیشتنەوە بـدات، بڵێن نـا ئێوە پادشـاکەتان مـاری لەسـەر شـان بـووە و مێشـکی گەنجـانی خـواردووە. ئەوە یەکەم قەشـمەریکردن و تەحقیـری نـاخی کـوردە، ئەو کـوردە ئیمپراتۆریـای مـادی لـێ رووخێنـراوە ئیـدی نـابێ داوای وەهـا دەسـەڵاتێک بکـاتەوە چـونکە تـاقیکردنەوەی خـۆی داوە و پاتشایەکی بەقەولی زاڵبووەکان مارلەشانی مێشکخۆری لێ کەوتووەتەوە. ئینجا مەسەلەی کاوەی بۆ دەبیننەوە، دەشیکەن بە کورد، یان لەوانەشە ئەوەی ئاستیاگی کوشتووە هەر بەڕاستی کورد بووبێ، بەڵام بۆ زەقی دەکەنەوە؟ دوو مەبەست:

**یەکەم**: دار هـۆرەی لەخـۆی نەبـێ ناقەڵشـێ. بە کـورد دەڵـێن: ئێـوە هەر دەسـەڵاتێکتان هەبـێ دەتـوانین بەدەسـتی خۆتـان بتانشکێنین. هەر ئێستا لەم هەرێمی کوردستـانە گەورەتـرین مەترسی لەسـەر راگەیانـدنی سـەربەخۆیی کوردسـتان فـاکتەرە ناوخۆییەکانن. کاوە ئاسنگەرە مۆدێرنەکانن

**مەبەستی دووەم**: کاوە کە لە هەقایەتەکەی ئەواندا سەردەکەوێ، لە هەموو ئێرانی ئەوکاتدا پیـاوێکی ئاقڵ و ژیـری دەست ناکەوێ بیکاتە شا، دەگەڕێ لە شاخ فەرەیدوونێکی فـارس دەبینێتەوە کە لەدەست زوحـاکەکەی زەینـی ئەوان رای کـردووە و خۆی شاردووەتەوە...

ئەوە یانی چی؟ ئەوە نییە ئێستاش کە ئێستایە پارێزگاری سنە و کرماشان لە دەرەوەی کوردستان دێنن و دەڵێن کورد پیاوی ئاقڵی وای تێدا نییە وڵاتەکەی یان شارەکەی بەڕێوە ببـا!!!! لەوێشـدا دەیـانەوێ بـۆ هەتـاهەتـایە بە کـورد بڵێن، ئێـوە هەر

خۆخۆر نین، بگرە کەسی ژیریشتان نییە ببێتە گەورەتان دەبێ فارس بێن و بتانپارێزن... تەقریبەن ئەو مەسەلەیە ئێستا لە فکری زۆر کورددا پنجی داکوتاوە.

**ڕاوێژ**: پێتان وایە خۆمان ئەو هەڵە مێژووییەمان کردووە بە هۆی نەخوێندەواری یان ئەوەی کە داگیرکەر هێماسازی بۆ کردووین؟

**سوڵتانی**: داگیرکەر هێماسازیی کردووە، بەڵام ئێمەش نەچووین قووڵ بینەوە. وەرە مامۆستا هەژار بەو گەورەییەی خۆی کاوەی ئاسنگەری بە ئوستوورەی ڕاپەڕین و خەبات داناوە و زۆر کەسی گەورە گەورەی بە کاوەی ئاسنگەر شوبهاندووە.

ئاخر کاوەی ئاسنگەر ئەگەر هەقیقەتیشی هەبێ، لە خوێندنەوەی ئەمڕۆی ئێمەماناندا جاشێک بووە کە هاتووە و دەسەڵاتێکی کوردی بۆ فارسان رووخاندووە. بە لای منەوە ئەگەر ئاژیدێهاک زاڵم بووبێ و کاوە لێی ڕاپەڕیبێ هەقی خۆیەتی، بەڵام کە دەچێ و فەرەیدوونێکی فارس دێنێ و لەجێی دادەنێ، ئەوە نیشانەی خۆفرۆشی و خۆبەکەمزانینە... چۆن تۆ ئیمپراتۆرییەک دەرووخێنی و دەچی بێگانەیەک دێنی لە جێی دادەنێیەوە؟ ئیتر کاتی ئەوەیە نوخبەی کورد بەتایبەتی مێژووزانەکانمان و ئەوانەی بواری مێژووی کەونارا دەخوێنن وردتر بچنە بنج و بناوانی ئەو مەسەلەیەوە و بەڵگەی روونتر و پتەوترمان بخەنە بەردەست.

**ڕاوێژ**: کاوە وردە وردە بووە بە هێمایەک، ڕوخاندنی هەڵە نیە؟

**سوڵتانی**: نا نا، مانەوەی هەڵەیە بە ڕای من. ئەرێ بەڕاست ئەگەر پاش سەدەیەکی دیکە خەڵکی باشووری کوردستان کوتوپڕ لە سۆنگەی نووسینێکی عەرەبانەوە بێن و عەلی کیمیایی بکەنە هێما و ئوستوورە هەڵە نییە؟ پاش سێ هەزار سەدەی دیکەش هەڵەی وا دەبێ ڕاست بکرێتەوە. ئەو جاشانەی کەوتنە پێش لەشکری ئیسلامی خومەینی و هاتن و شارەکانی ڕۆژهەڵاتیان بۆ پاسداران گرتەوە یەکێک لەوانە هەرچەندە نەترسیش بووبێ، ئاخۆ بکرێتە ئوستوورەی ئازایەتی باشە؟

**ڕاوێژ**: مامۆستا ڕەسووڵ با بەگەڕێینەوە نەورۆز، پێتان وایە نەورۆزی ئێستا و داهاتوو جیاواز دەبن بۆ کوردستانی خۆرهەڵات؟

**سوڵتانی**: تا خۆرهەڵاتی کوردستان بندەست بێ و هەڕەشەی لەسەر بێ، نەورۆز هەر ئەو هێمایەی ئێستا و سەدەی رابردووی دەبێت. بەڵام پاش ئازادبوونی کوردستان ئیتر ئەو بەشی حیماسییەی وەک ئەدەبی بەرگری دەچێتە نێو مێژووەوە، بەڵام وەک سروودی ئەی رەقیب دەبێتە بەشێک لە ناسنامەی میللەت. هەڵبەت نەوەی داهاتوو خۆیان بڕیار لەسەر ئەو مەسەلەیە دەدەن، ئیتر ئەوە بۆچوونی منە...

**ڕاوێژ**: بناغەی ئەو چیرۆکە درۆیە یان هەڵبەستراوەی کاوە لە کوێوە هاتووە؟ ئایا ئەوە هەمان سیاسەتی مێژووسازی بۆ فارسە؟

**سوڵتانی**: دیارە بەڵگەی روون فێردەوسییە. فێردەوسی یەکێکە لەو کەسانەی دژی دەسەڵاتداریی عەرەب بووە. هەر بۆیە لەسەرتای شانامەدا پەلاماریان دەدا. بەڵام هەر فێردەوسی وەک چۆن رۆستەم  دروست دەکا وەک ئوستوورەیەکی ئێرانی / فارس، دێ و کاوەش لە نێو هەقایەتەکانەوە دەردێنێ و ئەو بەرگەی بە بەردا دەکا... شانامە بەهێزترین کۆڵەکەیەکە کە ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی فارس ئێستاش دەستی پێوەیەتی و پاڵی پێوە داوە. ئەوەی شانامە کردی، دواتر رەزاخان کامڵی کرد. ئەگەر کوردیش تاقە سەرکردەیەکی وەک رەزاخانی هەبوایە، بە دڵنیاییەوە زۆربەی ئەو هەقایەتە بێ بنەمایانە پێچەوانە دەبوونەوە.

**ڕاوێژ**: ئەو چیرۆکە فیردەوسی باسی دەکا و هەر لەوێش ڕیشە و نەتۆرەی کورد دەباتەوە شاخ و دەڵێ کورد لە پشت شاخەکانەوە هاتووە، مەبەستی کەسانی وەک فیردەوسی لە مێژوو شێوێنی چیە؟

**سوڵتانی**: روون و دیارە، فێردەوسی مێژوو بۆ فارس زیندوو دەکاتەوە:

**بسی رنج بردم درین سال سی**
**عجم زنده کردم بدین پارسی**

تەنانەت ئەو پێی وایە نەک هەر فارس بەڵکو هەرچی غەیرە عەرەبە دەبێ بێنە بن سێبەری ئەو فارسییەوە کە ئەو پێی وایە بەبێ شانامە مردنیان مسۆگەر دەبوو. هەڵبەت راست دەکا، بزووتنەوەی شعووبییە نەبوایە ئێستا سەدا نەوەدی ئێران عەرەب دەبوون. شانامە بەردی بناغەیە بۆ فارس و هەقی خۆیانە شانازیی پێوە بکەن. ئەو مێژوویەک بۆ فارس دەنووسێتەوە، کەوابوو دەبێ بڵێ لە دەرەوەی ئەو مێژووە هەرچی هەبووە یان ئەفسانەیە یان دێو و درنجە. فێردەوسی هەقە

بەلای فارسانەوە وەک پێغەمبەرێک سەیری بکرێ، کە ئەوانی کردە میللەت... کردنی بەو میللەتەی لە هیندستان و کۆشکی خەلیفەکانی بەغدا و تەنانەت لە کۆشکی عوسمانییەکانیشدا بە فارسی شیعر بنووسرێ. بوونەوەرێکی وەحشیی دوور لە شارستانییەتە، ئێستاش هەر بە سواری کەر هاتوچۆ دەکا و نەبووەتە بەشەر... ئاخر خۆشمان کەوتووینەتە ئەو داوەوە.

**ڕاوێژ**: ئایا تا ئێستا بە شێوەی زانستی لە سەر بنەمای کاوە و زەحاک کار کراوە؟ ئەگە ڕکراوە دەکرێ بیانناسێنن؟ یان دەرەنجامەکان چین بە گشتی؟

**سوڵتانی**: بە داخەوە لەو بەشە ئازادەی کوردستاندا کە ئەوە ١٢ ساڵە لێی دەژیم جگە لەو شتەی باسم کرد لێکۆڵینەوە بەڵگەمەندەکەی دکتۆر مەولوود هیچی وام بەرچاو نەکەوتووە. خۆ بە ناشکوری نەبێ لە ڕۆژهەڵاتیش دەرەتان و دەرفەت نییە. هیوادارم هەبن و من نەمدیتبێ با ئەو عەیبەیە بێتەوە سەر من.

**ڕاوێژ**: پرسیاری هاوڕێیەک؛ بەو پێیەی ئەو بەرێزە کتێبەکانی یاشار کەماڵی بۆ سەر زمانی کووردی گەرگێراوەتەوە، چۆن دەڕواننە ئەو نووسەرە؟ ئایا یاشار کەماڵیش هاوشێوەی محەممەدی قازی خۆی لە کولییەتی دوژمن دا نەبینەوەتەوە؟ ئێمە باسی هێما نەتەوەیەکانمان دەکەین ئایا ئەوە بە هۆی نەبوونی کولییەتێکی کوردی نییە کە تەنانەت عەقڵییەتی ئێرانی و تورکی ۆ ئیسلامی خۆی خزاندۆتە ئەدەبیاتی ئێمەش؟

**سوڵتانی**: دەکرێ بڵێین مەسەلەی یەشارکەماڵ و محەممەدی قازی دوو شتی لێک جیاوازن. ڕاستە، ئەوە گلەییەکە، وەختێک لە گۆشەنیگایەکەوە سەیری دەکەی، لە جێی خۆیدایە، بەڵام وەرن با سەیری واقیعی گەلەکەمان بکەین، میللەتێکی پارچەپارچەکراو و چەوسێنراوە، کە زمانەکەیشی قەدەغە و یاساغ کراوە، بڵێی و نەڵێی بەشێک لە بلیمەتەکانی لە دەست دەچن. ئەوانەی توانای نووسینیان هەیە، باش دەزانن، بۆ بە چ زمانێک دەرس بخوێنی، بەو زمانەش دەتوانی باش بنووسیت و بیر بکەیتەوە. هەر ئێستاش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆرن ئەو قەڵەمە بەبرشتانەی هەر بە زمانی فارسی دەنووسن. ئەگەرچی ڕێچکەشکاندن کاری مرۆڤە بلیمەتەکانە. یەشار کەمالیش کوڕی نەتەوەیەکی داپڵۆسراوی زمان زەوتکراو، ئەودەمەی دەستی قەڵەم دەگرێ، زمانە زگماکییەکەی خۆی، نەک بە نووسین، بگرە قسەپێکردنیشی قەدەغەیە و تەنانەت لە ماڵەوەشیان خەڵکێک بە پارێز و بە دزییەوە قسەی پێ دەکات...

بە گشتی، یەشار کەمال، لە نووسینەکانیدا، ڕۆح و هەوێنێکی ئەوەندە کوردانەی کردووەتە شادەماری ڕۆمانەکانییەوە، کە بە هەر زمانێکی وەرگێڕیت، ئەم تایبەتمەندییە بەرچاوەی تێدا بەدی دەکەیت. ئەوی حەمەدۆکی خوێندبێتەوە، وەباڵ بۆ

**خاکەلێوە – نەورۆز**

ئەم قسەیەم دەکێشێ. لە یاخییەکەیدا تۆ مرۆڤێکی یاخی لە زوڵم و زۆرداری دەبینیت، کە جوامێرانە لە زاڵمان دێتە دەنگ.

کورتی ببڕینەوە، خەمی مرۆڤ، ئازارەکانی مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئازارانە، هەوێنی بەشی هەرە زۆری ڕۆمانەکانی ئەو نووسەرە مەزنەیە.

لە سێ بەرگەکەی ئەودیوی کوێستاندا، کە خۆم کردوومەتە کوردی، یەشار لەگەڵ ژان و ئازارەکانی ژیانی خەڵکەکەی، باس لە مەسەلەیەکی زۆر گرینگ دەکات، ئەویش ترس و بەخشینی پیرۆزایەتییە بە کەس و شتەکان. یەشار کەمال لەو سێ بەرگەدا زۆر وردبینانە و دەروونشیکارییانە باسی ئەو حاڵەتە دەروونییەی مرۆڤ دەکات، کە لە ئاکامی ترس و نەبوونی و دەستکورتیدا بەسەریدا دێ. کە چۆن مرۆڤ لە ترس و دڵەڕاوکێدا پەنا دەباتە بەر هێزە نەبەدی و ئاسمانییەکان و چۆن پیرۆزی بە شتەکان دەبەخشێ و هانایان بۆ دەبات...

لە ئاغاکانی ئاقچاسازدا، هەر جارە و بە بیانوویەک، باسی قڕکردنی ئەرمەنییەکان دەکا و، هەر جارەی ئاماژە بە هۆکاری دەوڵەمەندبوونی کەسێک دەکا، ڕاشکاوانە دەڵێ: پێشتر هیچی نەبوو، بەڵام دەستی گرت بەسەر مڵک و ماڵی ئەرمەنییەکاندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی مارچی ٢٠١٦

# هەست و بیروڕای چەند قەڵەمبەدەستی بە هەستی ڕۆژهەڵاتی سەبارەت بە نەورۆز و گرینگی ئەم بۆنە نەتەوەییە



**ئامادەکردنی: عەلی لەیلاخ**

**عەلی لەیلاخ: گرینگی نەورۆز لە چی دایە؟ بۆ دەڵێین نەورۆزی کوردەواری ئایا ئەمە هەڵگری مانای تایبەتە؟**

**شەریف فەلاح**: ئەگەر مەبەستت لە گرنگیی نەورۆز واتا گشتییەکەی بێت، جیا لەبارە سروشتییەکەی و بووژانەوەی ژیان، هەڵگری گەلێک واتایە، چونکە لە نەورۆزدا مرۆڤ دەبووژێتەوە، خوێنی نوێ دەگەڕێتەوە دەمارەکانی مرۆڤ، شینایی و کەسکیی سروشت و دڵڕفێنی و نوێبوونەوە گیانێکی دیکە بە بەر مرۆڤدا دەکات و بە جۆرێک مرۆڤ هەست بە دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە ژیان دەکات، ئەگەر مەبەستیشت گرنگیی نەورۆز لەلای کورد بێت، ئەوا دەبێ بڵێم کورد و نەورۆز و ئاگر و شۆڕش بە جۆرێک لێک گرێ دراون کە هیچ هێزێک ناتوانێ لێکیان هەڵاوێرێت، چونکە لە نەورۆزدا شۆڕشەکانی کورد دەبووژێنەوە، کورد هەست بە بوونی خۆی دەکات. کورد نەورۆز و ڕاسانی سروشت بەهار و ژیان دەکات ئاخێزگەی شۆڕش و بەرخودان، بۆیە بەڕای من نەورۆز و گرنگگیەکەی لەلای کورد واتایەکی سیاسی و نەتەوەیی هەیە و دەبێ زۆر گرنگیی پێ بدات و دەتوانێ لەم ڕەهەندەوە زۆر کار بۆ بەرەوپێشبردنی شۆڕش و بزووتنەوە ڕەواکەی بکات. لەبەر ئەوەش دەڵێن نەورۆزی کوردەوای، چونکە هەموو هێما، توخم و واتاو نیشانە سەرەکییەکانی نەورۆز و ڕووداو و ئەفسانەکانی ئەم بۆنە دێرینە لە کوردستان ڕوویان داوە و لەم دەڤەرەوە بۆ ناوچە و کولتوورەکانی دیکە گوازراونەتەوە.

**عەلی لەیلاخ: وەکوو توێژەرێکی ئەدەبی، پێگەی نەورۆز لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا چۆن دەبینی؟**

## خاکەلێوە – نەورۆز

**شەریف فەلاح**: نەورزۆ لە سەرلەبەری ژیان و کایە سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و بەتایبەت ئەدەبییەکانی کورددا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە شاعیرانی کلاسیکی کورد بە تێکڕا ئاوڕیان لە نەورۆز داوەتەوە و لە پانتایی ئەدەبی کوردیدا، نەورۆز بووەتە هەوێنی گەلێک شیعر، چیرۆک و تەنانەت ڕۆمان، من شاعیری کوردم پێ شک نایەت کە شیعری بۆ نەورۆز و سەرەتای بەهار نەبێت. بۆیە ئەگەر بمانەوێ نەورۆز لە ئەدەب و شیعری کوردیدا و چۆنیەتیی ڕوانین و دیداگای جوانیناسانەی ئەدیب و نووسەرانی کورد هەڵسەنگێنین کات و دەرفەتێکی زۆری دەوێت، لەم دەرفەتە کورتەدا تەنیای ئەوە دەڵێم، نەورۆز لە شیعری کوردیدا پیگەی بەرزە و شاباڵی پەیڤی شیعری ساعیرانی کلاسیکی کوردە، چونکە نەورۆز لە شیعردا وەک هەوێن، ئاخێزگە وچەخماخە شاعیر و هۆنەر بۆ ناو دنیای هەست و سۆز پەلکێش دەکات، بۆیە نەورۆز خۆی دەقە شیعرێکی ڕەسەنە.

**سامان ئەحمەدی**: یەکێک لە خەسڵەتەکانی جێژن ئەوەیە، کە تێیدا زەمان مێژووی نییە. یان بە واتایەکی ڕوونتر، جێژن، خۆی داهێنەری زەمانە. واتە لە جێژندا ڕێکەوتێک یان ساڵوەگەڕی ڕووداوێک، نەک هەر بەرزڕادەگیرێ و دەنرخێنرێ، بگرە دووبارە دادەهێنرێتەوە؛ ئەو ڕووداوەی لە زەمانێکی دووری مێژووییدا ڕووی داوە، لە جێژندا تازەتازە دەست پێ دەکات، زەمانە دوورە مێژووییەکە دەبێتە ئێستایەکی تاهەتایی. نەورۆزیش جێژنێکە، هەرچەند لە لایەن گەلانی زۆر وڵاتی ئاسیاییەوە یادی دەکرێتەوە، بەڵام بۆ نەتەوەی کورد واتای خۆی هەیە. نەتەوەی کورد یەکێک لە نەتەوە هەرە دێرینەکانی مێژووە. هەرچەند مێژووی نەتەوەی کورد، بەتایبەت لە سەردەمی نوێدا لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە شێوێندراوە، بەڵام سەرباری ئەوەش کۆمەڵێک سەربردە و ئوستوورە و ئەفسانەی تایبەت بە خۆی هەیە، کە یەکێک لە ئوستوورەکانی نەتەوەی کورد ئوستوورەی نەورۆزە. واتە نەورۆز بۆ کورد جێژنێکی ئوستوورەییە. ئۆستوورەی نەورۆز لە لایەن کوردەوە چەندین گێڕانەوەی هەیە؛ ئوستوورەی کاوەی ئاسنگەر و ئەژدیهاک (زەحاک)، ئوستوورەکانی ئایینی میترایی و ئاگرکردنەوە لە چەند ڕۆژێکی دە ڕۆژەکەی کۆتایی ساڵدا کە بە جێژنەکانی "فەروەردەکان" ناویان هاتووە و چەندین ئەفسانەی دیکەی، کە باس لە پێوەندیی ژیانی مرۆڤی کورد بە سروشتەوە دەکەن. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە لە سەرلەبەری ئەم گێڕانەوانەدا، زەمان مێژووی نییە، بگرە سەرەتایەکە، ساڵێکە، ڕۆژێکە، کە فڵان سەرەتا و فڵان ساڵ و فڵان ڕۆژ نییە، بگرە هەموو سەرەتاکان و هەموو ساڵەکان و هەموو ڕۆژەکانە و، دەگەڕێتەوە بۆ زەمانێک کە تێیدا هەموو بوارەکانی ژیان و هەموو شتەکان لە یەک چرکەدا دەست پێ دەکەن، واتە ژیان و واتای ژیان هەرئێستا، لەم جێژنەدا دەست پێ دەکات. نەتەوەی کورد لە سەردەمی نوێدا وڵاتی لێ داگیر کراوە، زمانی لێ قەدەغە کراوە، فەرهەنگەکەی وەبەر شاڵاوی لەنێوبردن دراوە، بەڵام خۆی بەدەست لەنێوچوونەوە نەداوە، ویستوویەتی خۆی ڕزگار بکات، بۆ ئەم هەوڵ و خەباتە چەندین هێمای فەرهەنگی و نەتەوەیی کردووەتە چەکی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران و قەڵاچۆکەران؛ یەکێک لەو هێمایانە، جێژنی نەرۆزە، کە تێیدا کورد زەمانی تاهەتایی هەبوونی خۆی زیندوو دەکاتەوە. لە ئوستوورەی کاوەی ئاسنگەردا، کاوە داهێنەری

زەمانی ئاهەتایی ڕزگاربوونە لەژێر باری ستەم، بۆیە نەتەوەی کورد، خولقاندنەوەی کاوەی کردووەتە هێمای خولقاندنەوەی هێز و توانای ڕووخاندنی ستەم و ستەمکاری (هەرچەند گێڕانەوەی دژی ئەم گێڕانەوە باوە لەبارەی کاوەی ئاسنگەرەوە هەیە، کە دوایین پادشای کورد، ئەژدیهاکی ڕووخاندووە و...ئیدی). لە ئوستوورەکانی ئایینی میترایییدا ئاگر هێمای بەرەنگاربوونەوەی تاریکی و ستەمە، نەتەوەی کورد لە جێژنی نەرۆزدا بە کردنەوەی ئاگر، یەکەم چرکەی بەرەنگاربوونەی تاریکی دەبووژێنێتەوە و دەیکاتە چرکەی خەباتی ئاهەتایی و ئێستایی لەدژی ستەم و تاریکی و داگیرکەری. بابەتەکە زۆری بە بەرەوە هەیە و لێرەدا لەمە زیاتر دەرفەت نییە لێی بدوێین، بەڵام گرینگترین هۆکاری گرینگایەتیی نەورۆز بە لای نەتەوەی کوردەوە، بە باوەڕی من ئەوەیە، کە کورد بە بەرزڕاگرتن و نرخاندنی نەورۆز دەیهەوێ، بوونی خۆی لە زەمانێکی ئاهەتاییدا، واتە لە جێژنی نەرۆزدا بپارێزێت.

**عەلی لەیلاخ**: بەرێزت وەکو قەڵەمبەدەستێکی کورد، پێگەی نەورۆز لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا چۆن دەبینن؟

**ساماڵ ئەحمەدی**: ئوستوورەی نەورۆز لە ئەدەبیاتی کوردیدا مۆتیفێکی زۆر دیار و بەرچاوە. بەتایبەت لە ئەدەبیاتی بەرەگریی کوردیدا، وەکو لە سەرەوە باسم کرد، مۆتیفی نەورۆز، بەردەوام وەکو هێمای سەرهەڵدانەوە، بووژانەوە، ڕسکانەوە، تێهەڵچوونەوە و دەستپێکردنەوەی زەمانی ئاهەتایی هەبوونی نەتەوەیی کورد و گەیاندنەوەی نەتەوەی کورد بە سەرەتاییترین و ئاهەتاییترین چرکەی هەبوونی خۆی دەکارهێنراوە. تەنانەت لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا نەورۆز وەکو مزگێنیدەری بووژانەوە و هاتنەوەی فەرعانە، گەیشتنەوە بە ئەو کەس، شوێن یان چرکەیەی کە شاعیر لێی دابڕاوە، دەکار هێنراوە:

**نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن**
**یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن "مەولەوی"**

**یان**

**نەسیمی بادی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هینا**
**موریدی عاشقان دیسان پەیامی دولبەری هێنا "وەفایی"**

**یان**

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ**
**دڵ چونکە میسلی خونچەیە بۆیە دەپشکوێ "نالی"**

**دیارە لە شیعری بەرگریی کوردیدا بە شێوەیەکی بەرچاوتر مۆتیفی نەورۆز وەکو هێمای لەدایکبوونەوە و ڕاپەڕینەوە و سەرهەڵدانەوەی چرکەی هەبوونی نەتەوەیی دەکار هێنراوە؛ شاعیرانی وەکو پیرەمێرد، قانع، دڵدار، هەژار، هێمن، هێدی، گۆران، عەبدوڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس و...**

**عەلی لەیلاخ**: **گرینگی نەورۆز لەچیدایە؟بەڕێزت وەکوو نووسەرێکی کورد چۆن دەڕوانیتە نەورۆزو کاریگەرییەکانی؟**

**ی.. مەحەممەدی**: **نەورۆز وشەیەکی سروشت ماناییە و توانیوویە بە جوانی ماناکەی خۆی بچەسپێنێ.**

**هەمیشە سروشت وەکوو مامۆستایەک وانەی بە گیانداران و بێ گیانان وتووتەوە و هیچ کام لە گیاندار و بێ گیان نەیانتوانیوە خۆیان لە ژێر کاریگەری نەورۆزدا بەدەربگرن.**

**بۆ هەموو گیانداران و بێ گیانان گرینگی نەورۆز لە زیندوو بوونەوەدایە، هەموو هێزێکی نوێی گیانبەخش دەگرن و دەست دەکەن بە ڕەو و باڵاکردن و نوێی بوونەوە؛ نوێی بوونەوەیەک کە بە تەواوی مانا نوێیگەری و خوڵقاندنی شت و گیانی تازە و نوێییە.**

**نوێی بوونەوەیەک کە ئەتوانێ لە گەڵ ژیانی ساڵانی دوور و درێژی ڕابردوودا، زۆر جیاوازی بێت.**

**تەنانەت لە ڕەنگ و بۆن و بەرامەی گوڵ و گیا و چەند ڕەهەند بوونەوە لە سەر یەک ڕیشە ۆ بنەمادا، کە خۆدی ئەوەی وا لە پێشدا بووە دەپارێزدرێت بەڵام شتێکی کاریگەرتر دە خوڵقێت، ۆ کوو: درووست بوونی چەندین جۆر دەرمان و خۆراک و ڕازێنەری نوێی کە جیاوازی کارکرد و کارتێکردنیان دیار ۆ بەر چاوە.**

**ئەڵبەت هەر میللەتێک لە دوێی ئەوەدا دەگەرێت کە زۆر گرینگ بێت و بتوانێ گرینگایی خۆی لە کارپێکردندا بخاتە بەر چاو.**

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**بۆ میللەتی کورد ژیان و دەسەڵات و دەرهاتن لە ژێر دەسەڵاتی زاڵمانەی زۆر بێژاندا، گەلێک گرینگ بوونە.**

چۆن جوغرافیای کوردستان هەر هەمووی دەکەوێتە ژێر کاریگەری نوێی بوونەوەی سروشت و هاتنی وەرزی بەهار ; هەر جۆرە ماناکردنەوە و نوێی بوونەوە بە جوانی بۆ خەڵکەکەی ڕوون دەبێتەوە و توانای تێفکرین و لێحاڵی بوونی بۆ هەموو تاک و کۆی کۆمەڵگای کوردی بەرچاو و کەڵک لێگیراوە.

**میللەتان و تاکەکان هەمیشە و هەموو کاتێک لە دوای ویستە تاک و کۆیەکانی خۆیان گەڕاون و لەو بوونە سروشتییانە کەڵکیان وەر گرتووە.**

کورد هێزێکی دەوڵەتی و دەسەڵاتدار بووە , دوای ئەوەی دەسەڵاتی وڵاتداری یان ناوچەیی خۆیانیان لە دەستداوە , ئیتر بۆ دووبارە گرتنەوەی دەسەڵاتی کوردی کەوتوونە تێکووشان و لە سروشت کە زۆرترین کاریگەری لە سەر چاو و هزری ڕاستەقینەی مرۆڤ هەیە کاریان کردووە و توانیویانە لە نەورۆز بۆ یەکگرتنەوەی نەتەوەیی کەڵک وەر بگرن.

چۆن سەرەتای ژیانەوەی ساڵ تێکۆشانی پڕ هەست و بزوێنەری هەیە و دەتوانێ لە سەر هەست و دەروونی مرۆڤەکان کاریگەری ئانی و کاتی هەبێت , بۆ کورد ئامرازێکی سروشتی زۆر بە هێزە کە خەڵکی خۆیی پێی ببەستێتەوە و لە هێما و شتە بەرچاو و هەست بزوێنەکانی بۆ یەکگرتنەوەی گەل کەڵک وەر بگرێت.

**بە وتەی مامۆستا هێمن:** "ئاژەڵداری و ژیانی کشتوکاڵی گەلی کورد بە گشتی کە لە ناوچەیەکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریدا دەژین" گەورەترین هۆکار بووە بۆ کردنەوەی ئاگر و بەرپاکردنی شایی و دروستکردنی بۆنەیەکی میللی بۆ میللەتی کورد.

بە ڕای من هەر بۆنەیەک، هەر نیشانە و شتێکی سروشتی کە بتوانێ بۆ یەکخستنی میللەت کەڵکی لێی بگیردرێت، ئەتوانێ باشترین هۆکار و یارمەتیدەر بێت یەکخسنەوەی گەل و خەڵکی کورد.

**مۆرتین ئەڵێت:** "سروشتی مرۆڤی ئێرانی مردنی نییە و نەمریی باوەڕە کۆنەکان لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی ئێرانییە."

بە پێی ئەم بۆچوونە، نەورۆز یەکێک لە گرینگترین نەریتە سروشتییەکانی جوغرافیای کوردستانە و قەتیش لە ناو ناچێت.

## خاکەلێوە – نەورۆز

چۆن نەو ڕۆژ هەتا جوغرافیا کوردستان وەها بێت، هەر دەمێنێتەوە، کوردیش دەبێ بە پێی زانستی دەروونناسی, کۆمەڵناسی، فەرهەنگی و ژیاری میللی، کەڵکی ڕەوا و درووستی لێبگیردرێت و نەتەوەی خۆیی بۆ ڕێک بخرێ.

چۆن گەورەترین کەڵکەڵەی گەلی کورد درووستکردنی دەوڵەت و وڵاتی یەکگرتوو و ئاڵادار بووە، هاتنی ساڵی نوێی و ئاڵوگۆڕی کەش و هەوا و جوغرافی ناوچەکە بووە بابەتێکی کەڵک لێگراو بۆ گەلی کورد.

شاعیران و نووسەرانی کوردیش ئەمە هەلەیان بە جوانی لە پێش چاو گرتووە و بۆ یارمەتیدانی گەل و نەتەوە کەڵکیان لە سروشت وەر گرتووە و یەکگرتنی نەتەوەییان کردووە دروشمی خۆیان و لە شێعر و نووسیندا بە کاریان بردووە.

بەهار و جوانییەکانی سروشتیش بووە هەوینی شێعر و نووسراوەی شاعیرانی کورد.

هەر وەک چۆن سروشت گەرایی (ناتورالیستی) لە کۆتایی سەدەی ۱۹ و سەرەتای سەدەی ۲۰دا شێوازێکی فەلسەفی و ئەدەبی باو بووە؛ ئەم شێوازە کەڵک گرتنە لە سروشت لە نێو هەموو گەلاندا و گەلی کوردیشدا، هەمیشەیی و هەتاهەتاییش ئەبێت.

شاعیران و نووسەرانی کوردیش لە سەرەتای نووسیندا و پێموایە هەتا هەتاییشدا هەر لە سروشت وبەهار کەڵک وەردەگرن و لە شێعر و نووسینیشیاندا ڕەنگ دەداتەوە.

نەورۆزیش گەورەترین ئامێر و هێزی سروشتە کە دەتوانێ ڕۆحی نەتەوەیی لە گیانی گەلی کورددا بنەخشێنێ و کورد زیندوو بکاتەوە.

لە ژمارە ٦٧٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۲۹ی مارچی ۲۰۱٦

# چەند خاڵێ بە کورتی سەبارەت بە نەورۆز



**چیا ئیلامی**

نەورۆز، واتە رۆژی نوێ. یانی کۆتایی هاتنی رۆژی کۆن(دوایین رۆژی ساڵ) و دەسپێکی رۆژی نوێ(یەکەم رۆژی ساڵی نوێ) کە لە نێو نەتەوەکانی ئاریاییدا جێژن دەگیردرێ. مێژووی ئەم جێژنە دوور و درێژە و پسپۆڕانی بواری مێژوو بە چڕ و پڕی لە سەری دواون و لێرەدا ناکرێ بە کورتی هەمووی لێک بدەینەوە. هەر ئەوەندەی بڵێم کە بە پێچەوانەی هەندێ بیر و باوەڕی چەواشەی ئایینی، لە ڕاستیدا جێژنی نەورۆز، جێژنی ئاگر پەرستی نییە و جێژنێکی نەتەوەیی (دامەزرانی دەوڵەتی ماد)، جێژنێکی ئایینی ( ڕەمزی ڕزگاربوونی حەزرەتی ئیبراهیم لە ناو ئاگری نەمروود) و جێژنێکی سروشتی (کۆتایی سەرما و سۆڵەی زستان و دەسپێکی بەهار و هاتنی وەرزی خۆشی و شادی و ژیانەوەی سروشتی)

* ڕەمز و سیمبولێک لە هەر سێ بۆنەکەی نەورۆزدا هەیە و لە هەر سێکیاندا هاوبەشە. ئەویش کۆتایی هاتنی زوڵم و زۆر و سەرما و سۆڵە و سەرهەڵدان و ژیانەوەیە. نەتەوەی کوردیش وەک لە درێژایی مێژوودا دەیبینین، دژی زۆرداری و زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە بووە و بە بێ جیاوازی ئایینی تەنانەت پاش وەرگرتنی ئایینی نوێی وەک ئیسلامیش، جێژنی نەورۆزی وەک گەورەترین جێژنی نەتەوەیی بەرز ڕاگرتووە. ئەم هاوبەشییەی کە لە جێژنی نەورۆزدا لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا هەیە دەکرێ کاری زیاتری لە سەر بکرێت و ببێتە هەوێن و تەوەرەی هەستی نەتەوەیی و سەرەتا و دەسپێکی مێژوویێکی نوێ بۆ گەلی کورد.

* کاتێ کە دەڵێین نەورۆز گەورەترین جێژنی نەتەوەییمانە، بەو پێیەش لە ئەدەبی کوردەواریدا خاوەن پێگەیێکی زۆر

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**بەرزە و بە ڕاشکاوی لە بەرهەمی شاعێران و نووسەران و هونەرمەندانی کورددا ڕەنگی داوەتەوە و شوێنی داناوە. بۆ نموونە ئەتوانم ئاماژە بە شێعری چەند شاعێرێ بکەم.**

**مامۆستا هەژار دەڵێ:**

**مزگێنی دا بە سروە بای بەهاری**
**وا هاتەوە نەورۆزی کوردەواری**
**بە تیشک تێک شکا سوپای کڕێوە**
**هەواری ڕۆژ گەییشتە خاکەلێوە**

**مامۆستا پیرەمێرد دەڵێ:**

**ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە**
**جێژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە**

**مامۆستا هێمن دەڵێ:**

**ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە بەهارە جێژنی نەورۆزە**
**بە دڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە**

**مامۆستا گۆران دەڵێ:**

**بە سوورێکی تر ئەستێرەی ئینسانگر**
**قەومی کۆنی خستەوە جەژنی ئاگر،**
**کام قەومی کۆن،کام جەژنی بەرز و پیرۆز؟**
**قەومی مادی! جەژنی بڵندی نەورۆز!**
**ئەو نەورۆزەی کە هەزاران بەهارە،**
**لە دێی کوردا گڕی ئاگری دیارە،**

**خاکەلێوە – نەورۆز**


**مامۆستا شەریف دەڵێ:**

**دەشت و دەر سەوزە و هەتا دەیبینی هەر شینابییە**
**هەرچی دەڕوانم کەمە و تێر نابێ ئەم بینابییە.**

**لە ژمارە ٦٧٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠١٦**

# نەورۆزی خەم و شادی



**هاشم رۆستەمی**

دەمهەویست دەربڕینی هەستی نەورۆزانەم پڕ بێ لە وشەی ناسک، ناسک وەک پەلکی ناسکی وەنەوشەو گەزیزەو نێرگز، ناسک وەک بزەی سەر لێوی منالْ،... دەمهەویست بەژنو بالاو لقوپۆپی دارە سێوی وشەکانم بە شکۆفەی ئالْو پەمەیی پیتی جوانی کوردی بخەملێنمو بە نەرمە بارانی دەمەو بەیانییەکی رۆژێکی دلگیری بەهاریی کوردستانەکەم ئاوەرشێنیان بکەم، تا بۆنو بەرامەیان هەر نەبێ لە ساتە خۆشەکانی نەورۆزدا ببنە هۆی خۆشحالیی زیاتری دلسۆزانی نیشتیمان. بەلام نەورۆزی ئەم سالم لە گەلْ هەر هەموو نەورۆزەکانی تری تەمەنم جیاوازیی هەیە. ئەمسالْ تا پتر لە نەورۆز نزیک دەبمەوە پتر ماشەری بیرو ئەندێشەم ئالۆز دەبێو لە جێگەی دەربڕینی هەستی خۆشی نەورۆزانە، پتر بە ناخی پر ئازاری گەلە بەشمەینتەکەم دا دەچمە خوارێو لە نەورۆزدا گریانو زەردە خەنەم دەست لە ملانی یەک دەبن.

نەورۆزی سالانی رابردوو، دوو سالْ لە مەوبەر، سێ سالْ لە مەوە بەر،...

دەمگوت" نەورۆزەو گەردوون گەڕێکی دیکەی گۆوەندی ژیانی بە ئاوازی دلنەوازی خورەی چەمو شنەی دلْ بلاوێنی شەمالْ گەڕاو، مامە نەورۆزی سەربەرزی وەرزی پیرۆزی جوان، جوان جوان سەرچۆپیکێشی ئەم گۆوەندەیە.

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**دەمگوت وا ڕەورەوەی گردی زەوی بە سەرجەم تەنگو چەڵەمەکانییەوە خولێکی دیکە سووڕاو، بۆ جارێکی دیکەش دەوران گۆڕاو ژینی نوێی وەرزی تەمەن بە بەر سەرجەم بوونەوەرێک دا کرایەوە. وا ئەم جارەش تیشکی زێڕینی خۆر لە گەڵ هەناسەی پڕ لە تاسەی مامە نەورۆزدا کەوتەوە خۆو بە پرشەنگی زێوینی، هێزو گوڕو تینی ژینی خستەوە نێو جەستەی خەستەی بوونەوەرانی ئەم گیتییە. وا ئەمجاریش زستانی ساردو سڕی بەفراوی ڕۆیشتو بەهاری جوان و ڕازاوە بۆوە بە میوانی سروشتە وەک بەهەشتەکەی وڵاتی جوانو دڵگیرمانو رووی ڕەش هەر بۆ ڕەژی مایەوە. وا بۆ جارێکی دیکەش بانگی ئازادیخوازی لە گەرووی پڕ لە هاواری شمشاڵی شوانی قەدپاڵەکانی چلچەمەو قەندیلو ئاراراتو شەنگال و سەرجەم شێو دۆڵی کوردستان بەرز بۆوەو پەژواکی ئاوازە بەسۆزەکەی بە بناراندا گەڕا کە دەیگووت، بەهارە، بەهارە!**

**هەیاران!**
**بروانن چلۆن لە دوای زستان بەهار دێ**
**چلۆن لە دوای زریان و تۆفان**
**شنەی شەماڵ دێ**
**ئاواش لە دوای ڕەشەبای زوڵم و بێدادی**
**هەڵدەکا شنەی شەماڵی شادی"...**

**بەڵێ! نەورۆزی کوردەواریم خۆش دەوێ، ساڵانیش خۆشم دەویست. نەورۆز! ژیانی نوێ، وەرزی نوێی ژینگەو تەمەن دێنێ. ساڵانی ڕابردوو، مانگێک بەر لە نەورۆز بە دڵەخورپەی پڕ لە شادییەوە بەرەو نەورۆز دەرۆیشتم، ئێستاش بە دڵەخورپەوە بەرەو نەورۆز دەچم، بەڵام بە جیاوزیی زۆرەوە، ئێستا کە بەرەو نەورۆز دەڕۆم، هەم شادم هەم غەمگین، دڵە خورپەم تێکەڵاوە لە شاییو شین، ڕەنگە بفەرموون ئەم قسانە چین؟**

**ئەمساڵ لە نەرۆزی ڕێبەندان را، لە بن ئاڵای ١١ ئەستێرە دیتووی چوارچرا ڕا وەڕێکەوتووم و توێشووی ڕێگەم لە نێو پارچەیەکی لاکێشەی سێ ڕەنگ وەرپێچاوە. دەمێکە بە ڕێگەوەم، دەمهەوێ بەرەو هەوارگەی مامە نەورۆز هەنگاو بنێم، بەڵام ڕێگەم سەختو حەستەمە. لە ڕێگەمدا، کاتێک بە ڕێگەی دووری مێژوومدا دەڕوانم، "مێشکی شەش کوڕی کاوەی باپیرمان لە بەر دەم مارە نەوسنەکانی سەر شانی ئەژدەهاک دەبینم."**

**کاتێک سەیری مێژووی دوێنی و پێرێمان دەکەم،**
**دیسان مێشکی پڕژاو**
**خوێنی ڕژاو**

**خاکەلێوە – نەورۆز**

سەری بڕاو
لاشەی سووتاو
شار و گوندی رووخا!
بەڵێ دیسان کۆی زووخاو
دەبینم.

بەرەو هەوارگەی مامە نەورۆز دەچوومە پێشتر، دەمهەویست لە رێگەی شاخاوی‌و هەڵەمووت خۆ ببوێرم‌و زووتر بە مەنزڵگە بگەم، کەچی لەو کاتەدا تووشی دەشتی شارەزوور بووم، بەرەو چەند ساڵ لەمەوپێش گەڕامەوە، بەرەو ئەو کاتەی کە ئاسمانی ئەو ناوە تورەو تۆسن‌و، هەورەکان لە جێگەی نەرمە بارانی خێرو بێری شادی، رێژنەی غەزەب‌و ژەهریان دادەباراند. وەرز گۆڕابوو، نەورۆزو خەزان جێگۆرکەیان کردبوو، گەڵارێزانی وەرزی تەمەنی بوونەوەرەکانی ئەو دەڤەرە بوو. بووکی شارەزوور، شەڵالی خوێن، سوور سوور، نا نا سەرتاپای لەشی بە ئاگری بێ ئەمانی جووتە تفنکی ئەژدەهای شەر هەڵقرچا بوو.

ماندوو و هیلاک و دل پڕ لە تەم،
دەمهەوێ تێپەرم لە بەحری فرمێسک‌و خەم

لە داوێنەکانی کاروخ‌و ماکۆک‌و کێوەرەش تووشی شایی‌و لۆغانی ڕاپەڕین دەبم. تەمی خەم‌و زەردەخەنەی سەر لێوان لە وێ دەست لە ملانی یەک دەبن. لە نێو ئاپۆرای جەماوەریی چەند ساڵ لەمەوبەردا دەست دەکەم بە گەڕان. هەر دەگەرێم‌و دەگەرێم تا خۆم لێ ون دەبێ‌و سەرئەنجام لە نۆروێژی هەزاران کیلۆ میتر دوور لە زیدو نیشتیمانمدا دەگەمە هەوارگەی مامە نەورۆزی ئەمساڵم. بەڵام چ بکەم دڵ ئۆقرە ناگرێ بەر لەوەی بە دیداری مامە نەورۆز شاد بم، مەلی هەست و ئەندێششەم ئەوجاریش بەرەو ئاسمانی نیشتمان باڵ دەگرێ،

دەشت و کێو و ئوقیانووسەکان دەبرێ،
دەفرێ و دەفرێ

تا لە باشووری نیشتماندا دەگاتە خزمەت دایە فاتمە، ئەو دایکەی کە ئێستا ناوی دایکی شەهیدانی جیهانی لەسەر دانراوە، ئەو دایکەی کە لە رۆژێکدا، بەڵێ تەنیا لە رۆژێکدا سێ جگەر گۆشەی لە سەنگەری پێشمەرگایەتی و شەری دژی کۆنەپەرستانی داعشدا، گیانیان فیدای رزگاری کورد و کوردستان کرد. مەلی روح و هەستم بە رێزە دەستی دایە فاتمە ماچ

## خاکەلێوە – نەورۆز

دەکات و بەرەوە ماڵی ئەو کۆرپە نۆبەرەیە دەروات کە هاوکات لە گەڵ شەهید بوونی باوکە پێشمەرگەکەی، چاوی بە گیتی هەڵێنا. چاوی بە گیتی هەڵێنا تا بە نەیاران و دووژمنانی ئەم وڵاتە بڵێ کە خەیاڵیان خاوە و هەرگیز شوێن و سەنگەری شەهیدەکانمان چۆل نابێ.

لە وێ بۆ کێ بگریم و شیوەن بۆ کێ بکەم؟ بۆ ئەو نەو بووکەی کە تازە چۆبووە نێو کەژاوەی ژیانی هاوبەشەوە و هێشتا تیر ئامێزی بە ئەویندارەکەدا نەکردبوو، یا بۆ ئەو کۆرپەیەی کە مخابن هەر لە سەرەتای دەستپێکی ژیانیەوە لە مێهر و موحیببەتی باوکی بێ بەری کرا.؟!

مەلی دڵی بریندارم، چاو بە فرمێسک و دڵ پر لە هیوا، بەرەو شەنگال لە شەقەی باڵ دەدات.

بە سەر ئاسمانی شار و چیادا دەخولێتەوە،

بە دیتنی دیمەنە دڵتەزێنانەکانی کوشتن و سەربرین و رفاندن،

دەبێتە مۆم و دڵۆپ دڵۆپ دەتوێتەوە.

دەبێتە خاک، دەبێتە ئاو، دەبێتەوە سەوزایی و سەر لە نوێ دەروێتەوە.

دەبێتەوە دەنگ و ئاواز، دەبێتەوە نەعرەتەی شیرانەو، هەمدیسان سروودی ژین و ژیان دەڵێتەوە.

هۆ مەلی تیژباڵی هەست و بیرم! پەلە بکە! رێگەی ترت لە بەرە، کارەسات گەلێک زۆرن و بێ پسانەوەن، هەستە و بەرەوە کۆبانی بفرە. لە جیاتی من دەستی یەکەیەکی ئەو شێرە ژن و مێرخاسانە ماچ بکە کە بە بەرگری قارەمانەیان مێژووی کورد وکوردستانیان پرشەنگدارتر کرد و لمبۆزی شەوپەرسانیان لە خۆڵ وەردا.

هۆ روح و جەستەی باڵ گرتووم! مەوەستە، بەرەوە باکووری نیشتمان بفرە. لەوێ بۆ روحی پاکی هەموو گیانبازانی رێی رزگاری سەری کرنۆش دانەوێنە و سلاو بکە لە جەماوەری هەمیشە زیندووی ئەو دەڤەرەوە و نەورۆزیان لێ پیرۆز بکە. وچان مەدەو بەرەو رۆژهەڵات باڵ بگرە. نیگەران مەبەو و رێگە ون ناکەی. چوونکە لە هەر گۆشەیەکی ئەم نیشتمانەرا نوری چراکانی چوار چرا دیارن. شەو بێ رۆژ فەرق ناکات، ئەوان رێ نیشاندەرن. هەر کە گەیشتیە ئەوێ، بەرەو گۆرستان، نا نا بەرەوە مەنزلگای پێشەوای مەزن بفرە. لە خزمەت روحی بەرز و هەرگیز نەمریدا کرنۆش بەرەو و هەواڵی وەرێ کەوتنی مامە نەورۆزی رزگاری یەکجاری پێ بگەینە.

هۆ روحی تامەزرۆی باڵ گرتوو! دەزانم تا ئەبەد لە راوەستانی دەستەو نەزەر، لە خزمەت پێشەوای مەزندا ماندوو نابی.

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**بڵام روخسەت بخوازە و برۆ.**
**باڵ بگرە و بفرە بەرەو شنۆ**

**لە وێ بە فرمێسکی نەورۆزانەت گۆری هەژارە گۆرغەریبەکەی دێموکرات ئاوەرشین بکە و پاشان بەرەوە زادگاکەی خۆم بفرە و دەستی دایکم ماچ بکە و ئەوجار وەک خوودی خۆم رێگەی غوربەت بگرەوە بەر.**

**هەیاران! دەڵێن گوڵو گیا بۆ ژیان، هێز لە تیشکی خۆر وەردەگرن، دەبا گوڵالە سوورە و نێرگزی نەورۆزی ئێمەش لە بارانی فرمێسکی رەشمەو چاوەکانی شەنگالی دڵبریندار و کۆبانێ ی خۆراگر و تیشکی چراکانی چوارچرای خاکە لێوە، هێز و گور و تینی ژین وەر گرن و جاویدانەتر بن.**

**هۆ دوژمنانی گەل وهۆزم!**
**هۆ نەیارانی ئاگر ونەورۆزم!**
**دڵنیا بن**
**بە جەستەی زامدارەوە**
**بە دڵی پر ئێش و ئازارەوە**
**تا رزگاری یەکجاری**
**تا گەیشتن بە ترۆپکی رزگاری**
**تێدەکۆشین بێ وچان**
**تا رزگار بێ کورد و کوردستان**

**نەورۆزتان پیرۆز**

**٢٧١٥ی کوردی ٢٠ مارسی ٢٠١٥**

## ڕۆڵی کارای نەورۆز لە خەباتی سەردەمیانەدا



**شەماڵ بۆکانی**

بەلێکدانەوە و پێداچونەوەیەکی نەک زۆر ووردیش، بەمێژویی سیاسی و کۆمەلایەتی و کەلتوری زۆربەیی ولاتانی دەورو بەرداو تەنانەت ولاتانی دوورە دەستیش بەدەرئەنجامێک دەگەیین، ئەم دەرئەنجامە ئاخۆ گەلالەیی تایبەتی هەبووە و هەیە، یان خود نەریت و باوی رۆژ کردویەتە خاڵی سەرەکی سەرکەوتنی نەتەوەیەک.

لە زۆرێک لەبۆنەکان بێئەوەی کاریگەری سیاسی بەسەرەوە بوبێ، بۆتە ئامرازێک بۆ بەرژەوەندی سیاسی و پێکانی خاڵی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی نەتەوەیەکی ژێر دەست، ئەمەلەحاڵێکدایە نەک تەنیا بۆ نەتەوەیەکی ژێر دەست بگرە بۆ ئەونەتەوانەش کە ئالاو ولاتی سەربەخۆیان هەیەو،لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەکو تەکنەلۆژیای سەردەمی پزیشکی و ئابووری و تەسلیحاتی چەکە ئەتۆمیەکانیش و مانگی دەستکردیش سەربەخۆن و دلەڕاوکێی ئەوەشیان نییە ولاتێک یان ولاتانێک هێرشیان بکەنە سەرو سەروەریان پێشێل بکەن. چونکە بە هاوپەیمانی ئەم بۆشاییشیان پرکردۆتەوە.

### ئەی چۆنە زۆرێک لە بۆنەکان جێی بایەخی سیاسەت وانان و ئابوریزانانی سەردەمن؟

ئەم پرسیارە نەک زۆر ورد بگرە وردەکاریەکانی هێندە زۆرن شان لە شانی فەلسەیەکی قوڵی سەردەمیانە و ڕابردوش دەدەن، واتە ئامرازێک لەپێناو ئامانجێکدا کە بایەخەگشتیبەکەی بێ ئاگا لێبوونی تاکەکان ڕۆڵی کارای خۆی دەگێڕێو هەرلە

خزمەت تاکەکانیشدا ئامانجی کۆمەڵگا دەستەبەر دەکا. بەواتای سیاسیەکەی واتە شۆڕشێکی (پراگماتیسمی) کە لە هەر چەشنە جووڵانەوەیەکدا، بەفەلسەفەیی ڕاستی ناسی و دوورەپەرێزی لە هەڵچونەکاتیەکاندا، خاڵە سەرەکیەکان دەپێکێ. بەرێوەبەرانی ئەم جۆرە خەباتە بە شارەزا بوون لە زانستی کۆمەڵناسیو دەروونناسی کۆمەلایەتی سیاسی و سەردەمیانە و، رۆچون بەناخی چۆنیەتی سەرهەڵدانی کەلتورە کۆمەلایەتیەکان و،تەنانەت ئایینیەکانیشدا ، بەلەبەرچاوگرتنی جوگرافیای سیاسی پێکهاتەکانی، زانکۆی کۆمەڵناسی هەمان کۆمەڵگا دەبێ و مامۆستاش بەرێوەبەر، واتە پێچەوانەی خوێندکارو زانکۆ، ئەوەمامۆستایە لە جێی خوێندکار دادەنیشێ، واتە مامۆستا زۆر و خوێندکار بەتاک و تەریک.

## قۆستنەوەی هەلی بابەتی پێشکێش کراو سەردێرەکەی هەمان و نەورۆزە. بەلام بۆ هەر نەورۆز؟؟

لەسەرەوە ئامـاژەم بە وڵاتانێک کـرد کێشەیی سـەربەخۆییو بووارەکـانی تریشـتان نییە، بەلام بە بایەخدانیان بە بـۆنە جۆراوجۆرەکـان بـۆ یەکریـز ڕاگرتنـی کۆمەڵگـاو نەمردنـی هەسـتی خۆشەویسـتی و، وڵاتو خـاک، کەوانەی بـۆدەکرێتەوەو، لەبوواری ئابووریشدا سووڕی پارە نوستووەکان بووژانەوەیی ئابووری هەر چەند کاتیش بەخۆوە دەبینێ دەبێتە هەوێنی شاد ژیـانی کۆمەڵگـاو ڕاسـتەوخۆش کـار دەکاتەسـەر نەخۆشـیە دەروونییەکـانیش و تـاکی وڵاتـیش کـاتێ هەسـتی بەئـارامی و سەقامگیری بواری دەروونی و ئابووری کرد، یەکریزی دەبێتە هەوێنی بیرۆکەیی ژیان.

بەلام بۆ ئێمەیی کورد نەورۆزو بۆنەکانی تریش بەتـایبەت نەورۆز جیـا لەبـاری ئـابووری کە هێشتا دەوڵەت نین، یەکریـزی نەتەوەیی لێدەکەوێتەوەو دەبێتە خاڵی هەرە گرینگی و یەکخستنەوەیی ماڵی کورد، کە ئەمەش ڕویدا ئامـانج ڕوونەو داهـاتوو گەشەدار، هەروەک تائێستا لە باکووری کوردستان بۆچوونەکان خۆ دەنوێنێ و ئامرازەکە کـاریگەرترە. ئەوەی دەبێتە پرسیار جیاله سیاسەتی حکوومەتە جیاوازەکان کە لە ناوخۆیاندا بۆ هەندێک لە هاووڵاتیانی پلە یەکی خۆیان هەر ئەم خاڵانەیـان پێکاوە، ئێمەی کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆچی ڕۆڵی کارامان نەگێڕاوە، ئەم پرسیارە باسەکە دەووروژێنـێ و باس لە بۆشاییەکی سیاسی دێتە ئاراوە.

لەگەڵ ڕێزی تایبەتمدا بۆ هەموو خەباتکارانی ڕابردوو ئێستاش دەبێ بگوترێ قۆنـاغی خەبـات گۆڕاوەو، قۆنـاغی ڕابـردوو هەڵگری سەردەمی خۆی بووەو پێویستی ئەوکات فەلسەفەیی سیاسی خـۆی لە پشت بـووەو ڕەد نـاکرێتەوە، بەلام بمـانەوێ و نەمانەوێ دەبوو زۆر زووتر خەبـاتی خۆمـان تێکەڵ بەخەبـاتی مەدەنـی سەردمیانەیی نـاوخۆ بکەیـن و دیـالۆگ و ئاشتەوایی ببێتە هەوێنی خەبات کە بەخۆشحاڵییەوە دەبینین بـزووتنەیەک بەنـاوی کۆمـاریخوازی ڕۆژهەلاتـی کوردستان سەریهەڵداوە و دارێژە و پرۆگرامی ئەم بزووتنەوەیە، ئەوەندە سەردمیانەیە کە دەتوانێ هەموو رەشبینیەکانی حکوومەتی ناوەندی سەبارەت

**خاکەلێوە – نەورۆز**

بەکێشەی کورد لەم پارچەیەدا بخاتە ژێر پرسیارەوە و پێیان بڵێ نەک باوەڕمان بەچەک نییە، بگرە تووڕەبوونیش بەلای ئێمەوە پەسەند نییە، هەر ئەمەش خۆی لە حاڵێکدایە ڕاستەو ڕاست ئامانجەکانی کۆماری جوانەمەرگی کوردستان دەپێکێ و ئەم ڕێبازەی کردۆتە هەوێنی پێکەوەژیان، لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێ بەچاوخشاندنێک بە دارێژەیی ئەم بزووتنەوەیەداو بەلەبەر چاوگرتنی خەباتی ئاشتەوایی با نەورۆز و هەموو بۆنەکانی تریش ببنە پردی پەڕینەوەی خەباتی بێ بواری تا ئەمڕۆی کورد.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١٤**

## نەورۆز بۆ ئێمە، نەورۆز بۆ ئەوان



م. ئەحمەدی

### بەرایی

نەورۆز بۆنەیەکی تایبەتی نەتەوەیەک نییەو هی زۆربەی میللەتانی ئارییاییە. ئەم بۆنەیە لە ڕێکەوتی ٢٤ فێوریەی ساڵی ٢٠١٠ دا، لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک «ڕۆژێکی نێونەتەوەیی و فەرهەنگی ئاشتی» لە جیهاندا بە فەرمی ناسی. نەورۆز کە ئێستا وارایەتییەکی جیهانیی هەیە، لە نێوان بەشێک لە میللەتانی و وڵاتانی جیهان دا بەشێوازی جوراوجۆر یاد دەکرێتەوە. لە کۆی ئەم یادکردنەوانەدا نەورۆز بە واتای نوێبوونەوە و دەست پێکردنی وەرزێکی نوێ دێ. لای ئەو وڵاتگەلەی کە بەپێی ڕۆژمێری هەتاوی کار دەکەن (وەک: ئێران و ئەفغانستان) نەورۆز بە واتای سەرەتای ساڵی نوێ دێ و لای ئەو وڵاتگەلەی کە بەپێی ڕۆژمێری زایینی کار دەکەن، ڕۆژی نەورۆز بە مانای دەسپێکی وەرزی بەهار دێ. ئەوەی لەم وتارە دا مەبەستە،

**یەکەم**، ڕوانینێکی گشتییە بۆ نەورۆز و چۆنیەتیی یادکردنەوەکەی،

**دووەم**، ڕوانینێکی تایبەتە بۆ گرنگییەکەی لای کورد. ڕوانینی دووەم، کە تەوەری سەرەکیی وتارەکەیە، قسەکردنە لەسەر سنووربەندیی نێوان نەورۆزی ئێمە (وەک کورد) و نەورۆزی ئەوان (نەتەوە و وڵاتگەلی دیکە). بە واتایەکی دیکە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە کە ئاخۆ نەورۆز لای ئێمە تەنیا بۆنەیەکی کولتووریو کۆمەڵایەتیی رووتە، یان بۆنەیەکی

سیاسیشە؟ چەندە ئێمە لە نەورۆز بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسی، بردنە سەرەوەی ئاستی و شیاریی نەتەوەیی، ڕێکخستنی سیاسی و مانۆڕی نەتەوەیی (بەتایبەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان) کەڵکمان وەرگرتووە؟ بێگومان قسەکردن لەسەر ئەم پرسیارگەلە، پێویستی بە ڕامانێکی نوێیەو وەلامەکەشیان لەهەر کام لە پارچەکانی کوردستان جیاوازە.

## نەورۆز بۆ ئەوان

نەورۆز لای زۆربەی میللەتانی ناوچەکە تەنیا بۆنەیەکی کۆمەلایەتی و کولتوورییە و لەو چوارچێوەیە دا بە شێوازی جیا جیا یاد دەکرێتەوە. هۆکاری ئەوە کە تەنیا جەژنێکی کۆمەلایەتی و کولتوورییە، دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ژیان و کێشەکانی ئەو میللەتانە. بەواتایەکی دیکە ئەوان خاکیان داگیر نەکراوە، کیانی سیاسی و سنووری خۆیان هەیە، زمانو کولتووریان مەترسیی لەناوچوونی لەسەر نییە، بۆیە نەورۆز لای ئەوان زتاتر وەک بۆنەیەکی کۆمەلایەتی و کولتوورییە.

لە نەورۆزدا، زۆربەی ئەو نەتەوەو ولاتگەلەی کە ئەم بۆنەیە جەژن دەگرن، کۆمەلێک نەریتیان هەیە کە سالانە لە نەورۆزدا ئەنجامی دەدەن. لەوانە: خاوێنکردنەوە ناومال، سەردانی خزمو کەس و سەیران و سەفەری ئەم لا و ئەو لا، ڕازاندنەوەی سفرەی حەوت سین، دروستکردنی خواردنی جۆراوجۆ، گۆرانی و هەلپەڕکێ، ئاگرکردنەوە، ئەنجامدانی پێشبڕکێی و گەمەی جۆراوجۆر و... . هەرکام لەم نەریتگەلە باکگراوندو ئەفسانەیەکیان هەیە. ئەوەی لێرەدا گرنگە، باکگراوندی ئەو نەریتگەلە نییە، بەلکو گرنگ ئەوەیە کە ئەو نەتەوە و ولاتگەلە لە چوارچێوەیەکی کۆمەلایەتی و کولتووریدا یادی نەورۆزیان کردووەتەوەو ئەم جەژنەیان ئاوێتەی سیاسەت نەکردووە. بەم جۆرە لە سەرماو کڕێوەی زستان و تاریکی و... مالاواییان کردووە و بەرەو پیری بەهارو سالی نوێ‌و داوێنی سروشت و ژیانێکی نوێ چوون.

## نەورۆز بۆ ئێمە

ئەگەر چاو لە چەند دەیەی ڕابردوو بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە بەپێچەوانەی نەتەوەو ولاتانی دەوروبەر، نەورۆز بۆ کورد هەمیشە مانایەکی دیکەی هەبووەو هەیە. بەواتایەکی دیکە نەورۆز بۆ کورد جیا لەوەی بۆنەیەکی کۆمەلایەتی و کولتووری بووە، هەمیشەش تێکەلاوی خەمی نەتەوەیی و سیاسی کراوە. نەورۆز بۆ کورد دەرفەتێک بووە بۆ ئەوەی خۆی ببووژێنێتەوەو بەشێوازی جۆراجۆر ئەوە پەیامەی پێ دەربڕاوە کە کورد نەتەوەیەکە غەدری لێ کراوە، کوردستان نیشتمانی یەک نەتەوەیەو پارچە پارچە کراوە، زمانمان شێوێندراوەو هەول بۆ ئاسیمیلەکردنمان و... دراوە. بەردەوام گۆرانی و شیعرە نەورۆزییەکان بە پەیامی سیاسی و خەمی نەتەوەیی بار کراون. واتە سروشتی ڕاستەقینەی نەورۆز لای کورد لە فۆرمێکی

کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە، گۆڕدراوە بۆ فۆرمێکی سیاسی. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین بەردەوام داگیرکەرانی کوردستان بەرانبەر بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی نەورۆز لە کوردستان هەستیار بوون و زۆر جار لەبەرەبەری نەورۆزدا کوردستان میلیتاریزە کراوەو بۆنە نەورۆزییەکان لە زۆر شوێنی کوردستان تێک دراون و کوشتن و زیندانیان لێ کەوتووەتەوە. هەموومان نەورۆزەکانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوومان لە باکووری کوردستان لەبیر ماوە، کە بە چ شێوەیەک خەڵک سەرکوت و شەهیدو دەستگیر دەکران. «زەکیا ئەلکان» کە کچە خوێندکارێک بوو لە شاری ئامەد لە نەورۆز بۆ دەربڕینی نارەزایەتی و گەیاندنی پەیامی نەتەوەکەی ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. نەورۆزی ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی شاری سنەمان لەبیرماوە کە دەیان لاو لە سنە دەستگیر کران و لە زۆر شوێن بە سەپاندنی کەشێکی میلیتاریستی رێگەیان نەدەدا ئاگریش بکرێتەوە.

لە ساڵانی رابردوودا لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان هەوڵ دراوە لە نەورۆز کەڵک وەربگیردرێ، لە باکوور، چەند ساڵە میتینگی ملیۆنی لە نەورۆزدا بەڕێوە دەچێ و ئیرادەو ئیقتداری نەتەوەیەک نیشان دەدرێ. لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای گوشارو زەختی زۆر چەند ساڵە لە هەندێ لە شارەکان و گوندەکان کۆبوونەوەی بەرین لە نەورۆزدا پێک دێ و بە خوێندنەوەی شێعر و سروودی جۆراوجۆر، بۆنەکە بەرز رادەگیردرێ. لە رۆژاوای کوردستانیش بە کۆبوونەوەی بەرینی جەماوەری ئەم بۆنەیە یاد دەکرێتەوە. لە باشووری کوردستانیش جیاواز لە پارچەکانی دیکە بەڕێوە دەچێ و حکوومەت و دەزگا پێوەندیدارەکانی سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی فستیڤاڵی ساڵانەی نەورۆز لە شارەکان دەکەن.

## نەورۆز لە رۆژهەڵات

بەئاوڕدانەوەیەک لە بەڕێوەچوونی نەورۆز لە باکور لەم بەشدا لە رونگەیەکی رەخنەگرانەوە قسە لەسەر بەڕێوەچوونی نەورۆز لە رۆژهەڵات دەکەین. لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو و سەرەتای سەدەی بیست و یەک، بەڕێوەبردنی جەژنی نەورۆز لە باکووری کوردستان قوربانی و نرخێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناو ئێستاش ئەو ڤیدیۆانە ماون کە بە چ شێوەیەک سەربازی تورک خەڵکی کورد سەرکوت دەکەنو هەڵدەکوتنە سەر رێورەسمەکانیانو دەستگیریان دەکەن، لێیان دەدەن و لێشیان دەکوژن. سەرەڕای ئەو هەموو گوشارە خەڵک نەسڵەمینەوە و نەورۆز لە دوای نەورۆز بە گوڕوتینتر هاتنە مەیدان و لە ئەنجامی ئەو کۆڵنەدانەدا، کەشی سیاسی تورکیا بە قازانجی ئەوان گۆڕاو ئیستا نەورۆزی ملیۆنی لە ئامەد بەڕێوە دەچێ. رەنگە هەموومان بە بینینی وێنەو ڤیدیۆکانی رێورەسمە نەورۆزییە ملیۆنییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی باکووری کوردستان هەست بە شانازی و گەورەیی نەتەوەکەمان بکەین، واتە بە زەقی ئیقتدارو گەورەیی نەتەوەیەک نیشان دەدرێ و نەورۆز لە باکوور بووەتە مانۆڕێکی سیاسی ـ نەتەوەیی گەورە.

ئەگەرچی ناکرێ، هەلومەرجی سیاسی زاڵ بەسەر باکورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ یەکتری بەراوەرد بکەین، بەو حاڵەش چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن لە نەورۆز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەخنەی لەسەرو ڕەخنەکانیش بەرۆکی ڕێکخستنە سیاسییەکانی ئەو پارچەی وڵات دەگرێتەوە. ئەوەی دیارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا لە چەند حەرەکەتێکی لاوەکی، لەم چەند ساڵەدا نەتوانراوە لە نەورۆز وەک بۆنەیەک بۆ نیشاندانی ئێقتداری نەتەوەیی و گەیاندنی پەیامی سیاسی کەڵک وەربگیردرێ. ئەگەر سەیرێکی ناوەرۆکی پەیامی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و ئاخاوتنی کاربەدەستانی حیزبی بەم بۆنەیەوە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە پەیامەکان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ پەیامەکانی ساڵانی ڕابردوو نییەو بەجۆرێک چەند ساڵە کۆمەڵێک قسەی دیاری کراوە دووپات دەکرێتەوەو تەنیا ڕستەکان و وشەکان ئەملاو ئەو لایەکیان پێدەکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر سەیری بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی کەناڵەکانی سەر بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، دەبین خۆیان داوەتە دەستی قەدەر و بێ پلانیان لێ دەبارێ. ناوەڕۆک تەنزەکان، گۆرانییەکان و هەڵپەڕکێ و... ئەوەندە لە ئاستێکی نزمدایە کە بە باوەڕی من نەتەنیا خەڵک بۆ خەبات و کوردایەتی هان نادەن و ئاستی وشیاری نەتەوەیی بەرز ناکەنەوە، بەڵکو کۆمەڵگا بەرەو جۆرێک لە سادەیی لە بیرکردنەوەدا دەبەن. تەنانەت لە کاتی وتاری جیدی کاربەدەستانی حیزبیدا (بە بۆنەی نەورۆزە) خەڵک بیر لەوە دەکەوە کە هەرچی زووترە وتارەکە کۆتایی بێ و هەڵپەڕکێ و گۆرانییە بێ ماناکان دەست پێ بکا. ئەمەش هەڵگری ئەو پەیامەیە کە خەڵک ماندوو بووەو نایەوێ هەموو ساڵێک گوێ لە یەک پەیام بێ. بەجۆرێک دەکرێ بێژین پەیام و بەرنامەی تەلەفزیۆنەکانی سەربە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر خراپیش لە ژێر کاریگەری تەلەفزیۆنەکانی باشووری کوردستانو فەزای تەمبەڵ پەروەی باشووردایە.

بەکورتی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای ئەوەی نەورۆز ئاوێتەی سیاسەت و پەیامی نەتەوەیی بووە، بەڵام نەمانتوانیوە وەک پێویست ئەم هەلە بقۆزینەوە بۆ نیشاندانی ئیرادەی نەتەوەیی و بردنە سەرەوەی ئاستی وشیاری نەتەوەیی. هۆکاری سەرەکی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ کەمکاری حیزبەکانو نەبوونی جیدیەتێکی خەباتکارانەی مەدەنی بۆ ڕێکخستنی خەڵک و دروست کردنی نارەزایەتی. بەشێکیشی بۆ ئەو فەزایە دەگەڕێتەوە کە ئەمڕۆ بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵە و هەموو شتێک لە ڕوانگەیەکی ئەمنییەتییەوە لێک دەداتەوە.

## کۆتایی

پێم وایە نەورۆز بۆ نەتەوە و وڵاتانی دیکە لە ناوچەکەدا دەکرێ لەم شێعرەی «حافظ»دا کورت بکەینەوە کە ئەیژێ :»
**«نفس باد صبا مشک فشان خواهد شد**
**عالم پیر دگرباره جوان خواهد شد».**

**خاکەلێوە – نەورۆز**

ئەمە بەتەواوەتی ئەوەمان پێ دەسلمێنی کە نەورۆز بۆ ئەوان ئاوێتەی سیاسەت نەبووە و وەک سروشتی خۆی گرێدراوی بەهارو وەرزی نوێ و سالّی نوێ و ... بووە. بەپێچەوانەی گەلانی ناوچەکە نەورۆز بۆ کورد جیاواز بووەو ئەمەش رەنگدانەوەی لە ئەدەبیاتی کوردی دا رەنگی داوەتەوە. هاوکات لەگەلّ ئەوەی لە شیعری شاعیرانی کورددا گرنگی بە هاتنی وەرزی نوێ و نوێ بوونەوەی سروشت و... دراوە، ئەو لایەنەشی دیارە کە نەورۆز تێکەڵی سیاسەت و پرسی نەتەوەیی کراوە.

**بۆ وێنە پیرەمێرد ئەێژێ:**

**«نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە.**
**لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە.**
**ئەوا ڕۆژهەڵات، لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە.**
**خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە.**
**تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا.**
**قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا.»**

هەروەها شاعیری گەورە «عەبدوڵا پەشێو» لە شێعری « ئەمساڵ بێ چیا، نەورۆز ناکەم « بە تەواوەتی دیوی سیاسی نەورۆز لای کورد زەق دەکاتەوە. بەگشتی دەتوانین بێژین کە نەورۆز بۆ کورد بۆنەیەکی گرنگە و ئەم بۆنەیە جگە لەوەی بۆنەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتییە، بۆنەیەکی سیاسییە. ئەمڕۆ لە باکوری کوردستان ئەم بۆنەیە بۆ نیشاندانی ئێقتداری نەتەوەیی و ئیرادەی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت کەڵکی لێ وەرد دەگیردرێ‌و کاریگەریی خۆشی داناوە. بەداخەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان نەتوانراوە ئەم دەرفەتە کەڵکی لێوەربگیردرێ، هەرچەند کۆمەڵێک هەوڵ و چالاکیی خۆڕسک هەیە، بەڵام ئەوانە وەڵامدەر نین و پێویستە هەوڵی زیاتر بدرێ.

لە ژمارە ٦٢٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٤

# نەورۆز، لە سروشتەوە بۆ پانتایی سیاسەت



**ئەیوب شەهابی راد**

بەر لە هەر هێما یان نیشانەیەک، گۆڕانی وەرز، ژیانەوەی دووبارەی سروشت و هاتنی بەهار لە ئاماژە نەگۆڕو سروشتییەکانی سەری ساڵی کوردین کە بە جێژنی نەورۆز پێناسە کراوە. کوردیش بەپێی مێژوو و شارستانییەتی خۆی خاوەنی گەلێک کلتووری تایبەت بەخۆیەتی کە لە مێتۆد و ئایینو بۆنەی جۆراوجۆر دا سەریان هەڵداوەو هاوشانی هەڵکشانی مێژووی ئەم نەتەوەیە، بوونیان بەردەوام بووە. یەکێک لەو بۆنە رەسەن و مێژوویییانە جێژینی نەورۆزە کە ئەگەریش بەتەنیا هی کوردان نەبێ، بەڵام بە لەبەچاو گرتنی رەگەزە سروشتی و کلتوورییەکانی نەورۆز، بێگومان پشکی هەرە زۆری وەبەر کورد دەکەوێو وەک دیاردەیەک کە زادەی ژینگەی کلتووری - سروشتی کوردستان بێ، دێتە ئەژمار.

ئەگەر فەلسەفەی دروست بوونو رەهەندە جۆراوجۆرەکانی پەیامی نەورۆز بخەینە بەر خوێندنەوەیەکی شیکاری، بێگومان نەورۆز بەدەر لە هەموو ئەم چەمک و بۆچوونانە، تەنیا رووداوێکی سروشتی رووت بەپێی ژینگەی جوغرافیایی ژیانی کوردانە. بەڵام لە هەمان کاتدا نابێ ئەم خاڵە گرینگە وەبەرچاو نەگرین کە داهێنانی وەها بۆنەیەک کە پڕە لە ماناو تەفسیری جۆراوجۆر، دەرخەری بوونی باکگراوندێکی شارستانیی دەوڵەمەند بە بیرو هەستی ژیان دۆستی - ژینگە دۆستی ئەقڵیەتی کورد لەو سەردەم دا بووە.

بەراوردێک لە نێوان توخم و پەیامە رەسەنەکانی بۆنەی نەورۆزو روانگەو خوێندنەوەی کۆمەڵگای ئەمڕۆکەی کورد لە

نەورۆز، بەرچاورووونی باشترمان پێ دەدا تا لەوە تێبگەین کە ئاراستەو کاریگەری ئەم چەمکانە لە ڕەوتی مێژووی کۆن و هاوچەرخی کوردا بە چ شێوەیەک و لە چ ئاستێک دا بوون.

نەورۆز، وەک بۆنەیەکی کلتووری و مێژوویی بەدەر لەوەی کە هی چ نەتەوە یان چ ناوچەیەکی جوغرافیایی بێ، هەڵگری کۆمەڵێک تۆخمی وەک: ژیانەوەی دووبارەی سروشت، ئاگر، بەزم و شایی، خووو ڕەوشتی ژیانی ڕۆژانە، نوێکردنەوەو پتەوترکردنی پێوەندییە کۆمەلایەتییەکانە کە ئەگەر بە شێوەیەکی رواڵەتی و فەرمیش بێ، تا ئێستاش بوون و شوێنەواریان لە نێو نەتەوەکانی ناوچە و بەتایبەت نەتەوەی کورددا هەر ماوەو بەردەوامن. بەڵام ئایا ئەم چەمک و تۆخمانە تا چەند لە واقعی ژیانی ئەم کۆمەڵگایانە ڕەنگدانەوەی پێویستیان هەبووە یان ڕەسانەیەتی و ڕەسالەتی خۆیان پاراستوە، یان تا چەند بۆ نێو پانتایی ژینگەی کۆمەلایەتی - سیاسی، ئەقڵیەتو ڕەفتاری ئەم کۆمەڵگایانە خۆیان تەرجومە کردۆتەوە.

ئەگەر جێژنی نەورۆز بۆ نەتەوەکانی تری ناوچە، تەنیا بۆنەیەکی مێژووییە بەڵام بۆ نەتەوەی کورد جگە لە ڕەهەندی مێژوویی - کلتووری، ڕەهەندێکی سیاسیشی بەخۆوە گرتوە کە دەتوانین بڵێین ئەم ڕەهەندە بۆتە شوناسێکی نەتەوەیی. ڕەنگە نەورۆز بە تەنیا خۆی نەبوویێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی وەک یەکێک لە تۆخمە گرینگەکانی شوناسی نەتەوەیی دەربکەوێ، بەڵکوو ئاوێتە بوونی دوو ڕەهەندی، داگیرکراوی خاکی کوردستان و بوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردان لەگەڵ پەیامە مرۆڤ دۆستانە و مەدەنییەکانی نەورۆزن کە لە ئێستادا تێکەڵ بە ڕەوتی گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی بوون.

لێرەدا دەبینین کە بۆنەی نەورۆز بۆ کورد، لە ژینگەی سروستیی خۆیەوە گۆازراوەتەوە بۆ پانتایی ژیانی سیاسی ئەم کۆمەڵگایە. بەڵام هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد ئایا پەیامەکانی نەورۆزو هەروەها دەرکەوتنی وەک تۆخمێکی گرینگی شوناسی نەتەوەیی تا چەند لە بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی سیاسی - کۆمەلایەتی کۆمەڵگای کوردی دا ڕەنگی داوەتەوە. هەرچەند ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و خەسارناسی بەرفراونی کۆمەڵگای کوردستان هەیە، بەڵام ئەوەی لە واقع دا بە روخساری کۆمەڵگاوە دیارە، هیچکام لە ئاست ڕەسالەتی پەیامو بەهاکانی نەورۆز دا نین. هێماکانی هاوپێوەندیی، یەکگرتوویی و روحی نەتەوەیی ئەگەرچی لە تا ڕادەیەک لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگادا ڕەنگی داوەتەوە بەڵام تا هەنووکەش وەک چەمکێکی جێگرتوو لە بیرکردنەوەو ڕەفتاری سیاسی ئێلیتی کورد و بزووتنەوەی سەرانسەری کوردستان دا بە شێوەیەکی واتادار بوونی نیەو دەتوانین بڵێین روانگەی بزووتنەوەی سەرانسەری و بەتایبەت دەسەڵاتی کوردی لە چوارچێوەی کەڵک وەرگرتنێکی ئامرازی لە نەورۆز تێپەر نەبووە. ڕەنگە هەر ئەمجۆرە روانگەیەی ئێلیتی سیاسی و دەسەڵاتی

## نەورۆز رەمزی سەربەخۆیی نەتەوەیەک

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**کوردی و هەروەها نەبوونی کیانێکی یەکگرتوو، یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی جێگیر نەبوونی کلتوور و پەیامەکانی نەورزۆ بۆ نێو پانتایی کۆمەڵگای کوردی تا هەنووکەش بەشێوەی پێویست بێ.**

**نەورۆز، لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵێک لە نەتەوەکانی ناوچەش خۆیانی لێ بەخاوەن دەزانن، بەڵام بەپێی هەموو بەڵگە مێژوویەکان، کورد هەقی خۆیەتی خاوەندارێتی لێبکاو دەتوانین بڵێین لە ئێستادا بۆ ئێمە کورد، هەم بۆتە ئەمرێکی واقع و هەم بۆتە هێما و رەمزێک بۆ خەبات و بەرخودانی نەتەوەیی بە دژی ستەم و داگیرکاری. بۆیە لە ئێستادا پێویستە ئەم بۆنە مێژوویی و نەتەوەییە لە سێ تەوەری سەرەکی دا کاری جیددی بۆ بکرێ:**

*** بە فەرمی ناسین و بەنەتەوەییتر کردنی.**
*** کەڵک وەرگرتنو پەرە دان بە لایەنە کلتوورییەکانی (مرۆڤدۆستی – ژینگە دۆستی)و جێگیر کردنی ئەم بەها و پەیامانە لە ناخی هەڵسووکەوتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا.**
*** پێداچوونەوە بە رێورەسم و ئایینە تایبەتییەکانی نەورۆزو بەخشینی فۆرمێکی سەردەمیانە لە پێناو بە جیهانی کردنی.**

**لە ژمارە ٦٢٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - رێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٤**

## نەورۆزو خەباتی نەتەوایەتی



**وریا رەحمانی**

ئەگەر بۆ نەتەوەکانی دیکەی غەیری کورد نەورۆز تەنیا نمادی نوێبوونەوەو دەسپێکی ساڵێکی دیکەی هەتاوییەو زیاتر وەک نەریتێکی کۆنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی مێژوویی چاوی لێدەکرێ، ئەوا بۆ کورد و خەڵکی کوردستان هەر لە کۆنەوەو بەتایبەت لەم چەند دەیەی دوایی دا وەک هێمایەکی بەرەنگاری و بەرخۆدانی نەتەوەیی و نیشتمانیی لێهاتوە. نەتەوەیەکی زیندوو هەوڵ دەدا بەردەوام خۆی بە پێی هەلومەرجە جۆراوجۆرەکان و لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێکی نوێدا نوێ بکاتەوەو هەروەها بۆنەو نەریتە جیاوازە مێژووییەکانیش لە دەروونی خۆی دا بە پێی بارودۆخەکانی سەردەم و زەروورەتەکانی زەمان بە شوناس و پێناسەیەکی گونجاوو نوێترەوە بەرهەم بێنێتەوە (باز تعریف بکاتەوە). بەتایبەت پاش کۆتایی هاتنی قۆناغی شەری ساردو پێکهاتنی فەزایەکی کراوەتری دەرکەوتن لە جیهاندا بەگشتی و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دا بەتایبەتی و هەروەها لەبار نەمانەوەی شێوازی خەباتی چەکداری لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان و پەی بردن بە زەرفییەتە قووڵەکانی شێوازی خەباتی مەدەنی و جەماوەری بۆ گەیشتن و دەستەبەر کردنی ئامانجە رەوا و میللی - دێموکراتیکەکانی نەتەوەیی کورد، نەورۆزو بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردانەی نەورۆز لەم راستایەدا هەرچی زیاتر خۆی دەنوێنێ. بۆنە خوڵقێنی لە چوارچێوەی خەباتی مەدەنیی جەماوەری دا دەتوانێ دەورێکی کاریگەرو بەرچاوی هەبێ. زۆر گرینگە کە هەڵوێستی سیاسیی کوردی بە ئەحزاب و لایەنە سیاسییەکان و هەروها جەماوەری خەڵکی خەباتگێرو مافخوازی کوردستانەوە گرینگییەکی زیاتر بە نەورۆزی کوردەواری بدەن و بە دیدێکی فەزا نرخێنانەی موسبەتەوە لەم بەستێنەدا هەوڵ بدەن لە زەرفییەتە ئازادیخوازانە و دێموکراتیکەکانی ئەم نەریتە کۆنە کەڵکێکی دروست

## نەورۆز ڕەمزی سەربەخۆیی نەتەوەیەک

### خاکەلێوە – نەورۆز

وەرگرن و بیکەنە بەستێنێکی لەبار بۆ بەرجەستە کردنەوەی ویست و داخوازییە نەتەوەییەکان و راکێشانی سەرنجی ناوچەیی و جیهانی بەرە و پرسی لەمێژینەی کورد لە ڕێگایەکی شارستانیانە و ئەکتیڤی ئەمڕۆیەوە. تا ئێستا نەورۆز دوای زمانی کوردی توانیویەتی دەورێکی هاوپێوەندییانەی باشی لە یەکگرتوویی و یەکبوونی نەتەوەیی کورد بەتایبەت لە ناوچە جۆراوجۆرەکان و پارچە جیاوازەکانی کوردستان دا هەبێ‌و ئەوە خود پووانێکی یەکجار بەنرخ و کاریگەرە کە کوردی لە پەرتەوازەیی و بێ مەیلی بە نیسبەت یەکەوە دوور خستۆتەوە. کورد لە هەر کوێیەکی دنیا بێ هەوڵی داوە بە نمادی کوردییەوە بەرەو پیری نەورۆز بچێ و جیاوازی و سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆی لەم ڕەهەندەوە بەگشت جیهانیان و بەتایبەت نەتەوە باڵادەستەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان نیشان بدات. گرتنی جەژنی نەورۆز و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی تایبەتی کوردی تێی دا لە شوێنەگەلێکی وەک قەزاقستان، ئەرمەنستان، خۆراسان، ئیستانبول، لوبنان و هەر چوار پارچەی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر هیچ نەبێ ئاستی هەستی نەتەوایەتیی کوردیی ڕاشکاوانە بەرزتر کردەوە و بازنەی بیری نەتەوایەتیشی بە شێوەیەکی حاشا هەڵنەگرانە بەرفراوانترو بەرینتر لە جارانی خۆی کردۆتەوە. لە ڕاستی دا دەرفەتە نەتەوەییە مێژووییەکان هەمیشە بە شێوەیەکی دڵخوازانە و لەبار هەڵناکەونەوەو نەتەوەیەکی زیرەک و زیندوو ئەوەیە کە بە باشترین شێوازی مومکین کەڵکیان لێ وەردەگرێ. ڕەنگە هەمیشەش وا هەڵنەکەوێتەوە کە هێزو هەڵوێستی سیاسیی کوردی بتوانێ جەماوەرێکی مافخوازی بەبیرو باوەڕ لە بۆنەیەکی تایبەتدا لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە. هەر بۆیەش پێویستە هەڵوێستی سیاسیی کوردی بەتایبەت هێز و لایەنە کاریگەرەکانی نێو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان هەوڵێکی جیددی بدەن بۆوەی کە بە باشترین شێوەو بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە و مەدەنیشەوە لەو کۆبوونەوانەی نەورۆزانەی خەڵکی کوردستان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانج و داخوازییە نەتەوەییە ڕەواکانی کورد کەڵکێکی زیاتر وەربگرن. پێویستە نەورۆز لەو تاک ڕەهەندییەی ئێستای دەربێنن و وێڕای پاراستنی شوناسە فەرهەنگی و مێژووییەکانی هەوڵێکی جیددیتر وەگەڕ بخەین بۆوەی بە تێگەیشتنێکی باشترو ئەمڕۆییانەتر لە زەرفییەتە گونجاوەکانی، شوناسێکی خەباتگێڕانە و مافخوازانەی ڕەهەندی مەدەنی و جەماوەریی خەبات و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانیشی پێ ببەخشین. لە مەیدان بوون، گەمەی بەردەوامی دەوێ و نەورۆز لەو باشترین هەلانەیە کە کورد دەتوانێ بۆ حزوور و گەمە سیاسییەکانی خۆی لە مەیدانی خەباتی نەتەوەیی بەرامبەر بە حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کەڵکی باشی لێ وەرگرێ.

لە ژمارە ٦٢٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٤

# بەهار و نەورۆز جێژنی سرووشتی پێدەشتەکانی زاگرۆس!



ئاریتما موحەممەدی

مادەکان لە وەرزی بەهاردا سەرکەوتنی مەزنیان بەدەست هێنا و بەهار و نەورۆزیان وەک هێمای ڕۆژێکی نوێ پێناسە کرد و ئیتر لەو کاتەوە بەبەردەوام بەهار و نەورۆزیان جێژن گرتووە.

نەورۆز گرینگترین و مێژووییترین جێژنی نەتەوەیی و پڕ بایەخی کورد لە مێژووی کوردستان و ناوچەکە و زاگرۆسدا بووە، نەورۆز لە گەڵ ئەوەدا کە شنەی شەماڵ و وەرزی گەرمی و گەشت و سەیران لەگەڵ خۆی دێنێت و بەرگ و ڕووخسارێکی نوێ بە خاک و ئاو و دەشتودەر دەبەخشێت، هاوکات بە وەرزی زاڵبوون بەسەر سەرماوسۆڵەی زستان و بەزاندنی ئەو وەرزە سارده و زیندوو بوونەوەی گژوگیان و سرووشت پێناسە دەکرێت. لە دەسپێکی ئەو وەرزە خۆشەدا ژیان ڕەنگوبۆی نوێ و گەش بەخۆی دەبەخشێت و تەنانەت باڵندە کۆچەرییەکانیش پەیامی ئەو وەرزە دڵڕفێنە لەگەڵ خۆیان دێنن.

## گرینگییەکانی وەرزی بەهار بۆ دانیشتووانی کوردستان لە مێژوو دا:

کوردستان وەک ناوچەیەکی کوێستانی و پڕ لە دەشت و پێدەشتی سەرسەوز و لێواولێو لە هەزاران گوڵ و گوڵزار، بەهارەکەی جوانتر و ڕازاوەتر دەکات و تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەیە کە بە سەرچاوەی ئاوەدانی نێودێر کراوە،

## خاکەلێوە – نەورۆز

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی بەهار ئەوەیە کە ئەو وەرزە، جوانترین وەرزی ساڵە، لە دەسپێکی ئەو وەرزەدا زیندەوەران ژیانێکی نوێ دەست پێدەکەن و ژیان نوێ دەبێتەوە.

نەورۆز و بەهار لە مێژووی کۆنی کوردستان و کورددا بایەخی یەکجار زۆری پێدراوە، چونکوو لەو وەرزەدا بووە کە نەتەوەکەمان پلانی بۆ داهاتوو دارشتووە و ئەو وەرزە سەرەتای کشتوکاڵ و چنینی گژوگیان بووە، ئەوەش بە یەکێ لەو هۆکارانە پێناسە دەکرێت کە بووەتە هۆی ئەوەکە ژیان لە کوردستان بەردەوام بێت و گەشە بکات و کۆمەڵگا پێداویستییەکان و خۆراکی دابین بکات، بێگومان ئەگەر کوردستان بەهاری ئەوەندە خۆش و سرووشتێکی ئەوەندە دەوڵەمەندی نەبوایە ژیانی تێدا بەردەوام نەدەبوو، یان خود کۆمەڵێکی هەژار و نەداری بار دەهێنا کە وەک بەشێک لە کۆمەڵگاکانی باکووری ئەورووپا و بەتایبەت سکاندیناڤیا کە ئەو کات لە بەشێک لە ناوچەکانی، ڤیکینگەکانی تێدا ژیاوە، لەبەر ساردی و نەبوونی خۆراک و سیپاڵ، بەناچار بۆ مانەوە پەنایان بۆ جەردەیی بردووە و بەبەردەوام هێرشیان کردووەتە سەر نەتەوەکانی دیکە و راماڵیان کردوون، ئەوەش تەنیا لەبەر ئەوە بووە کە بژێوی ژیانیان دابین بکەن.

کاتێک باس لەوە دەکەین کە کوردستان پێتەختی زانست و گەشەکردنی مرۆڤایەتیی و دەرکەوتنی خۆر و رووناکی بووە و شارستانییەت و پێشکەوتن لێرەوە پەلی بۆ جیهان راکێشاوە و شارسازی و قەڵا و بینای تێدا ساز کراوە و بونیاد نراوە، بەو واتایە دێت کە پێویستی نەکردووە کە خەڵک بۆ ژیان و دابینکردنی خۆراک بەرەو ناوچەیەکی دیکە کۆچ بکەن. بەواتا کوردستان بە ناوچەیەکی بەپیت و بەرەکەت ناسراوە کە هەموو دەرفەتێکی بۆ ژیانکردن و بەردەوامی ژیان و نەبوونی مەترسی بۆ سەر ژیانی تێدا مسۆگەر بووە. هاوکات کوردستان لەبەر شاخاویی بوونی بۆ پارێزگاری کردن و هێرشی پێچەوانە گونجاو بووە و بەزاندن و داگیرکردنی دژوار بووە. ئابلۆقەی ئابووری و خۆراک کاریگەری لەسەر دانیشتووانەکەی دانەناوە، ئەوەش لەبەر ئەوە بووە کوردستان بەهاری دەوڵەمەندی هەبووە و پێداویستییەکانی وەک خۆراکی دابین کردووە و لەوەرگاکانی بۆ ئاژەڵداری لەبار و گونجاو بووە.

لە رابردوودا پێداویستییەکانی ژیان لە رێگای ئاژەڵ و گژوگیاوە دابین کراوە، بۆ ئەوەش پێویستیان بە بەهاری تەڕ و باراناویی بووە، بۆ ئەوەکە لەو رێگانەوە ژیانیان دابین بکرێت و وڵات تووشی وشکەساڵی نەبێت. کەواتا بەردەوامی ژیانی کۆمەڵگا بەسترابووەتەوە بە بەهاری تەڕ و گژوگیای فەراوان. "بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوەش بکەم کە کوردستان تاکە وڵاتێکە لە ئاستی جیهان کە پێویستی بە شتومەکی دەرەکیی نەبووە و نییە و لەنێوخۆدا پێداویستییەکانی خۆی دابین کردووە و خۆی بەرێوە بردووە".

**خاکەلێوە – نەورۆز**

لە لاپەڕەکانی مێژوودا ئاماژە بە بەهاری زاگرۆس و پێدەشتەکانی کراوە و گرینگی پێدراوە، بەتایبەت مێژووناسی گەورەی یونان کتزیاس لە چەند بەشێکدا باس لە هێزی مادەکان و دەوڵەمەندی وەرزی بەهاری کوردستان دەکات، هەروەها هێرۆدوتیش بەهەمان چەشن باس لە زاگرۆس دەکات، گژوگیای زاگرۆس و کوردستان بەسەرچاوەی دەواودەرمان ناوی هێنراوە، دەست ڕاگەییشتن بەبەهاری زاگرۆس بە واتای دابین کردنی ژیانێکی بەختەوەر و لەشساقی هەتاهەتایی بووە.

یان خود ئەگەر بەهاری کوردستان ئەوەندە تەڕ و سرووشتێکی ئەوەندە ڕەنگینی نەبوایە کوردستان تووشی وشکەساڵی دەهات و ئەوەش کاریگەری نەرێنیی چاوەڕواننەکراوی لە دوای خۆی جێدەهێشت و کۆمەڵگا تووشی ئاڵۆزی دەبوو و کۆمەڵەکەی دەفەوتا، ئیمە کاتێک دەڵێین کە کورد هەمیشە لە کوردستان و زاگرۆس ژیاوە، بەو واتایە دێت کە ئەم ناوچەیە بۆ ژیانکردن لەبار و گونجاو بووە و کورد لە ڕەوتی مێژوودا ناچار نەبووە بۆ ئەوەکە دۆخی ژیانی باشتر بکات زاگرۆس بەرەو وڵات و کۆمەڵگا یان خود ناوچەیەکی دیکە چۆڵ بکات و کۆچ بکەن. هەروەها ئەو وەرزە جوانە، پەیامهێنەری ئاشتی و سەرکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی لە ڕەوتی مێژوودا بووە، لەبەر ئەوە وەرزێکی بەهار هیوای یەکساڵی کۆمەڵگایەک بۆ دابین کردنی خۆراک و بەردەوامبوونی ژیانی ئەو ساڵەیان بووە، بەهار ئەو وەرزە بووە کە بە سەرچاوەی بەردەوامی ژیان پێناسە کراوە، "زۆرجار ئەوەمان بیستووە کە لە ڕەوتی مێژوودا لە نەبوونی بەهاری تەڕ، وشکەساڵی بووەتە هۆی لەناوچوون و فەوتانی کۆمەڵگایەک".

هاوکات لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا سووتاندنی لێرەوار و دارستانەکانی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە مەبەستی ئەوە دێت کە سرووشتی جوانی کوردستان تێک بدات و وێرانی بکات. هەر وەک لە دەسپێک و نێوەڕۆکی ئەم بابەتەدا ئاماژەم پێکردووە کە سرووشتی دەوڵەمەندی کوردستان یارمەتیدەری ئەوە بووە کە شۆڕشەکانی کوردستان و تێکۆشەرانی کورد دەستکەوتی مەزن بەدەست بهێنن و بزووتنەوەی کوردستان تووشی ڕۆخان و دارمان نەبێت و هەمیشە هەڵی هەڵگیرسانی خەبات و شۆڕش و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نوێ لەناو سرووشتی کوردستاندا لەئارا و لە گۆڕێدا بووە. هەروەها خاڵێکی دیکە کە پێم وایە زۆر گرینگە ئەوەیە کە هەمیشە ئابلۆقە ئابوورییەکانی داگیرکەران کاریگەری نەرێنی لەسەر خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد دانەناوە، چوونکوو سرووشتی کوردستان، بەرزی چیاکان و بوونی پێدەشتی فەراوان و گونجاو بۆ کشتوکاڵ ڕێگر لە سەرکەوتنی پلانەکانی ڕژیم و شۆردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد بووە. هاوکات سرووشتی کوردستان لە پاراستنی شەڕوانان و شۆڕشگێڕانی کوردستاندا ڕۆڵی مەزنی گێڕاوە. ئەوەش هۆکاری بنەڕەتی ئەوەن کە داگیرکەرانی کوردستان ڕق و کینەی خۆیان بەسەر سرووشتی کوردستانیشدا برێژێن.

## جوگرافیا و سرووشتی کوردستان؛

کوردستان وەک ناوچە شاخاوییەکانی زاگرۆس لە وەرزی زستاندا سەرمای زۆری بەخۆیەوە بینیوە و هەمیشە ئەوە بەهار بووە کە ئەو مەترسییەی ڕەواندووەتەوە، لە لایەکی دیکەوە لەو وەرزەدا بووە کە مادەکان پەیمانی یەکێتی و یەکریزییان لەناو خۆیاندا واژۆ کرد و پلانیان بۆ پێکهێنانی ئیمپراتووری میدیا دارشت، لە ڕاستیدا وەرزی بەهار وەرزی رزگاری و سەرکەوتنی کورد و کوردستان بووە، هەمیشە وەرزی چالاکیی و بەرخۆدان و پێشەوەچوون و دەستکەوت بووە، هەربەو مەبەستەیە کە نەتەوەکەمان لە ڕەوتی مێژوودا دەسپێکی ئەو وەرزەی جێژن گرتووە و بە سەرەتای سەرکەوتن و هیوای نوێ و دوارۆژی زانیوە.

کوردستان لە باری جوگرافییەوە لە کۆمەڵە شاخێکی بەرز و زەنجیرە کێو و پێدەشتێکی پان و بەرین پێکهاتووە کە وەرزی بەهار لە گەڵ ئەوەدا کە جوانیی و سەرسەوزی پێبەخشیوە، هاوکات سەرچاوەی مەعاش و کەسبوکار و خواردن و کشتوکاڵ بۆ دانیشتووانی بووە. ئەوەش کوردستانی کردووەتە شوێنپێی ڕمرمانی نەتەوە جیاوازەکانی دەوروبەر و لە دەیان ناوچەی دوورەوە چاویان بە خاکی کوردستان بڕیوە و هێرشیان کردووەتە سەری، هێرشی یونانییەکان و مەغوولەکان نموونەی ئەو هێرشانە بۆ سەر کوردستانن، هەر بۆیە لە مێژووی کۆندا هەمیشە شەڕوانانی نەتەوەکەمان لێهاتوو و لە خۆبردوو بوونە و بەبەردەوام ڕاهێنانیان کردووە و لەباری لەشولارەوە بە خەڵکانێکی لەشساق و بالابەرز و چوارشانە و بەهێز ناویان هاتووە. ئەوەش ئەو پەیامە دەگەیەنێت کە کوردستان لەباری سرووشت و خۆراک و گژوگیاوە وەرزی بەهاری دەوڵەمەند بووە و وشەکانی ساڵی و برسێتی تێدا ڕووی نەداوە.

کۆی گشتیی ئەو خاڵانەی کە لەسەرەوە لە پێوەندی بە نەورۆز و وەرزی بەهار ئاماژەم پێکرد بە هۆکاری هێرشی دووژمنانی گەلەکەمان پێناسە دەکرێت کە هەمیشە هەوڵیان داوە کە خۆشی و شادی وەرزی بەهار و دەسپێکی ساڵی نوێ و نەورۆزمان لێ تێک بدەن و گۆماوی خوێن بخەنەڕێ و لاوانی وڵاتمان بەکوشت بدەن. وەرزی بەهار و دەسپێکی ساڵی نوێ لە مێژووی کۆنی کورددا بە واتای خۆڕاگری و هەوڵدان بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەران و دابین کردنی سەربەستی و ئازادی پێناسە کراوە.

## ڕووداوەکانی مێژووی کورد لە نەورۆز دا:

ئەگەر چاوێکی خێرا بە ڕووداوە گرینگەکانی وەرزی بەهار و نەورۆزی کوردستان لە مێژووی پانسەد ساڵی ڕابردوودا بخشێنین، دەبینین کە زۆربەی ئەو ڕووداوە گرینگانە چ ئەو بەشە کە کاریگەری ئەرێنی و چ ئەو بەشانەش کە کاریگەری نەرێنیان لەسەر دۆخی سیاسیی و کولتووری نەتەوەکەمان داناوە، لە وەرزی بەهار و نەورۆزدا ڕوویان داوە. ئەوەش بە واتای گرینگی و پڕ بایێخی ئەو وەرزە دێت کە داگیرکەران هەستیان بەو ڕاستییە کردووە کە کورد وەک کۆنترین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و زاگرۆس چەندە گرینگیان بەو وەرزە و جێژنی دەسپێکی ساڵی نوێ و نەورۆز داوە. هەر بۆیە هەمیشە ویستوویانە کە ئەو وەرزە بە خوێنی کورد ڕەنگین بکەن و لە بەرچاو و لە زەین و هزری نەتەوەی کورددا ڕەش و بێبایێخی دەربخەن.

لەدار دانی پێشەوای کورد قازی موحەممەد و هەروەها کیمابارانی کردنی هەڵەبجە و سەرکوت کردنی دەیان ڕاپەڕینی دیکەی کورد لەو وەرزە جوان و پیرۆزەدا ڕووی داوە، ئەوەش بە پیلانی داگیرکەران، هەروەها دەیان سەرکەوتن و دەستکەوتی گەلەکەمانیش هاوکات لەو وەرزە و لە دەسپێکی نەورۆز و وەرزی ڕووناکی خۆر و درەوشاوەیی مانگ لە شەوەزنگی پڕ ئەستێرە کە تێکڕا بەرهەمی ئاشت بوونەوەی سرووشتن، بەدەست هاتوون. هەروەها مادەکان لەو وەرزەدا سەرکەوتنی مەزنیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدەست هێنا و بەهار و نەورۆزیان وەک هێمای ڕۆژێکی نوێ پێناسە کرد و ئیتر لەو کاتەوە بەبەردەوام بەهار و نەورۆزیان جێژن گرتووە. جێژنی سەرکەوتن و سەربەستیی گەل و پێکهێنانی دەوڵەتی میدیا گرینگی و بایێخێکی یەکجار زۆری بۆ ماد هەبووە. دەسکەوتەکانی ماد تاکوو ئێستاش کاریگەری ئەرێنی لەسەر ڕۆڵ و هێز و پێگەی کورد لە ناوچەکەدا هەیە.

## پەیامی نەورۆز لە مێژوودا:

ئەوەی کە ئێستا بۆ ئێمە گرینگە پەیامی ئەو جێژنەیە کە هاوکات پەیامی باپیرانمانیشە، فەلسەفەی پەیامی جێژن گرتنی نەورۆز و وەرزی بەهار ئەوەیە کە هەمیشە بەسەر هەورازونشێوەکاندا زاڵ بین و خەبات و تێکۆشان لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەرەو پێش ببەین بۆ ئەوەکە ئازادی و سەربەستیی و ژیانێکی نوێ بۆ گەلەکەمان دەستبەر بکەین، بێگومان تاکوو وەرزی زستان تێنەپەڕێنین بەهار و وەرزی جوانی و ڕازاوەیی سرووشت ڕوومەتی گوڵان ناپشکووێت و دارستان وەچ و چرۆ ناکات، بە هەمان چەشن تاکوو قۆناغە دژوارەکان و دۆخی ئاڵۆز و مەترسیدار تێپەڕ نەبێت ڕزگاری یەکجارەکی

و سەربەستیی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەدەست نایەت و بۆ گەل دەستبەر ناکرێت.

بۆیە پەیامی کورد لە ڕەوتی مێژوودا لە پێوەندی بە جێژن گرتنی وەرزی بەهار بەواتای چالاکبوون و خەباتی بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی ماف و ویست و داخوازی بووە، هەر ئەوەشە کە دووژمنانی گەلەکەمانی هەراسان کردووە و هەرکە بەهار وەرزی خۆشی و شادی و نویێ بوونەوەی سرووشت دەگات، ئیتر بەڕێگای جیاواز هێرش دەکەنەسەر گەلەکەمان و لاوان و چالاکانی سیاسیی و مەدەنی ڕاپێچی بەندیخانەکان دەکەن، لە دەسپێکی وەرزی بەهار لە ساڵی ڕابردوودا دەیان چالاکوانی سیاسیی و مەدەنی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەستبەسەر کران، کە تاکوو هەنووکە چارەنووسی بەشێکیان ناڕوونە و بەشێکیشیان بە تۆمەتی هەڵبەستراو دادگایی کران کە ئاکامەکەی بە بڕینەوەی چەندین ساڵ بەندکردن کۆتایی پێهات.

ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدا ڕاستی ئەو پەیامە دەسەلمێنێت کە خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاری کورد لە بەهاری کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت و لە سرووشتی جوان و ڕازاوەی ڕەنگاوڕەنگی پێدەشتەکانی زاگرۆسەوە تێپەڕ دەبێت. بۆ ئەوەکە ئەو پەیامە بە نەوەکانی داهاتوو بگات، دەبێت نەورۆز جێژنانە جێژن بگرین و خۆشی و شادی دەربڕین و دڵەکانمان بە بارانی بەهار بشۆرین و ڕەنگاوڕەنگی سرووشتی بەهار بەهێمای ڕەنگاوڕەنگی بۆچوونە سیاسییەکان پێناسە بکەین و ڕێز لە ڕوانگە جیاوازەکان و پلۆرالیسمی سیاسیی بگرین. هەر وەک چۆن ڕەنگە جیاوازەکان بەهاری ڕەنگین کردووە، بێگومان بۆچوونە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردستانیش بە هەمان چەشن ئەگەر لە پێوەندی بە داڕشتنی بناغەی داهاتوویێکی نوێوە بێت، نەک هەر نابنە درز، بەڵکوو یەکێتی و یەکڕیزی خەباتی گەلەکەمان بتەوتر دەکات و دەستکەوتەکانیش زووتر و ئاسانتر بەدەست دێن.

## ئەنجام و کۆی وتار؛

وەرزی بەهار و نەورۆزی کوردستان چەند تایبەتمەندییەکی بێوێنەی هەیە کە پەیامی هاتنی ئەو وەرزە لە گەڵ خۆیان دێنن، خۆڕێکخستنەوەی سرووشت، گەرمبوونی هەوا، پشکۆی گوڵان، وەچ و چرۆ و گەشەی دارستان، کۆچی باڵندەکان، ڕەهێڵ و نمەنمی باران، ڕووناکیی هەتاو، توانەوەی بەفر و هاژەهاژی ئاوی کۆساران، قاسپەقاسپی کەو لەسەر یالان و چریکەی بولبوولی ناو گوڵزاران و... هتد. ئەگەر ئەو تایبەتمەندییانە کە ئاماژەم پێکرد لەیەک کاتوسات و ئاستدا خۆ نەنوێنن، بێگومان بەهار و جوانی ئەو وەرزە ئەوەندە ڕازاوە و سەرسەوز و دڵڕفێن نابێت. پێویستە کە پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستانیش بەهەمان چەشن، ڕۆڵی یەکێتی سرووشت بۆ دەستبەر کردنی بەهاری دڵڕفێن بەرز بنرخێنن و پێویستە کە لە سرووشتەوە فێر بین کە ژیانی گەشەکردوو و دەستکەوتی مەزن پێویستی بە هەنگاوی هاوئاهەنگ هەیە کە هەوێنی یەکێتی و یەکڕیزی بهێنێتە دی. مرۆڤ بوونەوەرێکی سرووشتیی ناو سرووشتە کە هەنووکە خۆی لە سرووشت دوور خستووەتەوە و

## خاکەلێوە – نەورۆز

بێگومان سرووشتی ژیانی مرۆڤیش گەلێک لە سرووشتی ژینگەی کێویی نزیک و تێکەڵە، دەکرێ مرۆڤ لەو ئەزموونانەی کە ڕۆژانە لەناو سرووشتدا دەیبینێت و فێری دەبێت، بۆ بەرەوپێشەوەچوونی ژیان و دەستکەوتی گەورە کەڵکی لێوەر بگرێت.

پێم باشە لە کۆتایی ئەم کورتە وتارەدا کە لە پێوەندی بە جێژنی نەورۆز و هاتنی وەرزی بەهارە، پێداگری لەسەر ئەوە بکەمەوە کە چوارشەمەسووری پێوەندی بە کورد و کوردستان و جێژنی نەورۆزی کوردەوارییەوە نییە، بەڵکوو چوارشەمە ڕۆژێکە کە لەناو ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا بایخی پێدەدرێت و بە ڕۆژێکی پیرۆز ناسێنراوە و لەژێر کاریگەری کولتووری فارسدا هاتووەتە ناو کۆمەڵگای کوردستان. هاوکات پێویستە کە جارێکی دیکە ئاوڕ لە پەیامی ئەو وەرزە و نەورۆز بدەینەوە و پێداگری لەسەر فەلسەفەی ئەو پەیامە بکەینەوە کە هەمیشە هیوای ئاشتی و ئازادی و بەرخۆدان و تێکۆشانی لەناو دڵی گەلەکەماندا چاندووە، ئەوەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر دەروون و ڕوانگەی تاکی کۆمەڵگای کوردستان داناوە. جارێکی دیکە جێژنی میدیا و هاتنی وەرزی بەهاری دڵڕفێن و نەورۆز پیرۆز بێت. نەورۆز و بەهار هێمای هاتنی ئازادی و ئاشتبوونەوەی سرووشت و دەسپێکی ژیانێکی نوێ و ڕۆژێکی نوێ لە کۆمەڵگای کوردستانن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی ئاشتی و کەمپینی یەکبوون - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٤

## با نەورۆزی ئەمساڵیش، گڕ لە دڵی دوژمن بەردەین.



**ئەحمەد مەکڵاوەیی**

نەورۆزی جێژنی کۆن و گەورەی کوردان، سرووشت دەنەخشێنی، دڵان شاد دەکات و غەمان دەتارێنێ، فەرعانی هێنەرە و دوژمن تۆقێنە، ورە دەدا بە کێژ و کوڕانی شۆڕشگێر و نیشتمانپەرەست، جوتیارو پاڵان بە خەبەر دێنی و، سەرمەست، مەستی دەنگی بولبول و ئاونگی سەر پەڕی گوڵانیان دەکات. نەورۆز دڵی تاریک و تاریک پەرەستان شەق دەکات و رووناکی دەردەخات، هەر بۆیەش دوژمنانی کورد و کوردستان هەمیشە دژی بەهار و نەورۆز بوون و چاویان بەو جێژنە مەزنەی کورد هەڵنەهاتووە و تا بۆیان کرا بێت نیشانەیان تێگرتووە و ویستوویانە بریندار بکەن و سەرئەنجام شوێنەوارێکی لێ نەهێڵنەوە. بەڵام وەچە بە دوای وەچە دا رۆڵەکانی کورد کە پشت بە پشت تائێرە هاتوە، نەیانهێشتوە ئەم جێژنە لە ناو نەتەوەی کورد دا بسڕێتەوە و بە پێی توانا بە گژ دوژمنان دا چوونەوە و نەورۆزیان رێز گرتوە کە لەو پیناوەشدا نەتەوەی کورد زۆری خوێن داوە.

بە پێی تێپەر بوونی کات و زەمان و ساڵ و سەدەکان، نەتەوەی کورد، وردە وردە لەو یادکردنەوە دا زیاتر هەنگاوی بەرە و پێش ناوە و ئێستا ئیدی نەورۆز بۆ کورد بۆتە رۆژێکی نەتەوەیی و یاد لێکردنەوەکەی ئەرکی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییە و پێویستە کە لە سەرتاسەری کوردستان بە بەر بڵاوی بەرێوە بچێت و هێندەی دیکەش دوژمنی پێ کوێر بکرێت.

## نەورۆز رەمزی سەربەخۆیی نەتەوەیەک

**خاکەلێوە – نەورۆز**

ئەوەی جێگەی ئاوڕدانەوەیە ئەوەیە کە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، لەو چەند ساڵەی دوایی دا، لە ژێر حوکمڕانیەکی دیکتاتۆر دا، بەو پەڕی لە خۆبوردووییەوە ئەو جێژنە گەورەیان رێز گرتوە کە جێگەی رێزن و هەر ئەو چاوەروانیەش لە لاوانی کوردستان دەکرێت.

لێرەدا پێویستە کە دەست خۆشی لە هەموو خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان بکەین کە وەک لە سەرەوە باسم لێکرد لە ژێر باری دەوڵەتێکی دیکتاتۆر دا چەند ساڵە جێژنی نەورۆز بە باشترین شێوە بەرێوە دەبەن.

لێرە دا هەرچەند وەک مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە جارێکیان لە کۆبوونەوەیەک دا گوتی: خۆشەویستی بۆ ئەو ناوچەی لێی لە دایک بووی، ناوچە پەرەستی نیە و بەڵکوو نیشتمانپەرەستیە، دەستخۆشی لە هەموو خەڵکی ناوچەی رەبەت دەکەم کە لەو چەند ساڵەی دوایی دا لە رۆژهەلاتی کوردستان، رچە شکێن بوون بۆ بەرێوە بردنی مەراسمەکانی نەورۆز کە هیوادارین ئەمساڵیش هەروەک سالانی رابردوو پێش قەدەم بن و( گڕی ئاگری نەورۆزی ئەمساڵیشیان، گڕ لە دڵی دوژمن بەردا) و سەرئەنجام رەبەت بکەنە دەروازەی راپەرین و تا لە کاتی خۆیدا حکومەتی ئایندەی رۆژهەلاتی کوردستان، وەک دوێنێ و پێرێ لە باشووری کوردستان چۆن یادی راپەرینی رانیە، دەروازەی راپەرینی کرایەوە، ئاوا یادی لێبکرێتەوە کە بێ شک ئەو رۆژە نزێکە و حکوومەتی دیکتاتۆری مەلاکان دەڕوات و گەلانی ئازادیخوازی ئێران بە ئاواتی خۆیان دەگەن .

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٣

# نەورۆز توخمی هاوبەشی شوناسی نەتەوەی کورد



**تەها ڕەحیمی**

کاتێک باس لە نەتەوە دەکرێ، ئەم چەمکە دەبێ هەڵگری هێندێک توخمو خەسڵەتی تایبەت بێ کە وەک بنەماو بناخەو هەروەها مەرجی هەڵگرتنی ئەم چەمکە بۆ کۆمەڵە خەڵکێک بە کار بهێنرێ، کە دیارە ئەم چەمکەش لە جەوهەری خۆیدا بەرزترین ڕادەی مافو حوقووق بۆ هەڵگرانی چەمکەکە دێنێ. یەکێک لە گرنگترین بایەخەکانی ئەم چەمکە شوناس، ئایدێنتیتی یان کەسایەتیی نەتەوایەتییە کە بریتییە لە شوناسو دەگەڵ ئاڵوگۆڕی سیاسیو کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەردا دێ. مرۆڤی سەردەم و دەکرێ بڵێین مرۆڤەکانی پێشووش بە جۆرێک هەمیشە ویستوویانە سنوورێک بە دەوری خۆیی و بێگانەکان دا بکێشن و بە کۆمەڵێک ڕێوشوێن و بایەخ و نەریت، ناموّیی خۆیان لە گرووپێکی دیکە نیشان داوەو بە پێی قۆناخەکانی مێژووی زانراو، مرۆڤ بۆ خۆ هەڵاواردن لە گرووپێکی دیکە نیشانەو پێناسی خۆی هەبووەو هەمیشەش هەوڵی داوە ئەم پێناسو نیشانانە بپارێزێ و بە جۆرێکی شیاو و بانئاستی نیشانیان بدا.

مرۆڤ سەرەڕای هەڵگرتنی شوناسێکی تاکەکەسی، خاوەنی کۆمەڵە شوناسێکە کە دەیباتەوە سەر گرووپ و کۆمەڵێکی دیاریکراو، کە لە ڕابردووی مرۆڤایەتی دا خۆی لە سترەکتۆری هۆزو خێڵ و ئیمپراتۆریی دا دیوەتەوەو ئیستاش بە گوێرەی سەردەم گرێدراوی نەتەوەیە. بە هەر حاڵ شوناس لە ڕاستیدا، وەڵامدانەوەیەکی وشیارانەو ئاگایانە بە پرسیار، لە سەر کەسایەتی و بوون و نەبوونی مرۆڤ، لە سەر ڕابردوو، پێکهاتەی نەتەوەیی، ئایینی و ڕەگەزی و هەروەها وەڵامدانەوەیە بۆ دیاری کردنی فەرهەنگ و شارستانیەتی و ئەو ڕۆڵە کە پێکهاتەکەی لە پرۆسەی گەشەی مرۆیی دا گێڕاویەتی و تەنانەت

**خاکەلێوە – نەورۆز**

ئەمڕۆش بوون و نەبوونی گرووپەکەی لە بواری جێگەو پێگەی فەرهەنگی، ئابووری و سیاسی دا دیاری دەکا. کەواتە شوناس کۆمەڵێک تایبەتمەندی یە کە دەبنە هۆی جیاکردنەوەی مرۆڤ لە مرۆڤەکانی دیکەو ئەو گرووپە دیاری دەکا کە تاک لە چوارچێوەکەی دا جێ دەگرێ و بایەخەکانی لە بایەخی کەسانی دیکە هەڵ داوێرێ و شوناسی گشتیی تاک دیاری دەکا. بەڵام شوناسی نەتەوایەتی کە دیاردەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی یە و دەگەڵ پەیدابوونی چەمکێک بە ناوی نەتەوە کە بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی یە دێتە ئاراو دەبن بە جمک. بە گوێرەی دابەشینی بیرمەندان مرۆڤێک سێ شوناس لە خۆی دا هەڵدەگرێ کە بریتین لە شوناسی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی. دەکرێ منداڵی بنەماڵەیەک تایبەتمەندی یەکانی لە منداڵەکەی دیکە جیاواز بن کە هەر لە سەر ئەم بنەمایەش دیاردەیەک بە ناوی جیاوازیی تاکەکەسی وەک پڕەنسیپێکی دیمۆکراسی ڕەچاو دەکرێ. هەروەها شوناسی کۆمەڵایەتی کە مەودایەکی بەربەرینتر لە خۆ دەگرێ دەتوانێ خۆی لە شکڵ و فۆرمی جۆراوجۆری وەک شوناسی هۆزایەتی، رەگەزی، نیژادی و پیشەیی .... دا ببینێتەوە. بەڵام لە ئاستی بەرزتر دا تاک خاوەنی شوناسێکی نەتەوایەتی یە، کە ئەمەش نیشاندەری هاوپێوەندی و هەست و وەفاداری بۆ نەتەوەیە. کۆمەڵێک لە بیرمەندان، نیشتمانی هاوبەش، مێژووی هاوبەش بە بنەڕەتی ترین توخمی شوناسی نەتەوایەتی و هێندێکی دیکەش زمانی هاوبەش و ئایینی هاوبەش بە توخمی سەرەکیی شوناسی نەتەوایەتی دەزانن. هەروەها لەم نێوە دا باس لە «سترەکتۆری سیاسیی هاوبەشیش» وەک توخمی شوناسی نەتەوایەتی دەکرێ. بەڵام لە ڕاستی دا شوناسی نەتەوایەتی هەڵگری هەموو ئەو توخمانە و توخمەکانی دیکەی وەک زمان، هونەر، ڕێوشوێن و دابونەریتە. بە واتایەکی دیکە ئەو کۆمەڵەخەڵکەی لە جوگرافیایەکی یەکگرتوو دا ژیاون و وێکڕا هەستیان بە بەختەوەری کردوە و چەوساونەتەوە و ئامانج و هەست و مەبەستی هاوبەشیان هەبووە، وەک شوناسی نەتەوەیی دەتوانێ بەکاریان بێنێ کە ئەم شوناسە نەتەوایەتی یە بۆ هاوپێوەندی نەتەوەیی و ئاراستەبەخشین بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی گرنگترین ئامرازە.

گەلی کورد کە بە گوێرەی زۆربەی پێناسەو تیۆری یەکان نەتەوەیەو دەبێ لە هەموو مافە نەتەوایەتی یەکانی سوودمەند بێ، هەروەک دەبینین بە هۆی سیاسەتی چەوتی دوژمنانی و یەکریز نەبوونی نێوخۆیی هێزەکانی، هەنووکە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە لە ئاستی جیهان داو سەرەڕای ئەوەش پارچەپارچە کراوە و بە هۆی ژینۆسایدو زۆرجۆرە سیاسەتی ناڕەوای دیکە لە لایەن دابەش کەرانی کوردستانەوە زۆربەی توخمە نەتەوایەتی یەکانی کاڵ بوونەتەوە یان روو لە کاڵ بوونەوەن. سیاسەتی کۆچ پێکردن و وێران کردنی کوردستان و هەوڵ بۆ لێک دابڕینی کوردان لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەوپەڕی دڵڕقی یەوە ڕەچاو کراوەو دەبینین لە چوارچێوەی هەر کام لەو یەکە سیاسی یانەی کوردیان بە سەردا دابەش بووە دەستکاری نیشتمانی یەکگرتوو و یەکپارچەیی کورد کراوە تا نیشتمان و خاکی یەکگرتووی کورد وەک یەکێک لە توخمەکانی شوناسی نەتەوایەتی لاواز بکەن. زۆرن ئەو توخمانەی کورد وەک شوناسێکی گشتی باسیان لێوە دەکاو دەیەوێ رەنگکێی گشتی و تەواو کوردستانی‌یان پێببەخشێ. یەکێک لە گرنگترین ئەو توخمانەکە گەلی کورد بە درێژایی مێژوو وەک

## خاکەلێوە – نەورۆز

تـوخمێکی بنـەڕەتیی شوناسـی نەتەوایـەتی هـەڵی گرتـوە و لـە سـەردەمی هاوچـەرخ دا کردوویـە بـە ئامرازێـک و تەنانـەت ڕێگەیـەکی شیاوو ئاشتیخوازانە بـۆ گەیشـتن بـە ئـازادی نـەورۆزە. ئـەم بۆنـە پیـرۆزە دە نێـو گـەلانی ئاریـایی ڕۆژهـەڵاتی ناڤین دا هاوبەشەو بە پێی سەرچاوە مێژوویی یەکان پەیوەستە بە گەلانی کۆنی ئارییاییـەوە کە هەر کـام لـەم گەلانـە بـە جۆرێـک و بـە گـوێرەی فەرهـەنگ و میـژووی خـۆی دە نێـو چوارچێـوەی یـادەوەری و ئەفسـانەو فۆلکلـۆری خـۆیدا پارستوویە و بەرگی خۆماڵیی دەبەر کردوە.

بە داخەوە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا کاتێک نـەورۆز وەک جەژنێکی نەتـەوەیی بەڕەسمی ناسرا، دەگـەڵ ئـەوەی کـورد یـەکێک لـە کـۆنترین نەتـەوەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناڤینـە و کوردسـتان لانکـەی ژیـانی دێرینـی مرۆڤـە، ناوێـک لـە کـورد و کوردستان نەبراو ئەو جەژنە هەر بە ناوی گەلانی دیکەوە تۆمار کرا.

ئەوەی لەم بابەتە دا بۆ نووسەر گرنگە، ئەوەیە گرنگی بدرێ بە نـەورۆز وەک تـوخمێکی بنـەڕەتی بـۆ بـەهێزکردنی شوناسـی نەتەوایەتی کە لە لەسەر ئاستی کوردستان جگە لە هەستێکی ڕووت، بە پراکتیک و لە دەروونی تـاکی کورددا بـەو بـەهێزی یە نابینرێ. کاربەدەستان و ڕێبەرانی کورد دەبێ بە وردبوونەوە لە واقیعی کوردو کوردستان هەست بـەو توخمانـە بکـەن کـە دەتوانن یەکگرتوویی و شوناسی تـاکی کوردی پێ بەهێز دەکرێ.

بە سەرنجدان بە ڕێورەسمەکانی نەورۆزی ساڵی ڕابردوو دەبینین کـوردان لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان و هەنـدەران یـادو جـەژنی نەورۆز بەشکۆیەکی تایبەتـەوە دەکەنـەوە و ئـەم بۆنەیـەیان کـردوە بـە خـاڵێکی جیاکـەرەوە لـە نەتـەوەو گرووپـەکانی دیکـە. جەژنی پڕشکۆی باکووری کوردستان لـە دیاربـەکر، جـەژنی نـەورۆز لـە باشـوور بەوهـەموو شکۆیە، ڕێورەسمە ڕێک و پێک و شکۆمەندەکانی ڕۆژهـەڵات سـەرەڕای ئەگـەرو لەمپـەری دامودەزگـای ئەمنییـەتیی کۆمـاری ئیسلامی، شـادی و خۆشیی ڕۆژئـاوای کوردسـتان و ڕێورەسـمی مـەزنی کـوردان لـە لوبنـان و ..... هـەموو نیشـانەیەکن لـەوە کـە نـەورۆز خـاوەنی خـۆی دۆزیوەتـەوە خـەڵکی کـوردیش بەحـەق نیشـان دەدەن ئـەم یـادە لـە قـووڵایی مێـژووەوە ڕەگئـاژۆی کـردوەو، ڕێبـەرانی کـورد و پارتە سیاسی یەکان دەبێ هەوڵ بدەن توخمە بـەهێزە هاوبەشـەکانی ئـەم گەلـە پارچەپارچە کراوە بدۆزنـەوە و بـەهێزیان بکەن. هەروەها لەسەر ئاستی نووسین و لێکۆڵینەوە دەسـەڵاتی کـوردی ئـەرکی سەرشـانیەتی، زیـاتر گرینگـی بـە هـەڵێنجانی ئەفسـانەو ئۆسـتوورەی نـەورۆز لـە مێـژووی خۆیـدا بـداو تێچـووی بـەرەنگار بوونـەوەی ئەولایەنانـە کـە دەیانـەوێ توخمـە مێژوویی و هاوبەشەکانی کورد چەواشە بکەن وەئەستۆ بگرێ.

خاکەلێوە – نەورۆز

کورد لەم سەردەمە دا زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستیی بە پتەوکردنی هەستی نەتەوایەتیی خۆی هەیە. ئەمەش دەبێ بە دۆزینەوەو ناساندنی شانازی یە مێژوویی‌یەکانی و تەنانەت بە زەق کردنەوەی ئەفسانە میللی‌یەکانی بەهێز بکرێ تا گەلێک کە ناحەزانی هەمیشە بە سووکایەتی یەوە باسیان لە مێژووەکەی و شانازی یەکانی کردوە، ببووژێتەوە و بەخۆی دا بێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٣

# نەورۆز، ڕەمزی سەربەخۆیی نەتەوی بێدەوڵەت



ئەحمەد عەلی پوور

ئاکامی تێگەیشتنی دروست لە چەمکی هێمای نەتەوەیی و بەکارهێنانی بەجێی لە کاتی شیاودا، لێکەوتەی پۆزیتڤی دەبێ. نەورۆزی ئامەدی ساڵی ٢٠١٣ ئەو ڕاستییەی نیشان دا. هێماکان بەرهەمی سەدان و هەزاران ساڵەی دووپات بوونەوەی هەندی خۆ و خەدەی بەکۆمەڵی کەسانێکن کە خاوەنی داب و نەریتی هاوبەشن. لە ڕێگەی ئەو دووپاتبوونەوەیە، هێماکان، وردە وردە و لە درێژەی کاتدا، وەک دیاردەی کولتوری یان نەریت خۆیان لە بیر و حافزەی نەتەوەکاندا هەڵدەکۆڵن. جا ئەو جار، خەڵکی هەندێ بار و ناوەرۆکی دیکەشییان پێدەدەن و لە گەڵ ڕەوتی زەمان، هەم ئاڵ وگۆڕیان تێدا پێکدێنن و هەم دەوڵەمەندتریان دەکەن و جاری واش هەیە کە ناوەرۆکەکانیان لە بنەڕەتدا دەگۆڕن.

نەورۆز کە ڕەنگە لە سەرەتا دا جەژنی بەخێرهاتنەوەی بەهار و گەرما و سەرلەنوێ ژیانەوەی سروشت، وەرزی دواییهاتنی سەرما و قاتوقڕی و کاتی فرەوانی بژیو و وەرزی زاوزێ و سەرڕێژبوونی هەستی گەرم و فەسڵی گوڵ و باران و گیابرژێوە بووبی، نەورۆز بەهەمان ئەندازە کە جێژنی ماڵاوایی لە ساردوسەرما و سەهۆڵبەندانە، نەورۆز ئەگەر جەژنی ڕەنگەکانە، نەورۆز ئەگەر جەژنی ژیانە، بەهەمان ئەندازەش جەژنی خەبات و ئاشتی و دێموکراسی و یەکسانییە. چەژنی هەڕەتی هەرەوەز و تێکۆشانی هاوبەشە. هەربۆیە ئەفسانەی شاربەدەرکردنی ئەژدەهاک لە ڕۆژی نەورۆزدا، کراوەتە ڕەمزی سەرکەوتنی گەل بەسەر دیکتاتۆردا. لە هەمان کاتدا، نەورۆز هێمای بەخشیش و لێبووردنیشە. بەپێی ئەفسانەی کاوە-ئەژدەهاک، دیکتاتۆر نەکوژرا، تەنیا شاربەدەرکرا.

بەڵام هێماکان ئەگەر بەدروستی و لە جێگای خۆیاندا، کەڵکیان لێوەرنەگیردرێ، لەناوەرۆکی خۆیان بەتاڵ دەبن. نەورۆز کە بەداخەوە لەناو گەلی کورددا خەریک بوو لە بیر دەکرا، بە هەوڵ وهیممەتی شاعری پایەبەرزی کورد، پیرەمێردی نەمر، لە باشووری کوردستان ژیایەوە و لەو ٢٥ ساڵەی دواییدا، لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە و لە باکووری کوردستان کراوەتە هێمای راستەقینەی نەتەوەیی گەلێ کورد.

نەورۆزی ساڵی ٢٠١٣، لە ئەنجامی سیاسەت و ستراتێژیەکی نەتەوەیی لێزانانە و هاودەنگی و یەکگرتووییەکی بێوێنەی میحوەری ئیمراڵی - شاخ و شار و لە سۆنگەی تێلێڤیزیۆنە جیهانیەکانی وەک CNN وە، نەخشەی کوردستانی کردە مەشخەڵی پەیامی ئاشتی رۆشنبیرترین، بەهێزترین و خۆشەویستترین زیندانی سیاسی جیهان واتە بەرێز ئۆجالان و کێشەی کوردی بۆ هەمیشە لە چوارچێوەی تەسکی بیری ناوچەیی، لە دەرسیم و مەهاباد و هەولێر و کرماشانەوە درهێنا و کردیە کێشەیەکی جیهانی. ئەوەش ئاکامی ئەخلاقی بەرزی سیاسی و هەوڵ و خەباتی گەلی کورد لە باکووری کوردستانە کە لە ژێر رێبەرایەتی پ.ک.ک. و شەخسی ئاپۆدا، لە چەند بورادا پێشرەو بووە.

١- لە بورای بەکارهێنانی راگەیاندراوی گشتی وەک ساتەلایت و تی.ڤی.
٢- پێکهێنانی چەندین حیزبی سیڤیل و پەروەردەی سیاسەتمەدارانی لێهاتووی وەک سەلاحەددین دەمیرتاش، گوڵتەن کشاناک، پەروین بوڵدان و سەدان و هەزاران کوردی سیاسی دیکە.
٣- ئاراستەکردنی خوێندنەوەیەکی تازە لە کێشە و مێژووی کورد و
٤- دارشتنی ستراتێژیەکی مودێڕن کە لەسەر بنەمای دەوڵەت-نەتەوەی دێموکراتیک، خۆرێوەبەری و کۆمەڵگەی سروشتی سەقامگیر بووە.

لە جەژنی نەتەوەیی نەورۆزی ئەمساڵی ئامەددا، تەنانەت یەک ئاڵای تورکیاش بەدی نەدەکرا بەڵام لە هەمان کاتدا، چەندین سیاسەتوانی پایەبەرزی رۆژئاوایی مەجبوور بوون کە تێبینیەکانی خۆیان لەسەر پەیامەکەی بەرێز ئۆجالان دەربڕن و هەموو ماسمێدیای جیهانی بە بەربڵاوی باسیان کرد. ئەوەی کە تورکیا چۆن لەبەرانبەر سیاسەتی کورددا هەڵوێست دەگرێ، داهاتوو دەری دەخا. ئەوەی کە لێرەدا جێگەی سرنجە ئەوەیە کە گەلی کورد نەورۆزیان لە بەر چاوی جیهانیان نەتەنیا کردە جەژنی نەتەوەیی خۆیان بەڵکو ناوەرۆکی ئاشتیخوازانەی نەورۆزیشیان سەرلەنوێ دارشتەوە و خستیانە بەردەم کۆمەڵگەی جیهانی.

لە لایەکی دیکەوە، نەورۆزی ئامەدی ئەو ساڵ، سەربەخۆیی و پێگەیشتویی و بلووغی سیاسی نەتەوەی کوردی بە شێوەیەکی

زەق خستە روو. نەتەوەیەکی دێموکراسیخواز کە ئەو دێموکراسی و خۆبەڕێوەبرییەی تەنیا بۆ خۆی ناوێت و لەگەڵ گەلانی دیکەی ژێرداستدا دابەشی دەکا. ئەو دێموکراسیخوازییە، ئەوەش نیشان دەدا کە پرۆژەی دەوڵەت-نەتەوەی ئاراستەکراوی رۆژئاوا، کە لە بنەڕەتدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی رۆژئاوا و بە مەبەستی دەستەمۆ کردن و کۆکردنەوەی دەسەڵات لە دەستی ژمارەیەکی کەم لە نوێنەرانی نەتەوەیەک و سەپاندنیان بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا، کە لە تاڵانکردنی سەروەت و سامانەکاندا لە گەڵیان هاودەستن و هیچ دڵسۆزییەکیان سەبارەت بەو نەتەوانە نییە، تووشی هەرەسهێنان هاتوە و ئیتر کۆکردنەوەی دەسەڵات لە دەستی هەندێ نوێنەری ناسیونالیستی توندئاژۆی نەتەوەی سەردەتدا و بێبەشکردن و داپڵۆسینی نەتەوەکانی دیکە باوی نەماوە و ئەو پارادیمە دەبێ جێگەی خۆی بە پارادیمی دەوڵەت-نەتەوەی دێموکراتیک کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و خۆڕێوەبەری ئاڕاستە دەکرێ، بدا.

باسی نەتەوە - دەوڵەت دەگەڕێتەوە پەیمانی ئاشتی ڤێستفالیا (Westphalia) کە لە ساڵی ١٦٤٨دا کە لە ئاکامی شەڕی ٣٠ ساڵەی ئوروپادا واژۆ کرا. بە گوێرەی ئەو پەیمانە کە دەکرێ بە دۆکۆمێنتی مەرگی ئیمپێراتۆریەکانی ئوروپا لە قەڵەم بدرێ، بۆ یەکەم جار چەمکی دەوڵەتی سەربەخۆ واتە سەردەست (sovereign) کە لە چوار بواردا لە گەڵ جیهانی دەوروبەری لە پەیوەندی دایە.

١. لە مەیدانی ناوخۆیی دا واتە لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە بەسەریدا حکومەت دەکا.

٢. لە پەیوەندی لەگەڵ یەکێک لە دەوڵەتەجیرانەکانیدا.

٣. لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک لە دەوڵەتانی دەوروبەریدا و

٤. لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیدا. نەتەوە - دەوڵەتەکانی تورکیا، ئێراق، سوریا و ئێران کە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لەلایەن ئینگلیس و فەرانسەوە پێکهاتن لە هیچ کام لەو چوار بوارانەدا ئاشتیخواز و لەسەر بنەمای رێزدانان بۆ مافی مرۆڤ یان مافی سەروەری سیاسی نەتەوەکانی جیران مامەڵەیان نەکردوە. ئەو نەتەوە-دەوڵەتانە هەم لە ناوەوەی چوارچێوەی جۆگرافیای ژێر حکومەتیاندا و هەم لە هەمبەر وڵاتانی دەوروبەریاندا سیاسەتی داپلۆسین، شەڕ، داگیرکردن و دەستدرێژییان بەڕێوەبردوە.

گەلی کورد لە باکووری کوردستان و رێبەرایەتیە سیاسییەکەی نیشانی داوە کە سەرەڕای نزیکەی ١٠٠ ساڵ سیاسەتی نژادپرستانەی زوحاکەکانی تورک، نەتەنیا تەسلیمی سیاسەتی داپلۆسین و تواندنەوە و ژێنۆساید نەبووە بەڵکو بە روونی سەرهەڵدان و گەشەی نەتەوەی بێدەوڵەتی سەلماندووە. نەتەوەیەک کە خاوەنی خاک و سەروەت و سامانەکەیەتی و هەر کات ئیرادە بکا، دەتوانێ و مافی خۆشیەتی دەوڵەتی خۆی پێکبێنێ. ئەو نەتەوەیە، خاوەنی ئەخلاقێکە لە سەربەخۆیی و

ئازادی لە بڕیاردان بەسەرخۆیدا. بەڕێز ئۆجالان وەک ڕیبەری تەڤگەڕی ئازادی لە باکوری کوردستان، ئەوڕۆ، بە ڕێکخستنی کاناڵی بەندیخانە - شاخ - شار و داڕشتنی سیاسەتێکی نوێی نەتەوەیی، خۆی وەک ڕێبەری راستەقینەی گەلی کورد لە باکوور، رۆژئاوا و بەشێکی زۆر لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەلماندوە و دوور نییە ئەو رۆژەی کە گەورەترین بەشی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی رێنوێنی بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ٣١ مارچی ٢٠١٣

# نەورۆز، جەژنی کۆنی کوردەواری هاتەوە



**تەها رەحیمی**

ململانێی مرۆڤ و سروشت بە درێژایی هەزاران ساڵ و تەنانەت زیاتر بوو بە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ لە دارشتنی کەسایەتی و بوون و مانی خۆیدا بۆنە و بابەتی جۆراوجۆر بخوڵقێنێ کە زۆربەیان ئێستاشی لەگەڵ بێ تانوپۆی ژیانی مرۆڤیان لەخۆ گرتوە. سەرما و گەرما تووڕەیی و هێوری، بریسکەو باو باران و... هەر هەموو دیاردەکان بۆ مرۆڤێک کە شەڕی مان و نەمانی دەگەڵ هێزێکی بانئاسایی و نەناسراو و بێ بەزە دەکرد کاریان کردە سەر رەوتی ژیانی و نەمامی بیروباوەڕیان قۆناخ بە قۆناخ هەڵچنی و هەر کام بە جۆرێک کاریگەریان هەبووە لەسەر رەوتی ژیانی پڕ لە مەینەتیی تا بۆ درێژەی ژینی لە سەر ئەم گۆ گلێنە هزرو بیری خۆی پشت بە پشت بۆ نەوەکانی دوای خۆی بە جێ بێڵێ. لەم پێناوەدا لە چوار قورنەی دنیادا هەر خێڵ و عەشیرەو کۆمەڵەو نەتەوەو ئایین و رێچکە هزرییەکان بە پێی کات و ساتی داهاتن و پێکهاتن بۆنە و رێوشوێنی تایبەتیان دامەزراندوە کە ئەم بۆنانە بەرەبەرە لە گەردەلوولی مێژوودا گۆڕانیان بەسەردا هاتوە شتیان لێ زیاد کراوە، پاژێکیان لێ قرتاوەو بە پێی پێویستیی خاوەنەکانیان هەڵشێلدراونەتەوەو تەنانەت زەوت کراون، چەواشە بوون و بەلارێدا براون و بە هەزاران چیرۆکی دیکە. کە لەم نێوەدا ئەوانەی کە زیاتر بندەست بوون زیاتر پێخوستی گێژەڵووکەی دەسەڵاتی تیژپەڕی ئاژاوەگێران و سەربە گۆڵمەزان هاڕیونی. ئەو نەتەوانەی بە رێکەوت و بە ئانقەست ملکەچ کراون دەگەڵ شێواندنی کەسایەتی و مێژووو شانازی و کەلەپوورو فەرهەنگەکەیان، دەسکەوتەکانی زووشیان بە تالان براوەو لە بیروڕای گشتی دا بێ هیچ شانازی و سەروەرییەک ماونەتەوە. گەلی کورد کە بە سەدان ساڵە وڵاتەکەی داگیر کراوەو جار دوا جار پارچە پارچە کراوە، دەسکەوتەکانیشی بە تالان براوەو لە لایەن داگیرکەرانەوە بۆنە و شانازییەکانیشی وەک خاکەکەی کەوتۆتە بەر راووڕووتی زۆردارانەوە. نەورۆز یەکێک لەم بۆنانەی وڵاتی کوردەوارییە کە

**خاکەلێوە – نەورۆز**

سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی داگیرکەران بۆ داماڵین لە مۆرکی کوردەواری هێشتا هەر ڕەنگ و بۆنی کوردی و ئایین و دەنگی کوردی لێوە دەبینرێ و دەبیسترێ. داگیرکەران ئەگەرچی ئەم بۆنەیەیان بۆ نەدزراو نەیانتوانی مۆرکی کوردی لێ بتەکێنن و کوردیش لەنەورۆز داماڵن هەنووکە بووەتە بۆنەیەکی ئازادیخوازی و (اعلانی موجودیت) لە گۆرەپانی خەبات و تێکۆشاندا بۆ کوردو، کورد لەهیچ بۆنەیەک دا بە قەدەر نەورۆز یەکگرتووانە دەر ناکەوێ.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاخێزگەی چەند ژیاری کۆن و ئایینی گەورەی جیهانی و لە بۆنەو ڕێوڕەسمەکانی چەند نەتەوەدا بە شکۆو مەزنایەتییەکی زۆرەوە باس لە نەورۆز دەکەن و لە یەکەم ڕۆژی بەهاردا بە ڕێوڕەسم و خۆئامادە کردنێکی زۆرەوە بە پێشوازییەوە دەچن. ئەگەرچی ڕوانگەو بیروبۆچوونێکی زۆر لەسەر ئەم بۆنەیە هەیە بەڵام ڕوانگەگەلێکی یەکدەست و یەک ئاراستە بەدی ناکەین. تەنیا ئەوە نەبێ کە زۆربەیان هۆکاری وەک گۆڕانی کەشوهەواو وەرزی ساڵ لە سەردەمانی مرۆڤە سەرەتاییەکان بە ئاخێزگەی ئەم بۆنەیە دەزانن کە لەم پێوەندییەشدا زیاتر ناوی بابێل بەرچاوە. پاشان هێندێک لەسەر ئەم بڕوایەن کە نەورۆز ملکی ئیلام، کاسی، گوتی، ئۆرارتۆری و گەلانی بەر لە هاتنی ئارییەکانە چونکی مرۆڤی دانیشتووی نێوان دوو زێ و کوێستانەکان و دەوروبەری ئەم ناوچەیە بە ئاژەڵداری و وەرزێری دەژیان و دەگەڵ کۆچی ساردو سۆڵی و شکانی تەزوو و هاتنی شیناوەرد و تفاق و خواردن کە دیارە پتری مرۆڤیش هەر بە گیاوگژ ژیاوەو توانیویە لە کونەکانی خۆی بێتە دەرو قۆناخێکی نوێی تێکۆشان دەست پێ بکا، وەک شتێکی پیرۆز چاوی لەم گۆڕانە کردوەو ڕێزی لێ گرتوە. هەروەها کەسانێکی دیکەش هەن کە بە داب و داهێنراوی خودی ئارییەکانی دەزانن. بە هەر حاڵ زیاتر لەوەی لەسەر ناڕۆین چونکی ڕوانگەو تیۆری و گریمانەی زۆر لەمبارەوە هەیەو لە لایەکی دیکەشەوە هەر پادشاو دەسەڵاتدارو نەتەوەیەک بە قازانجی خۆی گریمانەو تیۆری بۆ نەورۆز داتاشیوەو دادەتاشێ و بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی پێوە هەڵداوەسن و چیرۆک و ئەفسانەی بۆ دەهۆننەوە. خاڵێکی جێگەی رامان هەر ئەوەیە زیاتر ئەم بۆنەیە لە زۆربەی ڕوانگەکاندا نیشانی نوێبوونەوەو ژیانەوەو ژیاندنەوەیە. لەم سەردەمەدا کوردی هەموو پارچەکان، لە ئێران، تورکیە، ئەفغانستان، تاجیکستان و ئەرمەنستان بەگەرمی بە پێشوازی نەورۆزەوە دەچن.

بیروبۆچونەکان و گریمانەکان لە لایەکەوە هێند زۆر و لە لایەکیشەوە هێند لێک دوورن کە زۆر هەڵدەگرێ و هەروەها هەر نەتەوەو تەنانەت پاشاو بنەماڵەیەکی دەسڕۆیشتوو و دەسەڵاتدارێک لە ڕێگەی جۆراوجۆرو تئۆریی جیاوازەوە ڕیشەو ڕەچەڵەکی خۆیان بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبەنەوە سەر نەورۆز و خۆی پێوە هەڵداوەسن تا کۆن بوون و ماکەکانی هەژمۆنی خۆیانی زیاتر پێ داکوتن.

بەڵام هەر چییەک بێ دەتوانین بڵێین نەورۆز یەکەم ڕۆژی ساڵ و ڕۆژێکی نوێ لە وەرزێکی نوێ و سەرەتای دەسپێکی قۆناخێکی دورووردرێژە لە تێکۆشان و ژیان، هەروەها ئاورکردنەوەکەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاور ڕۆلێکی گرنگی

## نەورۆز ڕەمزی سەربەخۆیی نەتەوەیەک

**خاکەلێوە – نەورۆز**

لە ژیانی مرۆڤدا هەبووەو دۆزینەوەی ئاور خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەرانبەرە بە داهاتنی چاپ لە سەردەمانی دواتر. یا ئەوەی وەک دەڵێین پێوەندیی بە ئایینی زەدەشتییەوە هەبێ، ئەگەرچی بە پێی لێکۆڵینەوەکان لە کتێبە پیرۆزەکەی ئاوێستادا باس لە نەورۆز کراوە بەڵام سەرچاوەو بابەتی داهاتنی ئەم بۆنەیە باسی لێ نەکراوە. کە ئەمەش بەبڕوای هێندێک لە خاوەن رایان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی بەشەکانی ئاوێستا فەوتاون و دواتر لە سەردەمی ساسانییەکاندا نووسراونەتەوە.

بابەتێکی حاشاهەڵنەگری کورد ریشەی هزرو بیروباوەڕی ئەم نەتەوەیە لە ئایینی زەردەشتی کە هەتا ئیسقان بە فەرهەنگ و هەڵسوکەوتی ئێستاکەی ئەم نەتەوەیەشەوە هەر دیارە. هاتنی ئایینی ئیسلام نەبووە هۆی ئەوە کوردەکان وەک زۆربەی وڵاتانی (سوریە، عێراق، میسر، لوبنان و ...) بە عەرەب ببن (مستعرب) هێشتا پشتێنی سێ گرێ باس لە ئاکاری باش، کرداری باش، گوتاری باشی زەردەشت دەکا و زۆربەی خوو و عاداتی کوردان دەگەڕێتەوە سەر ئەم ئایینە مەزنە کە سەرچاوەو ئاخێزگەکەی و تەنانەت هەروەک دەوترێ پێغەمبەرەکەشی لە باب و باپیرانی کوردەو کتێبە پیرۆزەکەشی بە زمانی مادی نووسراوە. بە هەر حاڵ زۆر وتن لە سەر هێندێک بابەت کە گرووپ و کۆمەڵێکی زۆر خۆی بە خاوەنی دەزانن و بۆ بەدبەختی کوردیش لە بەر ئەوەی کە بندەست بووەو نەیتوانیوە بە گوێرەی پێویست کاری بۆ بکا و بەڵگەو دیکۆمێنتی بۆ بدۆزێتەوەو تەنانەت ئەو بەڵگەو دیکۆمێنتانەی هەشی بووە گۆڕیوەو لێیان دزیوەو بە ناوی نەتەوە باڵادەستەکانەوە لە جیهان دا ناسراون وتۆمار کراون ئاکامێکی لێ ناکەوێتەوە. ئەوەی بەرسەرنجی ئەم نووسینەیە گرنگیی بۆنەی نەورۆز لە کاتی ئێستا دایە کە لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە گوڕو تینێکی زۆرەوە بەڕێوە دەچی و جگە لە باشووری کوردستان کە هێندێک لە مافەکانی دەستەبەر بووەو حکوومەتێکی کوردی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە لە پارچەکانی دیکە نەورۆز وەک بۆنەیەکی جیاکەرەوەی کورد چاو لێ دەکرێ و بووەتە دەرفەتێک بۆ خۆ پێناسە کردنەوەو دەگەڵ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی بەشکۆ و تایبەتەوە ڕۆژێکە بۆ دەربڕینی بێزاری لە داگیرکەران و هێنانە ئارای داواو داخوازییە نەتەوەییەکان. کە ئەم ڕێوەڕەسم و بۆنە خۆشییانە لە باکووری کوردستان بە لوتکەی خۆی دەگاو ساڵانە جەژنێکی بە شکۆ لە دیاربەکر ناوەندی ئەم پارچەیە بەڕێوە دەچێ. لە ڕێوڕەسمەکانی شاری دیاربەکردا کە هەموو ساڵێ دەیان هەزار کەس ئامادەی دەبن ناسنامە و پێگەی سیاسی و داخوازییەکانی دیکە بەرز دەکرێنەوەو تەنانەت چەند ڕۆژ پێش نەورۆز ئامادەکارییەکانی ڕۆژی نوێ دەست پێ دەکرێن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە شارو گوندەکان زۆر بە شکۆوە بەرەو پیلی ئەم بۆنەیەوە دەچن و کوردستان یەکدەست ڕێز لەم بۆنەیە دەگرن. هەروەها سەرەڕای نەورۆز سێزەبەدەریش هەروەک چوارشەمە سووری لە ڕۆژهەڵات بە شکۆیەکی مەزنەوە بەڕێوە دەچێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١٢

# نەورۆزی کوردان



**کەریم ئەڵڵاوەیسی**

**ئەم رۆژی سالی تازەیە نەوروزە هاتەوە**
**جەژنیکی کۆنی کوردەوبە خۆشی هاتەوە**

**پیرەمێرد**

نەورۆز جەژنی لە مێژینەی کوردە و چێژ و پێز و وزەی پێوە دیارە و هەتا دێ هەر گەشەدار وپرشنگدارتر دەبێ. نەتەوەکانی جیهان نیزیک بە هەموویان، جیژنی نەتەوەیی خۆیان هەیە و نەورۆزی کوردیش وردە وردە بۆتە بەشێک لە میرات وکەلتوری مێژوویی روشنبیریی خەلکی کوردستان.

نەورۆز نیشانەی زاڵبوونی ڕووناکی بە سەر تاریکی، خێرو شادی و خۆشی بە سەر ناخۆشی و سەخلەتیدا، فەرعانی و ئاسایش بە سەرِ قاتی وقڕی و گرانیدا، بە کورتی سیمبولی چاکە بە سەر خراپە دایە. هەوڵدانە بۆ ئازادی وبەختەوەری و نەهێشتنی دیکتاتوری و زۆلم وچەوسانەوە و خەبات بۆ دوا رۆژی گەش و بەختیاری.

نەوروز ڕەمزی خۆڕاگری و بەرخۆدانی کورد و راوستان لە بەرمبەر زۆردار وچەوسێنەران دایە، بۆتە سیمبۆلێک بۆ راوستان، ئەوەی کە کورد بە راوەستانی، خۆی لە نەمان و تواندنەوە رزگارکردوە. دژکردەوە مێژووییە سەخت وخۆیناویەکانی کورد بە

سەدان ساڵە بەردەوامە، داستانی فیداکاری و قارەمانێتی و دلێریی سەرسورهێنەری دروست کردوە.

**نەورۆزبوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەرە**
**لاوان بە عشق ئەچوون بەبەرەوپیری مەرگەوە**

نەورۆز، رۆژی پەیمان نوی کردنەوە بۆ خەبات بە دژی داگیرکەرانی کوردستان، جێژنێکی رەسەنی کوردە کە کورد لە خۆشی و ناخۆشیەکان و روژی تاڵ و گەلێک سەختیش دا بە دائێم ئەم جیژنە نەتەوەییەی خۆی پیرۆز کردوە. زۆر لە لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە کە زۆر لەمێژە کورد ئەم رۆژی بە لاوە گرینگ بووە و سەر سالی پیروز کردوە و بایەخی پێ داوە و بەرەبەرە لە ناوچەکانی دەروبەری کوردستانیش دا بلاو بۆتەوە و هەرچەند داگیرکەرانی کوردستان ویستوویانە مۆرکی کوردی لێ بکەنەوە، بەخۆشیەوە نەیانتوانیوە.

لە باشوری کوردستان کورد گرینگی زۆری بە ئەم جیژنە داوە و لە نێو ئەوان دا پیرەمێردی نەمر زۆر رۆڵی تایبەتی هەبوو و بایەخی زۆری بە جیژنی نەوروز داوە لە کاتی ژیانی دا. هەموو سالی لە مامەیارەی سلێمانی بە هەڵکردنی ئاگر، ئەم جیژنەی پیروزکردوە. ئەو بەهێزترین هۆ بوو بۆ گێرانی ئاهەنگی نەورۆز و بووژانەوەی و رۆژنامەیەکیشی بەم بۆنەوە بڵاو دەکردوە. ئەو کات کە دوژمنانی زۆردار ئاگرکردنەوە لە مامە یارەیان قەدغە کرد ئەوە قوتابیانی ماموستا پیرەمێرد بوون کە هەموو ساڵێ ئاگری نەورۆزیان لە سەر لوتکە وشاخەکانی دەوروبەری سلێمانی دا دەکردەوە. ئێستاش بە خۆشیەوە خەلکی کوردستان هەموو سالێ لە سەر شاخ و لۆتکە وشارو دێهاتەکان یادی نەورۆزی پیروز بە هەڵکردنی ئاگر دەکەنەوە و پەیمان بۆ درێژەدانی خەبات تازە دەکرێتەوە.

ئاگر نەقش و رۆڵی گرینگی لە ژیانی مروڤ دا هەبووە، چونکە دۆزینەوەی ئاگر خالێکی وەرچەخان لە مێژووی مروڤایەتی دابووە و دیارە پێوندی بە ئایینی زەرتشتیشەوە هەیە کە کورد پێشتر زەرتشتی بووە.

لە باکوری کوردستان نەورۆز و ئەم جیژنە بۆکورد گرینگیی ئێجگار تایبەتی هەبوو و هەیەتی و ئەمسالیش بە میلیون خەلکی ئەم خاکە پیرۆزە بەرەوپیری جیژنی نەورۆز چوون و وەک هەمێشە باکوری کوردستان بۆتە مەیدانی خەباتێکی شێلگێرانەی مەدنی کە شەو و رۆژیان لە دوژمنانی کورد و کوردستان تاڵ کردوە.

لە رۆژهەلاتی کوردستان، جگە لە ساڵەکانی پێشوو سالی ٢٠١١ بە هیممەتی دڵسۆزانی کورد لە ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی

**خاکەلێوە – نەورۆز**

کوردستان بە تایبەت رەبەت و سیسێربەرنامەی نەورۆز گەلێک بەرچاو بوو. خەڵکی ئەو ناوچانە بە پێک هێنانی بەرنامەی گۆرانی وشیعرو بەرنامەی هەڵپەرکێ و کردنەوەی ئاگری پیرۆزی نەورۆز، بایەخ وگرینگیی جێژنی کۆنی کوردیان زۆر زیاتر بەرز نرخاند.


کورد زۆر هیوادارە کە لە سالی نوێ دا بەشێکی زۆری ئاواتەکانی وەدی بێ. ئارەزوومانە کە دەسەڵاتی کوردی لە هەرێمی کوردستان لە گەشە و بەرەوپێشچوونی زیاتر دابێ و زۆر نەخایەنێ کە سەرکەوتنی بەرچاو بۆ باکوور و رۆژهەلات و رۆژئاواش وەدست بێ. بەرێزخالید عزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کورردستان گوتەنی: پێویستە بۆ ئەم ساڵە ئەرک بۆ خۆمان دیاری بکەین. بەڵێ گرینگە کە کورد و حیزب وریکخراوە سیاسییەکانی دیانەوێ چ بکەن وهەنگاوەکانیان چ بێ؟! ئاوڕدانەوە بۆ رابردوو و بە بەرنامە بەرەۆ پێشچوون گەلێک گرینگە.

بە ڕاستی ئەگەر حیزب ورێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەوە زیاتر کۆدەنگی یان بەرەیەکی حیزب ورێکخراوەکان وەدوا بخەن زوڵمێکی گەلێک گەورە لە کۆمەلانی خەلکی ئەم پارچەیەی کوردستان دەکەن. کورد لە تاراوگەش زۆر هەنگاوی لە پێشە کە نابێ لێیان کەمتەرخەم بێ.

سالی ٢٧١٢ کوردی لە رۆڵەکانی نەتەوەی کوردستان لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە تایبەت بنەماڵەی شەهیدان وزیندانییە سیاسییەکانی کوردستان پیروزبێ. لەیلای زانای مەزن گوتەنی نەورۆز لە حەمی کورد پیروزبێ.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مارچی ٢٠١٢**

# پەیامی نەورۆز.



**بێبەش پیرۆتی**

مامە نەورۆز بە دڵێکی پڕ لە سۆز و بە باوەشی پڕ لە نێرگز و بە چاوی پڕ لە حەز و هیوا وە بەرەو کوردستان، ئەو بەشە لە بەهەشتی سرووشت هاتەوە.

هاتەوە هەتا جارێکی دی وەک جاری جاران بە گوێی کورددا بخوێنی: ڕۆڵەکانم وەک چۆن نەتانهێشت ئاگری پڕ لە گڕی نەیار کوێرکەری من بکوژێتەوە،

وەک چۆن نەتانهێشت کوردستان لە ژێر پێ و سمی لەشکری وێرانکەری دەر و دۆڵ و کوێستان و مێرگ و کانی خاپوور کرێ، وەک چۆن نەتانهێشت گوڕەی حەقخوازی بە چنگی ئەهریمەن لە گەرووی شۆرە لاواندا بخنکێندرێ، بەرۆک و داوێنتان دەگرم هەر ئاواش ڕیشەی لێک تەوەلایی و لێک نامۆیی و لێک بوونەوە لە بن بێنن.

یەک بن کە کاتی هەستانە. ئەمسال لە گەڵ هەورە گرمەی بەهارەکەم، لە گەڵ ڕێژنەی باران، لە گەڵ چاو کردنەوەی گەزیزەی بە ناز، لە گەڵ هاژەی تاڤگە و نەرمە ئاهەنگی کەروێشکەی ڕپستە، لە گەڵ وەرینی... ئاخ... یەک یەک

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**گوڵاڵەکان فریشتەی ئاوات چاو لە دڵدارانی دادەگرێ.**

**دەستم داوێنتان یەک بن، ئەوەی لێکی کردن هەنگاوەکانی بەرەو زبڵدانە بە ناوەکەیە. ئەوی لێکی کردن ئەوا خۆیان لێک دەبنەوە.**

**لە سەر سفرە حەوت سینەکەم سڵاو بنێرن بۆ دەستە چیلەکانی ئاگری خەبات، سپاسی پێشمەرگە بکەن، سەڵا و بانگی یەکبوون بدەن، سەری بەرزتان بەرزتر کەن و نیەتی نەسرەوتن لە نوی کەنەوە، سینگی ناهومێدی شەق کەن، سازی شادی لە ئێستاوە کووک کەن، سۆز و خۆشەویستی لە مەزرای دڵدا زیاتر بچێنن و سەربردەی پڕ لە کارەساتی خۆشتان لە بیر مەکەن.**

**نەورۆزەکەم هەر بە خێر بێی - قەدەمت خێر بی.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مارچی ٢٠١١**

## حامید گەوهەری: فیردەوسی بۆ ڕازیکردنی پاشاکانی ئێران، ئەو ئەفسانەیەی گەڵاڵە کردووە



**دیمانە - ئارام قادری**

نەورۆز لای کوردان بە جێژنەکی نەتەوایەتی کورد دادەنرێت و وەکوو دەگێڕنەوە لەم ڕۆژەدا کاوەی ئاسنگەر بەسەر زووحاکدا سەردەکەوێت، بەڵام جێگای سەرسوڕمان ئەوەیە کە کاوەی کورد زووحاک دەکووژێت، بەڵام فەرەیدوونی فارس دەبێتە پاشا و دێتە سەر تەختی پاشایەتی. لێرەدا پرسیار ئەوەی کە نەورۆز کەی سەریهەڵداوە؟ لە کوێ سەریهەڵداوە؟ چەندە دەتوانین پشت بە ئەفسانەی کاوە و زووحاک و فەریدوون ببەستین؟ لە سەردەمی ساسانییەکاندا نەورۆز چۆن بەڕێوەچووە؟ ئایا نەورۆز لە کەیەوە بووەتە جێژنی نەتەوەیی کورد؟ و کۆمەڵە پرسیارێکی تر.

**بۆ ئەم مەبەستە پرسیارەکانمان ئاراستەی کاک حامید گەوهەری لێکۆڵەر و مێژوونووس دەکەین.**

**ئارام قادری: دەکرێ پێمان بڵێی، مێژووی نەورۆز بۆکەی دەگەڕێتەوە و کەنگێ سەریهەڵداوە؟**

**حامید گەوهەری:** چۆنیەتی سەرهەڵدانی دیاردەی نەورۆز و مەبەست و ئامانجەکانی وەک مێژوو و بەسەرهاتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مێژووی نەتەوەی کورد بەتایبەتی ناڕوونە. هەتا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نییە کە نوسەر و لێکۆڵەری کورد و بیانی پشتی پێوە ببەستێت و بە ڕاشکاویی ئاماژەی بۆ بکات و هۆ و مەبەست و ئامانجەکانی و مێژووی سەرهەڵدانی ڕابگەیەنێت. ئێرانییەکان بە ڕیزکردنی چەند ئەفسانەیەک، نەورۆز بە "جەمشید"ەوە دەبەستنەوە، بەبێ ئەوەی

کە هیچ بەڵگەیەکیان لە فەرمانڕەوایی ئەو هەبێت، دەڵێن جەمشید کوڕی "تەهمورەس" چوارەمین پاشای شەدادیان بووە. دوکتۆر "جەواد برومەند سەعید" لە دوا لێکۆڵینەوەی خۆیدا دەربارەی جەمشید، لە لاپەڕەی ٢٠٠ ی کتێبەکەیدا بە ناوی (نەورۆزی جەمشید) دەنووسێت: (کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەرلە بەدەسەڵات گەیشتنی جەمشید، کۆمەڵگەیەکی دێوسالاریی بووە و دێوەکان حوکمیان بەسەر خەڵکدا کردووە و بەرهەمی ژیان و ڕەنجی ڕۆژانەی ئەوانیان تالان کردووە و خەڵکیان برسیی و ڕوت ڕاگرتووە.).

**ئارام قادری: جەمشید کێ بووە و ئێمە چەندە دەتوانین سەبارەت بە نەورۆز پشت بە ئەفسانەی جەمشید و کاوە و زوحاک و فەریدون ببەستین؟**

**حامید گەوهەری**: جەمشید کێ بوو ؟ کەی بەدەسەڵات گەیشت ؟ چەند ساڵ لە حوکمدا مایەوە و کێ جێی گرتەوە؟ ئەمانە پرسیارگەلێکن کە لە مێژووی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتی ئێران و ئەدەبیاتی فارسیدا، هیچ وەڵامێکیان نەدراوەتەوە. لەبەر ئەوە بەشێک لە لێکۆڵەرە ئێرانییەکان ناچاربوون بۆ سەلماندنی ڕا و بۆچوونەکانیان، پەنا بۆ شانامەی "ئەبولقاسم فیردەوسی ٣٢٥ - ٤١٦ زایینی"، شاعیری سەردەمی پاشایەتی "سوڵتان مەحمودی غەزنەوی ٣٨٧ - ٤٢١" بەرن.

**ئێمە ئەگەر بە وردی لە ئەفسانەی جەمشید بکۆڵینەوە، بەو ئاکامە دەگەین کە بەستنەوەی نەورۆز بە جەمشید، کاوە، زوحاک و فەرەیدونەوە لە مەبەستێکی تایبەتییەوە سەرچاوەی وەرگرتووە کە فیردەوسی بە قازانجی چینی دەرەبەگ و بۆ ڕازیکردنی پاشاکانی ئێران، ئەو ئەفسانەیەی گەڵاڵە کردووە و خۆشی یەکێک بووە لە ئەندامانی ئەو چینە. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر ئێمە چاو لە ئەفسانەی جەمشید بپۆشین کە "تەبەری" لە بەرگی پێنجەم لاپەڕەی ١٤٧٤ی سورەی سەبادا ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت: (جەمشید یەکەم کەس بووە لە دنیادا کە داوای شایەتی لێکراوە و هەزار ساڵ حوکمی کردووە و لەو ماوەیەدا هیچ بەرهەڵستکارێکی نەبووە.) و بە گوێرەی بەڵگەنامە سەلمێندراوەکان بچینە پێشەوە، بەم ئاکامە دەگەین کە داب و نەریتی نەورۆز بۆ یەکەم جار لە سەدەی سێیەمی زایینیدا لە لایەن ساسانییەکانەوە هێنراوەتە ناو نەورۆز لە لایەن ساسانییەکانەوە چۆن بەڕێوەچووە و چۆن براوەتە ناو فەرهەنگی ئێرانییەکانەوە؟**

دوای شکانی ئیمپراتۆریی ئاشور لە لایەن مادەکانەوە، دەوڵەتی میدیا دامەزرا و مادەکان لە ٧٠٠ - ٥٥٠ ی پێش زایین، بۆ ماوەی ١٤٥ ساڵ حوکمیان کردووە. بە شکانی "ئاستیاکس" دوا پاشای ماد کە ناوەندەکەی لە "ئەگباتانە - هەمەدان" بوو، لە لایەن "کوروش هەخامەنشی"یەوە، پارسەکان بەدەسەڵات گەیشتن و دەوڵەتی پارسیان دامەزراند.

## خاکەلێوە – نەورۆز

لە مێژووی کۆنی ئێراندا و لە سەردەمی زنجیرەی هەخامەنشی، ئەسکەندەری مەکدۆنی، سلوکی و ئەشکانییەکاندا، هەتا دەگاتە دەسەڵاتدارییەتی ساسانییەکان لە ساڵی ٢٢٦ی زایینیدا کە ئەوانیش بە گوێرەی مێژووی ئێران، کوردی هەرێمی کرماشان و خانەقین بوون، بەجێهێنانی داب و نەریتی نەورۆز تەشەنەی نەکردبووە ناو فەرهەنگ و کلتوری پارسەکانەوە و بۆ یەکەم جار ساسانییەکان نەورۆزیان کردە باو لە ئێراندا، ئەویش نەک بەشێوەی ئەفسانەی کاوە، زوحاک و هتد... کە فیردەوسی ٤٠٠ ساڵ دوای هەڵوەشانی زنجیرەی ساسانی نوسیویەتی، بەڵکوو بە چەشنێک کە لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا باو بووە. دوکتۆر جەواد برومەند سەعید لە لاپەڕەی ٢٤٣ - ٢٤٤ی نەورۆزی جەمشیددا دەنووسێت:

- (دوای جەمشید بە شێوەیەکی بەردەوام ئاماژە بۆ پیرۆزکردنی ڕێوڕەسمی نەورۆز لە سەردەمی پاشایەتی گەشتاسب، بەهمەن و دارا، واتە لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشت دا نەکراوە و لەم بارەیەدا هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە. لە سەردەمی ئەشکانییەکانیشدا باس لە پیرۆزکردنی نەورۆز نەکراوە. ئەوەی مرۆڤ دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت و باسی لێوە بکات، بەجێهێنانی نەورۆز لە سەردەمی ساسانییەکان دایە و ئەوان ڕێوڕەسمی نەورۆزیان بەجێهێناوە. بۆ ئەمەش چەند ڕۆژ بەرلە دەستپێکردنی نەورۆز، بە دەهۆڵ و زوڕنا خەڵکیان ئاگادار کردووەتەوە کە دەرگای پاشا لە نەورۆزدا بۆ پێڕاگەیشتن بە داواکارییەکانی خەڵک کراوەیە. پاشاکان ساسانی، ڕۆژی نەورۆز بە بەرگی ڕەسمیی لەسەر تەخت دادەنیشتن و خەڵک دەچوونە لایان و دیارییان بۆ دەبردن و داواکارییەکانیان پێڕادەگەیاندن. ساسانییەکان 416 ساڵ حوکمیان کرد و سەرئەنجام "یەزدگوردی سێیەم" دوا پاشای ساسانی، بە دوای زنجیرە شەڕێکی دژوار، لە لایەن عەرەبەکانەوە شکا و دەسەڵاتدارییەتی ئیسلام جێی گرتەوە.).

ئەبولقاسم فیردەوسی بە چ مەبەستێک نەورۆزی لە قالبی ئەفسانەی جەمشید، زوحاک، کاوە و فەرەیدوندا گەڵاڵە کردووە؟ وەک دەزانین لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی عەرەبەکانیشدا ڕێوڕەسمی نەورۆز بەجێنەهاتووە. کەوابوو لەوە دەچێت فیردەوسی ڕاستییەکی مێژوویی سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی کمبوجیە، بردیا و داریوشی کوڕی وێشتاسبی هەخامەنشی لە قالبی ئەفسانەیەکدا بە ناوی جەمشید، زوحاک و کاوە گەڵاڵە کردبێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، پێویستە سەرەتا ئاماژەیەکی کورت بە ژیانی پاشاکانی هەخامەنشی بکەم.

کوروشی هەخامەنشی دوو کوڕی هەبووە بە ناوی "بردیا و کمبوجیە". دوای مردنی کوروش، کمبوجیە کە بچووکتر بووە لە بردیا، جێی باوکی دەگرێتەوە. کمبوجیە بۆ داگیرکردنی وڵاتی میسر لەگەڵ فەرماندەکانی سوپا و لەشکری پارس هێرش دەکاتە سەر ئەو وڵاتە و لەوێ دەبێت کە بەگوێرەی مێژووی ئێران، ئەندامێکی بارەگای پاشا بەناوی "گنومات" کودیتا دەکات و بردیای برای کمبوجیە دەکوژێت و دەسەڵاتی ئێران دەخاتە دەست خۆی. دوای تێپەڕبوونی ٧ - ٨ مانگ بەسەر ئەو

ڕووداوەدا، داریوش و لایەنگرانی دەچنە سەر کنومات و لەناوی دەبەن و داریوش دەبێتە شای ئێران. بەپێی مێژووی کۆنی ئێران، داریوش بەو شێوەیە بە دەسەلأت گەیشتووە لە ئێراندا. بۆ زانیاریی پتر لە سەر ئەو ڕووداوە، باشترە گوێ لە شاعیر و نوسەری ناوداری ئێرانی ئەحمەد شاملو بگرین. ناوبراو لە کۆنفرانسێکدا لەژێر ناوی "ئێران لە سەدەی بیستەمدا" کە بەهاری ساڵی ١٩٩٠ لە زانکۆی "برکلی سانفرانسیسکۆ" لە ئەمەریکا بەڕێوەی برد، دەربارەی نەورۆز و ئەفسانەی کاوە و زوحاک گوتی:

- هەموو دیکتاتۆرەکان لەمەدا هاودەنگن کە مێژوو بە قازانجی خۆیان بگۆڕن. لە ئاکامی ئەو دەستێوەردان و گۆڕانکارییانەدا، ئەمڕۆ ئێمە بە داخەوە شتێکمان بە ناوی مێژوو لە دەستدایە کە لە کۆمەڵێک درۆ و هەڵبەستراوی پروپووچ پێکهاتووە کە قەڵەمبەدەستە ماستاوکەرەکانی بارەگای پاشاکان، لە سەردەمە جیاوازەکاندا کۆیان کردووەتەوە. نموونەی سەرنجڕاکێشی ئەو جۆرە پێچەوانە پێشاندانانە، داستانی فەریدون، کاوە و زوحاکە. دەزانین کوروشی هەخامەنشی دوو کوڕی هەبووە بە ناوەکانی بردیا و کمبوجیە. دوای مەرگی کوروش، کمبوجیە بە هاودەنگیی فەرماندەکانی سوپا و کاربەدەستانی دەربار و گەورە پیاوانی ئایینی و بەگزادەکان، جێی باوکی گرتەوە و چووە سەر تەختی پاشایەتی ئێران. هۆی ئەوەی کە بردیا جێی باوکی نەگرتەوە، ئەوە بوو کە ناوبراو مرۆڤێکی عادل بوو. بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری مێژووییمان بەدەستە. ئەو بەڵگەیە، بەردە بزمارییەکانی "بێستون"ە کە بە فەرمانی داریوشی بە ڕەواڵەت قاتڵی "کنومات"ی داگیرکەر هەڵکەندراوە. من سەرەتا دێڕێکی ئەو بەردە بزمارییەتان بۆ دەخوێنمەوە کە نوسراوە: (من، داریوش، کێڵگە، زەوی، کەلوپەل و کۆیلەکانم گەڕاندەوە بۆ خەڵکی ئازا. من، ئەو شتانەم گەڕاندەوە بۆ خاوەنەکانیان کە لە پارس و ماد و وڵاتانی تریان داگیرکردبوو.) ئەو خەڵکە ئازایە کێ بوون کە داریوش لە بەردە بزمارییەکانی بێستوندا ئاماژەیان بۆ دەکات؟ تۆ بڵێی ئەوانە جودا لە کاربەدەستانی بارەگای داریوش، فەرماندەکانی سوپا و بەگزادەکان بووبن؟ داخوا ئەو کەسە کێ بوو کە موڵک و زەوی، کەلوپەل و کۆیلەی بەگزادەکانی زەوت کردبوو کە داریوش سەرلەنوێ ئەوانی گەڕاندووەتەوە بۆ خاوەنەکانیان؟ مەسەلەی ئەسڵیی ئەمەیە کە "کنوماتی مغی" هەرگیز بوونی نەبووە و ئەو کەسەی لە لایەن داریوش و لایەنگرانییەوە کوژراوە، هەمان بردیا برا گەورەی کمبوجیە و کوڕی کوروشی ئامۆزای بووە. بردیا لە نەبوونی کمبوجیە و چینی باڵا و بەگزادەکاندا کە لە میسر خەریکی دزیی و ڕاوڕوت بوون، کەڵکی وەرگرتووە و دەسەلأتی خستووەتە دەست خۆی و دوای ٧ - ٨ مانگ بەدەست داریوش و لایەنگرانی کوژراوە. بردیا هەرکە دەسەلأت دەخاتە دەست خۆی، بەپەلە چەند کارێکی شۆڕشگێڕانەی کۆمەلأیەتی ئەنجام دەدات کە بۆ داریوش و بەگزادە پیلانگێڕەکانی دەوروبەری قبوڵ ناکرێت. "هیردۆت" مێژوونوسی یۆنانی ئاماژە بەو کارانە دەکات کە بردیا لەو ٧ - ٨ مانگەدا ئەنجامی داون و دەڵێت : (گەلێک ئیشی باش و خێرخوازانەی ئەنجامدا، بۆیە مەرگی ئەو لە هەموو ئاسیای بچوکدا دەنگی دایەوە و بە تاوانێکی نەتەوەیی ناوبانگی دەرکرد و خەڵک بۆی خەمبار بوون. یەکێک لەو کارانەی، بە وتەی هیردۆت بەخشینی

سەربازیی کردنی زۆرەملێ و بەخشینی باجی گشتیی بوو بۆ ماوەی سێ ساڵ.)

بەردە بزمارییەکانی بێستون ئەوە دەسەلمێنن کە مەسەلەکە زۆر لەوە قوڵترە کە باسی لێدەکەن. لە نووسراوی بێستوندا ناوی زەوی و کێڵگە و کەلوپەل دەبینرێت کە داریوش ئەوانی داوەتەوە بە بەگزادەکان و خەڵکی ئازا و فەرماندەکانی سوپا. کەوابوو دەردەکەوێت بردیا کۆیلەیەتی یاساخ کردووە و تەنانەت موڵک و ماڵ و دارایی بنەماڵەکانی چینی بالای زەوتکردووە و دابەشی کردوون بەسەر چینی هەژاردا و داریوش ئەوانی گەڕاندووەتەوە بۆ خەڵکی ئازا! هاوکات لەگەڵ ئەو کارانەی داریوش دا، قەیرانێکی سامناک هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوریی وڵات دادەگرێت و کار دەگاتە جێیەک کە سێ ڕاپەڕین بە ناوەکانی ڕاپەڕینی "پرادا و فرورتیش و پارت" سەرهەڵدەدن. داریوش زۆر بێبەزەییانە ڕاپەڕینەکان لە خوێن دەگەوزێنێت و لە ڕۆژێکدا لە بابل سێهەزار (٣٠٠٠) کەس لە ڕێبەران و ڕاپەڕیوەکان لە سێدارە دەدات.

بڕواننە نووسینی داریوش و بزانن لە بەردە بزمارییەکانی بێستوندا دەربارەی "فرورتیش" چیدەڵێت: (ئەویان بە زنجیرکراوی هێنایە لام، من بەدەستی خۆم گوێنەکان و لوتیم بڕی و چاوەکانیم دەرهێنا. کاربەدەستانی بارەگا ئەویان لەسەر پێ ڕاگرتبوو، هەموو خەڵکی ئازا، چاویان لێبوو. دوای ئەوە بە فەرمانی من لە ئەگباتانە بە سەری سەرنێزەیانەوە کرد و لایەنگرانیان لە زیندانەکاندا لە سێدارە دا.) پێچەوانە کردنی ڕووداوەکان مێژوویەکی درێژی هەیە. هەموو نەوشیروان "ئەنوشیروانی عادل" دەناسن و دەزانن چۆن حەرامزادەیەک بوو. ئەو تەنها لە یەک ڕۆژدا سەد و سی هەزار (١٣٠٠٠٠) کەسی لە "موزدەکیان" کوشت و لە هەموو وڵاتدا ئەوانی سەراوبن هەتا پشتێن خستە ناو چاڵاوی پڕلە گەچەوە. لایەنگرانی بۆ ئەوەی کە ئەو شەرمەزارییەی پاک بکەنەوە، وشەی "عادل"یان خستە پاڵ ناوەکەیەوە و ئەمڕۆ مرۆڤ کە ناوی نەوشیروان دەبیسێت، بە ناچاریی وشەی عادلی لە مێشکدا زەق دەبێتەوە.

هەموو ئەوانە پێشاندەری ئەوەن کە زوحاک لە سەردەمی دەسەڵاتداریی خۆیدا کە گوایا لەنێوان سەڵتەنەتی جەمشید و فەریدوندا بووە، سیستمی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا لەناو بردووە، دیارە ئێمە بە هەندێک لە دابەشکردنەکانی چینایەتی لە سێهەزار ساڵ لەمەوبەر دەزانین. ئەفسانەی زوحاک لە مێشکی ئەو کەسانەوە سەرچاوەی وەرگرتووە کە خاوەنی بەرژەوەندی چینایەتی بوون. دەزانین کە فیردەوسی هەتا پێنج ساڵی دوایی تەمەنی، دەرەبەگێکی خاوەن ئاژەڵ بووە، بەڵام دواتر بەهۆی وشکە ساڵییەوە لە دەستی چووە. دەبینین فیردەوسی، یان کەسێکی تر بۆ فریودانی خەڵک ئەو ئەفسانەیەی بە قازانجی چینێک گێڕاوەتەوە و ئەویش بەو شێوەیە لە شانامەدا نوسیویەتی. ئەمە ڕوونە کە لە ڕوانگەی چینایەتییەوە سیستمی حوکمڕانیی زوحاک مەحکوم و کردەوەی شۆڕشگێڕانەی کاوەی ئاسنگەری بێبەخت لە مافی کۆمەڵایەتی، دەبێت لە سەروبەندی سەرکەوتندا، تەنیا کەوڵە دڕاوە ئاسنگەرییەکەی بۆ ڕازیکردنی کۆمەڵ، بە نیشانەی یەکیەتی درزهەڵنەگری

## خاکەلێوە – نەورۆز

نێوان پاشا و خەڵک ببێتە ئاڵای سەڵتەنەتی و فەریدون کە لە چینی بەگزادەکان بووە، دەسەڵات بگرێتە دەست و کۆمەڵگە بگەڕێنێتەوە سەر جێی پێشوی. فیردەوسی لە بەشی یادداشتەکانیدا ئاماژە بۆ کار و کردەوە کۆمەڵایەتییەکانی زوحاک ناکات و تەنها دوو مار لەسەر شانەکانی دەڕوێنێت کە بۆ ئارام ڕاگرتنیان ڕۆژانە مێشکی دوو کەسیان دەرخوارد دەدات و بەم جۆرە مافی زوحاک دەخاتە ناودەستی. شاملو لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت ئێستا ئێوە بچن دەربارەی ئەو مەسەلەیە لە فیردەوسی بپرسن کە بۆچی دەبێ بۆ ئامادەکردنی دەرمانی ئەو زامە، سەری مرۆڤ ببڕن و بۆچی کەڵکیان لە مێشکی سەری تازە مردوویەک وەرنەگرتووە؟

قەڵەم بەدەست دوژمنە و ئەگەر ئێوە بە تەنها سەرنج بدەنە بەشی پاشایەتی زوحاک لە شانامەدا، بێگومان شتێکتان دەست ناکەوێت و هەر ئەوەندە دەبینن کە کەسێکی ماربەشان هاتووەتە سەر تەختی شایەتی و ناچار بووە بۆ ئارام ڕاگرتنی مارەکانی سەرشانی مێشکی سەری لاوانیان بداتێ. بەم جۆرە خەڵک وەزاڵە دێن و لە ڕاپەرینێکدا لە ناوی دەبەن و فەرەیدون لەجێی دادەنێن و قارەمانی ئەسڵیی شۆڕشەکەش کە ئاسنگەرێک بووە، کەوڵی دڕاوی ئاسنگەرییەکەیان کردووەتە ئاڵا و بەدارەوە هاڵیانواسیوە.

فیکر نەکەنەوە کە فیردەوسی ئاگاداری ئەوە نەبووە کە بۆ شۆڕش کردن، مرۆڤ پێویستیی بەوە نییە کە شتێک بەسەری دارێکدا بکات، ئەو بە زانیارییەوە ئەوەی نوسیوە و کەوڵی دڕاوی کاوەی بۆ ڕۆژانی دوایی پێویست بووە کە بە نیشانە و هێمای یەکیەتی لەنێوان چینی تاڵانکەر و تاڵانکراودا بیکاتە "درفش کاویان" واتە ئاڵای پاشاکان و بە بۆنەی سەرکەوتنیان لە شەڕەکاندا زێر و جەواهیراتی پێوە هەڵواسن، بەڵام کە دەگەینە بەشی پاشایەتی فەریدون، تازە هۆشیار دەبینەوە و تێدەگەین مارەکانی سەرشانی زوحاکی چارەڕەش بیانوو بووە و ئەوەی فیردەوسی لە خەڵکی شاردووەتەوە، دژایەتی کردنی زوحاک بووە لەگەڵ چینی دەسەڵاتداری سەرەڕۆ. هەروەها بە سەرسوڕمانەوە تێدەگەین کە ئاسنگەرە قارەمانەکەی سەردەمی زوحاک بەڕەڵایەکی گۆپاڵبەدەستی بێمێشک و خاین و تاوانبار بووە بە چینی خۆی.

چاو لەوە دەپۆشین کە ڕاپەرینی خەڵک دژی زوحاک بە کردەوە ڕاپەرینی ئازادکراوەکان لە قەید و بەندی کۆمەڵگەی بەناو بەگزادەکان بووە و بە پیلانی ئەوان ڕاپەرین ئەنجامی گرتووە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە بۆچی دوای سەرکەوتنی ڕاپەرین، فەرەیدون لەسەر تەختی پاشایەتی دانراوە؟ تەنها لەبەر ئەوە بووە کە فەریدون لە بنەماڵەی پاشاکان بووە و بە وتەی فیردەوسی شکۆ و جەلالی پاشایەتی ئاوێتەی بووە، واتە خوێنی سەڵتەنەتیی لە دەمارەکانیدا بووە کە فیردەوسی گەلێک جار ئاماژەی بۆ دەکات.

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**ئارام قادری: چۆن بەڵگەیەک هەیە لەسەر شوێنی سەرهەڵدانی نەورۆز و تەشەنەی کردنی بۆ ئێران؟**

**حامید گەوهەری: گومان لەو ڕاستییە ناکرێت کە دیاردەی نەورۆز لە هەرێمی کوردستاندا سەریهەڵداوە و بەرهەمی کشتوکاڵییە و ئەگەر وردتر بۆی بچین، دەبینین بە گوندی "زاویتە"ی شانەدەرییەوە بەستراوەتەوە کە بە گوێرەی بەڵگەنامە سەلمێنراوەکان، دوازدە هەزار ساڵ لەمەوبەر، ژیانی تێدا کراوە و ئامێر و کەرەستەی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی زەوی لێ بەکارهێنراوە. ئەوکاتە، لە کۆتایی مانگی ڕەشەمەدا بە گۆڕانی جەو و لەناوچوونی سەرما و سۆڵە، گەڕانەوەی باڵندە کۆچەرەکان بۆ ناوچە، داکشانی تیشکی خۆر و کورتبوونەوەی شەوانی سارد و تاریک، دانیشتوانی شانەدەر لە ئەشکەوت هاتوونەتەدەر و بە زەوی و چیاکاندا بڵاوبوونەتەوە و دەستیان بە ژیانی نوێ، ڕۆژی نوێ و کاری نوێ کردوە. گیا و سەوزەی بەهارییان چنیوە، زەویان کێڵاوە و بەو بۆنەیەوە جەژنیان گرتووە و خواردنیان لە گیا و بەرهەمەکانی بەهاریی و گۆشتی ڕاو دروست کردوە.**



**ئەشکەوتی شانەدەر - وێنە حامید گەوهەری**

**لەو ساڵانەی دواییدا پاشماوە و بەڵگەنامەی "خولی یەکان" لە کوردستان دۆزرایەوە. هەرچەندە هەتا ئێستا بە تێروتەسەلی لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە، بەڵام ڕوسەکان و ئەڵمانییەکان لە هەشتاکاندا ئەوەندەیان لەسەر کۆڵییەوە کە خولییەکان ڕۆژی دووەمی خاکەلێوەیان بە سەری ساڵی تازە و ڕۆژی نەورۆز داناوە. خولییەکان لە هەزارەی دووەمی پێش زاییندا لە ناوچەکانی پشدەر و گۆلی وان و ئەینەوادا نیشتەجێ بوون و بە دەیان لەوحەی دانسقەیان لە "گاسوری یورغان تەپە" و قەڵای کەرکوک لێ دۆزراوەتەوە. دۆزراوەکان دەسەلمێنن کە نەورۆز هیچ پەیوەندییەکی بە ئەفسانەی جەمشید و**

کاوە و زوحاک و فەریدەن و دەوڵەتی ماد و پارسەوە نەبووە. ئەفسانەی گەلاڵەکراوی فیردەوسی وەک ئەحمەدی شاملو ئاماژەی بۆ دەکات، لە ڕووداوەکانی دەوڵەتی هەخامەنشی لە سەردەمی کمبوجیە، بردیا و داریوش وەرگیراوە، نەک لە بەڵگە و دیکۆمینتەکانی سەرچاوەی سەرهەڵدانی نەورۆزەوە.

لە ڕاستیدا نەورۆز لە کوردستانەوە تەشەنەی کردووەتە ئێران، هیند، پاکستان، ئەفگانستان، چین، تاجیکستان و ئوزبەکستان و....تد و لە هەر کام ئەو وڵاتانەدا ئاوێتەی داب و نەریتی ئەو جێیانە بووە و هەرکامەیان شتێکیان لێ زیاد یان کەم کردووەتەوە. لە کوردستان دابی میرمیرێن، هەتەرێ و مەتەرێ، ئاگرکردنەوە لەسەر ترۆپکی چیاکان، لەبەرکردنی جلوبەرگی نوێ و چوون بۆ سەیرانگە و ژەنینی دهۆڵ زوڕنا و شایی و هەڵپەڕکێ، بەسەر کردنەوەی خزم و دۆستان و خەڵکی هەژار، چوونە سەر گۆڕی کۆچکردووەکان باو بووە. لەو چوارچێوەیەدا لە دوا چوارشەممەی دوا مانگی زستانەوە خەڵک بە ژەنینی دهۆڵ و زوڕنا بەرەوپیری نەورۆزە چوون.

**ئارام قادری**: نەورۆز چۆن بە جەژنی نەتەوەیی کورد ناسرا؟

**حامید گەوهەری**: گەلی کورد لە سەدەی بیستەمدا، بەهۆی دەرد و ئازاری بێوچان و نەپساوەی کە لە داگیرکەرانی کوردستان دەیچێژت، بە شێوەیەکی نوێ ڕوانییە جەژنی نەورۆز و ئەوی خستە خانەی هێمایەکی نەتەوەیی و بەرخۆدان، دژی داگیرکەرانی کوردستان. پیرەمێرد شاعیر و ڕۆژنامەنوسی دەسترەنگینی کورد، بەم بۆنەیەوە ساڵی ١٩٤٨، بە دوای هێرشی چەکدارەکانی حکومەتی ئەوکاتی عێراق بۆسەر خۆپێشاندانی خەڵک لە سلێمانی و شەهید بوونی کچێکی کورد، سرودی جەژنی نەورۆزی دانا. ڕۆڵە نەبەز و تێکۆشەرەکانی کورد هەموو ساڵێ لە گۆشە و کەناری ئەم جیهانەدا،

**جەژنی نەورۆز بەو سرودە نەتەوییەی پیرەمێرد پیرۆز دەکەن.**

**ئەم ڕۆژە ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە**
**جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بە هاتەوە**
**چەند ساڵ، گوڵی هیوای ئێمە پێبەست بوو تاکو پار**
**هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار**
**ئەو ڕەنگە سورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد**
**مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد**

**خاکەلێوە – نەورۆز**

نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عشق ئەچوون بەرەوپیری مەرگەوە
وا ڕۆژهەڵات، لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا
قەڵغانی گولە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین ...

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠١١

# نەورۆزی خوێناویی کورد



سولەیمان ئەبووبەکری

بێ شک ئەوەندەی بەهار بە نوێ بوونەوەی سروشت و جوانی موژدەی وەرزی زیندووبوونەوەمان بۆ دێنێت، ئەوەندەش ناوی «نەورۆز» وەک ئاگردانێک کە لەتاریکی و سەرمادا دەدرۆشێتەوە، هزری ئێمە بەرەو کانگای خۆشی و شادی، هەست بە بەرخۆدان و ئازادی دەباتو هەموو ساڵێک بەکۆڵێک چاوەڕوانییەوە چاوەڕێی هاتنی دەبین.

بەڵام گەڵێ جار ئەم پرسیارە بۆ ئێمە دێتە ئاراوە کە سەرچاوەو ناو و ناوەڕۆکی نەرۆز بە کوێ یان بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ یان بۆچی نەورۆز لەناو میللەتی کورداو بەدرێژایی مێژوودا بۆتە رەمزو سەمبولی بەرخۆدان؟ مرۆڤ هەمیشە ناچاربووە بۆ دۆزینەوەی پێداویستییە دەروونییەکانی چەن ساتێک لەژیانی خۆی تەرخان بکات. ئەگەر سەلیقەو بۆچوونە تایبەتەکان لەم بارەوە وەلا بنێن، زۆرینەیەکی بەرچاو لەخەڵک، بۆ دابین کردنی ئەم مەبەستە هانایان بردووەتە بەر سەرچاوە نووسراوە مێژووییەکان. نرخو ناوەڕۆکی ئەو بەڵگە مێژووییانە زۆر جار بە رادەیەک گرنگن کە کار دەکەنە سەر ئەندامانی کۆمەڵگاو جۆرە پرسیارێک دەخەنە مێشکی ئینسانەوە کە وەڵامی تایبەتو بەرپرسانەی پێویستە، بەتایبەت ئەگەر ئەو سەرچاوەیە چیرۆکی رێکەوتێکی مێژوویی بێت کە لەوڵاتێکی بەڕەواڵەت خاوەن ناونیشان سەری هەڵدابێت، سەرەنج و تێڕوانینێکی وردتر دەخوازێت. مرۆڤ، لەیەکەمین سەردەمی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا، هەستی بە گەڕانەوەو دووپاتبوونەوەی کۆمەڵێک لەڕووداوە سرووشتییەکان، واتە دووپاتبوونەوەی وەرزانەکان کرد، هەربۆیە پێویستی بە بەراوردکردنی دەورانی کشت و کاڵ، واتە پێویستیی بە زانینی کاتی چاندنو هەڵگرتنەوە، وای لێکرد وەرزبەندی و رۆژژمێری جوتیاری و کشت و کاڵییەکی رێک و پێک بونیات بنێت.

## خاکەلێوە – نەورۆز

بێ گومان بەراورد کردنی ورزەکان لەگشت کۆمەڵگاکاندا سەرەتا بە سووڕانی مانگ کە بەئاسانی جێ گۆرکێیەکەی دەبینرا شکڵی گرت و سەرەنجام لەئاکامی نابەرابەربوونی ڕۆژژمێری مانگیی لەگەڵ ڕۆژژمێری جوتیاری، بەراوردو ڕێکخستنی ڕۆژژمێر بەپێی سووڕانی خۆرەتاو شکڵی گرت و هەر وەک لەبەڵگە کۆنە مێژووییەکانی تایبەت بە دانیشتوانی مێزۆپێتامیادا هاتووە، ساڵ بە چوار وەرزی سێ مانگە دابەشکراو وەرزی بەهار کەبەهاتنی، ساردو سەرمای رادەماڵی و زیندووبوونەوەی سروشت و سەوزایی لەگەڵ خۆی بە موژدە دەهێنا، لەلایەن دانیشتوانی مێزۆپێتامیا وەک سەری ساڵی نوێی دەست نیشان کراو دواتر ناوی »نەورۆز» وەک پێناسەیەکی گشتی ئەم پرۆسەیە تا هەنووکە شان بە شانی باب و باپیرانمان هاتووە.

هەرچەند نەتەوەی کورد لەزۆر کۆنەوە لەزنجیرە چیاکانی زاگرۆس و ئاراڕات و دەشتەکانی دەوروبەریاندا نێشتەجێ بوون و بەیەکەم دامەزرێنەرانی شارستانییەتی ناوچەکە دەناسرێن و نوێ بوونەوەی ساڵ لەوەرزی بەهارو نەورۆز، وەک یەکێک لەڕوداوە گرینگەکانی ئەم وڵاتە پێناسە کراوە، بەڵام زۆر گەلان و وڵاتانیتری وەک ئێران، ئازەربایجان، ئەفغانستان، تاجیکستان، تورکەمەنستان، بەشێک لە ڕووسیە، ئۆزبەکستان و سوماڵی و زۆر وڵاتی دیکە، جەژنی نەورۆز، بە جەژنێکی سەرەکی خۆیان دەزانن‌و هەمووساڵێک لەو کاتەدا بەرەوپیری ساڵی نوێ‌و نەورۆز دەڕۆن. وێڕای ئەوەیکە چیرۆک و ئەفسانەی جۆراوجۆر لەسەر چۆنییەتی پێکهاتنی نەورۆز هەیەو ئەم ناوە لەکولتور و ئەدەبییات، داب و نەریت، ستران و بەیت، حەیران و ئاوازی نەتەوەی کورد تا ئێستا ڕەنگدانەوەیەکی قوڵی هەبووە، بەڵام هەر لەکۆنەوە تائێستا ناوی نەورۆزو فەلسەفەی بەرخۆدان لەبیرو هزری نەتەوەی کورد دا، مانایەکی قوڵتری بەخۆیەوە گرتووە. گەلی کورد لەمێژووی هاوچەرخداو بەدوای بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی، هەموو ساڵێکو لەهەر شوێنێکدا کە ژیاوە، ڕێزگرتن لەجەژنی نەورۆز و سەری ساڵیان وەک چەکێک دژ بە داگیرکەران بەکار هێناوەو نەورۆزیان کردۆتە ڕەمزو سەمبولی یەکگرتن و سەرکەوتن. بەداخەوە لەسەردەمی پیرۆزکردنی ئەم جەژنەدا هەمیشە لەلایەن داموو دەزگای سەرکوت کەرەکانی ئەو وڵاتانەی کورد تێیاندا دەژی، هێرش کراوەتە سەر خەڵکو بە هەموو شێوەیەک پێش بە جەژن گرتنیان گیراوەو کەندوکۆسپیان خراوەتە سەر ڕێگاو بە دەیان‌و سەدان جار خەڵکی کورد لەو ڕۆژەدا خوێنیان ڕژاوەو گیانیان لێ ئەستێندراوە.

بەدوای شۆڕشی گەلان لەئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و بەدەستەوە گرتن و قۆرغکردنی دەسەڵات لەلایەن ڕژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی، تەنیا شوێنێک لەئێران کە هێشتا حکومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی مەلاکان نەیانتوانیبوو باڵی ستەمو داگیرکاریی بەسەردا بکێشن کوردستان بوو. لەکاتێکدا هزری دواکەوتووی ئاخوندەکان لەتاران و شارەکانی تری ئێران بەزۆرەملیی دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکدا دەسەپاندو بە حکومی تێزاو پێداکردن بە سەرو ڕۆخساری ژنان و کچان، بەنیازبوون بناغەکانی حکوومەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنن، لەکوردستانی ڕۆژهەڵات لەدرێژەی چالاکی و خەباتی خەڵک، کەش و هەوایەکی کراوەی سیاسی خوڵقابوو و هەر ئەمەش ببوو بە هۆکاری شکڵ گرتن و

دامەزراندنی دەیان شۆڕاو رێکخراوەی وەک شۆڕای شار، ژنان، مامۆستایان لەشارەکانی کوردستان وبە تایبەت لەشاری سنە. لەم هەلومەرجەدا یەکێک لەڕێبەرە ئەفسانەییەکانی کۆمەڵە بە ناوی کاک «سدیق کەمانگەر» کە وەک ئاڵاهەڵگری ئازادی ئەم شارە، لەبەرامبەر پیلانی کۆماری ئیسلامی وەستابووە و بە تەواوی مانا پشتیوانی لەخەڵکی ئەمشارە دەکرد. کۆماری ئیسلامی بەهیچ شێوەیەک تاقەتی چرۆگرتنی داری ئازادیان لەمشارە نەبوو و لەسەرەتای بەهاری ساڵی ٨٥ی هەتاوی، بە تەواوی هێزو توانای خۆیان، بە فرۆکە شەڕکەرو هیلیکوپتێرەکانیان، هێرشیان کردە سەر خەڵکی تیبوو بە ئازادی ئەمشارە و زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لەگەنج و پیرو منداڵی ئەمشارەیان، کە بە ئەڤینی جەژنی نەرۆزو ساڵی نوێ، بەرەو پیری بەهار چووبوون، کردە قوربانی دەسەڵاتی رەشی خۆیان. لەو بەهارەدا کەکیژان و کوڕانی سنە، چاوەڕێ بوون لەهەڵپەرکێی نەورۆزدا رەشبەڵک بگرن و لەکانگای دڵەوە، خۆشەویستی پێشکەش بەیەک بکەن، ئەو کۆرپانەی کە هێشتا لە خواردنی شیری دایکیان تێریان نەخواردبوو و ئەو دایک و باوکانەی کە دەیان و سەدان ئاوات و ئامانجیان بۆ رۆڵەکانیان بوو و بۆ هەمیشە جەرگیان سووتا، نەرۆزەکەیان لێ بوو بە نەرۆزی خوێناوی.

تێپەڕ بوونی زەمەن بۆ خەڵکی کورد قەت بەمانای بیرچوونەوەی کارەسات و نەقەومانی کارەسانی دیکە نەبووە. لەڕۆژی ١٦ی مانگی مارسی ساڵی ١٩٨٨ی زایینیدا، هەموو جیهان شایەتی ئەوە بوو کە رژیمی درەندەو بە خوێن تینووی »سەدام حسێن» هاوکات لەگەڵ هاتنی نەورۆز و بەهاری جوانی و تازە بوونەوەی سرووشت و ژیان، بەشێوەیەکی دڕندانە شاری حەڵەبجەیان بە بۆمبی شیمیایی شەهید کردو بەگرتنی گیانی هەزاران گوڵ و منداڵ و گەنج و پیر، تەرمی پیرۆزی ئەمشارە جوانەیان خستە پاڵ هێرۆشیماو ناکازاکی. لەم تراژدیایەدا، ٥ هەزار منداڵ و پیر، کچ و کوڕی ئەم شارە بۆ هەمیشە بیستی بۆنی بەهاریان لێ ئەستێندراو بوون بە بەشێک لەمۆزەخانەی ئینسانی جەنایەتەکانی رژیمی بەعسی لەناوچوو. ئەوەش دیاری فاشیزمی بەعس بوو بۆ نەورۆزی کورد لە باشوور. هاوکات لەگەڵ شاڵاوی مەرگو پرژاندنی تۆوی مەرگ بەسەر شاری حەڵەبجەو دەڤەری شارەزووردا، کۆمەڵەش بوو بە یەکێک لەقوربانیانی ئەم کارەساتەو لە ٢٧ی رەشەمەی هەمان ساڵدا، ٧٢ پێشمەرگەی تێکۆشەری کۆمەڵە لە گوردانی شوان، بەهۆی کیمیابارانی رژیمی بەعس، خوێنیان تێکەڵاوی ٥ هەزار مرۆڤی بێ تاوانی هەڵەبجەو شارەزوو بوو.

بەڵام بەپێچەوانەی بیروباوەڕو ئاکاری نامرۆڤانەی دوژمنانی کورد، پیرۆزکردن و راگرتنی ئەم جێژنە پیرۆزە لەلایەن میللەتی کورد هەر درێژەی هەبووەو درێژەی دەبێت، هەر وەک چۆن بەدوای هێرشی عەرەبەکان و هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان و هەروەها بەدوای رووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی و چەند پارچەبوونی کوردستان لەنێوان دەوڵەتەکانی ئێران، عێراق، تورکیە، سوریەو رووسیەدا، داگیرکەران نەیانتوانیوە ئەو شێوازە کۆنەی مێدیاکان لەبیری کوردەکانی ئەمڕۆ بەرنەوە. هەرچەند دەوڵەتە داگیرکەرەکان بەدرێژایی مێژووی دەسەڵاتی زاڵمانەی خۆیان، هەوڵێکی زۆریان داوە تا ئەو

**خاکەلێوە – نەورۆز**

**کولتوور و دابو نەریتە لەبیری کوردان بەرنەوە و فەرهەنگ و شێوەی خۆیان بەسەر نەتەوەی کورددا بسەپێنن، دیارە هەول و تەقەلایان تەنیا خۆ ماندووکردن بووەو تا ئێستا بەجێگایەک نەگەیشتوون و هیچ کاتێکیش پێی ناگەن. دەبینین هەموو ساڵێک هاوکات لەگەڵ بەهارو جێژنی نەورۆز تەنیا چرۆی عەشق و خۆشەویستییە کە سەر لەهەرد دەردێنێت و شینایی ئازادییە کە شین دەبێتەوە و خونچەی ئاشتی و مرۆڤایەتییە کە دەکرێتەوەو مۆژدەی نەمانی کۆنەپەرەستان و رزگاریی گەلان دێنێتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی کوردستان - ڕێکەوتی: ٢ی ئاوریلی ٢٠١١**

---

# نەورۆز سەمبولی ژیانەوە



عارف نادری

مژاری گرینگ بۆ من لێرەدا فەلسەفەی دروستبوونی نەورۆزو روانگە جیاوازەکان لەو بارەوە نیە کە ئاخۆ لە بنەمادا پێوەندیی نێوان کوردو نەورۆز چی و چلۆن بووە. ئەگەرچی ئەو ڕەهەندەش خۆی لە خویدا، ڕەهەندێکی تایبەتەو خوێندنەوەی تایبەت بە خۆیی دەوێت. بەڵام بایەخی نەورۆز لە لای من ئەو ڕۆڵەیە کە ئەم بۆنە تایبەتە بۆ ئێمەی کورد دەیگێڕێو لەم دوو دەیەی دواییشدا گێڕاویەتی. ئەگەرچی نەورۆز جێژنی هاوبەشی کۆمەڵێک لە وڵاتانو نەتەوەکانەو هەنووکەش لە لایەن "یۆنسکۆ "وە تۆمارو لە لایەن کۆڕی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانیشەوە وەکوو " ڕۆژێکی نێونەتەوەیی " بەفەرمی ناسراوە.

بەڵام ئەم بۆنەیە بۆ کورد واتای تایبەت بە خۆیی هەیە. بۆ نەتەوەکانی دیکە بۆتە بۆنەیەکی پێوەندیدار بە سروشت یان فەرهەنگ یان یادگارێکی مێژوویی، لە حاڵێکدا کورد وێڕای بە هەندوەرگرتنی ئەم لایەنانەی نەورۆز، پێناسەو تێگەیشتنی سەرەکیی لەم بۆنەیە، بەرداشتێکی سیاسی- نەتەوەییە لە پێناو ژیانەوەو رابووندا.

کاتێک باس لە نەتەوەیەک دەکەین، سەمبۆلەکانو بۆنەکان گرینگی‌یەکی تایبەتو واتادار پەیدا دەکەنو ئاخێزگەو بنەمای ڕۆنانی ئیرادە، پێکهاتەو متمانەو شایی بەخۆبوونی نەتەوەیین. نەورۆز لەو بۆنە نەتەوەییانەیە کە لانیکەم لە سێ پارچەی کوردستاندا، ڕۆڵی کاتالیزۆرو دینامیزمێکی پێشخەر دەگێڕی. لە لایەکەوە هۆکارێکە بۆ جیاکردنەوەی خۆد لەگەڵ ئەویترو لەم ڕێگاوە خۆناسینو خودئاگایی نەتەوەییو لە سۆنگەیەکی دیکەوە خودباوەڕی نەتەوەیی دروست کردووەو توانیویە

**خاکەلێوە – نەورۆز**

هەوێنی ئاڵوگۆڕ لە پانتاو بیاڤی سیاسی- کولتووری کورددا بێو پاشخانو ژێرخانی مێژوویی کورد لە رابردووەوە رادەستی ئێستاکە بکات. نەتەوە پێویستی بە بیرۆکەو ئیدەگەلێک هەیە کە شانازییەکانی رابردووی لە ئێستادا بۆ بەرهەم بێنێتەوەو هیوای سەرکەوتن لە داهاتووی بۆ وێنا بکات.

کورد نەتەوەیەکی نکۆڵی لێکراوە، بۆیە نەورۆز بۆتە هێمای جیاوازی نێوان کوردو ئەویتر. تورکو عەرەب لە تورکیەو عێراقو سووریە تا هەنووکەش نەیانتوانیوە لەگەڵ نەورۆزدا وەکوو بۆنەیەکی تایبەتو نەتەوەیی، خۆیان بگونجێننو هەوڵەکانیان لەم پێناوەدا وڵامێکی ئەوتۆی نەداوەتەوە. بەڵام لە هەمبەریدا، نەورۆز هۆکارێک بۆ دروستبوونو دەرکەوتنی کەڵێنێکی قووڵ لە قەوارەی دەسکردی وڵاتە تاک نەتەوەیییەکانی ئەواندا بووەو هەموو ساڵێک بە شێوەیەکی شێلگیرانەتر شوناسی ساختەو وێناکراوی ئەوانی بۆ نەوەکانی کورد خستۆتە روو.

نەورۆز لەو سێ پارچەیەدا، زیاتر لە هەموو بۆنەیەکیتر، هەستو سۆزی کوردبوون بە تاکەکان دەبەخشێت، هەروەها جیاوازییەکان لەگەڵ ئەویتر بە روونیو راشکاوی دەردەکەوێتو زیاتر لە هەموو وەختێکی دیکەش، وەکیەکیو هاوبەشی دێتە ئاراوە. هەروەها نەورۆز بۆنەیەکە کە هیوات پێدەبەخشێتو دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە رابردوو تێپەڕ بکەیتو پێ بنێتە نێو سنوورێکی نوێیەوە کە ناچارت دەکا بیر لە ژیان بکەیتەوە. چەمکی ژیان بۆ نەتەوەیەک کە داگیرکەر ویستوویەتی واتای مەرگو دەستەوەستانی لە ناخو زەینیدا جێگیرو بەسەریدا زاڵ بکاو ئیمکانی ژیانی ئازادو سەربەستی لێ زەوت بکات، یان بە شێوەیەکی کۆنترۆڵکراو دەرفەتی بەهرەمەندیی پێبدات، مەسەلەیەکی گرینگە. بۆیە سەرنجدانی زیاتر بە نەورۆزو خوێندنەوەو پێناسەی نوێی کولتووری - سیاسی لەم بۆنەیەو کەڵکوەرگرتنی پێویست لەو دەرفەتو پوتانسییەلانەی کە نەورۆز بە شێوەی سرووشتی رادەستمان دەکات، دەتوانێ یارمەتیدەری ئێمەی کورد لە رەوتی پرۆسەی نەتەوەسازیو تۆکمەییو یەکانگیریی ناسیۆنالیزمی کوردیدا بێت.

سەرچاوە: ژانی گەل وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ١ی جوونی ٢٠١٠

# نەورۆز جێژنە رەسەنەکەی کورد



رەسووڵ سوڵتانی (هۆزان)

جێژنی نەورۆز پێشینەیەکی دووردرێژی هەیە و کۆنترین جێژنی مرۆڤە لە سەر زەوی. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەو بوارەدا کراون، کۆنترین مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی، ئەو کاتەی کە لە ئەشکەوتەکاندا ژیاون، رۆژی یەکەمی بەهاریان کردووە بە جێژن. دۆکتور مەولوود ئیبراهیم حەسەن لە وتارێکی تێر و تەسەلدا بە وردی چووەتە بنج و بناوانی مێژووەوە و بەڵگە دێنێتەوە لەسەر ئەوەیکە ئەو جێژنە هەمان جێژنی (تەمووز و عەشتار)ە، کە سۆمەرییەکان پێش ئەوەی لە ئەشکەوتەکانی کوردستان بێنە دەر و بەرەو خوارووی وڵاتی عێراقی ئێستا داگەرێن، ئەو جێژنەیان بەرێوە بردووە.

نەورۆز تێکەڵ بووە بە کۆمەڵێک ئەفسانەی سەیر و سەمەرە. لە ئێرانی کۆندا لە یەکەم رۆژی بەهاردا واتە رۆژی نەورۆز، پاتشای وڵات دەرگای خستووەتە سەر پشت بۆ دیدار لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەیدا و رۆژەکانی دابەشیوە بۆ چاو پێکەوتنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە. هەر لەو رۆژەشدا خەڵات و دیاری و پێشکەشی بە دەست و پێوەندەکانی داوە و دیارییشی وەرگرتووە.

شاعیری فارس (فیردەوسی) دانەری کتێبی شانامە، بنەچەی نەورۆز دەباتەوە سەر کۆنە ئەفسانەیەکی بێ بنەما، واتە ئەفسانەی کاوە و زوحاک. ئەوەی فیردەوسی باسی دەکات هیچ بنەمایەکی مێژوویی نییە. دیارە زوحاک یان (ئاستیاگ) هەبووە و دوایین پاتشای مادەکان بووە. بەڵام نەوەک ئەو جۆرەی کە فیردەوسی باسی دەکات. ئاخر فیردەوسی وەکوو کابرایەکی خوێنخۆری مار لەشانی زاڵم باسی دەکات کە دەبوو هەموو رۆژێ مێشکی دوو گەنجی دەرخوارد بدەن. هەر بۆیە

## خاکەلێوە – نەورۆز

کاوەی ئاسنگەر لێی یاخی دەبێت و شۆڕشێکی لە دژی بەرپا دەکات و تەخت و بەختی لێ وەردەگێڕێ. لە حاڵێکدا هەر لەو وتارە بەڵگەمەندەی د.مەولوود ئیبراهیم حەسەندا هاتووە، کە ئاستیاگ دوایین پاتشای مادەکان، نەک زاڵم و شێت نەبووە بەڵکوو پیاوێکی تا بڵێی خۆش ناو بووە. بەڵام مێژووی پەیوەندیدار بەو کابرایە تەواو پێچەوانە شێوێندراوە. بە رای من، سەرکەوتنی هەخامنشییەکان، بەسەر دەوڵەتی ماددا و کۆتاییهاتنی تەمەنی یەکەمین دەسەڵاتی کوردی و سەرکەوتنی تیرەیەکی فارس و دامەزراندنی دەوڵەت لە لایەن ئەوانەوە، بووەتە هۆی ئەوەیکە لە کۆنەستی فارسەکان بە گشتی و لە نەستی کەسێکی وەک فیردەوسیدا بە تایبەتی، ئەفسانەیەکی لەو جۆرە بیچم بگرێت و روخساری ئەو دوژمنەی پێ ناشیرن و کرێت نیشان بدەن. دەڵێن: رۆژێک منداڵێک لە باوکی دەپرسێ: باوکە روخساری شەیتان لەو وێنەیەدا بۆچی ئەوەندە ناشیرین و دزێوە؟ باوکەکەی دەڵێ: چونکە ئەو وێنە بە دەستی دۆستەکانی شەیتان نەکێشراوەتەوە. ئەوەی راستی بێت مێژووی کوردیش هەتا ئێستا خۆی نەینووسیوەتەوە، بۆیە جگە لە لایەنی کەم و کووڕ شتێکی ئەوتۆمان لە مێژووی کۆن لەبەردەست دا نییە کە مۆرکی خۆمانی پێوە بێت. تەنانەت ئەو بۆنە پیرۆز و جێگە شانازییانەش کە هەمانبوون، بە جۆرێک مۆرکە کوردییەکەیان لێ سڕیونەتەوە و بە ناو نەتەوە و گەلانی بالادەستەوە کراون، بۆ ئەوەی ئێمە شتێکمان نەبێت کە وەک پاڵپشت و بەڵگەی مێژوویی پاڵی پێوە بدەین. ئێستا کە بە پێی بەڵگە مێژووییەکانیش دەرکەوتووە کە نەورۆز جێژنێکی تەواو کوردییە و لە کوردستانەوە بە وڵاتان و ناوچەکانی دیکەی دەوروبەرماندا بڵاو بووەتەوە، هێشتا وەک پێویست دەڵێ لە روومان هەڵنایە راشکاوانە بڵێین ئەو جێژنە جێژنێکی رەسەن کوردییە. ئێستاش لە کۆنەستی ئێمەدا ئەو رۆژە رۆژی سەرکەوتنی (کاوەی ئاسنگەر)ە بە سەر زوحاکی مار لەشاندا. لە حاڵێکدا ئەوە هیچ بنەمایەکی مێژوویی نییە ئەفسانەیەکی سازکراوە. ئەگەر واشی دانێین کاوەیەک بوویێت و تەخت و بەختی زوحاکی "ماد"ی وەرگێڕابێت، ئەوا کورد چۆن شانازی دەکات بە کەسێکەوە کە کۆتایی بە یەکەمین دەسەڵاتی کورد هێناوە و دواتریش گەڕاوە بە قسەی فیردەوسی بە شاخ و کێواندا و لەوێ "فەرەیدوون"ی دۆزیوەتەوە و کردوویەتە پاتشا. فەرەیدوونیش کورد نەبووە. ئەگەر وای دانێین کاوەیەکیش لە گۆڕێدا بوویێت و کورد بوویێت، ئەوا کاوە خۆفرۆشێکی خەیانەتکار بووە و مێژووش پڕە لەو جۆرە کەسانە کە بەداخەوە شانسیان گرتوویەتی و دواتر بە پێچەوانەوە ناویان بە چاکە رۆیشتووە.

## نوێ رۆژ یان نەورۆز لە کوردەوارییەکەی خۆماندا

لە کەس شاراوە نییە کە کورد هەر لە بنێڕا، گەلێکی ئاژەڵدار بووە و، بە دەم ئاژەڵدارییەوە کشتوکاڵی کردووە. کەوابوو گەڕیانی وەرزەکانی و گۆڕانە وەرزییەکان، لە ژیانی ئەو گەلەدا گرینگیی تایبەت بە خۆی هەبووە. بە تایبەتی کوردستان نیشتمانێکی کوێستانییە و وەرزی زستان لە کۆندا تەمەنێکی درێژتر لە ئێستای هەبووە و ئێستاش پیاوە بەتەمەنەکانی کورد باشیان لەبیرە کە ساڵی ساڵان بەفرێکی قورس دەباری و جار هەبووە هەتا دوو مانگ لە بەهاریش تێپەڕیوە و بەفر

هەر نەتواوەتەوە و عەرزی بەر نەداوە. لەو حاڵەتەدا کوردی ئاژەڵدار دەکەوێتە تەنگژەی بێ تفاقی و بێ ئاوردوویی. بە پێی هەموو ئەو فاکتەرانە، هەم سرووشتی و هەمیش مەنتیقییە کە کورد تەواوبوونی وەرزی تووش و سەرمای زستانی کردبێتە جێژن.

مامۆستا هێمن موکریانی جێژنی نەورۆز دەباتەوە سەردەمی ئاژەڵداریی کورد و بە تایبەتی پێی وایە ئەو رۆژە رۆژی مەڕ زایینە. لەو سۆنگەیەوە کە مەڕداری کورد رانە مەڕەکەی لەو رۆژەدا دەزێ کردوویەتە جێژن.

لە مێژووی جێژنە ئێرانییەکاندا جێژنێکیش هەیە بە ناوی جێژنی مێهرەگان. ئەو جێژنە یەکەم رۆژی پاییز بووە. مەڕدار لەو رۆژەدا بەرانیان لە مێگەل بەرداوە. واتە ئەورۆژە رۆژی بەرانگرتنی مەڕ بووە. بۆیە ئەو رۆژەش کراوە بە جێژن و بە مێهرەگان ناوی دەرکردووە و مامۆستا هێمن لەسەر ئەو باوەڕەیەکە هەر ئەو ناوی جێژنی مێهرەگانە دواتر بووەتە مێهرەجان و بە تایبەتی عەرەبەکان بە زۆربەی جێژن و کۆڕەکانی خۆیان دەڵێن مێهرەجان. بە گشتی مەودای نێوان جێژنی مێهرەجان و جێژنی نەورۆز پێنج مانگە. "مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ. پێشینیان دەڵێن بەرخ پاش سەد رۆژ رووحی وەبەر دێ و مەترسیی بەرئاویتن کەم دەبێتەوە. جێژنی سەدە کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن و پێی دەڵێن "بێڵن دانا"، پێوەندیی دەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو مانگ پایز و سێ مانگ زستان دەکاتە پێنج مانگ و لە شەوی ئەوەڵی بەهاردا زەوی مەڕ دێ و جێژنی هەر گەورەی مەڕدارە".

بۆچوونەکەی مامۆستا هێمن زۆر لە راستییەوە نزیکترە لەو بەناو مێژوونووسانەی کە بە ویستی دەسەڵات مێژوویان بە ئارەزووی خودان و ئەربابەکانیان نووسیوەتەوە. پاش رووخانی ئیمپراتۆریی میدیەکان، ئەوانەی دێن و سەربردە و مێژوو دەنووسنەوە، دەبێ بەو شێوەیەی بنووسنەوە کە دەسەڵات دەفەرموێ. کەوابوو ئەگەر روخسارێکی سامناک لە دوایین پاتشای میدییەکان واتە ئاستیاگ پێشان دەدەن، شتێکی سەیر نییە. ئەگەر زۆر زۆر دووریش نەگەڕێینەوە، و وردبینانە لە مێژووی هاوچەرخی خۆمان بڕوانین و لێی وردبینەوە، دەبینین ئێستاش دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان، چۆن لە هەموو رێگەیەکەوە هەوڵ دەدەن روخساری راستەقینەی ئازادیخوازان بخەنە بن پەردەی سەدان ناو ناتۆرەی دزێوەوە. دوور نەڕۆین ئەگەر بۆ مانای وشەی پێشمەرگە بگەڕێینەوە نێو قامووسی بەعسییەکان، پێتانوایە چ پێناسەیەک لە پێشمەرگە کرابێت؟ ئەوە لە سەردەمێکدایە کە ئێمەش ئەگەر هاوسەنگی ئەوانیش دەستمان بە قەڵەم ودامودەزگای راگەیاندن نەگەیشتبێ بۆ وەڵامدانەوەیان، لانیکەم دەرەتانی ئەوەمان هەبووە، لە هەندێ کەناڵەوە حەقبوون و رەوا بوونی داواکانمان بۆ خەڵک روون بکەینەوە. جا وەرن سەیری سەردەمێکی کۆنی کۆن بکەن کە کوردی لێقەوماو خاوەنی هیچ خوێندەوارییەک نەبووە و دەسەڵاتدارەکانی زاڵ بەسەر نیشتیمانەکەیدا چۆنی دڵیان ویستوویەتی مێژوویان بۆی نووسیوەتەوە. بۆیە ئەفسانەی کاوە و

زوحاک تەنیا فێڵێکە لە مێژووی ئێمە کراوە. لانیکەم ئەگەر تەنیا بە مەبەستی ئەوەش بوویێت کە هیچ کات لە روومان هەڵ نەیە، بە شانازییەوە باسی ئیمپراتۆریی میدییەکان بکەین.

-------

## ئاگر وەک هێمایەکی کۆنی کورد

سەرەڕای ئەوەیکە لە هەندێ لە ئەفسانە کۆنەکاندا باس لەوە دەکرێ کە ئەو رۆژەی مرۆڤ بۆ یەکەم جار ئاگری تێدا دۆزیوەتەوە، دەکەوێتە ئاخر شەوی زستان و یەکەم رۆژی نەورۆز و هەموو ساڵێک ئەو رۆژەی وەک رۆژێکی ئەگەر نەشڵێین پیرۆز لانیکەم سەیر و سەمەرە سەیر کردووە، بەڵام بە گشتی ئاگر لە باوەڕی کۆنی کوردەواریی خۆماندا هێمایەکی لە مێژینەیە. کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام کوردەکان زەردەشتی بوون. ئەوان ئاگرپەرست نەبوون. بەڵکوو ئاگر بەلایانەوە وەک هێمایەکی پیرۆز پارێزراوە.

**هەر لە کۆنەوە مرۆڤ کە بیری لە پێکهاتەی جیهان کردووەتەوە، پێی وابوە کە ئەم جیهانە لە چوار توخم پێک هاتووە.**

١- خاک

٢- ئاو

٣- با

٤- ئاگر

سێ دانە لەو چوار توخمە واتە، خاک و با و ئاو، پیس و ئالوودە دەبن. هەر سێکیان هێزی کێشەری زەوی رایاندەکێشێ. لەو نێوەندەدا ئەوەی نەک پیس و ئالوودە نابێت بەڵکوو شتە پیسەکانیشی پێ پاکژ دەکەنەوە، ئاگرە. ئاگر لەگەڵ ئەوەدا کە توخمێکی پاکژ کەروەیە، هێزی زەویش نەک پەلکێشی ناکات بەرەو خۆی بەڵکوو بەردەوام لە هەڵکشاندایە بەرەو ئاسمان. هەر لە کۆنی کۆنیشەوە هەتا ئێستاش کە مرۆڤ پێی وایە خوا لەسەر عەرشی عەزیم و لە حەوت تەبەقەی ئاسمانەکانە و ئەوەش لە واقیعەی میعراجیشدا باسی دەکرێت، کە بۆ وێنە پێغەمبەری ئیسلام بە سواری باڵی بوراق بەرەو میعراج دەڕوات، ئەو باوەڕە بە بوونی خوا لە ئاسمان، شتێکی زۆر زۆر کۆنە. هەر بۆیەش هەڵکشانی بەردەوامی ئاگر وەک هێزێکی پاکژکەرەوە بەرەو ئاسمان نیشانەی هەڵچوونی رۆحی پاک و بێ خەوش و بێ تاوانە بەرەو سەرچاوەی خۆی واتە

خوا.

لە لایەکی دیکەشەوە، یەکێک لە بنەما باوەڕییەکانی ئایینی زەردەشت بوونی دوو هێزی دژ بە یەکە، واتە ئەهریمەن و ئەهورامەزدا. تاریکی هێمای ئەهریمەنە و رووناکی هێمای ئەهۆرامەزدایە.

دەبینین، لە نێو چوار توخمە پێکهێنەرەکەی جیهاندا، سێیان تاریکن. تەنیا ئەوەی رووناکە، ئاگرە. ئاگریش بەردەوام لەگەڵ تاریکیدا لە شەڕێکی نەبڕاوەدایە. هەروەک ئێستاش دەڵێن: ئەنگوستەچاوترین شەویش ناتوانێ تەنانەت تیشکی مۆمێک بشارێتەوە. ئاگر هێمای شەڕی دەسەڵاتی حەق و راستییە بەسەر تاریکی و دزێویدا. لە شێعری ئەو شاعیرانەشدا کە باری نەتەوەیی و بەرەنگارییان هەیە، ئەوە رەنگی داوەتەوە و هەمیشە، دەسەڵات بە شەوەزەنگ وەسف کراوە و لایەنی ئازادیخوازیش بە رووناکی و مزگێنیدەری رووناکی.

بە گشتی بەپێی هەموو هێماکان نەورۆز کۆنترین جێژنی کوردە و لە کوردستانیشەوە بە ناوچەکانی دیکەی ئاسیادا بەتایبەتی بە ناوچەکانی ئێراندا بڵاو بۆتەوە و ئێستا زۆر گەل و نەتەوە هەن، خۆیان بە خاوەنی ئەو جێژنە دەزانن. لەو نێوەدا ئەوەی زیاتر لە هەموویان بە هێما و باوەڕی کۆنەوە لە جێژنی نەورۆزدا حوزووری هەیە و مۆرکە مێژوویی و کەونەکانی بە روخساری ئەو جێژنەوە دیارن، کوردە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٨ی مارچی ٢٠١٠

خاكەلێوە – نەورۆز